# تیۆرەکانی
# دەرهێنانی شانۆیی

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٧٤٥)**
**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.org**

■ **تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی**

نووسینی: دانا ڕەئووف

بابەت: لێکۆڵینەوەی شانۆیی

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٥ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٨٢)ی ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە

■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی

## گەشەی تیۆری دەرهێنانی شانۆ
## لە ماوەی سەد ساڵدا

دانا ڕەئووف

٢٠١٥

## پێڕست


سەرەتایەکی پێویست ........ ٧
ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بەسەر مێژووی هونەری ڕیژی لە جیهاندا ........ ١١
گریێک مەڵبەندی یەکەمی شانۆ ........ ١١
دراما یان شانۆ ........ ١٢
دەستپێکی تری هونەری ڕیژی ........ ١٢
سایکن مینینگ و یەکەم تیپی شانۆیی ........ ١٤
ئەندریە ئەنتوان و شانۆی سەربەست ........ ١٥
ئەدوارد گۆردن کرەیگ و سەرەتایەکی مۆدێرنی هونەری ڕیژی ........ ١٦
ستانیسلاڤسکی و پەروەردەی ئەکتەر ........ ١٨
ئەوروپای ڕۆژئاوا و هونەری ڕیژی ........ ٢٠

**بەشی یەکەم**
گۆردن کرەیگ و هونەری شانۆ ........ ٢٥
**بەشی دووەم**
سیستێمەکەی ستانیسلاڤسکی و کارکردنی ئەکتەر لەسەر ڕۆڵ ........ ٤٧
**بەشی سێیەم**
مایرهۆڵد: لە بارەی شانۆوە ........ ٦٥
**بەشی چوارەم**
ئێرڤین پیسکاتۆر و شانۆی سیاسی ........ ٩٥

**بەشی پێنجەم**

برێشت و تیۆری شانۆی داستان ........ ١١٩

**بەشی شەشەم**

ئارتۆ و شانۆ و هاوتاکەی ........ ١٥١

**بەشی حەوتەم**

بەرەو شانۆیەکی هەژار ........ ١٨٧
مەشقی جەستەیی ........ ٢٠٨
مەشقی ئاژەڵ ........ ٢٠٨
تەکنیکی دەنگ ........ ٢٠٩

**بەشی هەشتەم**

پیتەر بروک و پانتایی بۆش ........ ٢١٧
**وشەی کۆتایی** ........ ٢٥١
سەرچاوەکان ........ ٢٥٣

## سەرەتایەکی پێویست

تەوژمـی شـانۆی نـاتورالیزم و ڕیـالیزم، بەتـایبەتی لە ئەڵمانیـا و فەڕەنسا و ڕووسیا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنـا؛ بـۆ نمـوونە ئۆتۆبراهم لە ئەڵمانیا، ئەندریە ئەنتوان لە فەڕەنسا و ستانیسلاڤسکی لە ڕووسیا، پێگەی شانۆیەکی سروشتگەرا و ڕیالیزمییان پتەو کـرد، ئەمەیش بووە هۆی چڕبوونەوە و پتەوبوونی دەسەڵاتی ڕێژیسۆر و چەکەرەکردنـی هـونەری ڕیـژی و دەرکەوتنـی بنەمـا سـەرەکییەکانی نمایشی شانۆیی.

بەڵام هەر زوو شانبەشـــــــانی ئەم تەوژمە نـــــــاتورالیزم و ڕیـالیزمییەی شـانۆ و بەتـایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنـی سـمبۆلیزمەکاندا، تەوژمێکی تری شانۆیی دەرکەوت، کە دەکرێت بە شاعیرەکانی شانۆ ئاماژەیـان بـۆ بکرێـت. ئەدوارد گـۆردن کرەیـگ و ئەدۆڵـف ئاپیـا، گرینگتـرین ئەو شـاعیرانە بـوون، کە بە سـەرەتاکانی مـۆدێرنیزمەی شانۆی جیهانیش دادەنرێن.

ئەوەی جێگــەی ئامــاژەیە، بەشــێکی زۆری ئەو شــانۆکارانەی، ڕۆڵێکی گەورە و یەکلاکەرەوەیـان لە گەشـەی پرۆسـەی شـانۆیی و هـونەری ڕیژیـدا گێڕاوە، لەسـەر هەردوو ئاسـتەکە: تیـۆر و پراکتیـک

کاریان کردووه. بۆ ڕوونکردنەوەی دیدە شانۆییەکەیان، داڕشتنی بنەمایەکی تیۆری، دیاریکردنی ستراکتورێکی ئێستاتیکی، مانیڤێستی دیما هونەری و تەکنیکییەکەیان، کتێبیان نووسیووە و ئەو کتێبانەیش بوونەتە سەرچاوە و دەروازەیەکی گەلێک گرینگ بۆ تێگەیشتنی تیۆرە شانۆییەکان و لە هەمان کاتدا گەشەی پرۆسە شانۆییەکە، لە ڕووە مێژووییەکەوە.

من بۆ نووسینی ئەم کتێبە گەڕاومەتەوە بۆ سەر سەرچاوە سەرەکییەکان؛ بۆ خودی ئەم کتێبانە و بۆ ڕاڤەکردنی ئەم تیۆرانە: هونەری شانۆ لە نووسینی کرەیگ، کارکردنی ئەکتەر لەگەڵ ڕۆڵ لە نووسینی ستانیسلاڤسکی، لە بارەی شانۆوە لە نووسینی مایرهۆڵد، شانۆی سیاسی لە نووسینی پیسکاتۆر، شانۆی داستان لە نووسینی برێشت، شانۆی توندوتیژ لە نووسینی ئەنتۆنین ئارتۆ، بەرەو شانۆیەکی هەژار لە نووسینی گرۆتۆڤسکی و پانتایی بۆش لە نووسینی پیتەر بروک. سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەم کتێبەی من، ئەو کتێبانەن و خۆم بە سەرچاوەی ترەوە خەریک نەکردووە و زیاتر کارم لەسەر تیۆرەکانی خۆیان و لەسەر ئەوەی ئەوان باسیان کردووە،کردووە، بەڵام لە ڕووی فاکتە و ڕوونکردنەوەیەکی زیاتری هەندێک لە مەسەلەکان و تیشک خستنە سەر چەمکە شانۆیی و تیۆرییەکان، چەند سەرچاوەیەکی دیاریکراوم لێرە و لەوێ بەکار هێناوە.

ئەگەر خوێنەر بە وردی ئەم کتێبەی من بخوێنێتەوە، هێڵێکی هاوبەش، فەلسەفەیەکی گشتگر و دیدێکی نزیک لەیەکەوە، لەنێوان ئەم هەشت ڕێژیسۆرەدا دەدۆزێتەوە و هەر هەشتیان کۆدەکاتەوە.

زۆرجار هەر هەشتیان هەر هەمان شت دەڵێن، بەڵام بە گوزارشت و فۆرمەلەی جیاواز. ئەم هەشت کتێبە و ئەم هەشت ڕێژیسۆرە یەکتری تەواو دەکەن و لە هەردوو ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە زنجیرەیەکی تەواو و پێکەوە بەستراون، هەروەها وێنەیەکی گەشەی هونەری ڕێژی لەم سەد ساڵەدا دەخاتە ڕوو.

منیش هەوڵم داوە تەنها لە ڕووی تیۆرییەوە باسی ئەم ڕێژیسۆرانە نەکەم و کتێبەکەیشم نەبێتە دۆکیۆمێنتێکی مێژوویی، بەڵکو دیدە کردەییەکەیان و چۆنیەتیی کار و پراکتیکی دیدە شانۆییەکەیان، لە پاڵ بنەما و ستراکتورە تیۆرییەکەیاندا، ڕوون بکەمەوە. بۆ زیاتر ئاشناکردنی خوێنەریش بەم چەمکە گرینگەی شانۆ، بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرای مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی هونەری ڕێژی دەستم پێکردووە، بەو هیوایەی وێنەیەکی گشتگر و سەراپاگیرم بە کورتی، سەبارەت بە پرۆسەی ڕێژی و ڕۆڵی ڕێژیسۆر و گەشەی ئەم هونەرە گرینگە، لە ماوەی ئەم سەد ساڵەدا ڕوون کردبێتەوە.

**دانا ڕەئووف**
**٢٠١٤/١٢/٢٧**
**ستۆکهۆڵم**

# ئاوڕدانەوەیەکی خێرا
# بەسەر مێژووی هونەری ڕیژی لە جیهاندا

## گرێك مەڵبەندی یەکەمی شانۆ

سەرەتا بەراییەکانی دەرکەوتنی شانۆی ئەوروپی و هونەری ڕیژی لە وڵاتی گرێکی کۆنەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم سەرەتایە پێکهاتە و فۆرمە بەراییەکانی شانۆی لەخۆ گرت، کە دواتر بوون بە بنەمای گەشە و پێشکەوتنی شانۆیی. هەر وڵاتی گرێک یەکەم مەڵبەندی لەدایکبوونی هونەری ڕیژی و ڕیژیسۆرییش بووە.

ئێسخیلۆس ٤٠٦ پ . ز و سۆفۆکلیس ٤٠٥ پ . ز، وەک دوو ڕابەری گەورەی شانۆ و درامای گرێکی، خۆیان بە کاری کردەیی، ئامادەکردن و ڕیژی شانۆنامەکانی خۆیان هەستاون. ئەم شانۆنووسانە مەشقیان بە ئەکتەرەکانیان کردووە و سەما و جووڵە و دابەشکردنی کۆرس و ڕێکخستنی پانتایی بیناسازیی شانۆییەکانیان ئامادەکردووە، هەر خۆشیان ئەکتەرەکانیان هەڵبژاردووە و جلوبەرگەکانیان دەستنیشان کردووە، ئەمەیش بە ئاشکرا بە تێکستەکانیانەوە دیارە و دەقەکانیان کۆمەڵێک تێبینیی وردی کردەیی و هونەری لەخۆ دەگرێت، کە سەرەتایەکی پتەوی ستراکتوری هونەری ڕیژییان پێوە دیارە.

ڕێساکانی نواندن لە ئاستە ساکارەکەیدا، سینۆگرافیا و ڕۆڵی ڕیژیسۆر لەگەڵ لەدایکبوونی یەکەم دەقەکانی ئێسخیلۆس فۆرمێکی ئیستاتیکی بەم هونەرە دەبەخشێت و لە هەمان کاتدا پێشبینیی بەردەوامییەکی هەتاهەتایی بۆ دەکات.

## دراما یان شانۆ

بیرۆکەی یان چەمکی دراما و شانۆ لە وڵاتی گریکی کۆندا، دەق و نمایشی پێکەوە لەخۆ گرتووە و وەک دوو لقی جیاواز: ئەدەب و نمایش، لە شانۆیان نەڕوانیوە، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارە ساکارەی، کە ئەو نووسەرانە: ئێسخیلۆس، سۆفۆکلیس و یۆربیدس... هتد خۆیان شانۆنامەکانیان نووسیوە، تاکو هەر خۆیان و بە یارمەتیی کەسانی تر لەسەر شانۆ پێشکەشی بکەن، بەتایبەتیش لە ڕۆژانی جەژنەکانی دیۆنیسیۆس و پێشبڕکێ هونەرییە شانۆییەکانی ئەو سەردەمەدا. ئەو فێستیڤاڵانەیش ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لە دروستبوون و گەشە و بەرەوپێشەوەچوونی هونەری دراما و ڕێژی، تەنانەت ڕەخنەی شانۆییشدا. هەرچەندە هونەرمەندی ڕێژیسۆر یەکەم هەنگاوەکانی خۆی لە یۆنانی کۆندا دەنێت و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەرجەستەکردنی نمایشەکاندا دەبێت، بەڵام ئەم هونەرە وەک بوارێکی تایبەتمەند و جیاواز چەمکەکانی خۆی لەو سەردەمەدا لەخۆ ناگرێت.

## دەستپێکی تری هونەری ڕێژی

پێکهاتەکانی ڕێژی و فەرمانەکانی کەسی ڕێژیسۆر لە وڵاتی گریکدا گەلێک فراوانخوازی بەخۆوە دەگرێت، بەڵام ئەم فراوانخوازییە دواتر و لە لای ئیتالییەکان و لە چاخەکانی ناوەڕاستدا فەرامۆش دەکرێت و هێدی هێدی بەتەواوی لەبیریش دەچێتەوە. ئەم لەبیرچوونەوەیەیش تا کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم، بە شێوەیەکی گشتی و سەربەخۆ دیارە و کار و پیشەی ڕێژیسۆر دەرناکەوێتەوە، یەکەم نووسینیش سەبارەت بە ئیستاتیکای شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٥. لەم ساڵەدا ئەدۆڵف ئاپیا بەیاننامە

گرینگەکەی خۆی سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕیژی (ڕیژی دراماکانی ڤاگنەر) بڵاو دەکاتەوە.

(ئەدۆڵف ئاپیا) ١٨٦٢-١٩٢٨ لەم لێکۆڵینەوەیەیدا و بە شێوەیەکی زانستی، هۆشیارانە و لە هەمان کاتدا لە دیدێکی شانۆییەوە باس لە جیاوازی و سەربەخۆیی نمایشی شانۆیی دەکات. بە درێژایی سەدەی حەڤدەهەم کۆمەڵێکی ئێجگار زۆر ئەزموونی شانۆیی لە ئەوروپادا سەریان هەڵداوە، نمایشی جۆراوجۆر پێشکەش کراوە، بابەتی تیۆری لێرە و لەویَ بڵاو کراونەتەوە، بەڵام هیچ پرۆژەیەک یان هیچ ئەزموونێکی شانۆیی سنوور بۆ بنەما سەرەکییەکانی شانۆ دانانێت، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا هەندێک دیدی تیۆری و بۆچوونی جیاواز دەربارەی شانۆ بڵاو دەکرێتەوە، بەتایبەتیش بۆچوونەکانی لێسینگ ١٧٢٩-١٧٨١ و گۆتە ١٧٤٩-١٨٣٢ هانی شانۆکارانی ئەو سەردەمە دەدەن. لە فەڕەنسایش دێنیس دیدرۆ ١٧١٣-١٧٨٤ لە ساڵەکانی ١٧٧٠دا نامیلکەیەکی زۆر گرینگ بە ناوی (ئەکتەر و ڕۆڵەکەی) دەنووسێت، بەڵام لە ساڵی ١٨٣٠دا بڵاو دەکرێتەوە. ئەم نامیلکەیە دەروازەیەکی گرینگ بە ڕووی هونەری نواندن، ڕیژی و تەنانەت ڕەخنەی شانۆییشدا دەکاتەوە و تا ئێستایش پێگە و بەهای خۆی لەدەست نەداوە. دیدرۆ بۆ تێز و بۆچوونەکانی کاری ئەکتەرە گەورەکانی سەدەی حەڤدەیەم ڕاڤە دەکات و ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە جیهانی شانۆ دەروازەیەکی جیاوازی لەگەڵ ژیانی واقیعی و ڕووکەشی گوزەرانی ڕۆژانەماندا هەیە.

## سایکن مینینگن و یەکەم تیپی شانۆیی

دەستپێکی ڕاستەقینەی هونەری ڕیژی و کەسایەتیی ڕیژیسۆر دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و بەتایبەتیش تیپی (مینینگن)ی شانۆیی. ئەم گرووپە لەسەر دەستی (سایکن مینینگن)ی قەشەدا دامەزراوە و لەنێوان سالآنی ١٨٧٠ – ١٨٩٠دا کۆمەڵێک گەشتی هونەرییان بە وڵاتە ئەوروپییەکاندا کردووە. ئەم تیپە شانۆییە بۆ بەرجەستەکردن و پێشکەشکردنی پرۆژەکانیان بە وردی لە دەقە شانۆییەکانیان کۆڵیوەتەوە، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە زمانەوانییەکان، گرینگیدان بە وردەکاری و میناتۆر، بنیادنانەوەی واقیع بە شێوەیەکی ئیستاتیکی، گشتگر و لۆژیکی، بەشێک بووە لە خودی شرۆڤەکردنەکانیان. یەکێک لە هەنگاوە هەرە گرینگەکانی ئەم گرووپە گرینگیدان بووە بە ئامادەکردنی سەکۆی شانۆ: سینۆگرافیا، بەکارهێنانی ڕووناکی، کەرەستە و جلوبەرگی تایبەت بە کارە شانۆییەکان و کارەکتەرەکانیان. ئەم تیپە شانۆییە لە هەموو ڕوویەکەوە بە شێوازێکی سروشتگەرایی کار لەسەر وردەکارییەکانی واقیع چ لە ڕووی سینۆگرافیا و ستراکتوری پانتایی شانۆ و چ لە ڕووی نواندن و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆڵەکانیاندا، دەکەن.

(سایکن مینینگن) بۆ یەکەم جار توانیویەتی ڕۆڵی ئەکتەری ئەستێرە، پادشای سەر شانۆکان و پاڵەوانە ڕەهاکان وەلاوە بنێت، بەمەیش پاڵەوان و ئەکتەری یەکەمی لەسەر شانۆ نەهێشتووە و ڕۆڵەکانی بە یەکسانی و بەپێی توانای ئەکتەرەکانی، بەسەر ئەندامەکانی تیپەکەیدا دابەشکردووە. ئەم گرووپە شانۆنامەکانی

شـەکسپیر، مـۆلییر، لیسینگ، شـیلر و هـەروەهـا هێنریـک ئیپـسنیان نمایش کردووە. تیپەکەی (سایکن مینینگن) دەروازەیـەکی گـەورە بـە ڕووی شـانۆی ئـەوروپیدا دەکاتـەوە و کاریگـەرییـەکانی ڕاسـتەوخـۆ لەسـەر شانۆکانی پایتەختە ئەوروپییەکان ڕەنگ دەداتەوە.

**ئەندریە ئەنتوان و شانۆی سەربەست**

(ئەندریە ئەنتوان) ١٨٥٦-١٩٤٣ لە لایەکەوە بۆچوونەکانی دیدرۆ کاریـان تێدەکـات و لـە لایـەکی تریشـەوە هـەر زوو دید و تیڕوانینـە هونـەری و جوانکارییـەکـانی سـایکن مینیـنگن دەقۆزێتـەوە. لـەسـەر دەستی ئەندریە ئەنتواندا، کـە یـەکێکە لـە ڕێژیسـۆرەکانی سـەرەتـای شانۆیەکی مۆدێرن، پیشـەی ڕێژیسـۆر و پێگە و بنەما سـەرەتاییەکانی خـۆی دەسـتەبـەر دەکـات. ئـەندریـە ئـەنتـوان سـاڵی ١٨٨٧ (شـانۆی سـەربـەسـت) لـە پـاریس دادەمـەزرێنێـت، ئـەم هونـەرمـەنـدە لـەگـەڵ نووسـەری گـەورەی فەڕەنسـی (ئـەمیل زۆلا) ١٨٤٠-١٩٠٢ گـەشـە بـە شانۆیەکی سروشـتگەرایی دەدەن و بۆ مـاوەی شـازدە سـاڵ لـەگـەڵ گرووپەکەیان بـەردەوام دەبن. زۆلا لـەپـاڵ نووسـین و ئامـادەکردنـی شـانۆنامەکانیـدا بۆ ئـەم تیپـە، چـەنـدین بـاس و مانیڤێستی گرینگیش لەسـەر بنەما، چەمک و شێوازەکانی شانۆی ناتورالیزم بڵاودەکاتەوە.

شـانۆی سـەربـەسـت و ئـەندریـە ئـەنتـوان بـە هـەمـوو شـێوەیـەک هـەوڵیـان داوە ژیـان و واقیـع بـە هـەمـوو وردەکارییـەکانییـەوە، بـە هەموو ژینگە و ئـەتمۆسـفێرەکانییـەوە بگوێزنـەوە بۆ سـەر تـەختـەی شانۆ. دیـواری چـوارەم یـەکێک بـووە لـە بنـەمـا سـەرەکییـەکانی ئـەم

شانۆیه و سنووریکی گرینگ و گرانی لەنێوان تەختەی شانۆ و بینەراندا دروست کردووە.

ئەندریە ئەنتوان میتود و بنەما سەرەکییەکانی هونەرێکی شانۆیی، چەمکەکانی هونەری ڕیژی، ڕیپورتواری شانۆ، کاری هەرەوەزی، دامەزراندن و بەڕێوەبردنی تیپ و گرووپی شانۆیی بۆ ئەوکاتەی شانۆ دادەڕێژێت. شانۆی سەربەست و ئەندریە ئەنتوان ناوبانگێکی گەورە بەدەست دەهێنێت و کاری هاوبەش لەگەڵ نووسەرە گەورەکانی ئەو دەمەی ئەوروپا دەکات و پێگەیەکی هونەریی بەرزی دەبێت.

### ئەدوارد گۆردن کرەیگ و
### سەرەتایەکی مۆدێرنی هونەری ڕیژی

هیچ کەسێک هێندەی ڕیژیسۆری ئینگلیزی (ئەدوارد گۆردن کرەیگ) ١٨٧٢-١٩٦٦ کاریگەریی بەسەر هونەری ڕیژی بەتایبەتی و هونەری شانۆ بەگشتییەوە نەبووە. کرەیگ لە خێزانێکی هونەریدا گەورە بووە، باوکی یەکێک بووە لە ئەکتەرە ناسراوەکانی شانۆی ئینگلیزی و دایکیشی خاتوو (ئەلینور ئەلیس) بە شاژنی کۆشکی شانۆی ئینگلیزی ئاماژەی بۆ کراوە و کرەیگ خۆیشی لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە چووەتە سەر شانۆ و لەپاڵ دایک و باوکیدا وەک ئەکتەر کاری کردووە.

کرەیگ زوو هەست بە تەنگژە و قەیرانەکانی شانۆی ئینگلیزی، هونەری نواندن و ڕیژی دەکات، لەبەر ئەوە لەکاری نواندن دووردەکەوێتەوە و لەبری ئەوە دەکەوێتە نووسین و لێکۆڵینەوەی بوارەکانی شانۆ: فۆرم و شێوازەکانی تەکنیکی شانۆ، هونەری

نواندن و ئایندەی شانۆ دەبێتە جێگەی سەرنجی ئەم هونەرمەندە. کرەیگ لە ساڵی ١٨٩٦یش بەدواوە ڕووی کردووەتە هونەری ڕیژی و نمایشکردنی ئەزموونە تایبەتمەندەکانی خۆی. ئەم هونەرمەندە بەتوندی دژی تەوژمەکانی ناتورالیزم و ڕیالیزم دەبێتەوە و ئەکتەری ئەستێرەیش بەتەواوی پشتگوێ دەخات، لەبری ئەوە دیدێکی هێمایی و گوزارشتئامێز دەبەخشێتە ئەزموون و پرۆژەکانی. هزر و بیروبۆچوونەکانی ئەم هونەرمەندە سەبارەت بە ئەکتەر و هونەری نواندن ڕادیکاڵانە بووە، هەندێک جار ئەکتەرەکانی ناچارکردووە، کە بێدەنگ بن و تەنها بجووڵێنەوە، نواندن لەپێش هەموو شتێکدا لە لای کرەیگ کردار بووە و سەمایش، یان جووڵەی جەستە لەو کردارەدا شیعر بووە. ئەم هونەرمەندە لە ئەزموونەکانیدا هێدی هێدی ڕۆڵ و پێگەی ئەکتەر بەتەواوی پشتگوێ دەخات، ئەکتەر بریتییە لە ئامێرێکی مۆسیقی بەدەستی ڕیژیسۆرەوە، ڕیژیسۆریش سەربەستە چۆن ئەو ئامێرە بەکار دەهێنێت و چۆن ئاوازەکانی پێ دەژەنێت. زۆرینەی ئەکتەرەکانی کرەیگ واز لەم ڕیژیسۆرە دەهێنن، بەڵام کرەیگ لەبری ئەکتەرەکانی، بووکەڵەی بەکار هێناوە و ئەم بووکەڵانەیش زۆر سەرنجی ڕاکێشاوە.

کرەیگ تەنها لە لەندەن کاری نەکردووە و ناوبانگی سنوورەکانی وڵاتی ئینگلیستان دەبڕێت، بۆ نموونە شانۆنامەی هاملێت لەسەر داواکاری و بانگهێشتکردنی ستانیسلاڤسکی لە شانۆی هونەریی مۆسکۆ پێشکەش دەکات. ئەم دوو هونەرمەندە، لە مۆسکۆ هزر و دیدە جیاواز و دژ بە یەکەکانیان دەخەنە تەرازووی کێشەیەکی گرینگ و ئەزموونێکی دەوڵەمەندی شانۆییەوە.

## ستانیسلاڤسکی و پەروەردەی ئەکتەر

هەر لەم قۆناغە مێژووییەدا (کۆستانتین ستانیسلاڤسکی) ١٨٦٣-١٩٣٨ دەردەکەوێت و چالاکییە شانۆییەکانی دەبنە جێگەی سەرنج و رامان. ستانیسلاڤسکی لە ساڵەکانی ١٨٧٧ەوە، وەک ئەکتەرێکی بەتوانا لەسەر شانۆکان چەندین رۆڵی گرینگ دەبینێت، لەم ساڵانەیشدا هیچ شانۆیەکی دیار و باوەڕپێکراو لە ڕووسیا نەبووە، بەڵام کارەکانی ئەو گەنجە دەبنە جیگای سەرنج و سەرسوڕمانی خەڵکانێکی زۆر و ستانیسلاڤسکی خۆیشی بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری شانۆ نابێت، نەک هەر ئەوە، بەڵکو پەیوەندییەکانی بە هونەری شانۆوە دەبێتە پەیوەندییەکی قووڵ و ئایینیی پیرۆز.

دواتر ستانیسلاڤسکی (فلادیمیر نیمیرۆفیتش دانچینکۆ) ١٨٥٨-١٩٤٣ دەناسێت، ناسینی ئەم هونەرمەندەیش دەبێتە پاڵپشتێکی گەورە و بەرەوپێشەوەچوونی فیکر و هونەر، تیۆری و پراکتیک. دانچینکۆ مامۆستای شانۆ، پێداگۆگ، نووسەر و رەخنەگرێکی شانۆیی دەبێت و لە هەوڵی چاکسازی و ئەزموونی شانۆییدا زۆر بە خێرایی دەردەکەوێت. هەوڵەکانی دانچینکۆ زیاتر وەک دراماتۆرگێک پەیوەست دەبێت بە لێکۆڵینەوە و راڤەکردنێکی ڕاست و دروستی تێکستە شانۆییەکانەوە. ساڵی ١٨٩٧ پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی نێوان ئەم دوو هونەرمەندە دەبێتە هۆی دامەزراندنی شانۆی هونەریی مۆسکۆ.

ستانیسلاڤسکی لە سەرەتای هەوڵ و پرۆسێسە شانۆییەکانیدا کاریگەریی تیپی (مینینگن)ی لەسەر دەبێت، ئەم تیپە لە یەکێک لە گەشتە هونەرییەکانیاندا سەردانی مۆسکۆیان کردووە و ستانیسلاڤسکی لە نزیکەوە لە نمایشەکانیان دەڕوانێت و هەست بە پێگە و بەها و نرخی شانۆ، وەک ئامرازێکی گرینگی شارستانی و

ڕۆشنبیری و پەیوەندیی مرۆڤایەتی دەکات. دواتر ستانیسلاڤسکی لەگەڵ ئەکتەرەکانی شانۆی هونەریی مۆسکۆ پەرە بە سیستێم و میتۆدەکانی ئامادەکردن و پەروەردەکردنی ئەکتەر دەدات و نهێنییە سایکۆلۆژییەکانی دەروونی مرۆڤ دەبنە سەرەتایەکی گرینگ بۆ مەشق و پەروەردەکردنی ئەکتەر. ستانیسلاڤسکی لە ڕوانگەی زانستە سایکۆلۆژییەکانەوە بە وردی لەو گۆڕانکارییانەی دەکۆڵییەوە، کە لە نەستی ئەکتەرەکانیدا، بۆ چوونە نێو ڕۆڵەکانیانەوە ڕووی دەدا. بێگومان ئەو میتۆدە دەروونییانە، هەزارەها ساڵ لەوەوبەر لە شانۆی ئیتاڵیدا بەکار هێنرابوون، بەڵام ستانیسلاڤسکی بە ڕێگەیەکی ورد و زیرەکانەی زانستی، هەموو ئەو بنەمایانە لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا، دەکاتە میتۆدێکی گرینگی بەردەوامی تاقیگە و تەقەلاکانی سیستێمەکەی. پرۆژەکانی ستانیسلاڤسکی بۆ پەروەردەکردنی ئەکتەر لایەنە تیۆری و پراکتیکییەکان پێکەوە دەگرێتەوە. ستانیسلاڤسکی هەموو ڕێگەکان تاقی دەکاتەوە: سەرەتا ناتورالیزم، ڕیالیزم و دوای ئەوەیش لەدەروازەی شانۆنامەکانی ئیپسن و مەتەرلینگەوە ڕوودەکاتە شانۆیەکی سمبۆلیزم. ستانیسلاڤسکی دواتر زیاتر لە ڕوانگەی شانۆنامەکانی چێخەفەوە برەو بە سیستێم و ڕێبازەکەی خۆی دەدات، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە سیستێمەکەی، سەبارەت بە (پێگەیاندنی ئەکتەر و هونەری نواندن) ناسرا، وەک لە ئەکتەر و ڕێژیسۆر. ستانیسلاڤسکی تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لە شانۆی هونەریی مۆسکۆ برەو بە کار و پرۆژەکانی دەدات.

هەر لە بیستەکاندا ڕێژیسۆرێکی گەورەی وەک (ڤیسیڤۆڵد مایرهۆڵد) ١٨٧٤-١٩٤٢ دەرکەوت، ئەم هونەرمەندە تەکنیکی بیۆمیکانیکی بۆ مەشق و ڕاهێنانی ئەکتەر داهێنا و هەوڵی دا

بگەڕێتەوە بۆ سەر بنەما گەوهەری و سەرەتاییەکانی شانۆی گریکی کۆن، شانۆی ڕۆژهەڵاتی بەتایبەتیش شانۆی چین و ژاپۆن، هونەری پانتۆمـایم، کۆمێـدیای دیلارتـی، شـانۆی منـداڵان... هتـد. هەر لەم ڕووەوە دید و بنەما ئێستاتیکییەکان، بۆ خوڵقاندنی شانۆیەکی نویٚ و جیاواز، توخمێکی گرینگی مێتودی کارەکانی مایرهۆڵد بوون.

## ئەوروپای ڕۆژئاوا و هونەری ڕیژی

لـە سـەرەتـای سـەدەی ڕابـردووەوە، هونـەری شـانۆ لـە پایتەختەکانی ئەوروپادا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا دێت، چەمک و شێوازەکانی کارکردن ڕێچکەیەکی تر لەخۆ دەگرێت و شانۆیش پێگە و ڕۆڵێکی بەهێزتری دەبێت. فەڕەنسا و ئەڵمانیا بنەماکانی هونـەری ڕیـژی و شـانۆیەکـی زیـاتر هونـەری دەسـتەبـەر دەکەن، گۆڕانکارییەکان و کاریگەرییەکان زیاتر و خێراتر بڵاو دەبنەوە، بۆ نموونە تـەوژمی ڕێبازی سمبۆلیستەکان و شـانۆی سمبۆلیزم لـە فەڕەنسا، دەروازەیەکی واڵا بە ڕووی هونەری ڕیژیدا دەکاتەوە. ئەو پرۆسـەیـەی ئـەندریـە ئـەنتـوان و شـانۆی سـەربـەسـت خوڵقانـدی، بەردەوامییەکی بە برەو لەخۆ دەگرێت. مێژووی هونەری ڕیژی لە فـەڕەنسا، هاوشـان و هاوتـەریب لـەگـەڵ تـەقـەلا و ئـەزموونـەکانی ڕووسـیادا دەڕوات، بـەڵام بـە ئاڕاسـتەیـەکـی تـر و جیـاوازەوە. شانۆکارانی فـەڕەنسا لـە زەمینـەیـەکی تری هونـەری، کۆمـەڵایـەتی، ڕامیاری و ئابوورییەوە دەڕواننە شانۆ.

کۆرنی و ڕاسین لـە لایـەک و مـۆلییر لـە لایـەکی تـرەوە، جـۆرە ترادیـشونێکی شـانۆیی تایبـەت بـە فـەڕەنسا دەخـوڵقێنن: لـەنێـوان نەفەسێکی قووڵی کلاسیکی و پانتاییەکی فراوانی میللیدا، تراژیدیا و کۆمیدیا شانۆیەکی تر دروست دەکات.

(ژاک کۆبــو) ١٨٩٧-١٩٤٦ دوای قۆنــاغی مــۆلییر، گرینگتــرین ڕیژیـسۆرەکـانی سـەدەی نـۆزدە و سـەرەتـای سـەدەی بیـستی فەڕەنسایە و کاریگەرییەکانی قووڵ و لەبەرچاوە، نەک تەنها بە شانۆی فەڕەنسییەوە، بەڵکو بە تێکڕای شانۆی ئەورووپای ڕۆژئاواوە. شـانبەشـانی ژاک کۆبـو (مـاکس ڕاینهـارت) ١٨٧٣-١٩٤٣ لە ئەڵمانیـا برەو بە ڕەوتی شانۆی ڕیژیسۆر ئەدات و بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی دامەزراندنی شانۆیەکی مۆدێرنی ئەورووپیدا دەکات. هەر لە ئەڵمانیـا (ئێـرڤین پیـسکاتۆر) ١٨٩٣-١٩٦٦ پـێگەی شـانۆیەکی هونەری و دەسـەڵاتی ڕیژیسۆر بەهێز دەکات، پیسکاتۆر تەکنیکی سینەمای هێنایە نـاو شـانۆوە و هەوڵـی ئەوەی دەدا، سـەر تەختەی شانۆ و هۆڵی بینەران پێکەوە ببەستێتەوە و ڕۆڵێکی تر ببەخشێت بە شانۆ.

لـەم زنجیـرە گۆڕانکارییـە بنـەڕەتییانـەی شـانۆی هاوچـەرخ و گەشـەی هونەری ڕیژی و دەسـەڵاتی ڕیژیسۆردا، (برتۆڵد برێشت) ١٨٩٨-١٩٥٦ دەبێتە بەشێکی زۆر گرینگ و کاریگەر؛ برێشت توانیی لـە ڕێگـەی شـانۆ داسـتانی و فێرگـەییـەکـەیـەوە هـەناسـەیـەکـی نویێ ببەخشێتە هونەری شانۆ. هەرچەندە ڕەگوڕیشەی شانۆی داستان، یـان تـەکنیـک و فـەلـسەفـە شـانۆییەکـەی برێـشت دەگـەڕێتـەوە بـۆ مایرهۆڵد و دوای ئـەوە بـەردەوامییـەکـی ڕاسـتەوخـۆی پیسکاتۆرە، بەڵام برێشت داهێنەری یەکێک لە گرینگترین تەکنیک و چەمکەکانی شـانۆی هاوچـەرخـە، کە بە (نـامۆبوون) ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت و شـانۆی داسـتانی برێـشتی لە چەمـک و بنەماکـانی درامـا و شـانۆی ئەریستۆ جیـا دەکـاتەوە، ئـەم چـەمکـە ئێـستێتیکییەیش تێگـەیـشتنی هاوکێـشە و پرۆسـە شـانۆییەکـانی بـەتـەواوی گـۆڕی. برێـشت بـۆ پراکتیزەکردنی ڕێبازە شانۆییەکەی خۆی کۆمەڵێ دەق و شانۆنامەی

زۆر گرینگیش دەنووسێت، لەوانە: ئۆپێرای دوانزە قورشی، دایکە ئازا و منداڵەکانی، بنەما و دەرەکی، مرۆڤی پاک، پۆنتێلا و ماتی، بازنەی تەباشیری قەوقاز، ژیانی گالیلای... هتد.

(پیتەر بروک) لە دوای برێشتەوە، گرینگترین وێستگەکانی گەشەی هونەری شانۆ و ڕیژییە، گەڕانەوەیەکی کردەیی و ئێستاتیکییە بۆ بنەما هونەرییەکانی ڕیژی و دەگەڕێتەوە بۆ سەر هەموو بنەما تیۆرییەکانی شانۆ؛ ستانیسلاڤسکی، مایرهۆڵد، ئارتۆ، برێشت... و سوود لە هەموویان وەردەگرێت و چەمکێکی تایبەت بە خۆی دەستەبەر دەکات.


لە دوای بروکیشەوە شانۆیەکی پۆست مۆدانیزم و پێرڤۆرمێنس دەردەکەون، ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنیشە ئەوەیە، کە لەم پرۆسەیەدا دید و ناوەرۆکی شتەکان، یاخود دەقەکان، ئاستی نمایشەکان دیاری ناکات، بەڵکو خودی نمایشەکان گەمەی پرۆسەکە دەخاتەگەڕ. دەقە شانۆییەکان لە پرۆسە پۆست مۆدێرنیزمەکاندا هەڵدەوەشێنرێن و سەرلەنوێ لە بوونیادی نمایشەکاندا، بە شێوەیەکی تر ڕۆ دەنرێتەوە و گێڕانەوەی چیرۆکەکە زەمەنێکی خەونەئامێز لەخۆدەگرێت. ئەوەی پۆست مۆدێرنیزمەکان لە شانۆدا باسی دەکەن، سەرەتاکەی بە شێوەیەک لە شێوەکان دەگەڕێتەوە بۆ دید و بیروبۆچوونەکانی (ئەنتۆنین ئارتۆ) ١٨٩٦-١٩٤٨ و دواتریش (گرۆتۆڤسکی) ١٩٢٢-١٩٩٩ ئەو دیدە جیاوازە شانۆییانە، ئەمڕۆ لە پرۆسەی بەرەوپێشەوەچوونی زەمەندا گەیشتوونەتە قۆناغەکانی پۆست مۆدێرنیزم.

هەروەها یەکێک لە ناوەندە گرینگەکانی شانۆیەکی پۆست مۆدێرنیزم، شکاندنی هەموو بەربەستە تەقلیدییەکان و گەمەکردنە بەو سنوورە داڕێژراوەی، کە لە نێوان بینەر و تەختەی شانۆدایە.

جووڵانـەوەی پۆسـت مـۆدێرنیزم لـە حـەفتاکانـدا سـەری هـەڵداوە و ئـەمـڕۆیش گـەیـشتووەتـە ئاسـتێکی بـەرز، ڕیژیـسۆری ئەمەریکـی (ڕۆبێرت ویڵسۆن) و (ڕۆبێرت لیپاش)ی کەنەدی دوو دەنگی گرنیگی شانۆیەکی پۆست مۆدێرنیزمن. ئەم دوو ڕیژیسۆرە بەردەوام لەسەر زۆربـەی شـانۆی وڵاتـە ئـەوروپییـەکـان کـاردەکـەن و پلاتفـۆرمێکی پۆسـت مۆدێرنیزمیـان بـۆ شـانۆی ئەوروپـی خولقانـدووە و کاریگەرییەکانیـشیان بەسـەر شـانۆکارانی دونیـا و ڕەوتـی شـانۆی جیهانییەوە بە ڕوونی دیارە.

لـە شـانۆی پۆسـت مۆدێرنیزمـدا ئاسـتێکی گرینگـی جیـاوازتر لـە پرۆسـە شـانۆییەکانـدا دەبـەخـشرێتە پـێگە و بـەهـای بینـەران و لـە دووتوێی کۆمەڵە ڕووداوێکی ناتەبا، نالۆژیکی و کۆلاشئاسـادا، بینـەر و شانۆ هەموو پـەیوەندییە تـەقلیدییـەکانی خۆیـان لـەدەست دەدەن. کارەکتەرەکان، هەریەکە وەک خودی سەربەخۆ و دوور لە یـەکتری و لە دەرەوەی بازنەی پـەیوەندییـەکانـەوە، بەوپەڕی سـەربەسـتییەوە دەجووڵێنەوە.

ستراکتۆرە بنەڕەتییەکانی ئەم شانۆیە، وێنەییـە و کـردەی (بینـین) ڕۆڵێکـی گرینگتـری هـەیـە وەک لـە کـردەی (گـوێگرتن). هەر لەم بنەمایانەیـشەوە دەتـوانین بڵـێن، کە شـانۆی پۆسـت مـۆدێرنیزم گـەڕانـەوەیـە بۆ بنـەمـا ڕیتـواڵی و داسـتان و ئـەفسانەکـان، بەڵام بە ئاڕاستەیەکی تر و پێچەوانەدا.



# بەشی یەکەم
# گۆردن کرەیگ و هونەری شانۆ

بە درێژایی مێژوو هیچ شانۆکارێک، هێندەی (ئێدوارد گۆردن کرەیگ) ١٨٧٢-١٩٦٦ بە تەنگەژە و قەیران و مەسەلەکانی چاکسازیی شانۆوە خەریک نەبووە. ئەم هونەرمەند و ڕێژیسۆرە دەیویست سەرلەنوێ ستراکتوری شانۆ و بنەماکانی، لە دیدێکی هونەری و تێڕوانینێکی جیاواز و سەراپاگیرییەوە ڕۆبنێتەوە. شانۆ هونەرێکی گشتگر و فرە توخمە، هیچ توخمێکیشیان لەوی تریان گرینگتر نییە، هەر لەم ڕووەوە لە گفتوگۆیەکیدا، لەگەڵ بینەرێکی شانۆدا دەڵێت: (هونەری شانۆ هەر نواندن و شانۆنامە نییە، هەروەها دیکۆر و سەمای شانۆیش نییە، بەڵکو تێکەڵاوبوون و تێکهەڵکێشکردنی هەموو ئەم توخمانەیە. شانۆ لە جووڵەی شانۆیی پێک دێت، کە ڕۆحی نواندنە و لە پەیڤ، کە جەستەی شانۆنامەکەیە، لە هێڵ و ڕەنگەکان، کە دڵی دیمەنەکانن و هەروەها لە ڕاگرتنی ڕیتم، کە وزەی سەمایە. هیچ کامێکیشیان لەوی تریان گرینگتر نییە).

کرەیگ ساڵی ١٨٧٢ لە بنەماڵەیەکی هونەریدا لەدایک بووە، باوکی ئەدوارد ولیەم ئەکتەرێکی گەورە و ناسراو بووە، خاتوو ئەلیانۆر ئەلیسی دایکیشی بە شاژنی کۆشکی شانۆی ئینگلیزی ئاماژەی بۆ کراوە. کرەیگ لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە چووەتە سەر شانۆ و لە شاکارەکانی شەکسپیردا کاری کردووە، بەتایبەتی ڕۆڵی هاملێت و ماکبێس و ڕۆمیۆی بینیوە، بەڵام ئەم ئەکتەرە لاوە، هەر لە سەرەتاوە هەست بە تەنگەژەکانی شانۆی ئینگلیزی دەکات، لەبەر ئەوە بڕیاری ئەوەی داوە واز لە نواندن بهێنێت و لەبری ئەوە، وەک ڕیفۆرمخوازێک پاکژکردنەوە و چاکسازی لە بوارەکانی شانۆدا بگرێتە ئەستۆی خۆی. کرەیگ لە یەکێک لە یاداشتەکانی نێوان ساڵانی ١٩٠٥-١٩٠٦دا نووسیویەتی: (وازم لە نواندن هێنا... خەونم دەدی. هەوڵم دا خەونەکانم بەهۆی هێڵ و ڕەنگەکانەوە لەسەر

کـاغەز بـکەمە ڕاسـتی، ئەمەیـش شـتێکی نەکـردە بـوو... دوای ئەوە یەکەم نمایشەکانم پێشکەش کرد) کرەیگ دوای دوورکەوتنەوەی لە نوانــدن، ڕوو دەکــاتە نووســین و بڵاوکــردنەوەی بــابەتی تێــوریی تایبەت بە شێوازەکانی تەکنیکی شانۆیی و دیدی خۆی سـەبارەت بە پاشـەڕۆژی شـانۆ، دەخـاتە ڕوو. لە سـاڵەکانی ١٨٩٦یـش بەدواوە، ڕووی کـــردووەتە دەرهێنـــانی ئەزمـــوونە شـــانۆییەکانی و یەکەم نمایـشی ددانپیانراویـشی، کە لە لەنـدەن پێـشکەش کـراوە، یەکێـک لە دەقە بەراییەکانی (هێنریک ئیپسن) بە ناونیشانی (پیاوە بەڕێزەکانی نیشتمانی پیرۆز)ەوە دەبێت. دواتر ئیپسن لە هەموو ژیانی هونەرییدا دەبێـتە نووسـەرێکی نزیـک لە دیـد و هـزرە شـانۆییەکەی و دوو لەو سـێ نمایـشەی، کە لەدوای سـاڵی ١٩٠٥ەوە پێشکەشی کـردوون، لە شـــانۆنامەکانی ئیپـــسنەوە بـــوون. کرەیـــگ هەر لە دەســـتپێکی کارەکانییەوە دەیویـست هەمـوو چەمکە ڕۆمانسییە نەتەوەییەکـان و ڕیالیزمێکی ئەتنۆگرافی لە سیمای پرۆژە و سینۆگرافیاکانی داماڵێت و تەنها بە فۆرم و ڕەنگ و ڕووناکی ئەتمۆسفێر و ڕیتمی نـاوەوەی دراماکان بەرجەستە بکات و دەیویـست سـمبۆلی وێنەیی بۆ هـزر و بیـرۆکە ناوەکییەکـانی دەقەکـان بـدۆزێتەوە. بـۆ ئەم مەبەسـتەیش ئەکتەرەکـانی لەسـەر شـانۆ لە یەکتـر دادەبـڕی و هەمـوو پانتـایی و ژیـــنگەی شانۆکەیـــشی لە تاریـــک و ڕوونێکـــی ســـمبۆلیزمەکاندا دەپێچـــایەوە، ئەمەیـــش ســـەرەتای ناکۆکییەکـــانی بـــوو لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا کە بەو جۆری ئیشکردنەی کرەیگ قایل نەدەبوون.

ئەم شـانۆیەی کرەیـگ، وەکـو شـانۆیەکی گـشتگر و تەواو یـان شـانۆ وەک شـانۆ پێناسـە دەکرێت، کە بە پـلەی سـەرەکی، تەنهـا لە سنووری مەودا گوزارشتئامێزەکاندا نەبێت، پشت بە دەقی شـانۆیی نابەستێت و هەوڵی ئەوە دەدات بە کەمترین وشە بەرجەستەی وێنە

شـانۆییەکانی بکـات. بـۆ ئەم مەبەسـتەیش، بـۆ ئەوەی وێنەیەکـی ڕەنگاوڕەنگی مانا و هزرە گشتییەکانمان بۆ بخاتە ڕوو، پەنا دەباتە بەر ئامڕازەکانی تری وەک جەستە، ئاماژە و جووڵەی ئەکتەر. لەم ڕێگەیەیشەوە هەر بۆ نموونە، لە هونەری پانتۆمایم نزیک دەبێتەوە.

کرەیـگ بـۆ ڕوونکـردنەوەی دیمـا و دیـدە جـودا و ناتەبـاکەی، هێڵکاری، نەخشە، وێنەی دیمەن و پانتایی شانۆ و جووڵەی ئەکتەر و سـینۆگرافیاکانی دروسـت دەکـرد و لە پێـشانگەی تایبەتیـدا و لە شارەکانی بەریتانیـادا پێشانی دەدان. هەر لەو دەمیشەوە دەیویست قوتابخانەیەکی هونەری تایبەت بە خۆی بکاتەوە تا بتوانێت لە بنەما سەرەتاییەکانەوە هزرە ڕیفۆرمخوازەکانی بڵاو بکاتەوە، بەڵام لەم ڕووەوە هـیچ پـشتیوانییەک بەدەسـت ناهێنێـت. لەم بـارودۆخەدا، بەتـایبەتی لە سـاڵەکانی ١٩٠٤دا لەسـەر داوای ڕیژیـسۆری ئەڵمـانی (ئۆتـۆ براهـام) ١٨٥٦-١٩١٢ دەچێتە بەرلـین، بەم شـێوەیەیش ژیانی دیاسـپۆرای هـونەری دەسـت پێـدەکات و لە لەنـدەن و شـانۆی ئینگلیزی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ کەسێکی وەک ئۆتـۆ براهـام ڕێـک ناکەوێـت، ئەمەیـش شـتێکی ئاسـایی و چاوەڕوانکراو بووە، لەبەر ئەوەی ئۆتۆ براهام مەڵبەندێکی گرینگ و پتەوی شانۆیەکی سروشتگەرایی ئەودەمەی ئەورووپا دەبێت. ئۆتۆ براهام، کە سەیری نەخشەی سینۆگرافیای کارەکە دەکات، لە کرەیگ دەپرسێت: "دەرگاکان کوان؟" کرەیگیش لە وەڵامدا دەڵێت: "دەرگامان نیـیە، ئەوەی هەیە شـوێنی چـوونە ژوورەوە و چـوونە دەرەوەیە." ئەمەیش دەبێتە پریشکی ئەو ناکۆکییە گەورەیەی دەکەوێتە نێوان ئۆتۆ براهام و کرەیگەوە، کە هەرگیز ناتوانن پێکەوە کار بکەن.

کرەیـگ لە سـەرەتای سـاڵانی سـەدەی ڕابـووردوودا گۆڤـارێکی شـانۆیی بە نـاوی (دەمامـک)ەوە بڵاو دەکاتەوە، یەکەم ژمارەی ئەم

گۆڤاره له ساڵی ١٩٠٨دا له شاری فلۆرەنس، له ئیتاڵیا دەردەچێت. گۆڤاری (دەمامک) گرینگیی داوه به تیۆر و مێژووی شانۆ و لەم ڕووەوه، کرەیگ گوتوویەتی: (ئایندەی شانۆ به شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەموو ئەو شتانه دەگرێتەوه، که تایبەتن به شانۆی ڕابردوو... بەبێ گەڕانەوه و لێکۆڵینەوه له شانۆی کۆن، زۆر گرانه بتوانین شانۆیەکی نوێ بخوڵقێنین) کرەیگ هەر لەم ساڵانەدا، گرینگییەکی زۆر به چەمکه تیۆرییەکانی (کۆمیدیای دیلارتی) دەدات و بۆ ئەو مەبەستەیش چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (دەمامک) بۆ باس و لێکۆڵینەوه و ڕوونکردنەوەی بنەما تیۆری و پراکتیکییەکانی (کۆمیدیای دیلارتی) و فیگورەکانی، تەرخان دەکات. هەر له فلۆرەنسیش له ساڵی ١٩١٣دا ئامۆژگایەک بۆ هونەری نواندن دەکاتەوه، ئەم ئامۆژگایه ناوبانگێکی نێونەتەوەیی گەوره بەدەست دێنێت و له هەموو ئەوروپاوه خوێندکار ڕووی تێدەکات، هەروەها دەبێته مەڵبەندی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (دەمامک)، بەڵام له ساڵی ١٩١٤دا، بەهۆی یەکەمین جەنگی جیهانییەوه دادەخرێت.

کرەیگ ساڵی ١٩٠٥ کتێبێک به ناوی (هونەری شانۆ) بڵاو دەکاتەوه و لەم کتێبەیشدا هەموو هەوڵ و تەقەلا هونەری و دیما و دیدی خۆی لەبارەی چاکسازی و قەیران و ئێستاتیکای شانۆوه دەخاته ڕوو. کرەیگ لەم کتێبەدا ئاوڕێکی پڕ له ڕەهەند و ڕەخنه له ئەزموونی داهێنانی شانۆیی خۆی، وەک ڕیژیسۆر و بەڕێوەبەری هونەری شانۆکانی ئەو دەمەی وڵاتەکەی و بەشێک له شانۆکانی ئەوروپا دەداتەوه. ئەم ئەزموونه دەوڵەمەندەیش تەنها بۆ شانۆکاران، جا ئەو شانۆکارانه، شانۆنامەنووس، ڕیژیسۆر، ئەکتەر، ئامادەکاری جلوبەرگ، نەخشەسازی سینۆگرافیا و کاره هونەرییەکانی تری پشتەوەی شانۆ بن، سوودبەخش و گرینگ نییه،

بەڵكو بۆ بینەران و هەموو ئەوانەیش گرینگە، كە دەیانەوێت ئاستی بینین و چێژی خۆیان بۆ كارە شانۆییەكان برەو پێ بدەن. ئەوەی شایانی باسە ئەم كتێبە بۆ یەكەمجار بە زمانی ئەڵمانی و لە بەرلین لە شێوەی نامیلكەیەكی چل لاپەڕەییدا بڵاو كراوەتەوە، بەڵام دواتر كرەیگ بە بەردەوامی كاری لەسەر كردووە و لە هەموو ڕوویەكەوە دەوڵەمەندی كردووە و چەندین بەشی تری بۆ زیاد كردووە.

لە لای كرەیگ، بینەری شانۆ هیچی كەمتر نییە لەو هونەرمەندانەی كارە هونەرییەكان دەخوڵقێنن، بەبێ ئامادەبوونی بینەران، داهێنانی شانۆیی لە شتێكی بۆش زیاتر هیچیتر نییە، لەبەر ئەوە كرەیگ ئامادەبوونی بینەران بە هەند وەردەگرێت و بە ئامرازێكی گرینگیشیان لەنێوان شانۆ و هۆڵی بینەراندا، دەزانێت. هەر لەبەر ئەوەیشە لەم كتێبەدا، چەند دیدار و گفتوگۆیەكی قووڵ لەنێوان ڕێژیسۆر و بینەراندا؛ سەبارەت بەوەی، كە بینەر چیی لە شانۆ دەوێت و بە چ شێوەیەک دەبێت هونەرمەند، بەتایبەتی ڕێژیسۆر، كە نووسەری نمایشە شانۆییەكانە، بگاتە ئاستەكانی ڕەزامەندی و تێگەیشتن و كاردانەوەی بینەران، لەخۆ دەگرێت. كرەیگ لەو بڕوایەدا بووە، كە بینەری شانۆ دەیەوێت زیاتر لەسەر شانۆكان شت ببینێت، وەک لەوەی گوێ بگرێت و لە ڕوانگەی بەها سمبۆلییە وێنەییەكانەوە گرینگی بە هەستە گشتییەكانی كارە شانۆییەكە بدات، نەک لە ڕێگەی مانای وشە و پەیڤەكانەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایانەیش شانۆ لە مەسەلەكانی دیدگای نمایشە شانۆییەكاندا كۆدەبێتەوە، لەم ڕووەوە دەڵێت: "نمایش سەمایەكی سمبۆلییە لە جلوبەرگێكی شانۆی سمبۆلیدا و لە ژینگەیەكی سمبۆلیشدا" كتێبەكەیش زۆر فراوانە و لەچەندین بەشدا، گرفتە كردەیی و تیۆرییەكانی شانۆ و پەیوەندیی هونەرمەندی شانۆ

بەشانۆ و بینەران و پرۆسەی شانۆوە ڕوون دەکاتەوە، بۆ نموونە: هونەرمەندانی شانۆ و داهاتوو، هونەری نواندن، ڕیژیسۆری شانۆ، سینۆگرافیا و جوولە، هیوا بە ئاینده، ئەکتەر و شانۆی بووکەڵە، تەوژمە کوشندەکانی شانۆی هاوچەرخ، شانۆنامە و شانۆنامەنووسەکان، شانۆ لە ڕووسیا و ئەڵمانیا و بەریتانیا، دیدارەکانی پسپۆری شانۆ و بینەر، بینەر و ڕیژیسۆری شانۆ، تارمایی لە شانۆنامەکانی شەکسپیردا، کە لە تارمایییەکانی شەکسپیریش دەدوێت، دیدێکی کردەیی و ئێستاتیکیی هەیە، بۆ نموونە بەم شێوەیە باسی (ماکبێس) دەکات: (لە ماکبێسدا، ئەتمۆسفێری تراجیدیاکە، لە چڕی و هێزی نهێنییەکاندایە، لەبەر ئەوە دەبێت شێوازی نواندنیش هێزێکی گەورەی ڕاز و نهێنی بیخوڵقێنێت، ئەوەی ئەو جوانییەیش دەبەخشێت بەم تراجیدیا پڕ لە نهێنییە و ئەو سەراپاگیرییە بێسنوورە، وشە و تارمایییەکانە. ئەو وشانەی، کە هەرگیز گوێمان لێیان نابێت، ئەو تارمایییانەیشی لە سێبەری نهێنییەکاندا دەجووڵێنەوە، ئەمانە توخمە سەرەکییەکانی پڕ لە ترسی تراجیدیاکەن)، هەروەها ڕێبازی ڕیالیزم و ئەکتەریش، بەشێکن لەو تەوەرانەی لەم کتێبەدا باسی کردوون، ئەم تەوەرانەیش چەندین بەش و تەوەری تر و تێڕوانینی تیۆریی جوودا دەگرنە خۆ. ئەم هونەرمەندە، لە چەندین شوێنی ئەم کتێبەدا، ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ڕیژییەکی خراپ و نواندنێکی نزم، شانۆ وێران دەکەن و فیکری نووسەریش دەشێوێنن. کرەیگ بە کتێبەکەی مەبەستی ئەوە بووە، کە ئەوە بخاتە ڕوو، چۆن شانۆ لە سروشتگەرایی و واقیعییەتی سەدەی حەڤدەهەم ڕزگاری بێت و بگەڕێتەوە بۆ سەر بنەما و چاوگە شیعرییەکانی شانۆ و شانۆیەکی شیعری.

کرەیــگ ئەم کتێــبەی دوای ئەزمــوون و کــارێکی دوورودرێــژ و ململانێ و بەڕێوەبردنی شانۆ گەورەکانی ئەورووپا نووسیوە، لەبەر ئەوەی ئاگاداری بزووتنەوەی شانۆی ئەورووپی بوو، خۆیشی جگە لە بەریتانیا، لە ئیتاڵیا، ئەڵمانیا و ڕووسیا و لەگەڵ ڕێژیسۆرەکانی ئەو دەمە، بــۆ نمــوونە ئۆتــۆ براهــام، مــاکس ڕاینهــارت و ستانیسلاڤسکی کاری کردووە، دەیزانی گرفتەکانی شانۆ لە ڕووی بەڕێوەبردن و هزر و تەکنیکەوە لە کوێ و لە چی دایە. کتێبەکەیش چڕکــردنەوە و کــورتکراوەیەکی ئەو ئەزمــوونە دەوڵەمەنــدە و دەستنیــشانکردنی تەنگەژەکــان و ڕێگــەچارەســەرە بنەڕەتییەکــانە، هاوکات گونجاندنی هونەری شانۆیە لەگەڵ پێشکەوتنە گەورەکانی کۆمەڵگەی ئەورووپی، چ لە ڕووی تەکنەلۆژیا و چ لە ڕووی ئابووری و بارووددۆخە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

کرەیگ لەم کتێبەدا دەیەوێت پێناســەیەکی تیۆری بۆ هونەری شانۆ بکات و وێنەیەکی ڕەهای لە دەرەوەی چەمکەکانی نەتەوە و ڕێسا تەقلیدییەکانەوە پێ ببەخشێت ( هیوادارم ئەوەتان لە یاد بێت، کە مـن باســی شــانۆ دەکەم، بە هــیچ شــێوەیەک مەبەســتم شــانۆی ئینگلیزی نییە، هەروەها ئەو شتەیشی بە شانۆی فەڕەنسی ناوزەد کراوە، مەبەستیشم ئەوە نییە، کە خەڵکی ئاماژەی بۆ دەکەن؛ ئەوە شانۆی ئەڵمانی، ئیتالی، سوێدی یان ڕووسییە، هەموو شانۆکانی دونیا چـۆنیەکن و تەنها لە زماندا جیاوازییــان هەیە... دوای ئەوە، جێگـەی داخە! کە شتە هەڵە و بێمانا و ڕێگرەکان، لە هەر شـوێنێک بن، هەر یەکە، ئەمەیش جێگەی پێکەنینە) هەروەها ئەم هونەرمەندە بە چــاوی گومــان و دڵەڕاوکە و دوودڵیــیەوە دەیــڕوانییە هەمــوو شــانۆکانی ئەورووپــا و ئەمەریکــا، لەپــێش هەمووشــیانەوە شــانۆی ئینگلیزی، لەبەر ئەوە هەمیشە لەگەڵیان لە کێشەدا بووە. کرەیگ نە

خـانووبەرەی شـانۆکان، نە ئەوەیـش، کە تیایـدا پێشکەش دەکـرا، نە ئەکتەرەکانی و نە ئاستی نواندنەکەیان،نە ڕیژی و نە ڕیژیسۆرەکان، تەنانەت کرێکاری شـانۆ و کارمەنـدە هونەرییەکانیشی بەدڵ نەبووە. کرەیگ بە ڕاشکاوانە گوتوویەتی (پێویستە ئەکتەر وەلاوە بنرێت و لەبـری ئەو شـتێکی تـری بـێ گیـان دابنرێـت -بـا ئەو شـتەیش بە سـوپەر- بـووکەڵە نـاوزەد بکرێـت، ئەمەیـش تـا ئەو کـاتەی خـۆی ناوێکی باشتر دەدۆزێتەوە)

ئەوەی جێگـەی سـەرنجە، تەنـانەت ئەو بینەرانەیش کە دەچـوونە ئەم شانۆییانەوە، جێگەی ستایش و ڕەزامەندیی ئەو نەبوون، بەڵکو ئامــاژەی بــۆ ئەوە دەکــرد، کە زەوقــی ئەو بیــنەرانە بەتەواوی شـێوێندراوە، بـاش و خـراپ لەیەک جیانـاکەنەوە و تەنهـا بـۆ کـات بەسەربردن و خۆدەرخستن دەچن بۆ شانۆ. کرەیگ چەندە گرینگیی بە دەق و فیکـری شــانۆنامەکان دەدا، هێنـدەیش مەســەلەکانی تــر، نواندن، ڕووناکی، جووڵەی جەستە، ڕەنگەکان، مۆسیقا و سینۆگرافیا پـێگە و گرینگیـی خۆیـان هەبـووە. جـووڵە لە پانتـاییە شـانۆییەکەدا توخمێکی بە بەهـا و ڕیژیسۆریش خـاڵی پێگەیشتن و ناوەندگەرایی بــووە و یەکەیەکــی یەکگرتــووی لەنێــوان جــووڵە، ســەرچاوەکانی ڕووناکی و پانتـایی شـانۆدا خولّقانـدووە. هەر لەم دەروازەیەیشەوە جووڵانەوە فیزیکییەکانی کردووەتە ناوەندێکی درامـاتۆرگی مۆتیڤە شــانۆییەکان. شــانۆ بــۆ کرەیــگ بنەمــا قــووڵ و ســەرەکییەکانی گەڕاوەتەوە بۆ سەما و جووڵانەوە ڕیتمئاساکانی. هەست و سۆز لە بنەماکــانی یەکەیەکــی فیکــری و ســتراکتورێکی هونەریــدا لە بەریەککەوتنێکی بەردەوامی بەهێزدان، ئەم بەریەککەوتنەیش بینەران لە پرۆسە هونەرییەکەدا کۆدەکاتەوە. (من بەوە قایل نابم، کە وێنە و دیمەنی سینۆگرافیاکەم تەنها لە شانۆنامەکەوە سەرچاوە وەربگرن،

بەڵکو دەبێت لەو دید و فیکرەوە، کە شانۆنامەکە لە ئەندێشەمدا دروستیان دەکات).

کرەیگ بە هەموو شێوەیەک دژی شانۆی ناتورالیزمی و واقیعی دەبێت، زیاتر لە کارەکانیدا، پەنای دەبردە بەر وێنە و هێما و شانۆیەک، کە لەسەر بنەماکانی بینین ڕۆنراوە، نەک لەسەر گوێگرتن و گێڕانەوەی چیرۆکەکان. لەبەر ئەوە دەیویست ئەکتەرەکانی ببنە بەشێک لە هێڵ و ڕەنگ و دەنگ، جووڵەی جەستەیش ببێتە تەواوکەری وێنە گشتگرەکە و توخمێک لە توخمەکانی سینۆگرافیا و ڕوونـاکی. هەر لەبەر ئەوە هـانی ئەکتەرەکـانی دەدا، کە دوای خوێندنی نواندن و گەیشتن بە ئاستێکی بالا، هەوڵ بدەن بەهۆی جووڵەی جەستەوە دەرک بە شتە نەبینراو و وێناکراوەکان بکەن و وەکو شتێکی بینراو مامەڵەی لەگەڵدا بکەن؛ مەبەستیش لە شتە وێناکراوەکـان، ئەو وێـنە جۆراوجـۆرانەن، کە لە نەسـتدا بە شاراوەییەوە هەڵگیراون، ئەکتەر بە چاوی مێشک دەیانبینێت نەک بە چاوی ڕاستەقینە، لە نواندنیشدا پەنایان بۆ دەبات بێ ئەوەی بیریان لێ بکاتەوە، ئیتر لە جووڵەی ئەندامەکانی جەستەدا بەرجەستە دەبن و بۆ ئەکتەر دەبن بە چوارچێوەیەکی هونەری و بۆ بینەریش دیوە ئێستاتیکییەکەی نواندن. کرەیگ لەم ڕووەیشەوە گوتوویەتی: (ئەگەر فەزا ئەو دەریایە بێت، کە جووڵە مەلەی تیا دەکات، ئەوا جووڵە ئەو ئاسمانەیە مۆسیقای تیا دەگوزەرێت... حەز دەکەم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، کە هەموو شتێک لە جووڵەوە سەرچاوە دەگرێت... تەنانەت مۆسیقایش، دەمەوێت ئەوەیشتان بێنمەوە یاد، کە خوای گەورە ئەو توانـایەی پـێ بەخشیوین، وزە و توانـا گەورەکانمـان لە ڕێگـەی جـووڵەوە دیاری بکەین؛ هەموو شانۆکانیش، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، لە جووڵەوە دروست بووە، جووڵەی جەستەی مرۆڤ، ئێمە

ئەم ڕاستییە باش دەزانین/.../) بە بڕوای کرەیگ، مرۆڤ کە دەژی و کار دەکات تەنها لە ڕێگەی جووڵە سمبۆلئامێزەکانەوە و لەنێو سمبۆلەکاندا هەست بە بوونی خۆی دەکات، ئەو نەوانەیش، کە هەست بە بەهای سمبۆلەکان دەکەن، نەوە بەرز و گەورەکانن. (سمبۆل شتێک نییە، کە تەنها لە شێوازەکانی هونەردا هەبێت، بەڵکو لە ڕەگوڕیشەی هەموو ژیاندایە؛ ئێمە ناتوانین وا لەم ژیانە بکەین مرۆڤ بتوانێت تیا بژی، تەنها لە ڕێگەی سمبۆلەکانەوە ئەوە دەکەین، کە ئێمە بە بەردەوامی بەکاریان دەهێنین)

کرەیگ قوتابییەکی بە ئەمەکی مۆدێرنیزم بووە، کە هەمیشە بە مێژووی شانۆ و زانستەکانی شانۆدا قووڵ بووەتەوە و گەیشتووەتە بەرئەنجامی نوێ و ئەڵتەرناتیڤی جیاواز. بێگومان ئەکتەرەکانی کرەیگ نەیاندەتوانی دیدە هونەرییەکەی ئەم هونەرمەندە بەرجەستە بکەن و نەشیاندەویست لە کۆشکی پادشایەتیی شانۆکان بێنە خوارەوە. ئەکتەرەکانی ئەو سەردەمە، ئەکتەری بینەران بوون و خۆیان ڕێژسۆر و ئەکتەر بوون، هەموو ئامڕاز و پێداویستییەکانی تری شانۆ لە بەرژەوەندی و خزمەتی ئەواندا کاری دەکرد، ئەمەیش لەگەڵ پرینسیپەکانی کرەیگ نەدەگونجا. کرەیگ بەپێچەوانەوە چەندە دژی ئەکتەر دەبێت، هێندە گەرەکی بووە کۆرس لەسەر شانۆ بەکاربهێنێت و لە وێنەیەکی سەمائامێزی بەکۆمەڵیی گۆریۆگرافیدا بیانجووڵێنێت. لە یاداشتەکانی ساڵانی ١٩٠٩دا ئەوەی دووپات کردووەتەوە، کە (هیواخوازم ئەکتەر بەتەواوی دووربخەمەوە، بەڵام کۆرسی دەمامکپۆش لەسەر شانۆ بهێڵمەوە)، دەمامکیش بەهایەکی تایبەتمەدی بۆ کرەیگ هەبووە؛ شاردنەوەی سیمای دەموچاویش بە دەمامک مانای شاردنەوەی هەموو شتە خودگەراییەکانی لە پشت توخمە گەردوونی و هەتا هەتاییەکانەوە گەیاندووە. دەمامک بۆ ئەو

مانای ئەوە بووە، کە سروشت/ڕیالیزم لە پشت هونەر/سمبۆلەوە بشارێتەوە.

کرەیگ لە ئەنجامدا ناچار دەبێت بە تەواوی دەستبەرداری ئەکتەرەکانی ببێت و لەبری ئەوان، بووکەڵەی گەورە بەکار بهێنێت، لەم ڕووەیشەوە گوتوویەتی: (ڕەوشێکی شاعیریی سەیر دەبینم، ئەو بووکەڵانە ڕۆڵی دیمەنەکان بە شێوەیەکی بێگەرد دەبینن، بەشێوەیەک زۆر لە ئەکتەرە ڕاستییەکان ئەو توانایەیان نییە؛ بووکەڵەکان ئەوەی پێیان دەسپێردرێت، بەبێ کەم و زیاد دەیکەن). کرەیگ بووکەڵە وەکو شتێکی پڕ لە ڕاز و نیاز دەبینێت، کە بوونێکی ڕیالیزمی و بینراوی هەیە، لە هەمان کاتدا هێماگەلی بەرجەستەکردنی خەونێک بووە بۆ ئەو، کە هیچ ئەکتەرێک نەیتوانیوە بگاتە ئەو ئاستە. بووکەڵە وێنەی دونیایەکی یۆتۆپیی بۆ ئەو دەستەبەر دەکرد، کە سنووری گەمەکانی بە شێوەیەکی تر بۆ دادەڕشتەوە.

کرەیگ گەیشتبووە بڕوایەکی پتەو کە هەموو جۆرە شتێکی ڕێکەوت و ڕاگوزاری و دوور لە پلان بۆ دانان و لێکۆڵینەوەی وردەوە، دوژمنی هونەرە، هەر بۆیە پرۆژەکانی خۆی بە وردی پلانی بۆ دارێژرا بوو. بۆ ئەو لە پێش هەموو شتێکدا، بوونی مرۆڤ لەسەر شانۆ، کە هەڵگری دیما و بۆچوونێکی خودگەراییە، دەبێت بەتەواوی تێکبشکێنرێت. لە باسێکیشدا کە لە ساڵی ١٩٠٧دا بە ناونیشانی (ئەکتەر و سوپەر-ماریۆنێت)ەوە نووسیویەتی، باسی ئەوە دەکات، کە چۆن لەبری ئەکتەر، بووکەڵەیەک لەژێر دەستی ڕێژیسۆردا ملکەچ و قایلە و فۆرمی خۆی بەپێی ئەو پلانە وردەی بۆی دیاریکردووە، وەردەگرێت و لە وێنەیەکی جوان و باڵادا، جووڵانەوەکانی بەرجەستە دەکات. ئەم جۆرە فیگورانەیش

(بـووکەڵانە) لە هەمـوو جـۆرە خـودگەراییەک دامـاڵراوە و بە هـیچ کاتێکیـشەوە پابەنـد نیـیە. کرەیـگ خـۆی وێـنەی ئەم بـووکەڵانەی کێـشاوە و بەو بەرگە سـپییانەوە، کە دەیکـردنە بەریـان، دەبـوونە فیگوری پڕ لە ڕاز و نیاز و سیمایەکی نهێنیئامێزیان لەخۆ دەگرت. کرەیگ بۆ دروستکردنی جلوبەرگی ئەکتەر و بووکەڵە گەورەکانی، ئاماژەی بۆ کاریگەریی جلوبەرگی گریکی کۆن و میسری فەرعەونی لە لایەک و چین و ژاپۆن و هندستان لە لایەکی ترەوە کردووە. ئەم کاریگەرییانەیش پێکهاتەیەکی جودا و کۆکردنەوەی کولتوورەکان و دوورکەوتنەوە لە شتە ڕواڵەتئامێز و تەقلیدییەکانەوەی خولقاندووە و لە هەمـان کاتـدا سـمبۆلێکی گریمـانەی بـۆ بووکەڵەکـان دروسـت کردووە.

کرەیگ بە دید و دیما هونەرییەکانی نزیک دەبێتەوە لە هونەرێکی گـشتگر، کە لە ڕیـتم و جـوولانەوە پێکهـاتووە، بووکەڵەکانیـشی دەنگدانەوەیەکی ئەو شـانۆیە بـوو، کە سـیمایەکی خواوەنـدی لەخـۆ دەگـرت و بـۆ ئەو دەبـوونە خەونێکـی پـڕ لە گەمە. بووکەڵەکـانی کرەیگ بوونە ئامرازی گەیاندنی ئەو جوولانەوەیەی، کە لە دەرەوەی زەمەن و شوێنەکانەوە دەهاتن و دیدێکی ڕەهای سمبۆلییان هەبووە.

کرەیگ بە شێوەیەکی بەردەوام پانتایی و ژوورە شانۆییەکانی لە پرۆسـەیەکی ئەزموونگەریـدا دەگـۆڕی، گۆڕانکارییەکـانیش ئـامڕازە بەکارهێنراوەکـان، سـینۆگرافیا، ئەکـتەر، بـووکەڵە، ڕەنـگ، ڕوونـاکی، مۆسـیقا و پانتـایی شـانۆی دەگـرتەوە، بـۆ نمـوونە داهێنـانی سیـستێمێکی بـزۆزی پەردەکـانی قـوولایی و ئەمـلا و ئەولای شـانۆ، هەلـومەرجی ڕوونـاکی و بەکارهێنـانی (ئـاو) بـۆ ڕەنگـدانەوە و چڕکـردنەوەی تیـشکی ڕوونـاکی؛ ئەمەیـش لە پێنـاوی شـکاندنی ئەو وەهـمەی شـانۆی ڕیـالیزم و سـینۆگرافیا سروشـتگەراییەکان

دروستیان دەکرد و دەیویست شانۆیەک ڕۆبنێت، کە لە هەموو شتێک پاکژ بکرێتەوە و زیاتر لە ڕۆحی سەماوە نزیک ببێتەوە.

کرەیگ هونەرمەندێکی فرە بەهرەی لێهاتوو بووە: وێنەگر، وێنەکێش، ڕەخنەگری شانۆ، ڕۆژنامەنووس، نووسەر، مۆسیقاژەن، نەخشەسازی سینۆگرافیا و هونەری ڕووناکی بووە و لە هەموو ئەم بوارانەیشدا مامۆستایەکی دەگمەن بووە. ئەم توخمانەی لە نمایشەکانیدا کۆکردووەتەوە و لەسەر ئاستێکی بەرز و بە دیقەتێکی ورد و بە لێزانینێکی بێهاوتا بەرجەستەی کردوون. هەندێک لە ڕەخنەگر و پسپۆڕەکانی شانۆ ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە کرەیگ شاعیری شانۆ بووە و توانیویەتی لە هیچەوە دونیایەکی گەورە بخوڵقێنێت، گەمەی بە ڕووناکی و ڕەنگەکان کردووە، هەر بەم گەمەیە کۆشک و خانووبەرەی بێسنووری لەسەر شانۆکان ڕۆناوە، پەنای بردووەتە بەر پەردە و بە پەردەی ئاسایی، مەوداکانی شانۆی قووڵ کردووەتەوە و دیمەنەکان لە جووڵە و گۆڕانکارییەکی بەردەوامدا بوون. سیستێمێکی تایبەتمەند بە بەکارهێنانی پەردە دادەهێنێت؛ بۆ نموونە پەردەکان بزۆز بوون و لەنێو ڕووناکی و سێبەردا جووڵاونەتەوە و فۆرمی هەمەچەشن و ژووری جیاواز و شێوازی ئەندازەیی خوڵقاندووە، ئەمەیش دەبێتە بنەمایەکی گرینگی پرۆژەکانی. بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ڕووناکیش تەواوکەری پەردە بزۆزەکانی ئەم سیستێمە هونەرییە بوون. چاوگەکانی ڕووناکی بە شێوەیەکی بەربڵاو و لە هەموو ئاستەکانی سەر شانۆدا بەکارهاتوون؛ لەژێر تەختەی شانۆوە، لەسەر دوو پردی تایبەتمەند لە نزیک پێشەوەی تەختەی شانۆ و لەملا و ئەولای لاتەنیشتی شانۆکەیشەوە.

گرەیگ بڕوای بە دوارۆژ هەبووە، بەڵام ئامادەیی ئەوەیشی تیا بووە، کە سازش بکات و بە هەندێک لە هەلومەرجەکان قایل بێت و کار بەو ئامرازانە بکات، کە لە بەردەستدا بوون: (من لەو بڕوایەدام، کە ڕۆژێــک دێــت بتــوانین هونەرێــک لە بــواری شــانۆدا، بەبــێ بەکارهێنانی دەقی شانۆیی نووسراو و بەبێ پەنابردنە بەر ئەکتەر بخولڵقێنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لەو بڕوایەدام کە پێویستە ئێمە بەپێی ئەو هەلومەرجانەی بۆمان ڕەخساوە، لەسەر کارەکانمان بەردەوام بین) دیدێک دواتر بووە بنەمایەکی گرینگی تەوژمێکی ئەزموونگەری و لای زۆربەی شانۆکارەکانی دونیا، هەر لە ئارتۆوە تا دەگاتە گرۆتۆڤسکی و بروک کاریان لەسەر کردووە.

کرەیگ بەم دیدە جیاوازەی بۆ شانۆ شتێکی تری هێنایە ئاراوە، کە دواتر بووە ناوەندێکی گرینگی تیۆر و لێکۆڵینەوە شانۆییەکان و دەستپێکی پتەوی بۆ لێکۆڵینەوە سمبۆلیزم و مۆدێرنەکانی دراما و هونەری شانۆ و داهێنانی زاراوەگەلێکی نوێی شانۆیی کردەوە.

کرەیگ بۆ نموونە لەژێر کاریگەریی شانۆی ژاپۆنیدا، بانگەشەی جــۆرە دابڕانێکــی فراوانــی لەنێــوان ڕۆڵ و ئەکــتەردا، ئەکــتەر و بینەرانــدا، دەکــرد؛ سیــستێمێک دواتــر برێــشت لە تیــۆرە شــانۆ داستانییەکەیدا جەختی لەسەر کردووەتەوە.

ئەوەی کرەیگ دەیویست لە بواری شانۆدا بەدەستی بهێنێت، شــکاندنی وەهــم و دوورکەوتــنەوە لە شــانۆیەکی ڕیــالیزم و سروشــتگەرایی و پــشتکردنە بنەمــا دەروونناســییەکان بــووە. نمایشەکانیــشی دادەنــرێن بە دەســتپێکی ئێــستاتیکای دابــڕان و خولڵقاندنی شانۆیەکی شیعرئامێزی وێنەیی و فرەڕەهەند. کرەیگ بە بیست ساڵ بەر لە برێشت تەکنیکی (نامۆبوون)ی بەکارهێناوە، بەڵام

لە لای ئەو سەبارەت بە شانۆیەکی دیالێکتیکی نەبووە، بەڵکو زیاتر فۆرمێکی شانۆیی گشتگر و ئێستاتیکیی تەواوی لەخۆ گرتووە. بریشت تەکنیکەکەی کرەیگ وەردەگرێت و لە بنەما ڕەخنەییە-مێژووییەکانەوە ئاوێتەی پرۆگرامە سیاسییە دیالێکتییەکەی خۆی دەکات و هەنگاوێکیش زیاتر دەچێتە پێشەوە و زاراوە و چەمکی (نامۆبوون) دادەهێنێت.

هەرچەندە کرەیگ دژی شانۆی ڕیالیزم و ناتورالیزم دەبێت، بەڵام ڕێزێکی زۆری بۆ هەوڵەکانی ستانیسلاڤسکی دەبێت و لە شانۆی هونەری مۆسکو، لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا شانۆنامەی هاملێت پێشکەش دەکەن. ستانیسلاڤسکیش بە چاوی ڕێز سەیری کرەیگی کردووە و وەکو بلیمەتێکی بێوێنە ئاماژەی بۆ کردووە. ستانیسلاڤسکی لە یەکێک لە نامەکانی ساڵی ١٩٠٩دا نووسیویەتی (ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت تا لە کرەیگ دەگەین، لەبەر ئەوەی ئەو نیو سەدەیەک لە پێش زەمەنەکەی خۆیەوەیە، ئەو شاعیرێکی گەورە و هونەرمەندێکی بەرزە و ڕێژیسۆرێکی بەسەلیقە و پڕ لە زانیارییە) کرەیگ لە کتێبەکەشیدا (هونەری شانۆ) چەندین جار تیشک دەخاتە سەر هەوڵەکانی ستانیسلاڤسکی و شانۆی هونەری مۆسکۆ و دەڵێت: (/.../ ستانیسلاڤسکی، شتێکی گەورەی بەدەست هێناوە؛ شانۆیەکی دامەزراندوە، کە هیچ سیمایەکی بازرگانیی پێوە نییە... هەروەها بڕوای بە ڕێبازی واقیعی هەیە، لەو دەروازەیەوە، کە بەهۆی ئەم ڕێبازەوە دەتوانێت ڕاڤەی ژیانی سیکۆلۆژی کارەکتەرە شانۆییەکان بکات، هەرچەندە من بڕوام بەمە نییە) هەروەها کرەیگ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە شانۆکەی ستانیسلاڤسکی قوتابخانەیە،

هەر لەبەیانییەوە تا شەو و بەدرێژایی ساڵ کاتەکانی خۆیانی تیا بەسەر دەبەن، تەنها چەند هەفتەیەک نەبێت کە پشووی هاوینیان هەیە. (بەڵام لە بەریتانیا، دەتوانیت بچیتە هەر شانۆیەکەوە، لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵدا، لە تەنها دارتاش و ڕیژیسۆرێک و چەند موچەخۆرێک زیاتر کەسی تر نابینیت، شانۆکەی کۆنستان شەو و ڕۆژ پڕە لە خەڵک).

کرەیگ لە ساڵی ١٩٠٨دا چوار جار سەردانی مۆسکۆی کردووە، بەم شێوەیەیش یەکەم گفتوگۆکانی شانۆنامەی هاملێت دەستی پێکردووە، نمایشەکەیش بۆ یەکەمجار دوای چوار ساڵ، لە هەشتی مانگی یەکی ساڵی ١٩١٢دا پێشکەشکراوە. لەبەر ئەوەی کرەیگ بەردەوام لە مۆسکۆ نامێنێتەوە، دید و پلانی ڕیژی خۆی بۆ ستانیسلاڤسکی ڕوون دەکاتەوە و ستانیسلاڤسکیش بۆی دەخاتە بواری جێبەجێکردن و پراکتیکەوە. ستانیسلاڤسکی هەوڵی داوە لەو سنوورەی کە بۆیان دیاریکراوە هێڵە گشتییەکانی دیدی ڕیژی کرەیگ، جێ بەجێ بکات، هەندێک جار ناچار بووە دیما و دیدە کردەییەکانی کرەیگ چڕ بکاتەوە تا لەگەڵ هەلومەرجەکانی ئەوان و بینەران و توانای ئەکتەرەکانیشیدا بگونجێت. ئەوەی شایانی باسە مایرهۆڵد و ڤاختانکۆف لەم پرۆژەیەدا، وەک یاریدەدەری کرەیگ، کاریان کردووە.

کرەیگ لە هاملێتدا پەنای بردووەتە بەر پەردەی لە کانزا دروستکراو؛ ئەم پەردانە بەپێی ئاماژە و سیستێمە تایبەتمەندەکەی کرەیگ بە شێوەی تاک، یان کۆ جووڵاونەتەوە، هاتوونەتە پێشەوە، لار بوونەتەوە، گەڕاونەتە دواوە، چوونەتە نێو یەکترەوە تا بەو

شـێوەیە جۆرەهـا ژوور و پانتـایی و شـێوە و شـێوازی جـودای دەسـتەبەر کـردووە. کرەیـگ بە دوو سـاڵ ئەم پەردانەی ئامـادە کردووە، بەڵام هەر لەگەڵ یەکەم شەوی نمایشکردنی هاملێتدا، لەبەر قورسـی و گـران بەکارهێنـانی پەردەکـان، هەمـووی داڕمـاوەتە خوارەوە بۆ سەر شانۆکە و ڕوخاوە.

کرەیگ گەرەکی بووە هاملێت وەکو مۆنۆدراما بەرجەستە بکات، ئەمەیش مانـای وابـووە، کە بینـەران کـارەکتەر و کەش و ژینگەی شانۆنامە و تێکڕای ڕووداوەکان بە چاوی هاملێتەوە ببینن. کێشە و جیـاوازییەک، لە خوێنـدنەوەی ئەو دیمەنـانەی، کە هاملێـت لەسـەر شانۆ نییە، دەکەوێتە نێوان کرەیگ و ستانیسلاڤسکییەوە: ئایا هەر بە چاوی هاملێت و لە ڕوانگەی دیما و دیدی هاملێتەوە بخرێنە ڕوو؟ ستانیسلاڤسکی دەڵێت نەخێر و پێی وایە کە دەبێت ئەو دیمەنانە بە شـێوەیەکی ڕیـالیزمی بەرجەسـتە بکرێن. کرەیـگ بۆچـوونێکی تـری هەیە و دەڵێـت دەبێـت ئەو دیمەنـانەیش لە فـۆرمێکی سـمبۆلیزم و وێنەیی و دوور لە ڕیالیزمەوە بخوێنرێنەوە، چونکە ڕۆحی هاملێت هەمیـشە و لە هەمـوو دیمەنەکانـدا ئامـادەبوونێکی بەهێـزی هەیە؛ بەمەیـش دەیەوێـت زیـاتر دووپـاتی تەنهـایی و چارەنووسـە تراجیدییەکەی هاملێت بکاتەوە. کرەیگ هاملێت بەتەنها لە دونیایەکی ئاڵتوونیدا دەبینێت و هەموو دەوروبەرەکەیشی لە مێگەلێک زیاتر هیچی تر نین. پەردە کانزاییەکانی کۆشکی پادشا ئاڵتوونی بوون، پادشـا و شـاژن بە بەرگێکـی ئـاڵتوونییەوە لەسـەر عەرشـێکی ئاڵتووینش دانیشتوون و عەباکەی سەر شانی پادشایش، کە لە زێر و زیوودا بریسکاوەتەوە، هێندە گەورە بووە، هەموو سەر تەختەی

شانۆکەی داپۆشیوە. ئەم عەبا ئاڵتوونییە چەند کونێکی لێرە و لەوێ تێــدا بــووە، لە هەر کــونێکەوە ســەری یەکێــک لە پیــاوان و دەســتوپێوەندەکانیان هــاتووەتە دەرەوە، بەم شــێوەیەیش دەســت و پێوەندی کۆشکیش لەنێو ئەو زێر و زیوەدا بزر بوون. دیمەنەکەیش بە ســەدای شــەیپورێکی گەورە، کە پادشــا قــاو دەدات، لەســەر دەســەڵاتە تاوانکــارییەکەی دەریــدەپەڕێنن. هاملێــت لەم دونیــا ئاڵتوونییەدا بە جلوبەرگێکی ڕەشــەوە، بە تەنها لە بیرکردنەوەیەکی قــووڵی بێــپەروادا، لە پێــشەوەی شــانۆکەدا وەســتاوە و چــاودێریی ڕووداوەکانی کردووە.

کرەیــگ لە دوارۆژەکــانی ژیانیــدا لە پــاریس دەگیرســێتەوە، هونەرمەنــدە گەورەکــانی دونیــایش، لەوانە ئەدۆڵــف ئاپیــا، مــاکس ڕاینهارت، ژاک کۆبۆ و پیتەر بروک... هتد سەردانی دەکەن و گوێ لە پەیڤ و ئامۆژگارییەکانی دەگرن.

**سەرچاوە:**

١- فـي الفـن المـسرحى، أدوارد جـردون كـريج، تـرجمه درينـى خشبه، الدار المصريه اللبنانييه، ٢٠٠٠

2- Gosta M. Bergman, Den moderna teaterns genombrott 1890-1925, Stockholm 1966

3- Arne Tjader Per, Fruktan, medkensla och kritisk distans. Den vesterlendska dramateorins historia. Stockholm 2000.



# بەشی دووەم
# سیستێمەکەی ستانیسلاڤسکی و
# کارکردنی ئەکتەر لەسەر ڕۆڵ

شانۆکاری گەورەی ڕووسی (کۆنستانتین ستانیسلاڤسکی) ١٨٦٣-١٩٣٨ لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بنەما تیۆری و پراکتیکییەکانی بۆ هونەری نواندنێکی مۆدێرنی ڕۆنا و مێتودی کارکردنی ئەکتەری، بە شێوەیەک بەرەوپێشەوە برد، کە لەگەڵ هەموو جیهاندا بگونجێت.

ستانیسلاڤسکی تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی خەریکی ڕاڤە و شیکردنەوە و بەرەوپێشەوەبردنی سیستێم و مێتودەکانی کاری ئەکتەر دەبێت، لەدوای مردنیشی سامانێکی گەورەی بەجێ هێشتووە. ئەم هونەرمەندە هەر لە سەرەتای ژیانی هونەرییەوە، بە بەردەوامی یاداشت و تێبینی و بۆچوون و بەرئەنجامەکانی سەبارەت بە کارەکەی تۆمار کردووە؛ لەو یاداشتانەیدا هەنگاوە بەراییەکانی خۆئامادەکردن، تاقیکردنەوە، بەرجەستەکردن و تێرامانی ئامادەکردنی ڕۆڵی ئەکتەری خستووەتە ڕوو. کتێبی (کارکردنی ئەکتەر لەسەر ڕۆڵ) لەسەر بەشێک لەو سامان و یاداشت و نامە و یادەوەرییانەوە ئامادە کراوە، کە ستانیسلاڤسکی نووسیوونی. کتێبەکە ناونیشانێکی لاوەکیشی هەیە (چەند بابەتی کتێبێک) بۆ ئەوەی دووپاتی ئەوە بکاتەوە، کە ئەمە تەنها هەڵبژاردەیەکە لەو باسانەی نووسەر بە درێژایی ژیانی هونەریی خۆی نووسیوونی. هەموو ئەو کتێبانەی، کە ستانیسلاڤسکی نووسیوونی و ئەوانەیشی لەسەر ئەو نووسراون، گوزارشت لە ژیانێکی چڕ و دەوڵەمەندی هونەری مرۆڤێک لە نیو سەدەدا دەکەن؛ کە باسی ستانیسلاڤسکیش دەکەین، دەبێت بزانین قسە لەسەر چ ستانیسلاڤسکییەک دەکەین: ڕیژیسۆر، ئەکتەر، پێداگۆگ، ستانیسلاڤسکی سەرەتا یان کۆتایی. زۆربەی لێکۆلەرەوەکانی ئەم بوارە، سەرەتاکانی کار و چالاکی و بەرهەمەکانی ستانیسلاڤسکی

دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی ١٩٠٩-١٩٢٥، لەم قۆناغەدا زیاتر کاری لەسەر مەسەلەکانی ڕاستگۆیی لە هەست و هۆشدا کردووە، قۆناغەکانی دواتریش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٢٩-١٩٣٨، لەم قۆناغەیشدا توانیویەتی مێتودەکانی، بەتایبەتیش سەبارەت بە کردارە فیزیکییەکان (جووڵە جەستەییەکان) بەرەوپێشەوە بەرێت. مێتودە فیزیکییەکانیش بریتی بوون لەوەی کە پێویستە ئەکتەر دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ لەسەر تەختەی شانۆ (بە یارمەتیی کردارە فیزیکییەکان) بە جەستە و بیرکردنەوە، لە شانۆنامە و ڕۆڵەکەی بکۆڵێتەوە.

کۆنستانتین ستانیسلاڤسکی لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەندا گەورەبووە و باوکی بازرگانێکی ناسراوی خاوەن سامان و موڵک و ماڵێکی زۆر بووە. ئەم پاشخانە داراییە بەهێزەی بنەماڵەکەیان ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانی هونەریی ستانیسلاڤسکیدا گێڕاوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی ئەو دەمە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە دەوڵەمەندکردن و بەرەوپێشەوەچوونی ژیانی ڕۆشنبیری و کولتووریی ئەو دەمەی مۆسکۆدا. ئەم بنەماڵانە یارمەتی و پاڵپشتی سانديکا و ڕێکخراوە هونەرییە پیشەیی و ئەماتۆرەکانیان داوە و بە گرینگییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردوون. ستانیسلاڤسکی بەرلەوەی ببێتە ناوێکی دیاری ڕەوتی شانۆی ڕووسی، بۆ چەندین ساڵ گرووپێکی ئەماتۆری هەبووە و لەو گرووپەدا چ وەک ئەکتەر و چ وەک ڕیژیسۆر کاری کردووە، بەڵام کە لە هاوینی ساڵی ١٨٩٨دا (ڤلادیمیر نمیرۆڤیچ دانچنکۆ) ١٨٥٩-١٩٤٣ پەیوەندیی پێوە دەکات و دیدارە مێژووییەکەیان لە چێشتخانەی سلاڤیانسکی، کە شەو و ڕۆژێک دەخایەنێت، ساز دەکەن، دەشبێتە دەستپێکی دامەزراندنی (شانۆی هونەری مۆسکۆ)، کە (ئەلێکساندەر بلۆک) لە ساڵی ١٩١٢دا شانۆنامەی (لاشەیەکی

زیندوو) لەسەر شانۆی هونەریی مۆسکۆ دەبینێت، لە یاداشتەکانیدا دەنووسێت: (هەموو ئەکتەرەکان زۆر باش و بێهاوتا بوون، بەڵام ئەوان ئەکتەر بوون، تەنها ستانیسلاڤسکی سەرلەنوێ ئەکتەر و مرۆڤیش بوو، تێکهەڵکێشکردنێکی ئەفسوونی ژیان و هونەر) ئەو قوتابخانەیەی ستانیسلاڤسکی بۆ ڕاهێنان و دروستکردنی ئەکتەر و گەشەی سیستێمەکەی دایمەزراندبوو، تەنها هەر بۆ ئەوە نەبوو، کە خۆی گەشە بکات و لە بەرەوپێشچوونێکی بەردەوامدا بێت و شتی نوێ فێربێت، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەوەیش بوو، کە قوتابی و ئەکتەرەکانی فێری ئەوە بکات، بە چ شێوەیەک ئەو تێکهەڵکێشکردنە ئەفسوونییەی نێوان ژیان و هونەر فێربن. ساڵی ١٨٨٩ لە یەکێک لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی، دەبێت هەموو ڕێگەیەک بگرین، کە لە حەقیقەت و ژیان نزیکمان دەکەنەوە. (بۆ ئەوەی بگەینە ئەو شوێنەیش دەبێت بزانین مەبەستمان لە حەقیقەت و لە ژیان چییە. ئەمەیش کاری منە، کە لەم دوو شتە بکۆڵمەوە)، هەروەها ستانیسلاڤسکی بە پێداگرییەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە (مرۆڤ دەبێت لە پێناوی گەیشتن بە ڕاستی سنوورەکان بترازێنێت) ئەمە داوای ستانیسلاڤسکی نەبووە تەنها لە ئەکتەرەکانی ئەوێ ڕۆژێ، بەڵکو پرەنسیپێکی کۆنکرێتیی هەمیشەییە بۆ ئەکتەر. کاتێک ستانیسلاڤسکی لە پێناوی گەیشتن بە ڕاستی و حەقیقەت، داوای بەزاندن و لێکترازانی سنوورەکان دەکات، هاوکات پرسێکی زۆر گرینگی هونەری نواندن دەورووژێنێت، ئەویش ڕۆڵی ئەکتەر و بوون بە ڕۆڵە. بۆ ستانیسلاڤسکی ڕاستی و حەقیقەت لە هونەردا پەیوەست بووە بە چەمکەکانی دیموکراسی، بە هاووڵاتیبوونەوە، بە بڕوابوون بە هێز و وزەی شانۆوە، بڕوابوون بە کاری شانۆ لە کۆمەڵگە و لە بوونی مرۆڤدا. ستانیسلاڤسکی لە کتێبە

دانسقەکەیشیدا (ژیانم لە هونەردا) باسی ڕەوتی هونەری خۆی بەم شـــێوەیە دەکـــات و دەڵێـــت: (دۆزیـــنەوەی ڕێگـــەیەک لە سروشتگەراییەکی دەرەکی و ڕواڵەتئامێزەوە بۆ ڕیالیزمێکی قووڵ و نـــاوەکی) یەکێـــک لەو پرسانەیـــشی، کە لە چەقـــی کارەکـــان و گرینگیپێـدانی ستانیسلاڤـسکیدا بـووە، ئەوە بـووە، کە نمایـشەکانی کـارێکی هـونەریی جێگیـر و پتەوبن و سـیما و سـتراکتورەکەی، بە هیچ شێوەیەک جار لە دوای جار گۆڕانیان بەسەردا نەیەت و وەکو خۆیـان بمێننەوە. شـانۆ بۆ ستانیسلاڤسکی لە پێش هەمـوو شتێکدا هونەری دووبارەکردنەوە بووە.

ستانیسلاڤسکی، هەمیشە داوای لە ئەکتەرەکانی کـردووە، کە لە ئێستادا بژین. ئەکتەر دەبێت لە ژیانی ئێستای خۆیەوە کار لەسەر ڕۆڵەکانی بکات، بنەما سەرەتاییەکانی کاری ئەکتەر لەگەڵ ڕۆڵەکانی ئەوەیە، کە شـــتە هەنووکەییەکـــان، ئەوانەی لە چاوتروکانێکـــدا ڕوودەدەن، بکـاتە کـردار و خـۆی لە هەمـوو ڕۆڵێکـدا، کە دەیبینێت بدۆزێتەوە. ئەم هونەرمەندە، کە سـاڵی ١٩١٢ خەریکی ئامادەکردنی شـــانۆنامەی (تەرتـــوف)ی مـــۆلێیر دەبێـــت، گرینگتـــرین بنەمـــای ڕووکارەکـــانی دەرەوە و نـــاوەوەی کـــارەکتەر شـــی دەکـــاتەوە و مێتودەکەی هەنگاوێکی تر بەرەوپێشەوە دەبات. لەم ڕووەوە دەڵێت: "بۆ ئامادەکردن و کارکردن لە ڕۆڵدا، لە خودی خۆتەوە دەست پێ دەکەیت، مرۆڤ تەنها ئەو شتانە بەکارناهێنێت، کە وەک ئەکتەر لە خۆیدا هەن، بەڵکو نابێت فەنتازیا و بنەمـا و مانـا فرەڕەهەنـدەکانی نمایشەکە لەیاد بکات"

هەمـوو ئەو شـتانەی ئەمـڕۆ بـۆ ئـێمە بەڵگەنەویـستن، بـۆ ئەو سـەردەمەی ستانیسلاڤسکیی تیا دەژیا جودا بـوون. ئەو سـەردەمە سەردەمی ناتوراليزم بوو، (ئەمیل زۆلا) لە ساڵی ١٨٨١دا مانیڤێستی

(شـانۆی نـاتوارالیزم)ی بڵاو کردبووەوە، بزووتنەوەکەیش لە سـاڵی ١٨٨٧دا، بە کـــردنەوەی شـــانۆکەی (ئەنـــدرییە ئەنتـــوان) (شـــانۆی سەربەست) یان لیبراڵ لە پاریس، دەبێت بە خـاوەنی پێگە و شـانۆی خـۆی. لەم کاتـانەدا ستانیسلاڤـسکی و دانچینکـۆ، لە سـاڵی ١٨٩٨دا شـــانۆی هـــونەریی مۆســـکۆ دادەمەزرێـــنن، هەر لە ڕێگـــەی ئەم شانۆیەشەوە ستانیسلاڤسکی سیستێمە بەناوبانگەکەی بۆ هـونەری نواندن دەخوڵقێنێت و کاری لەسـەر دەکات. شـانۆنامەکانی چێخەف، کە هەر لە سـەرەتاوە لەم شـانۆیەدا نمـایش کـراون، پێویـستیان بە کـارێکی قـووڵتری ئەکـتەر، هێزێکـی تـری مـۆتیڤە ناوەکییەکـان، ڕاســتگۆییەکی گەورەتــری نوانــدن دەکــرد، کە لەوەپــێش بە هــیچ شـێوەیەک کـاری تیـا نەکرابـوو. هەوڵە سـەرەتاییەکانی تەوژمـی نـاتورالیزم لەســەر شــانۆ و لە لای ئەکتەرەکـانی ستانیسلاڤـسکی، بەتـاییبەتی لە بەرجەســتەکردنی دەقەکـانی چێخەفـدا گەیـشتبوونە ئاســـــتێکی چەقبەســـــتوو و نمایـــــشەکانیش بە وردەکـــــارییە ڕواڵەتئامێزەکـان بـارگراوی کرابـوون. چـێخەف ١٨٦٠-١٩٠٤ ئەو فۆرمە ناتورالیزمییەی بەدڵ نەبوو، کە ستانیسلاڤسکی شانۆنامەکانی ئەوی پـــێ پێـــشکەش دەکـــرد، ستانیسلاڤـــسکی خۆیـــشی لە بەرئەنجامەکـان قایـل نابێـت، بەمەیـش تووشـی قەیرانێکـی هـونەریی قـووڵ دەبێـتەوە. ئەم قەیـرانە، کە لە سـاڵەکانی ١٩٠٥دا ڕوودەدات، دەبێـتە هـۆی کێـشە و ململانێیەکـی گەورە، هەر لەم قەیرانیـشەوە سیستێمەکەی ستانیسلاڤسکی چەکەرە دەکات و هەنگاوی دروست دەنێـت و مێتـودێکی تـر بـۆ هـونەری نوانـدن دەدۆزێـتەوە. ستانیسلاڤسکی ددان بەوەدا دەنێت، کە ساڵی ١٩٠٩ وەک ئەکتەر و ڕێژیـسۆر کـاری لە شـانۆنامەی (مانگێـک لە لادێ)ی (تۆرگنێـڤ) کردووە، گەیشتووەتە بەرئەنجامێکی تر و توانیویەتی چارەسـەر بۆ

تەنــگەژە ســایکۆلۆژی و ســایکۆلۆژی ڕیــالیزم بــدۆزێتەوە. ئەو تەنگەژانەی دەمێک بوون بەدوای چارەسەرەکانیدا دەگەڕا و بۆی نەدەدۆزرایەوە، کە خــۆی لە خولْقانــدنی تەکنیکێکــی نــاوەکی، سیستێمێک بۆ ئەکتەر تا بتوانێت بە فەنتازیا و هەست و هۆشی خۆی لە ڕۆڵەکەی نزیک بێتەوە و بتوانێت مامەڵە لەگەڵ فۆرم بکات و ناوەڕۆکێکی ڕۆحی بدۆزێتەوە.

ستانیسلاڤسکی بنەمای سیستێمەکەی بە شێوەیەکی پراکتیکی، لە کاتی پرۆڤە و کارکردن لەگەڵ ئەکتەرەکانی و ئەو دەقە شانۆیانەدا، کە لە شانۆی هونەریی مۆسکۆ کاریان تیادا دەکرد، ڕۆناوە. ئەو ڕاســتگۆییەی، کە چــێخەف داوای لە ئەکتەرەکــان دەکــرد، بــووە بنەمایەکی پتەوی کارەکانی ستانیسلاڤسکی: ڕاستگۆیی تەنها بریتی نییە لە کۆپیکردنی واقیعییەتی ژیانی ڕۆژانە، بەڵکو ڕاستگۆیی دیمەنەکان و نواندنی ئەکتەر شتێکی جیاوازە لەو ڕاستگۆییەی لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەماندا دەیبینین. ڕاستگۆیی لەسەر شانۆ، ئەو شتەیە کە لە ڕاستی بچێت، کە تۆ بڕوات پێیەتی، بەڵام لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەدا، ڕاستگۆیی شتگەلێکە بەڕاستی بوونی هەیە.

بنەما سەرەکییەکانی سیستێمەکەی ستانیسلاڤسکیش لەسەر سێ ڕەهەندی پتەو دارێژراوە: کردار، نەست هەروەها مێتود. مەبەست لە کردار جووڵەی ئەکتەرە و نەستیش ئەو عەقڵە شاراوەیەیە، کە چەندین زانیاریی تێدا هەڵگیراوە و ئەکتەر وەکو بەشێک لە دروستکردنی ڕۆڵەکەیدا پەنای بۆ دەبات. مێتودەکەیش لەسەر بنەماکانی کردار ڕۆ دەنرێت. هەموو جووڵەیەکی جەستە لە دیوی دەرەوە، هاوتەریبە لەگەڵ جووڵەیەکی دیوی ناوەوەی (ناوەکی) ئەکتەرەکە. (تۆڤستۆنۆگۆڤ) کە یەکێکە لە قوتابی و هەوادارانی ستانیسلاڤسکی و دادەنرێت بە نوێکەرەوەی سیستێمەکەی، بەم

شێوەیە بنەماکانی سیستێمەکەی ستانیسلاڤسکی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: (گرینگترین پرنسیپەکان ئەوەیە، کە لە ڕێگەی پرۆسەی دەرکپێکردنەوە وێنەکانی ناو نەست لە لای ئەکتەر بەئاگا بێنیتەوە. ئەی دەرکپێکردن لە پرۆسەی ژیانی مرۆڤدا چییە؟ کردار و بیرکردنەوەیە. ئەی نەست چییە؟ هەست و سۆز و کاریگەرییەکانیەتی، ئەمەیش مانای وایە، کە هەموو پرۆسەی مەشقەکانمان بریتییە لەوەی، کە لە ڕێگەی کردار و بیرکردنەوەوە هەست و سۆزەکانمان بەئاگا بێنینەوە).

ئەکتەر، بەرلەوەی بێتە سەر تەختەی شانۆ پێویستە لە هەستی ڕاستەقینەی کارەکتەرەکە بگات، چونکە ئەمە جووڵەی ئەندامەکانی جەستە و تۆنی دەنگ و سیمای گوزارشتئامێز و ئاماژە پێویستەکانی کارەکتەرەکە دەردەخەن، کە دواتر ئەکتەر لە ڕۆڵەکەیدا بەکاریان دەهێنێت و تەنانەت دوای ئەوەی سەر شانۆکەیش چۆڵ دەکات، دەبێت بەمە بزانێت. بۆ ستانیسلاڤسکی نهێنییەکانی خوڵقاندنی فیگوری ڕۆڵێک لەگەڵ بەئاگاهێنانەوەی نەستدا یەک دەگرێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیشە ئەم گرفتەی ئەکتەر و مامەڵەی ڕۆڵ لەم گۆشەنیگایەوە بەهایەکی ئێجگار گەورەی هەیە. ستانیسلاڤسکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بنەماکانی هونەر و سەرچاوە گرینگەکانی ئەفراندن لە قووڵایی ڕۆحی و نەستی مرۆڤدا خۆی حەشار داوە، بەڵام بەبێ مەشق و پرۆڤەیەکی بەردەوام، بەبێ گەشە و ئاگاییەکی وردی تەکنیکی ناوەوە، بەبێ دیقەت و دیسپلین و ئارەزوویەکی بەهێز، هەرگیز ئەکتەر ناگاتە ئاستەکانی نەست. مەبەست لە سیستێمەکەیشی تەنها ئەوەیە، کە ئەکتەر بگەیەنێتە ئاستە قووڵ و نهێنییەکانی نەست.

ستانیسلاڤسکی لەو بڕوایەدا بووە، کە گرینگە ئەکتەر وردەکاریی فاکتەکـــانی دەقەکە، هەروەهـــا هەمـــوو ڕابـــردوو و داهـــاتووی ڕۆڵەکەیـشی بزانێـت بـۆ ئەوەی بە باشــی لە ئێستای بگـات. دوای ئەوەی، کە هەمـوو فاکتەکانمـان زانـی، دەبێت ڕووداوەکـانی دەقەکە تێبگەین و بۆ هەڵسوکەوتی ڕۆڵەکەیش، ئاڕاستە و هێڵێک بۆ ڕەوتـی کردارەکـان دیاری بکرێت، هەروەهـا ستانیسلاڤسکی پێگەی ئەکتەر بەرز دەکـاتەوە و لەگەڵ پـێگەی نووسـەری شـانۆنامەکە بەراوردی دەکـات؛ هەردووکیـان، نووسـەری شـانۆنامەکەن و ئەکـتەریش، کـار لەسەر تـوێژە قووڵەکانی ژیان دەکەن، بەڵام هەردوو لا نهێنییەکانی ژیــانی مرۆڤیــان بە شــێواز و فــۆرمی تایبەتمەنــدی خۆیــان بــۆ دەردەکەوێت.

ستانیسلاڤـسکی دەیەوێـت ئەکـتەر خـۆی و بەبـێ کـاریگەری و ڕێنمــاییکردنی هــیچ کەســێک بگــاتە ئەو ئاســتەی، کە لە چ دیــد و دیمایەکەوە سەیری دەقە شانۆییەکە دەکات، ئەو دید و دیمـایەی، کە نووسـەری شـانۆنامەکە مەبەسـتییەتی. هەر لێرەیـشەوە باسـی ئەوە دەکـات، کە چۆن ئەکتەر و نووسـەری شـانۆنامەکە لە یەکتر نیزیک بکـرێنەوە؟ چـۆن وا لە ئەکـتەر بکـات لە بـاری سـایکۆلۆژییەوە لە ڕۆحـــی ڕۆڵەکەی بگـــات؟ ئەمەیـــش بەشـــێکە لەو پرســـیارانەی ستانیسلاڤـسکی لەگەڵ ئەکتەرەکـانی کـاری لەسـەر کـردوون. هەر لەبەر ئەوە ستانیسلاڤـسکی بەلایەوە گـرینگە شـرۆڤەی فاکتەکـانی دەقەکە، بەتایبەتی ئێستا و ڕابردوو و ئایندەی ڕۆڵەکە، لە دووتـوێی ڕووداوەکانـد بکرێـت. ئەکـتەر بـۆ ئەوەی بە باشـی لە ئێستا بگـات، دەبێـت ڕابـردوو و ئاینـدەی ڕۆڵەکەی و هەلومەرجەکـانی بە باشـی بزانێت. کە ڕووداوەکانی دەقەکەیش شی دەکەینەوە، گرینگە هێڵێکی گـشتی بـۆ هەڵـسوکەوت و وردەکارییەکـانی جێبەجێکردنـی ڕۆڵەکە

بکێشرێت، لەوەیش بگات کە پێویستە ئەم پرۆسەیە بە فەنتازیا و خەون و جەستە و ڕۆحیی ئەکتەر دەوڵەمەند بکرێت.

ستانیسلاڤسکی دەستی ئەکتەرەکانی دەگرێت و ئەو دەروازانەیان بۆ دەکاتەوە تا لە هەموو ڕوویەکەوە لە دەقە شانۆییەکە بگەن: لێکۆڵینەوە لە سەردەمەکە، واقیعی ژیانی ڕۆژانەی نووسەر و ئەو ڕۆژگارەی تێدا ژیاوە، پاشخانە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی کارەکتەرەکان و ئەو ڕەوشەی تیا ژیاون و بارودۆخە سایکۆلۆژییەکان... هتد، هەروەها ئاماژەیش بۆ ئەوە دەکات، کە هەموو بنەما ئێستاتیکی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی و مۆتیڤەکانی تری دەقەکە، بە هیچ شێوەیەک لەیەک جیاناکرێتەوە و هەموویان پێکەوە یەکەیەکی یەکگرتوون، بەم شێوەیەیش ڕووداوەکانی شانۆنامەکە و کرداری ئەکتەرەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. ستانیسلاڤسکی ئاگاداری ئەکتەرەکانی دەکاتەوە، کە تەنها لە ڕێگەی ڕەخنەیەکی شیکاریی وشکەوە هەوڵبدەن لە فاکتە و ڕووداوەکانی دەقەکە بگەن. ئەکتەر دەبێت بە دوای مانا شاراوەکاندا بگەڕێت و بنەما سایکۆلۆژی و ڕۆحییەکانی بدۆزێتەوە. ستانیسلاڤسکی هانی ئەکتەرەکانی دەدات، کە لە ڕواڵەتە ساکارەکەی ڕووداوەکاندا قووڵ بنەوە و بە وردییەوە جومگەکانی بپشکنن، چونکە لەوێدا، لە قووڵایی شتە ڕواڵەتییەکاندا، شتێکی گرینگتر، ڕۆحی ڕووداوە شاراوەکە دەدۆزێتەوە، کە لەوانەیە کلیلی کردارە ڕواڵەتییەکان بێت. دیارە دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئەم ڕووداو و فاکتانەی نێو دەقەکە بە شێوەیەکی تەواو و گشتگر، تەنها بە پشتبەستن بە ئەزموونی ئەکتەرێکی پیشەییەوە جێبەجێ نابێت، بەڵکو دەبێت ئەکتەر لە ڕووی هۆش و ئاستی دەرکپێکردن و ڕۆشنبیری و خۆپێگەیاندنەوە گەشەی کردبێت، گەرنا بینەر هەست

دەکــات، ئەوەی کە نووســـەری شــانۆنامەکە لە ڕێگــەی دەقەکەوە پێشکەشی دەکات، زیاتر لە ڕاستی دەچێت لەوەی ئەکتەرەکان بە جــووڵە بەرجەســتەی دەکەن، بــۆیە ناکرێــت دەقــی نووســـەر لە بیرکــردنەوە و لــۆژیکی کردارەکــانی ئەکــتەر و بەرئەنجامەکــانی جیابکرێتەوە، نابێت ئەکتەر بەرلەوەی بنەما و نەخشەی ڕۆڵەکەی بە شـێوەیەکی تـۆکمە تەواو بووبێـت و هـزر و کردارەکـانی بـۆ ڕوون بووبێتەوە، دەیالۆگی ڕۆڵەکەی ئەزبەر بکات.

ستانیسلاڤـسکی لە بەشــی (چیرۆکــی ڕۆنــانی نمایـشێک)ی ئەم کتێبەدا، باسی ڕیژیسۆر دەکات: جیاوازییەکان لەنێوان ڕیژیسۆرێکی دیکتــاتۆر، کە هەســتی پــڕ لە داهێنــانی ئەکتەرەکــان دەکوژێــت و سەربەستیی جووڵە و هەڵسوکەوتەکانیان سنوودار دەکات لەگەڵ ئەو ڕیژیسۆرەیـشی، کە هونەرمەنـدە، پێـداگۆگە، سـایکۆلۆژە و لە ڕێگــەی هــونەر و ئەزمــوونەوە خزمەتــی ئەکتەرەکــانی دەکــات و سروشتی پڕ لە داهێنانیان تیا دەبووژێنێتەوە و بەرەو ئامانجەکانیان دەبات، دەخاتە ڕوو. ئەم ڕیژیسۆرە، واتە ڕیژیسۆرە هونەرمەندەکە، پەیوەندییەکی دروست و هونەری بە ئەکتەرەکانییەوە دەبەستێتەوە و ئەم جــۆرە هاوکــاری و پەیوەنــدییەیش ژیــانێکی زینــدوو و ڕاستگۆیەکی قـووڵ دەبەخـشێت بە پرۆسـە شـانۆییەکە و بە کـاری ئەکتەر لەگەڵ ڕۆڵەکەی. ستانیسلاڤسکی، بەتایبەتی لەم بەشـەدا، بە تونـدی پـێ لەسـەر ئەوە دادەگرێـت، کە هـیچ جیـاوازییەک لەنێـوان کاری ئەکتەر لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ڕۆڵەکەیدا نییە، ئەکتەر چەندە خــاوەنی بەهــرە و توانــایەکی سروشــتیی گەورە بێــت، هێنــدە و زیــاتریش پێویـستی بە مەشــق و کــاری بەردەوام و دۆزینــەوەی تەکنیکە.

ستانیسلاڤسکی به شـێوەیەکی سـەراپاگیری و سیـستێماتیک له یەکەم ڕووبەڕووبـــوونەوەی نـــاوەوەی ڕەوشــــی ئەکـــتەر لەگەڵ ڕۆڵەکەی دەکـۆڵێتەوە. بـۆ ئەوەی له دیـوی نـاوەوەی ئەکـتەریش بکـۆڵێتەوە و بیبەسـتێتەوە به ڕۆڵەکەیەوە، له سـەرەتادا تەنهـا بەر چەند بەشێکی بچووکی دەرەوەی مۆتیڤەکانی دەقەکە دەکەوێت و به قووڵی لێیان دەکۆڵێتەوە. پاشـان لێکۆڵینەوەکه هەمـوو بەشـەکانی دەقەکە دەگرێتەوە و مۆتیڤەکان، وەک پریشکی ڕووناکی له تاریکیدا گەورە دەبـــن و بـــڵاو دەبـــنەوە و هەمـــوو بەشـــەکان پـــێکەوە دەبەســـتێتەوە، تـــا هەمـــوو دەقەکە و ڕۆڵەکەیـش دەگـرێتەوە. ئەم قووڵبـــوونەوەیەیش به شـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ و له نەســـتی ئەکتەرەکاندا بەدوای بنەما فراوان و هەسته قووڵەکاندا دەگەڕێت، که چـاو ناتوانێـت بیانبینێـت، گـوێ ناتوانێـت بیانبیـستێت و هـزریش ناتوانێت تێیان بگات، بەڵکو زیاتر وەکو هەستێکی کراوەی هونەری دەردەکەوێت.

ستانیسلاڤسکی ساڵی ١٩٣٠، پلانێکی وردی ڕیژی بۆ شانۆنامەی (ئۆتێللۆ) دادەڕێژێت و لەبەر نەخۆشیی خۆی، دەینێرێت بۆ شـانۆی هـونەریی مۆسـکۆ تـا کـاری تیـا بـکەن، بەڵام ئەو پـرۆژەیە هەرگیـز ناچێته بواری جێبەجێکردنەوە. دواتر هەمـوو پلانه ڕیژییەکە، که بۆ وانەگــوتنەوە و کــاری پێــداگۆگی لەگەڵ ئەکــتەر و قوتابییەکانیــدا بەکـاری دەهێنیـت، دەبێـته یەکێک له شـاکارە گەورەکـانی هـونەری ڕیـژی و خوێنـدنەوەیەکی پراکتیکـی بـۆ شەکـسپیر و له دووتـوێی کتێبێکیشدا چـاپ دەکرێت، ئەم کتێبەیش (کـارکردنی ئەکتەر لەسـەر ڕۆڵ) بەشێک لەم پلانە، وەک دیدێکی ڕیژی و تێڕوانینێکی کردەیی و ئەنجامەکانی هەوڵه تیۆری و پراکتیکییەکـان، بـڵاو کراوەتەوە. لەم بەشـەدا وەک هەمـوو هەوڵەکـانی تـری پێشووتری ستانیسلاڤسکی،

گرینگییەکــی زۆر داوە بە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەکــانی ئەکــتەر لەگەڵ ڕۆڵەکەیــــــدا. لەم ڕووەوە دەڵێـــــت: (دەکرێـــــت یەکەم ڕووبەڕووبـوونەوەی ڕۆڵ بە ژوانـی دوو عاشـق یـان ژنـومێردێکی تازە بەراورد بکرێت. هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. من بەهایەکی زۆر بە یەکەم تێگەیـشتن و کاریگەرییەکـان دەدەم، بە شـێوەیەک ڕۆڵێکـی یەکلاکەرەوەیـان هەیە) هەر لەم دەروازەیەوە، یەکێک لە گرینگتـرین خاڵەکانی بۆ قوتابییەکانی ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن بە شێوەیەکی ڕاســت و دروســت دەقە شــانۆییەکە بخــوێننەوە؛ ستانیسلاڤـسکی بڕوایەکــی پــتەو و تەواوی بەوە هەبــووە، کە یەکەم خوێنــدنەوەی دەقەکە و بە شێوەیەکی ڕاست و تێگەیشتنێکی دروستەوە، یارمەتیی ئەکتەر دەدات، کە "هەر لە سەرەتاوە لە ڕۆحی ڕۆڵەکەدا، بەشێک لە خۆی و ڕۆحی خۆی و ڕۆحی ڕۆڵەکە بدۆزێتەوە"

ستانیسلاڤـــسکی بەردەوام لە شــــیکردنەوە و تـــاقیکرنەوە و سـەرلەنوێ خوێندنەوەی کارەکانی خۆیدا دەبێت، هەمیشە دەگاتە بەرئەنجـــامی نـــوێ و گۆڕانکـــاری لە مەشـــق و ئامـــادەکردنی ئەکتەرەکانیـدا دەکـات. هەنـدێک لەو ئەنجامـانەی لەوەوبەر شـتێکی بەڵگەنەویست بوون، دواتر سەرلەبەری گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و لە هەندێک لە دیما و ڕاهێنان و ئەنجامەکان پەشیمان دەبێتەوە و بەمەیش سیستێمەکەی ڕێچکەیەکی تر وەردەگرێت، بۆ نموونە لە خوێنـدنەوە و شـیکردنەوەی چەنـدین ڕۆژەی دەق لەســەر مێـز و کورســی و لەگەڵ ئەکــتەر و قوتابییەکانیــدا، بەر لەدەســتکردن بە پرۆڤەکــردن پەشــیمان دەبێــتەوە. لە کۆتــایی ســییەکانی ســەدەی ڕابــردوودا، کە خەریکــی پــرۆڤەی شــانۆنامەی پــشکنەر (جەنــابی مـوفەتیش)ی گۆگـۆل دەبـن، دەڵێـت: "ئـێمە وەک جـاران نـاکەین، کە لەسـەر مێزەکـان بە کتێبەکەی دەستمانەوە دادەنیشتین تـا بە قەڵەم

شانۆنامەکە پارچەپارچە بکەین و دابەشی بکەین بەسەر چەندین بەشدا، بەڵکو لەبری ئەوە دەچینە سەر شانۆ و بە جەستە و بە شێوەیەکی پراکتیکی دەکەوینە لێکۆڵینەوەکانمان" لە سەرەتای سالانی ١٩٠٠ەکانیشدا، دوای ئەوەی سیستێمەکەی بە چەندین گۆڕانکاریدا دەڕوات، دەڵێت (دەبێت ڕیژیسۆر هەموو ڕۆڵەکان و تێکڕای نمایشەکە بە هاوکاری و لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا ڕۆبنێت) هەر لەم قۆناغەدا ستانیسلاڤسکی زیاتر ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ئەکتەر دەبێت لە خودی خۆیەوە، لە ڕۆح و جەستە و تێڕوانینی خۆیەوە کار لەگەڵ ڕۆڵەکەیدا بکات. "ئەگەر لە خۆتەوە دەست پێ بکەیت و خۆت بکەیتە دەروازە، ئەوە تۆ لە ڕۆڵەکەتدا دەژییت، ئەگەر لە کەسێکی تر و لە شوێنێکی ترەوە کار لە ڕۆڵەکەتدا بکەیت، ئەوا لەگەڵیدا دەبێت بە گەمەیەکی دەرەکی".

ستانیسلاڤسکی بۆ ئامادەییەکی بەردەوام و ڕاستەقینە لەسەر شانۆ، داوای پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەکتەرەکانیدا دەکات، لە دواڕۆژەکانی تەمەنیشیدا ئەم چەمکی پەیوەندیکردنە، کە بە ناوی (کرداره فیزیکییەکان)ەوە ئاماژەی بۆ دەکات،گۆڕانکاری و پێشکەوتنێکی بەرفراون لەخۆدەگرێت و پێگەیەکی پتەوی لە سیستێمەکەیدا دەبێت. ئەو پەیوەندییە تەنها ئەکتەرەکانی ناگرێتەوە، بەڵکو خولقاندنی پەیوەندییەکی بەهێزیشە لەگەڵ ستراکتور و ژینگەی دیمەن و ئەتمۆسفێری شانۆنامەکەیشدا. پەیوەندییەکی ڕاستەقینە هەموو بەش و مۆتیڤەکانی سیستێمەکە، لە پرۆسە چڕەکەی کاری ئەکتەر لەگەڵ ڕۆڵەکەیدا دەبەستێتەوە بەیەکەوە و ئەکتەرەکان لە ڕۆڵەکانیاندا دەبن بە بەشێکی ڕاستەقینە و جیانەکراوەی نمایشەکە. ئەوەی لە کرداره فیزیکییەکاندا (جەستەییەکان) مانایەکی زۆری هەیە و میتۆد و کاری ئەکتەر لە

پرۆسە هونەرییەکەدا قووڵ دەکاتەوە، پەیوەندیکردنە؛ پەیوەندیی ئەکتەرەکان بە یەکتر و بە ژینگەی هەموو دیمەن و پانتایی شانۆکەوە. پەیوەندییەکی ڕاستەقینە هەموو بەشەکانی سیستێمەکە لەنێو کارەکەدا دەبەستێتەوە بە یەکترییەوە و دەبێتە پەرژینێکی بەهێز بۆ گرووپەکە و بۆ بنەما گشتگرەکانی یەک لەدوای یەکی نمایشەکە. تەنها پەیوەندیش دەستەبەری ئەو پێگەیشتنە ناکات، بەڵکو دەبێت شتێک لەو پەیوەندییەوە وەربگیرێت: "پێویستە مرۆڤ شتەکان لەنێو چاودا ببینێت، تێروانینەکانی ئەو تێکەڵکێشی ڕۆحی خۆی بکات و بزانێت هەست بە چی دەکات"

هەموو ڕۆژێکی نوێ، شتێکی تازە لەگەڵ خۆی بۆ مرۆڤ دەهێنێت، ئەم شتە تازەیە، دەبێت لە هەموو وانەیەکی نواندن و پرۆڤەکردنێکدا بەرجەستە بێت و لە کۆتاییشدا لە هەموو نمایشێکدا فۆرمی گوزارشتئاسا لەخۆ بگرێت. ستانیسلاڤسکی ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە ئەکتەر دەبێت لە ڕۆڵەکەیدا، ڕەوشی ئەو ڕۆژەی ئەکتەرەکەی هاوڕێی بەکاربهێنێت و هەرگیز خۆی دووبارە نەکاتەوە. ژیان هەمیشە لە جووڵانێکی بەردەوامدایە و هەموو ڕۆژێک شتێکی نوێ لە مرۆڤدا دەدۆزێتەوە، هەر لەبەر ئەوە گرینگە ئەو شتە نوێیە ڕۆژانەیەی ژیانیش بخرێتە سەر شانۆ و لە کاری ئەکتەر لەگەڵ ڕۆڵەکەیدا بەکار بهێنرێت و لە هەموو ڕۆژێکی نمایشەکەدا بەرجەستە بکرێت. لە ژیانی واقیعی ڕۆژانەی ژیانماندا، شتە ڕاستەقینەییەکان لە واقیعدا بوونیان هەیە، بەڵام لەسەر شانۆ شتە ڕاستەقینەکان ئەوانەن، کە تۆ بە یارمەتیی (ئەگەری ئەفسووناوی) بڕوات پێیەتی.

ستانیسلاڤسکی لە سالانی ١٩٠٠ەکانیشەوە دەگاتە دوا بەرئەنجامی بەشێکی زۆر لە بیروبۆچوونە تیۆری و

پراکتیکییەکانییەوە، هاوکات ڕووبەڕووی جۆرێکی تر لە هونەری نواندن و ڕیژی دەبێتەوە، بەتایبەتی لە لای مایرهۆڵد، کە هەموو سیستێمەکەی ستانیسلاڤسکی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ستانیسلاڤسکی لەیەک کاتدا بە هزرێکی قووڵی هونەری و هەست و سۆزێکی پتەوەوە دەرکی بەوە کردووە، کە چارەسەرە ئێستاتیکییە سروشتگەراییەکان هەموو گرفتەکانی ئەو چارەسەر ناکەن، بەتایبەتی لەو ڕووەوە، کە ئەو بە چەقی پرۆسە شانۆییەکەی خۆی دەزانی: ژیانێکی ڕووکەشی دەرەکی ببەخشێت بە بنەما ناوەکی و خودگەراییەکانی مرۆڤ. لەوەوبەر ئەو هەموو ڕەوش و بارودۆخەکانی لە ڕووکاری دەرەوە بۆ کارەکتەرەکانی دەرەخساندن تا لەو ڕێگەیەوە ڕۆڵەکە هەست و سۆزی خۆی بدۆزێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیش ساڵی ١٩٠٥ پەنا دەباتە بەر مایرهۆڵد و شانۆ-ستودیۆکەی لەناو شانۆی هونەری مۆسکۆدا بۆ دەکاتەوە.

ستانیسلاڤسکی وەک هونەرمەندێکی گەورە، مامۆستایەکی بەپەرۆش و کراوە، بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بەپیر هەوڵە نوێیەکانی مایرهۆڵدەوە دەچێت، کە شانۆکەیشی دادەخرێت و ناوی دەچێتە لیستی ڕەشەوە، ستانیسلاڤسکی دەرگای شانۆکەی خۆی بۆ دەکاتەوە تا بتوانێت لەسەر ئەزموونەکانی بەردەوام بێت. ئەمە بۆ ستانیسلاڤسکی تەنها هەڵوێستێکی موراڵی و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئازایانەی دەسەڵات نابێت، بەڵکو تێڕوانینێکی قووڵی سیاسەتی شانۆیی و هەڵوێستی هونەریی ئەو دەبێت.

پرسە بنەڕەتییەکانی ستانیسلاڤسکی هەر وەکو خۆیان مانەوە و بە درێژایی ژیانی کاری لەسەر دەکردن، کە لەم چەند دێڕەدا چڕ

دەبنەوە: بتوانی شێوازێکی گوزارشتئامێزی ڕەسەن و ڕاستەقینە بۆ بەرجەستەکردنی ڕاستییەکانی ناوەوە بدۆزیتەوە، کە تەنها وەک فۆڕمێکی دەرەکی سەیر نەکرێت، بەڵکو بەبێ هیچ دوودڵییەک، وەک ژیان خۆی دەربکەوێت. ستانیسلاڤسکی زیاتر باسی لە فۆرمێکی ناوەکی دەکرد.

ستانیسلاڤسکی هەرگیز کۆتایی بەلێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە هونەری شانۆ نەهێنا و بەردەوام لەو پرسانەی دەکۆڵییەوە، کە پەیوەست بوون بە بنەما سەرەکییەکانی خوڵقاندنی هونەری نواندنەوە. ئەزموونە پراکتیکی و بیرکردنەوە قووڵ و خوڵقاندنە بەردەوامەکەیشی زۆر لەوە خێراتر دەڕۆیشت تا ئەو بتوانێت و فریای ئەوە بکەوێت تۆماریان بکات.

ئەم هونەرمەندە لەنێو شانۆدا بەدوای مرۆڤدا دەگەڕا، بەو هیوایە بوو ئەکتەرەکانی لەسەر شانۆ و لە کاتی کارەکانیاندا، لە فۆرمەکانی شانۆدا مرۆڤبوونی خۆیان بپارێزن.

**سەرچاوە**

K.S. Stanislavskij. Arbetet med rollen,
oversettning fron ryskan: Martin Kurten,
Sahlgrens Forlag Ab 1997



# بەشی سێیەم
# مایرهۆڵد: لەبارەی شانۆوە

## (١)

له کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵێک شانۆکاری بەسەلیقەدا، هونەری ڕیژی شانۆیش چەمک و شێوازە هونەرییەکانی لە فۆرمێکی نوێ و سەردەمیانەدا دەردەکەوێت و کارەکتەرێکی سەربەخۆیش بۆ ئەم هونەرە دەستەبەر دەکات. بۆ نموونە کەسانێکی وەک ماکس ڕاینهارت لە ئەڵمانیا، ئەندریە ئەنتوان لە فەڕەنسا، گۆردن کرەیگ لە بەریتانیا، ستانیسلاڤسکی و مایرهۆڵد لە ڕووسیا بنەما سەرەکییەکانی هونەری ڕیژی دادەڕێژن. ئەم شانۆکارانە لە دید و بۆچوونی خۆیانەوە، دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوەی تیۆری دەربارەی ئەزموونە کردەییەکانیان و گەڕان بەدوای پرسیارەکانی شانۆ و قووڵبوونەوە لە بنەماکانی هونەری نواندندا. ئەم هونەرمەندانە، چەندە لە هونەری نواندنیان دەکۆڵییەوە و ئەکتەریان وەکو ئامرازێکی گرینگی هونەری شانۆ دادەنا، هێندەیش لە سروشتی هونەری شانۆ و ئێستاتیکا و پرەنسیپ و بنەماکانی ئەم هونەرەیان دەکۆڵییەوە. ئەم ئەزموونە دەوڵەمەندەی هونەری ڕیژی دەروازەیەکی بەرین و نوێ بە ڕووی دۆزینەوەی چەندین یاسای هونەری و جۆرە تێگەیشتن و هۆشیارییەکی تری شانۆیی بە ڕووی بینەران و هونەری شانۆدا دەکاتەوە.

شـــانۆی ڕووســـیش بەر لە شۆڕشـــی ئۆکتـــۆبەر و لە دوای شۆڕشیـــشەوە، ڕۆڵێکـــی گەورە لە گۆڕانکـــاری و دابـــڕانە سەرتاســەرییەکەی هــونەری شــانۆدا، چ لە ڕووی نوانــدن و چ لە ڕووی ڕیــژییەوە دەبینێــت؛ چەنــدین شــانۆکاری گەورەی وەک ڤاختــانکۆف، گلادکــۆڤ، تــاییرۆڤ و ئێزنــشتەین شانبەشــانی ستانیسلاڤسکی دەردەکەون، بەڵام لەنێو ئەو شانۆکارانەدا (فیسیفۆڵد مایرهۆڵــد) ١٨٧٤-١٩٤٢ بە ئەزمــوون و تــاقیکردنەوە کردەیــی و لێکۆڵینەوە تیۆرییەکانی، وەکو توانایەکی ئەزموونگەر و نوێکەرەوەی شــانۆی ڕووســی دەردەکەوێــت. مایرهۆڵــد هەر لە دەســتپێکی تاقیکردنەوەکانیـدا سـوودی لە فۆرمەکـانی شـانۆی گرێکـی کـۆن، شــانۆی ڕۆژهەڵاتــی، بەتــایبەتیش شــانۆی چینــی و کــابووکی، پرنسیپەکانی شانۆی میللی، شانۆی کۆمیدی و کۆمیدیای دیلارتی وەرگرتــووە. (ڤاختــانکۆف) ســەبارەت بە مایرهۆڵــد گوتــوویەتی: (هەموو نمایشێک لە نمایشەکانی مایرهۆڵد شانۆیەکی نوێیە، ئەمەیش لەبەر ئەو هەمـوو شـێوازە دەوڵەمەنـدەی بە خۆیـانەوەی دەگرێـت). هەر ڤاختـانکۆف سـاڵی ١٩٢٢ لە سـیمینارێکدا باسـی جیاوازییەکـانی نێوان ستانیسلاڤسکی و مایرهۆڵد، کە دوو ڕێبازی دژ بەیەک بوون، بەم شێوەیە دەکات: (شانۆ بـۆ مایرهۆڵـد بـریتییە لەوەی، کە بینەران بـۆ تەنهـا چـرکەیەک ئەوەیـان لە یـاد نەچێـت ئەوان لە شــانۆن و بەردەوام ئەوە بزانن، کە ئەکتەر وەک هونەرمەندێک ڕۆڵەکەی خۆی دەبینێت، بەڵام شـانۆ بـۆ ستانیسلاڤسکی تەواو پێچەوانەیە: بینەران بەتەواوی ئەوەیــان لەبیــر بچێــتەوە، کە ئەوان لە هــۆڵی شــانۆدا دانیـشتوون و بەشـێکن لە هەمـان کەش و ئەتمۆسـفێر و ژیـنگەی ڕۆڵەکە و ژوورە شــانۆییەکە). ستانیسلاڤـسکی لەســەر بنەماکـانی کردارێکی ناوەکیی، هەستێکی ناوەکی قووڵ بۆ مەشق و خولقاندنی

کارەکتەر کاری دەکرد،بەڵام مەشقە بیومیکانیکییەکانی مایرهۆڵد لەسەر سیستێمێک کاری دەکرد، کە لە دەرەوە دەستی پێدەکرد و دەچووە ناوەوە. ئەکتەر لە ڕوانگەی جووڵەی فیزیکییەوە دەسەڵاتی بەسەر هەستەکانیدا دەگرێت.

مایرهۆڵد چەندە گرینگیی بە ئەزموون و پرۆسە هونەرییەکەی و دیدی شانۆیی خۆی داوە، هێندەیش گرینگیی داوە بە لایەنە تیۆرییەکە و ئەزموونەکانی خۆی نووسیوەتەوە. لەم ڕووەیشەوە پرۆسە شانۆییەکەی ڕەنگدانەوەیەکی دەقاودەقی بنەما تیۆری و بۆچوونە هونەرییەکانییەتی، تیۆر و پراکتیک دوو دیوی هەمان پرۆسەن و یەکتری تەواو دەکەن. نووسینەکانی مایرهۆڵد، کە بریتین لە کۆمەڵێک گوتار و پەیوەستن بە ئەزموونە کردەییەکانی نێوان ساڵانی ١٩٠٥ و ١٩١٢ی خۆیەوە، لە دوو کتێبدا بە ناوی (لەبارەی شانۆوە) بڵاو کراونەتەوە. کتێبەکە لە سێ بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەمیان باسێکە سەبارەت بە دەروازەیەک بۆ تەکنیک و مێژووی شانۆ، باسێک سەبارەت بە کاری ڕێژی مایرهۆڵد لە شانۆنامەی تریستان و ئیسۆڵدەی ڤاگنەر. بەشی دووەمیش کۆمەڵێک گوتارن، کە مایرهۆڵد لە کاتی جیاوازدا نووسیونی، لەم گوتارانەدا باسی ڕاینهارت، کرەیگ، نووسەرە شانۆییەکانی ڕووسیا، شانۆی کۆن، سەبارەت بە ئەزموونەکانی خۆی وەکو ڕێژیسۆر، بۆ نموونە دۆن جوانی مۆلێر، نموونە هێنانەوە لە دەفتەری یاداشتەکانی... هتد دەکات.

بەشی سێیەمیش تایبەتە بە شانۆی میللی. پاشکۆی کتێبەکەیش لیستەی ناوی ئەو شانۆنامانەی کاری لەسەر کردوون و هەروەها شیکردنەوە و باسکردنی کارە شانۆییەکانی دەگرێتە خۆ، ئەم بەشەیان زیاتر بەرئەنجامی ئەزموونەکانی مایرهۆڵدە لەنێوان

سـالآنی ۱۹۱۰ و ۱۹۱۲دا. مایرهۆڵـد سـەبارەت بەم باسـانە دەڵێـت: (بەشـی یەکەم و دووەمـی ئەم کتێـبە، بەتەواوی پەیوەنـدییان بەو نمایـشانەوە هەیە، کە لەنێـوان سـالآنی ۱۹۰٥ و ۱۹۱۰دا کـارم تیاکردوون، بەڵام بەشی سێیەمیان پەیوەستە بەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ساڵی ۱۹۱۲دا کردوومن).

مایرهۆڵد ١٠ی مانگی دووی ساڵی ١٨٧٤ لە دایک و باوکێکی بە نەژاد ئەڵمـانی لەدایـک بـووە و دوای خوێنـدنی ئامـادەیی دەچێـتە کۆلێژی یاسانـاسـی، بەڵام هەر زوو واز لەم کۆلێژە دەهێنێت و بـۆ خوێنـدنی هـونەری نوانـدن دەچێـتە (درامـای فیلهارمۆنیکـا). پـاش تەواوکردنـی ئەم ئامۆژگـایە، سـاڵی ١٨٩٨ و هەر لە سـەرەتای دامەزراندنییەوە، دەبێتە ئەندامی شانۆی هونەریی مۆسکۆ و وەکو ئەکتەر سەرکەوتووانە ڕۆڵی هەژدە کەسایەتیی سەرەکی لە نمایش و پـرۆژە هـونەرییە جۆربەجۆرەکـانی ئەو شـانۆ هەرە گـرینگەی ڕووسیای ئەوکاتەدا دەبینێت.

مایرهۆڵـد لە سـاڵی ١٩٠٢ بەدواوە شـانۆی هـونەریی مۆسـکۆ بەجـێ دەهێڵێـت و (کـۆمەڵەی درامـای نـوێ) دادەمەزرێنێـت. ئەم کـۆمەڵەیە هەر لە سـەرەتای دامەزرانـدنییەوە، وەکـو ڕێچکەیەکـی جیاواز و دژ بە نەریت و پرەنسیپە باوەکانی ئەو کاتەی شانۆ و ڕێبـازی سروشـتگەرایی، چـالاکییەکی بەتـین و سـەربەخۆی دەبێت. مایرهۆڵـد بـۆ ئەو کـۆمەڵەیە چەنـدین شـانۆیی نمـایش دەکـات و کۆمەڵێک گەشتی هونەری بە هەرێم و ناوچە و شارەکانی ڕووسیادا دەکات تا لە ئاکامی ئەو کارە ئەزموونگەریانەدا و لەژێر کاریگەریی تەوژمەکانی سمبۆلیزم و ئینتبـاعی، دەگـاتە بەرئەنجامی بنەماکـانی شانۆیەکی مەرجدار و جیاواز. مایرهۆڵد هەر زوو ئەوەی بۆ ڕوون دەبێـتەوە، کە دەق و شـانۆنامە سـمبۆلیزمەکان پێویـستیان بە

فۆرمێکی نوێ و ستایلێکی تری نواندن دەکرد، هەروەها شانۆیش پێویستە بگاتە ئەو ئاستەی، کە شیعر، هونەری وێنەکێشان و مۆسیقا پێی گەیشتبوون.

مایرهۆڵد لە ساڵی ١٩٠٥یشدا و بە یارمەتیی ستانیسلاڤسکی (شانۆی-ستۆدیۆ) دادەمەزرێنێت، بۆ ئەم مەبەستەیش کۆمەڵێک هونەرمەندی وێنەکێش، مۆسیقاژەن، ئاوازدانەر، ئەکتەر و کەسانی ڕۆشنبیر لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە. مایرهۆڵد لەم شانۆ ستۆدیۆیەدا دووپاتی چەمکەکانی هێما و ئاماژە و زمانی جەستە دەکاتەوە و بە شێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو فۆرمە نوێیەکانیان تاقیکردووەتەوە و لەگەڵ ئەو گرووپە بەدوای چارەسەری تردا گەڕاون و گرفتە هونەرییەکانیان، بەتایبەتی چارەسەرە کۆنەکانیان لە هەلومەرجێکی تر و ستایلێکی جیاوازتردا بەکارهێناوە. زۆرجار لە ڕێپۆرتوار و بەرئەنجام و تاقیکردنەوەکانی ستانیسلاڤسکییەوە دەستیان پێکردووە و گەیشتوونەتە ئەنجامی تر و فۆرمی جودا و ستایلێکی تری هونەری و زمانێکی جەستەیی و تایبەتمەندیی شانۆیی. ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەرهەمەکانی ئەم شانۆ ستۆدیۆیە نە بۆ بینەران و نە بۆ کەسە نزیکەکانی شانۆی هونەریی مۆسکۆیش نمایش نەکراون. ئەگەرچی ئەم شانۆیە دەرگاکانی بە ڕووی بینەراندا ناکرێتەوە، بەڵام ڕۆڵێکی ئێجگار گرینگ و یەکلاکەرەوەی لە مێژووی شانۆی ڕووسیدا بینیووە و هەموو ئەو شتانەی، کە دواتر لە شانۆ پێشڕەوەکاندا بەرجەستە بوون، لە کار و ئەزموونەکانی ئەو شانۆ ستۆدیۆیەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە. مایرهۆڵد لەم قۆناغەدا بە قووڵی کەوتبووە ژێر کاریگەریی شانۆی چینی، ژاپۆنی، کۆمێدیای دیلارتی و شانۆی کابوکی و کاناکاکی سەمائامێزی هیندی، کە دواجار هەموو ئەمانە بوون بە سەرچاوە

سـەرەكییەكانی تەكنیـك و بۆچوونەكـانی ئەو. مایرهۆڵـد خـۆی سەبارەت بەم شانۆ ستۆدیۆیە دەڵێت: (ستانیسلاڤسكی دامەزرێنەری شانۆی-ستۆدیۆیە. ئەوەیش ڕاستە، كە من وەك ڕیژیسۆر و لەگەڵ باشترین ئەندامانی كۆمەڵەی درامای نویێ پەیوەندیم پێوە كرد، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت شانۆی-ستۆدیۆ نەبووە لقێكی لاوەكیی شانۆی هونەریی مۆسكۆ، وەكو ستانیسلاڤسكی دەیویست، ئەم بەڵگەیەیش پێویستە بۆ شارەزابوون لە ژیانی شانۆی-ستۆدیۆ، كە بەوپەڕی سەربەستییەوە كارەكانی دەكرد. هەر لەبەر ئەم هۆكارەیش، كە بۆ من ڕوون و ئاشكرایە، بەوپەڕی خێرایی و بە شێوەیەكی ئاسان لە شێوازی شانۆی هونەریی ڕزگاری بوو، هەر بە هەمان خێرایی و بە شێوەیەكی ئاسـان پشتی كردە شێوازە ئامادەكراوەكان و وەكو تیرێكـی تیـژڕەو بەرەو دونیـایەكی تـازە هەنگـاوی نـا، بـۆ ئەوەی بنەماكانی خۆی ڕۆ بنێت) ئەم شانۆ-ستۆدیۆیە بۆ مایرهۆڵد دەبێتە شـانۆی پـشكنین و لێكـۆڵینەوە و دامەزرانـدنی شـانۆیەكی نـوێ، ئەوەیشی بۆ هەموان یەكلاكردەوە، كە دەبێت بنەماكانی ئەم شانۆیە لەسـەر ستراكتورە كۆنەكـان ڕۆ نەنـرێتەوە؛ یـان ئەوەتـا درێـژە بە ڕێبـاز و بنەمـا شـانۆییەكانی شـانۆی ئەنـدریە ئەنتـوان و ستانیسلاڤسكی بـدات، یـان لە سـەرەتاوە دەسـت پێبكـاتەوە، بەڵام ستانیسلاڤـسكی زوو دەگـاتە ئەو ئەنجـامەی، كە ئەو سـتۆدیۆیە دابخات، هۆكارەكانیش زۆر دەبن، بۆ نموونە ستانیسلاڤسكی هەموو ستۆدیۆكە وەك تیـۆرێكی ئەبستراك دەبینێت و ئامـاژەی بـۆ ئەوە دەكرد، كە ئەكتەرەكان هیچ جۆرە ڕۆحێكی ناوەكییـان نییە و تەنها وەكو قوڕێكی خاو بە دەستی ڕیژیسۆرێكی بەسـەلیقە و بەتواناوە، لە فـۆرمێكی ئەبـستراك و بێگیانـدا دەجـووڵێنەوە. هۆكـارێكی تـری داخـستنی سـتۆدیۆكە، ئەو ئەكـتەرانە بـوون، كە لەگەڵ مایرهۆڵـد

کاریـان دەکـرد. ئەکتەرەکـان لەسـەر بنەماکـانی شـانۆی هـونەریی مۆسـکۆ پەروەردە کرابـوون و بەپێـی تەکنیـک و دابـونەریتە ڕیـالیزمییەکەی ستانیسلاڤسکی کاریـان کردبـوو، لەبەر ئەوە لەگەڵ مایرهۆڵـد و دیـدە ئەزمـوونگەرییەکەی ئەودا نەدەگونجـان. ستانیسلاڤسکی ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە ئەو هـونەرە نوێیەی مایرهۆڵد، بۆ ئەوەی تەنها نەبێت بە فۆرمێکی مۆدێرنی بێ هەست و هۆش و گیان، پێویستی بە ئەکتەری نوێ و تەکنیکێکی تەواو نوێ هەیە تا بتوانێت ڕۆحە ناوەکییە پڕ لە هەست و سۆزەکەی ئەکتەر بووروژێنێـت، بەڵام مایرهۆڵـد لەم (شـانۆ-سـتۆدیۆ)یەیـدا، لەگەڵ هەمـوو ئەو بەربەستانەیشدا، کە هـاتوونەتە بەردەمـی، دەگـاتە چەنـد بەرئەنجـامێکی گرینـگ، بـۆ نمـوونە: سـاکارییەکی گوزارشـتئامێز لە سینۆگرافیادا، هێزی مۆسیقا و سەرچاوەکانی ڕووناکی، وەک دوو ئـامرازی تەجریدی بـۆ گوزارشـتکردن لە هـزری ڕیژیسـۆر و گەڕان بەدوای شێوازێکدا بۆ هونەری نواندن و کاری ئەکتەر.

شانۆی سروشتگەرایی ئەکتەری جومگە خاوی لە ڕووی چـوونە نـاو ڕۆڵەکانییـانەوە، لەسـەر ئاسـتێکی گرینـگ خولقانـدووە، بەڵام هۆکارەکانیـان بنەمـا پلاسـتیکییەکان نەبـووە، بەڵکـو ئارایشتگەرییانە بووە. (کاری هونەری تەنها لە ڕێگەی ئەندێشەوە کارمان تێ دەکات. لەبەر ئەوە پێویـستە هەمیـشە پـاڵ بەم ئەندێـشەیەوە بنێـت، وریـای بکاتەوە، نەک بەبێ کار بەجێی بهێڵێت و دەبێت لە هەمـوو نمایشێکدا هەمـوو شـتێک بـدۆزێتەوە. بەئاگاهێنـانەوەی ئەندێـشە، مەرجێکـی پێویستە بـۆ کـردارە ئێستاتیکییەکان و یاسـایەکی سـەرەکیی هەمـوو هونەرە جوانەکانیشە. هەر لێرەوە، کارە هونەرییەکان نابێت هەمـوو شتێک بۆ بینەر ڕوون بکەنەوە، بێئەوەی خۆیـان بیری لێ بکەنەوە،

بەڵکــو تەنهــا ئەندێــشەی بیــنەر بە ئاڕاســتەیەکی دیــاریکراودا دەورووژێنێت و دوا بڕیار بۆ خۆیان بەجێ دێڵێت).

مایرهۆڵــد بە شــێوەیەکی گــشتی لە هەمــوو قۆنــاغە جیــاواز و پرۆژەکانیدا، هەمیشە لەگەڵ یەکەم دەستپێکردنی ڕۆژانی خوێندنەوە و مەشق و چوونە سەر شانۆدا، ئەوەی بۆ قوتابی و ئەکتەرەکانی ڕوون کردووەتەوە، کە لە دەرهێنانی شانۆییدا، دوو خاڵی سەرەکی هەن پێویستە ڕەچاو بکرێن: یەکەمیان گەیاندنی پەیام و بۆچوونی نووســەری بەرهەمەکەیە، دووەمیــشیان نمایــشکردنی ئەو پەیــام و بۆچوونەیە لە شێوازێکی شانۆیدا. ئەو شێوازەیشی ناو ناوە (گەمەی شــانۆیی) و لەســەر ئەو بۆچــوون و بنەمــایە هەمــوو نمایــشێک ڕۆ دەنرێت.

مایرهۆڵد لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا، ڕۆڵی نووسەری شانۆ و پەیوەنــدییەکانی شــانۆ و ئەدەب بــاس دەکــات و دیــدی خــۆی بــۆ تەکنیــک و بنەماکــانی دەقــی شــانۆیی دەخــاتە ڕوو. (لە شــوێنێکدا خوێنــدوومەتەوە، کە تەخــتەی شــانۆ ئەدەب دروســت دەکــات. ئەمە ڕاســت نیــیە. ئەگەر تەخــتەی شــانۆ کــاریگەریی بەســەر ئەدەبەوە هەبێت، تەنها لە یەک ڕووەوەیە: کە تا ئاستێک ڕێگە لە هێڵی گەشە و بەرەوپێشەوەچوونی دەگرێت. شانۆیەکی نوێ لە ئەدەبەوە لەدایک دەبێــت، ئەدەبــیش هەمیــشە دەستپێــشخەریی شــکاندنی شــێوازە دراماییەکان دەکات. چێخەف بەر لە دامەزراندنی شانۆی هونەریی مۆسکۆ، نەورەسی نووسیوە، کە لەسەر ئەم شانۆیە نمایش کراوە)، هەروەهــا مایرهۆڵــد جــگە لە چێخەف (مــۆریس مەتەرلینــگ) ١٨٦٢-١٩٤٩ بە نموونە دەهێنێتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە مەتەرلینگ دەیەوێت شانۆنامەکانی زۆر بە ساکاری بخرێنە سەر شانۆ و هەر لە مەتەرلینگەوە دیدی خۆی بۆ ستراکتوری دراماکان دەخاتە ڕوو.

(له هەموو کارێکی دراماتیکیدا دوو جۆر دەیالۆگ هەن، یەکێکیان ڕووکەشە و پێویستە، وشەکان بەدوای یەکتریدا دێن و ڕووداو و کردارەکان ڕوون دەکەنەوە. ئەوی تریان شاراوەیە، کە نابێت بینەران لە دووتوێی وشەکانەوە تێیان بگەن، بەڵکو لەنێو وچانەکاندا، لە قیژە و هاتوهاواردا نا، بەڵکو لە بێدەنگیدا، لە مەنەلۆژەکاندا نا، بەڵکو لە مۆسیقای جووڵانەوە پلاستیکییەکاندا)، مەتەرلینگیش بە شێوەیەک بنەمای دیالۆگە دەرەکییەکانی ڕۆناوە، کە کارەکتەرەکان بە کەمترین وشە گوزارشت لە کردارە دراماییەکان دەکەن، بەڵام لەسەر ئاستێکی بەرز، گرژی لە خودی کردارە دراماییەکاندا هەیە. ئەکتەری قوتابخانە شانۆییە کۆنەکان و کاری مایرهۆڵدیش لەگەڵ ئەکتەرەکانی، کە شێوازێکی نوێ لەخۆ دەگرێت دەبێتە بنەمایەک بۆ تاقیکردنەوە و بە ئەزموونکردنی، هەر بۆ نموونە شانۆنامەکانی مەتەرلینگ. ئەکتەری قوتابخانە شانۆییە کۆنەکان، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی بەهێز لە بینەران بکەن، هاوار دەکەن، دەگرین، دەناڵێنن و بە هەردوو دەستیان دەکێشن بەسەر سنگیاندا. ئەکتەری تازەیش، کە گوزارشت لە ترۆپکی تراجیدیاکان دەکات، بە هەمان شێوەی مەریەم، کە گوزارشت لە خەم و بەختیاریی خۆی دەکات: خامۆشییەکی دەرەکی، کە زیاتر لە ساردییەوە نزیکە، بەبێ هاوار و گریان، بە بێدەنگی، بەڵام بە شێوەیەکی قووڵ دەردەکەوێت.

مایرهۆڵد بەردەوام لەم شانۆیەوە بۆ ئەو شانۆ و لەم ستۆدیۆیەوە بۆ ئەو ستۆدیۆ لە فۆرمەکانی شانۆی میللی، کۆمێدیای دیلارتی، پانتۆمایم، تەکنیک و شێوازەکانی شانۆی چین و ژاپۆنی... هتد دەکۆڵێتەوە و خەریکی کاری ئەزموونگەری دەبێت، ئەمەیش لە پێناوی ئەوەدا بووە، کە ڕێگە و شێواز و فۆرمێکی تر و جیاواز بۆ هونەری نواندن بدۆزێتەوە، بۆ نموونە هەندێک لەو تەکنیکانەی، کە

له شـــانۆی ژاپـــۆنی و چینیـــیەوە وەریگرتبـــوو، بریتـــی بـــوون له چـۆنیەتیی خـستنه ڕووی فیگورەکـان، بەو شـێوەیەی بەر له یەکەم پەیڤی کارەکتەرەکان، ئەکتەرەکانی به شێوەی پانتۆمایم و ئەکرۆپات خۆیـان ئامـاده دەکەن و دوای ئەوه دەکەوتـنه گـوتنی دەیـالۆگ و مۆنۆلۆژەکانیان.

مایرهۆڵـــد هەر لەنێـــوان ســـاڵانی ١٩١٣-١٩١٧دا بـــۆ ئەوەی ئەکتەرێکی نوێی ئەکرۆپات دروست بکات، که لەگەڵ دید و تەکنیکه شـانۆییەکەیدا بگونجێت، سەرپەرشـتیی قوتابخـانەیەکی شـانۆیی له شـێوازی سـتۆدیۆیەکدا دەکـات. لەم قوتابخـانەیەدا جـۆره جـووڵه و سیستێمێکی مەشقکردن پیاده دەکرێت، که دواتـر دەبێته پاشـخانێکی تیۆری و پراکتیکی و دەروازەیەکی گرینگ بۆ بیومیکانیک. مایرهۆڵد له ڕاپۆرتێکـدا پرۆگرامـی ئەم قوتابخـانەیەی بـۆ خوێنـدنی سـاڵانی ١٩١٦-١٩١٧دا بەم شێوەیه ڕوون کردووەتەوە: قوتابییەکـان مەشـق لەسـەر جـووڵانەوە شـانۆییەکان و کۆمیـدیای دەمـامکی ئیتـاڵی و هـونەری ڕاگـوزاری دەکەن، هەروەهـا لێکـۆڵینەوە له کردارەکـانی ئەکـتەر له سـەردەمی ١٦٠٠ و ١٧٠٠ەکانـدا دەکەن تـا بتـوانن لەگەڵ شـانۆیەکی مۆدێرنـدا بیگـونجێنن (ئەم لێکـۆڵینەوانەیش له دەرەوەی سیـستێمه ئەکـادیمییه دۆگمـاییەکـان، یـان هەوڵـی لاسـاییکردنەوەکاندا دەکرێـت) گرینگتـرین پرۆگرامـی خوێنـدنی ئەو قوتابخـانەیەیش لەم چەند خاڵەی لای خوارەوەدا کۆدەبێتەوە.

١- لێکۆڵینەوه و خوێندنی تیۆری له بوارەکانی درامای ڕووسـی لەنێـوان ســاڵانی ١٨٣٠-١٨٤٠ بەتــایبەتی (گۆگــۆل، پوشـــکین و لیرمۆنتۆف).

٢- دابونەریتەکانی شانۆی ناوبازاڕ، یان چەمکەکانی شانۆی میللی لە لای مۆلییێر، شەکسپیر، هۆڤمان، پوشکین، گۆگۆل، بلۆک... هتد.

٣- سێرک و شانۆ.

٤- کارلۆ گۆزی و شانۆکەی (کارلۆ گۆزی ١٧٢٠-١٨٠٦ نووسەر و شانۆنامەنووسێکی ئیتاڵییە و دەیویست سەرلەنوێ کۆمیدیای دیلارتی زیندوو بکاتەوە و بیکاتە فۆرمێکی هونەریی ڕەسەنی نەتەوایەتی).

٥- شانۆی ئیسپانی.

٦- ڕێسا تەقلیدییەکانی درامای هیندی.

٧- شانۆی ژاپۆنی و چینی.

ئەم پرۆگرامەیش بە ڕوونی دید و چەمکی ئەو شانۆیە پێشان دەدات، کە مایرهۆڵد هەوڵی دەستەبەرکردنی دەدات و دەیویست لەم ڕێگەیەوە شانۆیەکی تر، بەدەر لە دابونەریتە تەقلیدی و باوەکانەوە بەرجەستە بکات. مایرهۆڵد ئەوەی پێشان دەدا، کە چۆن فۆرمە میللییەکانی شانۆ، بەتایبەتی لە بەرگێکی ڕۆمانتیکیدا، شانبەشانی سێرک و شانۆی ڕۆژهەڵاتی دەڕوات بەڕێوە.

مایرهۆڵد هەمیشە ئەوەی دووپات کردووەتەوە، کە دەبێت لە ڕێگەی ڕیژیسۆرەوە هەموو یارمەتییەک و بە هەموو ئامرازێک پێشکەش بە ئەکتەر بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت پەردە لەسەر ڕۆحی خۆی، کە ئاوێزانی ڕۆحی نووسەری شانۆنامەکە بووە، هەڵماڵێت. کاری داهێنەرانەی ئەکتەر لەوە گەورەترە، کە تەنها پێناسەی پلانی ڕیژیسۆر بۆ بینەران بکات، ئەکتەر ناتوانێت هەژموونی بەسەر بینەرانەوە هەبێت، ئەگەر لە یەک کاتدا، لە نووسەر و ڕیژیسۆری شانۆنامەکە نەگەیشتبێت، شانۆیش لە لای مایرهۆڵد دوو شێوازی

کـــارکردنی هەیە و لە دوو پەیوەندیـــدا کـــۆدەبێتەوە: شـــانۆیەکی سێکوچکەئاســـا و شـــانۆی ڕاســـتەهێڵ، هەردوو جـــۆرەکەیش پەیوەنـــدییەکی میکانیزمییـــان بە نووســـەر، ڕیژیـــسۆر، ئەکـــتەر و بینەرانەوە هەیە. لە شانۆی سێگۆشەئاسادا، دوای ئەوەی ڕیژیسۆر پلانەکەی بە هەموو وردەکاریەکانییەوە دەخاتە ڕوو، ئاماژە بۆ ئەو وێنەیە دەکات، کە کارەکتەرەکانی تیا دەبینێت، وێنەی ئەم شانۆ سێگۆشەئاسـایە لە کۆرسـی سـەمفۆنیا دەچێت، ڕیژیـسۆر وەکـو ســـەرکردەی ئەم کۆرســـە، کە لە هەرەمـــی ئەم سێگۆشـــەیەدایە، دەردەکەوێت و کار دەکات. نووسـەر و ئەکتەریش بنەماکانی ئەم سێگۆشـەیە پێک دەهێنن؛ نمایشەکەیش وەکو ڕیتمێک لە وشـە و ڕەنـگ و فـۆرم، خـۆی لە سروشـتگەرایی ڕزگـار دەکات، بەڵام لە شانۆی ڕاستەهێڵ، کە مایرهۆڵد لە فۆرمی هێڵێکدا لە ڕاستەوە بۆ چەپ (نووسـەر، ڕیژیـسۆر، ئەکـتەر، بیـنەر) ئامـاژەی بـۆ دەکـات، ڕیژیـــسۆر دوای ئەوەی لە نووســـەری شـــانۆنامەکە دەگـــات، داهێنانەکەی خۆی دەگوێزێتەوە بۆ ئەکتەر (نووسـەر و ڕیژیسۆر ئـــاوێزانی یەکتـــر دەبـــن) ئەکـــتەریش دوای ئەوەی داهێنـــانی نووسـەرەکەی لە ڕێگـەی ڕیژیـسۆرەوە وەردەگرێت، ڕووبەڕووی بینەراندا دەبێتەوە (نووسـەر و ڕیژیسۆر لە پشت ئەکتەرەوە) بەم شێوەیەیش بە سەربەستی پەردە لەسەر ڕۆحی خۆی هەڵدەماڵێت و کـرداره هاوبەشـەکەیش لەنێـوان ئەکـتەر و بیـنەران زیـاتر پەرە دەسێنێت. دوای قووڵبوونەوەیش لە هزری نووسـەر و گوێگرتن لە مۆسیقای دیالۆگە ناوەکییەکان، ڕیژیسۆری شانۆنامەکە جووڵانەوە پلاستیکییەکان بۆ ئەکتەرەکانی دەستنیشان دەکات. بەمەیش ئەو پردە لە نێوان ئەکتەر و بینەراندا دروست دەکات تا بەنێو دیالۆگە ناوەکییە شاراوەکاندا ڕۆبچنە خوارەوە. وشـەکان هەمـوو شـتێک

ناڵێن، ئەمەیش مانای وایە ئێمە لەسەر شانۆ پێویستمان بە وێنەی بــزۆز و جــووڵاو هەیە تــا بیــنەران بخەیــنە بــارێکی چــاودێری دووربینییەوە. جووڵانەوە پلاستیکییەکان بینەران ناچار دەکات، کە دیالۆگە ناوەکییەکان، بەو شێوەیەی ڕێژیسۆر و ئەکتەرەکان گوێیان لێیەتی، تێ بگەن. وشـەکان بۆ گوێگرتنە، بەڵام پلاستیکا بۆ چاوە. بەم شێوەیە ئەندێشەی بینەران دەکەوێتە ژێر دوو کاریگەرێتییەوە: بینین و بیستن.

مایرهۆڵــد بــۆ بەدیهێنــانی دیــدە شــانۆیی و بەرجەســتەکردنی تێڕوانینە نـوێیەکەی، ڕوونـاکیی پێشەوە تێک دەشـکێنێت، تەختەی شـانۆ دەهێنێتە ئاسـتی هـۆڵی بینـەرانەوە، دیکـۆر بەپێـی بنەماکـانی سروشـتگەراییەکان هەڵدەوەشـێنێت، جـووڵە و شـێوازی دەنـگ و گـوتنی ئەکتەر لەسـەر بنەمـا پلاسـتیکی و ڕیتمییەکـان ڕۆدەنێت، لە تواناکانی سەما نزیک دەبێتەوە و چەمکی سەما لە هـونەری نواندندا زینـدوو دەکـاتەوە و ئەکتەرەکـانی بەرەو بەشـدارییەکی ڕاسـتەقینەی کردارەکان دەبات، بێگومان وشەیش زۆر ئاسانە لەم شانۆیەدا ببێتە هــاوارێکی پــڕ لە ئــاواز و بێــدەنگییەکی شــیرین. مایرهۆڵــد لەم ڕەوشــەدا، بە بەردەوامــی باسـی گرینگیـی هـونەری سـەما دەکـات، سـەما بۆ ئەو جووڵانەوەی جەسـتەی مـرۆڤە لە بـواری ڕیتمـدا، ئەم جووڵانەوەیەیش وەک مۆسیقا وایە بۆ هەست و سۆزمان.

لێرەدا مایرهۆڵـد پرسـیارێکی گرینـگ لە خـۆی دەکـات: ئایـا ئەم شانۆیە بەرەو زیندووکردنەوەی شانۆی گرێکیمان نابات؟ هەر خۆی لە وەڵامـدا دەڵێـت، بەڵـێ. (شــانۆی گرێکـی لە ڕووی بیناســازییەوە هەمـوو ئەو شـتانە لەخـۆ دەگرێت، کە شـانۆی ئەمـڕۆ پێویستییەتی: لەو شانۆیەدا دیکۆر هیچ بوونێکی نییە، شـوێن مەودایەکـی سـێینەیی هەیە و پەیکەرسـازی پلاسـتیکی شـتێکی پێویـستە) مۆسـیقایش، هەر

وەک شـــانۆی گرێکـــی تـــوخمێکی گرینـــگ و تەواوکەری کـــاری مایرهۆڵـدە، مۆسـیقا زەمەنـی هەمـوو ئەو شـتانەی لەسـەر شـانۆ ڕوودەدەن دیاری دەکات و ڕیتمێکی تایبەتمەندی پێ دەبەخشێت، کە بە هـیچ شـێوەیەک پابەنـد نیـیە بە ژیـانی ڕۆژانەوە. مایرهۆڵـد پەنـا دەباتە بەر قسەیەکی چێخەف و بۆچوونەکانی خۆی پێ دەسەلمێنێت و دەڵێت: (ژیـانی مۆسـیقا ژیـانی واقیعـی ڕۆژانە نیـیە، بەڵکـو وەکـو چێخەف دەڵێت "بەوشێوەیەی، کە لە ئەندێشەماندا بەرجەستە دەبێت، نەک بەو شێوەیەی، کە هەیە یان دەبێت") بۆ مایرهۆڵد، کارکردن بەم شـێوەیە و نزیکبـوونەوە لە سـەما، ڕیـتم، مۆسـیقا و زمـانی جەسـتە، هونەری ڕێژی و کاری ڕێژیسۆر لە کاری ئەندازیاری تەلارسازی نزیـــک دەکـــاتەوە، کـــاری ئەکـــتەریش بەتەواوی نـــزیکە لە کـــاری پەیکەرتاشێکەوە، لەبەر ئەوەی هەموو ئاماژە، جووڵەیەکی سەر یان جەســـتە، جـــگە لە گەوهەری فـــۆرم و هێڵکـــاری لە وێنەیەکـــی پەیکەرتاشێکدا، زیاتر نییە.

مایرهۆڵد سوودێکی زۆر لە فۆرمە کۆنەکانی شانۆ وەردەگرێت و هەوڵی زیندووکردنەوەیان دەدات، (کابوتـان)یش یەکێک بووە لەو سـتایلە کۆنـانە، کە سـوودی لـێ وەرگرتـووە؛ کابوتـان جـۆرە کۆمیـدیایەکی گەڕۆک بـووە، کە ئەکتەرەکـانی بە شـێوەی ئامـاژە و تەکنیکی پاڵەوانبـازی کاریـان کـردووە و خـاوەنی فۆرم و سـتایلێکی سەرسـوڕهێنەر بـوون. (کابوتـان خـاوەنی دابـونەریتە ڕەسـەنەکانی هـونەری نوانـدنە و لە سـەدەکانی حەڤدەدا، لە ڕۆژئـاوا بەهـۆی ئەم جۆرەی شـانۆوە، بەتـایبەتی شـانۆی ئیسپانی و ئیتـاڵی گەشـەیەکی گەورەیـان کـردووە)، هەروەهـا مایرهۆڵـد هـونەری پانتۆمـایم بە تـوخمێکی ڕەسـەن و سـەرەکی دەزانێـت بـۆ گەڕانەوە بـۆ شـانۆی دێرین تا لەوێوە شانۆیەکی نوێ بنیاد بنێت و پلاتفۆرم و کەرەسە و

ئامرازێکی تر بە ئەکتەرەکانی ببەخشێت. (ڕێژیسۆرە هاوچەرخەکان، ئەوە دەبینن، کە لە پێناوی بونیادنانەوەی شانۆی کۆندا، دەبێت لە پانتۆمایمەوە دەست پێ بکەن، چونکە زۆر شت بۆ ڕێژیسۆر و ئەکتەرەکانیش ئاشکرا دەکات، بەتایبەتی لە ڕووی هێزی توخمە سەرەکییەکانی شانۆوە: دەمامک و ئاماژە و جووڵە).

مایرهۆڵد هەر لەم قۆناغەدا، تەکنیکی گرۆتیسک دەکاتە بەشێکی گرینگ و توخمێکی بەهێز و بنەمایەکی پتەوی دیدە شانۆییەکەی و پلاستیکییەتی هونەری نواندن. گرۆتیسک ژینگە و ئەتمۆسفێری شانۆنامەکە تا ئەو ئاستە قووڵ دەکاتەوە، کە وەکو شتێکی سروشتی دەربکەوێت. لە ژیاندا، بەدەر لەو شتگەلەی دەیانبینین، بوارێکی ئێجگار گەورە و فراون هەیە، کە بە هیچ شێوەیەک پەردەیان لەسەر هەڵنەماڵراوە، گرۆتیسکیش شرۆڤەی ئەو شتانە دەکات، کە لە سەروو ئاستەکانی سروشتەوەن. شتە دژبەیەکەکان پێکەوە لە یەکەیەکدا دەبەستێتەوە و تابلۆیەکی دانسقە دەخوڵقێنێت، کە پاڵ بە بینەرانەوە دەنێت تا ئەو نهێنییانەی بۆ ئاشکرا ببێت، کە تەنانەت کەشیشەکانیش نایزانن. تەکنیکی گرۆتیسک وەهمەکان تێکدەشکێنێت، گەمە بە پێشاندانێکی واقیع و گەمەیەکی واقیعی بە واقیع دەکات و لە شێوازەکانی خەونەنمایش و کاریکاتێر نزیک دەبێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەیش گەمەی دەمامک و شانۆی بووکەڵە بەشێکن لەو تەکنیکە گرۆتیسکە. خاڵی گەوهەریش لە بەکارهێنانی گرۆتیسکدا بۆ گواستنەوەی ئاستی ڕوانینی بینەر لەو چرکەساتەی پێی گەیشتووە بۆ ئاستێکی چاوەڕوانەکراوی تر، تەقەلای بەردەوامی هونەرمەندە، کە جۆرێک لە داخورپان لەگەڵ خۆیدا دێنێت.

کتێبی یەکەمی (لەبارەی شانۆوە) بە چڕکردنەوەیەکی فەلسەفە شانۆییە دەوڵەمەندەکەی مایرهۆڵد کۆتایی پێ دەهێنین، کە

گوزارشت له هزر و دیدی مایرهۆڵد دەکات و وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای ئەم هونەرمەندە گەورەیەمان پێ دەبەخشێت. (هەموو ئەو شتانەی بۆ هونەرەکەم مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم، لەگەڵ واقیعی ڕاستەقینە یەکانگیر نابێتەوە، بەڵکو لەگەڵ ڕاستیی ئارەزووە هونەرییەکانمدا تێکهەڵکێش دەبن. هونەر ناتوانێت گوزارشت لە واقیع، بە هەموو وردەکارییەکییەوە بکات، بەڵکو تەنها گوزارشت لە گۆڕانکارییەکانی واقیع لە قۆناغە زەمەنییە جیاجیاکاندا دەکات. بە واتایەکی تر، هونەر واقیع هەڵدەوەشێنێتەوە و زەمەن و شوێن بە شێوازێکی هونەری دادەڕێژێتەوە، کە مایرهۆڵد بە "هونەری زەمەن" و "هونەری شوێن" ئاماژەیان بۆ دەکات.

## (٢)

بەشی دووەمی (لەبارەی شانۆوە) کۆمەڵێک باسی گرینگ لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە باسێک سەبارەت بە ئەدەبی درامی و ڕۆشنبیریی شانۆیی، شرۆڤەکردنی کتێبی یاداشتەکانی تاییرۆف، ئەکتەری ئایندە و بیومیکانیک، گرفتەکانی مۆسیقا لە نمایشی شانۆیدا، پلانەکانی ڕیژی سەبارەت بە نمایشی پشکنەر (جەنابی موفەتیش) کە یەکێکە لە گرینگترین بەرهەمەکانی مایرهۆڵد. هەر لە دەروازەکانی ئەم بەشەیشەوە ڕێنماییەکانی خۆی بۆ ئەکتەرەکانی دەخاتە ڕوو، باسی هونەری ڕیژی، مەسەلە ئایدیۆلۆژییەکان و شانۆ، تەوژمەکانی دژ بە خۆی، کاری ڕیژیسۆر لەگەڵ ئەکتەر و مایکۆڤسکی و پوشکین... هتد دەکات.

مایرهۆڵد لە سەرەتای کتێبی دووەمدا، باس لە گرینگیی هونەری ڕاگوزاری دەکات، ڕاگوزاریش یەکێکە لە تەکنیکە گرینگەکانی مەشقی ئەکتەر و لە سەدەی پانزەدا لە ئیتاڵیاوە، لە ڕێگەی کۆمیدیای دیلارتییەوە بە هەموو ئەوروپادا بڵاو دەبێتەوە، مایرهۆڵدیش بۆ تەکنیکی شانۆکەی سوودی لێ وەرگرتبوو. مەشقەکانی بیومیکانیکیش گەشەیەکی ڕاستەوخۆی ستایلی جووڵەی ئەکتەری کۆمیدیای دیلارتییە. لە ڕاگوزاریدا، بنەما شانۆییە ڕەسەن و تەقلیدییە ڕاستەقینەکان، لە قووڵایی پرۆسە شانۆییەکەوە، کە گەمە و سەما و ئاهەنگ لەخۆ دەگرێت، بەرجەستە دەبن، هەروەها

ڕەگوڕیـــشەی ئەدەبێکـــی درامـــی نـــوێ لەســـەر بنەماکـــانی پەروەردەکردنـــی جەســـتە و بیومیکانیـــک و زانـــستی جـــووڵانەوە ڕۆدەنرێت، نەک ڕێسا کۆن و دژوارەکانی سایکۆلۆژیا، بۆ نمـوونە تەنها جووڵانەوەیەکی شان قـووڵتر گوزارشـت لە ئاهوهـاوار دەکات. بیومیکانیش بـۆ مایرهۆڵد پێویستییەکی هەنووکەیی بـوو تـا ئەکتەر دووربخـــاتەوە لە بنەمـــا و پـــشێوییەکانی سروشـــتگەرایی، کە لەو دەمەدا بەتەواوی کـۆنترۆڵی شـانۆکان و هـونەری نوانـدنی کردبـوو. هـونەر لەســەر بنەماکـانی ئەو پرۆسێـسە ڕۆدەنرێـت، کە داهێنـانی هونەرمەنـد بکـاتە داهێنـانێکی هۆشـمەند، هەر لێرەیـشەوە هـونەری نوانـــدن بـــریتییە لە ڕێکخـــستنی ئامڕازەکـــانی، کە ئەنـــدامەکانی جەسـتەیەتی تـا بتوانێـت بە شـێوەیەکی ڕاسـت بەکاریـان بهێنێـت و گوزارشتیان لێ بکات. مایرهۆڵد ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە هونەری نواندن داهێنـانی شـێوازە پلاستیکییەکانە لە شـوێندا. ئەم ڕاستییەیش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی بیومیکانیکی هەیە، بە بڕوای مایرهۆڵدیش کێـشەی ئەکـتەری هـــاوچەرخ لەوەدایە، کە ئاگـــاداری ڕێـــساکانی بیومیکانیـک و جـووڵەی جەسـتە نییە: وەرزش، پاڵەوانبـازی، سـەما، جـــووڵانەوەی ڕیتمئاســـا، بۆکـــسێن و شەڕەشـــیر، کە بـــۆ نوانـــدن شـتگەلێکی بەسـوودن، بەڵام هـیچ سـوود و کاریگەرێتییەکیـان نابێت، ئەگەر لە ڕێگەی خولێکی تایبەت بە ڕەهەندەکانی جووڵەی جەستەوە پەرەیان پێ نەدرێت، ئەمەیش مەسـەلەیەکی بنەڕەتـی و پێویـستە بـۆ هەموو ئەکتەرێک.

مایرهۆڵـد لە وەڵامـی ئەم پرسـیارەدا: چـۆن دەڕوانـنە ڕێبـازی بیومیکـانیکی (زانـستی جـووڵانەوەی جەسـتە) کە تـایبەتە بە ئێـوە؟ دەڵێت (ئەم ڕێبـازە شـتێک نییە، کە بتـوانین لەسـەر تەختـەی شـانۆ نمایشی بکەین. ئەمە مەشـقە بـۆ ڕاهێنـانی ئەکتەر لەسـەر بنەمـایەکی

ئەزموونگەری. ئێمە، کە لە ئەکتەر دەڕوانین؛ پێمان گوت پێویستی بەمە و بەوە هەیە... لەبەر ئەوە دوانزە، یان سیانزە بنەمامان دانا، هەستمان کرد، کە ئەم بنەمایانە بۆ ئەکتەر پێویستن تا بتوانن شێوازە گوزارشتئامێزەکانی خۆیانی پێ بەهێز بکەن و وایان لێ بکات بتوانن ئەو بیر و هزرانەی، کە لە نمایشەکەدان، بگەیەننە بینەران) مەشقی بیومیکانیکیش بۆ مایرهۆڵد ئەوەیە، کە ئەکتەر جەستەیەکی ڕاستی هەبێت، ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی تا ئاستێکی زۆر بەرز بێت و هەستێکی مۆسیقیشی هەبێت.

زانستی جووڵەی ئەکتەر و هونەری نواندن، بیومیکانیک و جووڵەی پلاستیکی بۆ مایرهۆڵد لە مۆسیقاوە و بە مۆسیقا دەگاتە ئاستەکانی کامڵبوون و تەواوی خۆی، چونکە مۆسیقا دەستنیشانی زەمەنی هەموو ئەو شتانەی، لەسەر شانۆ ڕوودەدەن، دەکات، لە هەمان کاتدا ڕیتمێکی وەهای پێ دەبەخشێت، کە بە هیچ شێوەیەک پەیوەست نییە بە زەمەنی ژیانی ڕۆژانەوە. مۆسیقا پێوەری کات لە ڕێگەی ئەکتەرەوە دەگوڕێت بۆ پێوەرەکانی شوێن و بە بۆچوونی مایرهۆڵد لە شانۆی کۆنی گریکیشدا هەر وا بووە؛ هەست و هۆش گەیشتوونەتە ئاستێک، کە دەق بەتەواوی تیا بزر دەبێت و جگە لە سەما، هیچ شتێکی تر لەسەر شانۆ نامێنێت.

مایرهۆڵد کە ساڵی ١٩١٠ لە شانۆنامەی (دۆن جوان)ی مۆلییێر کار دەکات، شێواز و فۆرمەکانی گاڵتەگێڕەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەکار دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ ترادیشونەکانی کۆمیدیای دەمامکی ئیتاڵی و شانۆی میللیی فەڕەنسی. دۆن جوانیش بە دەمامکەوە دەردەکەوێت. نمایشەکە لە زۆر ڕووەوە دەبێتە نمایندەیەکی دیما و دیدی شانۆی مایرهۆڵد، بەتایبەتی لە ڕووی جووڵەی ڕیتمئاسای ئەکتەرەوە؛ ئەکتەرەکان وەکو سەمازان،

پاڵەوانبازی ئەکرۆپاتیک و گاڵتەگێڕەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بە هەموو بەکارهێنانێکی پلاستیکیی جەستەوە دەرکەوتوون. دابونەریت و فۆرمە دێرینەکانی شانۆیش چ بۆ مایرهۆڵد و چ بۆ ئەکتەرەکانیش، دەبنە ڕێگە نیشاندەر و دۆزینەوەی چارەسەری نوێ، نەک هەر وەکو سازکردنەوە و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەیەکی کۆپیئاسای ئەو فۆرمانە، بۆ نموونە فۆرمی گاڵتەگێڕەکانی سەدەی ناوەڕاست دەبێتە سەرچاوەیەکی کاریگەر و بەردەوامی سوود لێ وەرگرتن.

مایرهۆڵد ساڵی ١٩٢٤ شانۆنامەی (دارستان)ی ئۆسترۆڤسکی ١٨٢٣–١٨٨٦ نمایش دەکات، شانۆنامەکەیش بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی ئامادە دەکات. مایرهۆڵد هەموو ئامادەکارییەکەی بۆ ئەم دەقە، لەو دەروازەیەوە دەبێت، کە نمایشەکەی بکاتە ساتیرێکی توندوتیژ سەبارەت بە سەروەت و سامانی سەرمایەدارەکان. بۆ ئەم مەبەستە دەقەکە کورت دەکاتەوە، دیمەنەکان پاش و پێش دەخات و ستراکتوری چیرۆکەکە بەش بەش دەکات و بەسەر ڕووداوی بچووکدا دابەشیان دەکات. دیمەنە لیریکییەکان دەکات بە گۆرانی و سەما و مۆسیقا و ئامێری (ئۆکۆردیۆن) بەکار دەهێنێت. هەموو ڕۆڵێک لە ڕۆڵەکان ڕتیمی تایبەتمەندیی خۆی لە جووڵە و پەیڤدا هەبووە و گوزارشتی لە چینە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی کردووە، هەموو دەقەکەی ئۆسترۆڤسکی دەبێتە جۆرە شانۆیەکی دەمامکئامێزی سیاسی. ئەم نمایشەیش ئەنجامێکی تری لێکۆڵینەوە و ڕاڤە بەردەوامەکانی مایرهۆڵد دەبێت لەسەر بنەماکانی دابونەریتەکانی کۆمیدیای دیلارتی، شانۆی ڕۆژهەڵات و فۆرمەکانی شانۆی میللی.

مایرهۆڵد لەم پڕۆژانەیدا، هەوڵی داوە بە شێوەیەکی تایبەتمەند و جیاوازیش کار لە سەر هونەری ڕووناکی بکات و ئەتمۆسفێرێکی

خەونەئامێز بخوڵقێنێت؛ بۆ نموونە بە ڕووناکیی ئەکتەر و ئامڕازە بەکارهێنراوەکانی سەر تەختەی شانۆی لەنێو مەودایەکی بزۆزدا بەکارهێناوە و تێکەڵی جۆرە خەتکێشییەکی کردووە، یان بە ڕووناکی دیمەن لەدوای دیمەن پانتایی شانۆکەی تەسک کردووەتەوە و دواتریش سەرچاوەکانی ڕووناکی و بە شێوەیەکی چڕ و بەهێز خستووەتە سەر شوێنێکی دیاریکراو، بەم شێوەیەیش هەموو وردەکارییەکانی دیمەنەکە زەق کراوەتەوە و جووڵانەوە پلاستیکییەکانیشی کردووەتە فۆرمێکی پەیکەرئاسا، دیمەنەکانیش بە شێوەیەکی بزۆز لە پانتاییەکانی شوێن و جوگرافیای شانۆکەدا جووڵەیان پێکراوە.

مایرهۆڵد لە کتێبی دووەمدا لە زۆر ڕووەوە باسی نمایشی پشکنەر (جەنابی موفەتیش)ی گۆگۆل ١٨٠٩-١٨٥٢، کە ساڵی ١٩٢٦ نمایشی کردووە، دەکات. چارەسەرە هونەرییەکانی، تەختەی شانۆ، ئامادەکردنی شانۆنامەکە و ڕۆڵی ئەکتەر دەخاتە ڕوو، هەروەها باسی بەها و گرینگییەکانی دەقەکەی گۆگۆل دەکات و تیشکی سەرنجیش دەخاتە سەر ئەو سەردەمەی شانۆنامەکەی تیا نووسراوە. بەپێی دیما و دیدی مایرهۆڵد، شانۆی ڕووسی لە سەدەی نۆزدەدا سێ ناوی گەورە تۆمار دەکات، لەم ڕووەیشەوە دەڵێت: (گۆگۆل، کە بە تەواوی دانی پیاد نرابوو، پوشکین، کە هەر زۆر کەم دەیانناسی (لەبواری شانۆدا) و لیرمۆنتۆف، کە تا ئێستا بە هیچ شێوەیەک نەماندۆزیووەتەوە (ئەمیش هەر لەبواری شانۆدا)).

مایرهۆڵد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە گرانیی کارکردن و خستنە سەر شانۆی پشکنەری گۆگۆل لەوەدایە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەکتەری بەتوانای پێویستە، لەبەر ئەوە ڕێژیسۆر ناچارە لەسەر شانۆ بارودۆخێکی گونجاو بخوڵقێنێت، کە ڕێگە لە نواندنی ئەکتەر

نەگرێت و هەموو کار ئاسانییەکی بۆ بکات. بێگومان نمایشی (پشکنەر) بۆ مایرهۆڵد قۆناغێکی پێشکەوتووی دیدە هونەرییەکەی و چەمکەکانی مەشقی ئەکتەر و بیومیکانیکە و دەگاتە بەدەستهێنانی چەندین ئەنجام، کە لەوەوبەر کاری لەسەر کردبوون. مایرهۆڵد لەم ئەزموونەیدا ڕێگەی بە خۆی داوە زۆر شت لە دەقەکە بگۆڕێت، بۆ نموونە، ڕووداوەکانی لە هەرێمێکی بچووکەوە گوێزاوەتەوە بۆ مۆسکۆ، ئاغاکەی کردووە بە ژەنەراڵ و لە ڕێگەی بەکارهێنانی جلوبەرگی سەدەی نۆزدەهەمەوە، کەسایەتییەکی نوێی دروست کردووە. بێجگە لەمانەیش، بۆ ئەوەی زەمەنی نمایشەکە بە شێوەیەک چڕ بکاتەوە، کە کاتێکی زۆر نەخایەنێت، هەروەها جووڵەی ئەکتەرەکان لە شوێنێکی تەسکدا دیاری بکات، تەنانەت ئەگەر کاتەکە شەویش بێت، پێویستە ڕووناکییەکی بەهێز بەکار بهێنرێت، چونکە بەم تەکنیکە، نواندنەکە زیاتر زەق دەکاتەوە. مایرهۆڵد بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە دەقەکەدا کردوویەتی، گەڕاوەتەوە بۆ سەر بەرهەمەکانی گۆگۆل خۆی (ئێمە بیرمان لە زیادکردنی کارەکتەرێکی ئافرەت کردەوە، کە زەویەکە پاک دەکاتەوە، بەڵام دواتر ئەم کارەکتەرەمان لە لای گۆگۆل خۆی دۆزییەوە. لە کاتێکدا ئەکتەر بەرهەمەکانی (گۆگۆل) دەخوێنێتەوە، ئاماژە و جووڵانەوەی وا دەدۆزێتەوە، کە دەکرێت بیبەستینەوە بە دەقەکەوە).

مایرهۆڵد نمایشی پشکنەر لەسەر شانۆیەکی نیوەبازنەیی، لە شێوەی ناوە بەرمیلێکی هەڵکۆڵدراودا، کە پانزە دەرگای لەخۆ گرتووە، پێشکەش دەکات. لە دیمەنی گەیشتنی مووچەخۆرەکانی میریدا بۆ ناوچەکە، کتوپڕ ئەو دەرگایانەی بە دیوارە بازنەییەکەوە بوون، دەکرێنەوە و لە بەردەمی هەر دەرگایەکیشدا بەرپرسێکی

میری وەستاوە و بەرتیل دەدات. لە کۆتایی نمایشەکەیشدا، دوای ئەوەی هەواڵی گەیشتنی پشکنەرە ڕاستەقینەکە بڵاو دەبێتەوە، جەنابی موفەتیش بە جلوبەرگی شێتەوە، بە نەقالە دەبەنە دەرەوە، دوابەدوای ئەم دیمەنەیش پەردەیەکی سپیی گەورە دێتە خوارەوە و بە پیتی ئاڵتوونی بانگەوازی گەیشتنی پشکنەرە ڕاستییەکەی لەسەر نووسراوە. کە پەردە سپییەکەیش بەرز دەکرێتەوە، دوای دیمەنەکە لەبری ئەکتەرەکان، کۆمەڵێ بووکەڵە دێنە سەر شانۆ و بە (شانۆی بووکەڵە) دیمەنی کۆتایی پێشکەش دەکەن.

مایرهۆڵد دەڵێت ئێمە (بۆ پێشکەشکردنی پشکنەر گەڕاوینەتەوە بۆ واقیعیەت، ئەو واقیعیەتەی تا ئەمڕۆ نەمانتوانیوە بۆی بگەڕێینەوە، ئەگەر واقیعییەت ئەو ڕێگەیە نەبڕێت، کە ئێمە بڕیومانە، دەبێت بە ڕێبازێکی سروشتگەرایی چەقبەستوو. لە پێناوی ئەوەدا، لەم نمایشەدا هەوڵمان داوە بە شێوازی تازە لە واقیعیەت نزیک ببینەوە، بۆ ئەم مەبەستەیش مەشقەکانی بیومیکانیک و فۆرمەکانی ترمان بەکار هێناوە، هەروەها لە ڕێگەی مۆسیقاوە توانیومانە لە واقیعییەتەوە نزیک ببینەوە، لەبەر ئەوە زاراوەی "واقیعیەتی مۆسیقا" بە زاراوەیەکی جیاواز دانانرێت. ئێمە دەرکمان بەوە کردووە، کە پێکەوەبەستنی پارچەکانی نمایشەکە دەبێت بەپێی بنەماکانی ئۆرکێسترا بێت. ئەکتەر ناتوانێت تەنها لە ڕێگەی ڕۆڵەکەی خۆیەوە کاریگەرێتی دروست بکات، بەڵکو پێویستە ئەم ڕۆڵە لەگەڵ چەند فۆرمێکی گونجاوی مۆسیقادا تێکهەڵکێش بکرێت، کە پێکەوە لەگەڵ ڕووناکی و کەرەسە شانۆییەکانی سەر تەختەی شانۆ، پرۆسەیەکی کاریگەریی ئۆرکێسترائاسای نواندن دروست دەکەن، هەروەها بایەخی دابەشکردنی فۆرمە مۆسیقییە دەلالییەکان بەسەر بڕگە

جیاجیاکـانی نواندنـدا دەردەکەون، هارمۆنیـایەکی ئەوتـۆ دروسـت دەکەن، کە زیاتر لە واقیع نزیک دەبێتەوە)

مایرهۆڵد بە نمایشی (پشکنەر) بازنە هـونەرییەکەی دەگاتە خاڵی کۆتـایی؛ لەم کارەیـدا ئەو تەکنیـک و فـۆرم و شـێوازانە بەکـار دەهێنێـتەوە، کە لە کـاتی خـۆی و لە سـەرەتاکانی ڕێبـازە سمبۆلییەکاندا بەکاری هێنابوون. لێرەدا ئەم فۆرمانە دەبەستێتەوە بەیەکەوە و سەرلەنوێ لە بەرگێکی تردا بەرجەستەیان دەکاتەوە و دەقەکەی گۆگۆلیش ئەو هەلومەرجەی بۆ دەخوڵقێنێت تا بەو شێوە سەربەستە و بە دیدێکی ئەزموونگەریی قووڵەوە بیخوێنێتەوە.

بـۆ مایرهۆڵـد بەدەسـتهێنانی زەمەنـی نمـایش لە لای ئەکـتەر پێویستییەکی گرینگە، ئەم گرینگییەیش دەچێتە بواری دیدی ئەوەوە وەک ڕیژیـسۆر و هـونەری ڕیـژی. زەمەن شـتێک نیـیە، هەمـوو کەسێک هەستی پێ بکات و لە بایەخەکەی تێ بگات، بەڵام پێویستە ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ هەست بە بەهای زەمەن بکات.

کاری سەرەکیی ڕیژیسۆر لەو ساتەوە دەست پێدەکات، کە ئەو هـۆڵەی بـۆ یەکەمجـار نمایـشەکەی تیـا پێشکەش دەکرێت بە هەنـد وەربگرێـت و لەسـەر بنەماکـانی ئەو شـانۆیە، نمایـشەکەی بە ئامـادەبوونی بینـەران ڕۆبنێت. ئەم کـارەیش بە ڕای مایرهۆڵـد زۆر سـەختە، چـونکە هەر هەڵەیەک لە بونیـادی تەختـەی شـانۆکەوە، کە پەیوەندیی بە وردەکاریی سینۆگرافیا و کاردانەوەی بینەران و ئەو کەرەسانەی گوزارشت لە زەمەنەکە دەکەن، هەبێت، دواجار لە کاتی نمایـشکردندا، نەک لە کـاتی پـرۆڤەدا کـاردانەوەی نەخـوازراوی بینەرانـی لـێ دەکەوێتەوە. کـۆی پرۆسـەکە، وەکـو لە لای سـەرەوە ئاماژەمـان بـۆ کـرد، بـریتییە لە بەرجەسـتەکردنی هارمۆنیـایەکی ئۆرکێستراڵاسای هەمـوو ئەمـانە، بـۆیە مایرهۆڵـد پێـی وایە پێویـستە

ڕیژیسۆر هەستێکی مۆسیقی قووڵی هەبێت تا بتوانێت جووڵانەوە شانۆییەکان بەپێی ئاڕاستە و تۆن و تەوازنی دەنگ ڕۆنێت.

مایرهۆڵد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە قوتابخانەی مینینگین، بە ڕێبازە سروشتگەراییەکەی، هەموو بنەما شانۆییە گرینگەکانی کوشتووە و شانۆی لە ڕووی تەکنیکی ڕیژییەوە بەرەو ڕێگەیەکی داخراو بردووە. هەر لەژێر کاریگەریتیی شێوازەکانی ئەم قوتابخانەیەدا هونەری نواندنیش گەیشتووەتە ڕێگەیەکی بنبەست و هەموو شتێک بووەتە وێنەیەکی فۆتۆگرافی، هونەریش مانا هونەرییەکەی خۆی لەدەست دا.

مایرهۆڵد یەکێک دەبێت لەو هونەرمەندانەی، کە هەر لە سەرەتاوە پەیوەندی دەکات بە شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە و لە ساڵی ١٩١٧یشدا دەبێتە بەرپرسی ئەو دەزگایەی سەرپەرشتیی هەموو ئەو کولتوورە شانۆییە نوێیە دەکات، کە دێتە بەرهەم. بۆ یادی یەک ساڵەی شۆڕشیش، لە سەرەتاکانی مانگی یانزەی ساڵی ١٩١٨دا بە هاریکاریی مایکۆڤسکی ١٨٩٣-١٩٣٠ و هەر لە نووسینی مایکۆڤسکی شانۆنامەی (مستیریا بوف) پێشکەش دەکات. ئەم نمایشە هەموو ژانرەکان تێکدەشکێنێت و زیاتر لە فۆرمە پڕ لە ڕاز و نیازەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و شانۆیەکی مۆدێرنی ئاهەنگئامێز نزیک دەبێتەوە. لە ساڵی ١٩٢٠یشدا لە لایەن گەورەترین دەسەڵاتی پارتی کۆمۆنیستەوە ڕادەسپێردرێت تا شانۆی ئۆکتۆبەر (شانۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەر) دروست بکات.

مایرهۆڵد باسی ئەوە دەکات، کە بەوە تاوانباری دەکەن، زیاتر گرینگی بە شێوە دەدات، نەک ناوەڕۆک، بەڵام بۆ ئەو مەسەلەکە شتێکی ترە (لێرەدا بوارێکی تری سێیەم لە ئارادایە، کە پەیوەندیی بە بەستنەوەی شێوە بە ناوەڕۆکەوە هەیە، ئەوەیش چۆنیەتیی ئەم

بەســتنەوەیەیە) وشــە بــۆ ئەو لە قۆنــاغی ســێیەمدا دێــت: یەکەم جــووڵانەوە، دوای ئەوە هــزر، دوای ئەوەیــش وشــە. مایرهۆڵــد لەم ڕووەوە نمـوونەیەکی جـوان دەهێنێتەوە و هـونەرەکەی بە هـونەری پەیکەرتاشی بەراورد دەکات: (من ئەو هونەرەتان پێشکەش دەکەم، هەروەک مایکــل ئەنجلیــۆ و لیۆنــاردۆ داڤینــشی، کە لە ماناکــانی هونەریان دەزانی و هەستیان بەوە دەکرد جوانیی پەیکەر لەوەدایە، کە لە بەرد دروستکراوە و لە مرۆڤی ڕاستەقینە ناچێت).

هەموو هەوڵ و ئەزموونە هونەرییەکانی مایرهۆڵد لە ڕەخنەیەکی توند لە خودی خۆی زیاتر هیچیتر نییە. (من بە هیچ شێوەیەک هیچ کارێکی ڕێژیی تازە ئەنجام نادەم، بەر لەوەی بەتەواوی خۆم ئازاد نەکەم لە نهێنییەکانی دوا کارم) هونەرمەندی ڕەســەن، کە بەدوای داهێنانــدا دەگەڕێــت، ئەو کەســەیە، کە بە بەردەوامیــیەوە ڕەخــنە لە خــۆی دەگرێــت و لەو ئاســتەدا ناوەســتێت، کە بەدەســتی هێنــاوە. مایرهۆڵد ئەم پێگەیەی هونەرمەند دەبەستێتەوە بە ستایلی کار و دیدێکی ساکار و ئاسانیی هونەرەکەی؛ زمانی هونەر دەبێت ئاشکرا و ساکار بێت تا بتوانێت پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت و کاریگەریی بەسەر بینەرەکانییەوە هەبێت. ساکاربوون بەم مانایەوە لە هونەردا، هەوڵ و کــارێکی ئاســان نیــیە، بەڵکــو هەر زۆر گــرانە، هەمــوو هونەرمەندێک ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیە، هەموو هونەرمەندێکیش بۆچــوونی تایبەتمەنــدی خــۆی ســەبارەت بە ســاکاری هەیە، بەڵام ئەوەی گــرینگە، ئەوەیە کە پێویــستە هونەرمەنــد هــێڵە گــشتییەکانی خۆی، دید و ئەفسوونی هزرە تایبەتمەندەکەی خۆی لەدەست نەدات.

مایرهۆڵــد کــاری ڕێژیسۆریــشی دابەش کــردووە بەســەر ســێ قۆناغدا: قۆنــاغی کــاری ســەربەخۆ، قۆنــاغی کــاری هــاوبەش لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا و قۆنــاغی مەشــقی ڕاســتەقینە لەگەڵ بینەراندا، چەندە

ڕیژیسۆریش لە قۆناغی یەکەمدا زیاتر خۆی ماندوو بکات، هێندە کاری لە قۆناغی دووەمدا ئاسان دەبێت. (لە قۆناغی دووەمی کاری ڕیژیسۆردا، هیچ شتێک بەبێ هاوکاریی ئەکتەر ناکرێت، ئەمەیش مانای وایە، کە ڕیژیسۆر سەرێکی پەتەکەی بە دەستەوەیە، کە ئەکتەر دەیجوولێنێت، ئەکتەریش لە جێگەی خۆیەوە سەرەکەی تری پەتەکەی بە دەستەوەیە، کە ڕیژیسۆر دەیخولقێنێت) سەبارەت بە ڕیژیسۆر و ئەکتەر، مەشقی ڕاستەقینە لە یەکەم ڕۆژی نمایشەکەوە دەست پێدەکات، لە کاتێکدا ئەکتەر ڕووبەڕووی بینەران دەوەستێت. بەرلەوە پرۆڤەکان، بە بۆچوونی مایرهۆڵد زیاتر پێناسینێکی هاوبەش و جێگیرکردنی ئامرازەکانی نمایشەکەیە، کە ڕیژیسۆر دەیخولقێنێت. لەم دەروازەیەوە کاری ڕیژیسۆر و ئەکتەر پابەندە بە ئامادەگیی بینەرانەوە و بە کاردانەوەی ئەوان دەگاتە ئاستی ترۆپک. مایرهۆڵد هەر لە یەکەم ڕۆژی نمایشەکەوە، بە وردی ئاگاداری کاردانەوەی سیما و هەڵچوون و داچوونی هەست و هۆشی بینەرانی کردووە و تا دوا ڕۆژی نمایشەکە ئاڵوگۆڕ و دەستکاریی کارەکەی کردووە؛ هەر لە گۆڕین و پاش و پێشخستن و لابردنی هەندێک دیمەنەوە تا دەگاتە سەرلەنوێ بوونیادنانەوە و چارەسەرکردنی زۆر لە بەشەکانی شانۆنامە و نمایشەکەوە. لەبەر ئەوە هەمیشە دوا ڕۆژی نمایش بۆ مایرهۆڵد وەک یەکەم ڕۆژ و یەکەم نمایش وابووە.

لە کۆتاییدا دەکرێت کار و پرۆژە و چالاکییەکانی مایرهۆڵد دابەش بکرێت بەسەر دوو قۆناغدا: ئەو قۆناغەی لەژێر هەژموونی سمبۆلیزمەکاندا کاری دەکرد، قۆناغی دووەمیش دوای شۆڕش دەست پێدەکات، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٢٠ەوە، کە سیستێمێکی

جودای بۆ مەشقی ئەکتەر داهێنا و بەمەیش ئێستاتیکایەکی نوێی بۆ شانۆ خوڵقاند.

نمایـــشەکانی مایرهۆڵـــد، لەگەڵ هەمـــوو تەقەلاکانیـــدا بـــۆ گوزارشـــتکردن لە شـــۆڕش و گۆڕانکارییەکـــان، لەو واقـــیعەوە زۆر دوور بوو کە شۆڕش باسی دەکرد. دوای ئەوە بەبێ هیچ بەڵگەیەک بە تـــاوانی ســـیخوری دەیگـــرن و ســـاڵی ١٩٤٠ لە یەکێـــک لە ژێرزەمینەکانی شۆڕشدا دەیکوژن.


مایرهۆڵد دەرگایەکی گەورە بە دوای خۆیدا دەکاتەوە و مانایەکی گەورەی بۆ هەر یەک لە پیسکاتۆر و برێشت دەبێت. لە بەشـەکانی داهاتوویشدا باس لەو بەردەوامییەی گەشەی هونەری ڕێژی دەکەین و کاریگەرییەکانی مایرهۆڵدیش لە لای نەوەکانی تـری شـانۆکارانی جیهان بە ڕوونی دەبینین.

**سەرچاوە**


١- فسیفولد مایرخولد، فی الفن المسرحی، الکتاب الاول (مجموعه مقالات، ترجمه شریف شاکر. دار الفارابی، بیروت ١٩٧٩.

٢- فسیفولد مایرخولد، فی الفن المسرحی، الکتاب الثانی (مجموعه مقالات) ترجمه شریف شاکر. دار الفارابی، بیروت ١٩٧٩.

3- Bergman Gosta M. Den moderna Teaterns Genombrott, 1890-1925, albert bonniers forlag. Stockholm 1966.



# بەشی چوارەم
# ئێرڤین پیسکاتۆر و شانۆی سیاسی

جەنگی جیهانیی یەکەم کۆمەڵگەیەکی توندوتیژی خوڵقاند و گوزەرانی خەڵکی سەرلەبەر ئاوەژووکردەوە. ئەم ژیانە نوێیە هەلومەرجێکی وای دروست کرد، کە ڕق و برسێتی و بێئومێدی و ڕەشبینی، وەکو دەرئەنجامێکی ئەو شەڕە، باڵ بەسەر گوزەرانی خەڵکیدا بکێشن و ژیان ڕێچکەیەکی تر وەربگرێت، ئەم ڕەوشەیش بەشێکی زۆری شانۆکارەکانی ناچاری ئەوە کردووە، کە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵانە دید و هزر و بیروباوڕەکانیان بگۆڕن. لەم سەردەمەدا کەسێکی وەک ئێرڤین پیسکاتۆر ١٨٩٣-١٩٦٦ دەردەکەوێت، کە گوزارشتێکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای (شانۆی سیاسی) لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا دەکات. پیسکاتۆر لە سەرەتادا فەلسەفە و مێژووی هونەر لە میونیخ دەخوێنێت، لە ساڵی ١٩١٤ەوە بڕیار دەدات وەک ئەکتەر کاربکات و پەیوەندی دەکات بە شانۆکانەوە و هەر زوو لەگەڵ ڕیژیسۆرێکی بەئەزموونی وەک ماکس ڕاینهارت دەکەوێتە کار، بەڵام ساڵی ١٩١٥ شانۆکان بەهۆی یەکەم جەنگی جیهانییەوە دادەخرێن و لەبری ئەوە لە بەرەکانی جەنگ دەگیرسێتەوە.

پیسکاتۆر وەکو ئەکتەرێکی سەرباز لە بەرەکانی شەڕدا دەبێت و نمایشی شانۆیی لە سەنگەرەکانی پێشەوە بۆ سەربازەکان پێشکەش دەکات و دواتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە وێنە خوێناوییەکانی جەنگ و بەشداری و هەست و سۆز و کاردانەوەی کاریگەرییەکانی ئەو جەنگە ڕێچکەی ژیانی گۆڕیوە و هەر لەژێر ئەو کاریگەریەدا، ڕووی کردووەتە شانۆی سیاسی. پیسکاتۆر ئەوەی دووپات کردووەتەوە، کە لەدوای جەنگەوە بۆ ئەو زۆر گران بووە، بە شێوە ئاساییەکەی خۆی کار لە شانۆدا بکاتەوە. بۆیە شانۆ بۆ ئەو لەدوای ئەو جەنگەوە هونەرێکی سیاسییە و پەیامێکی سیاسیی ڕوون و

ئاشکرایشی هەیە، خۆیشی دەبێتە چالاکوانێکی سیاسی و دەیەوێت هونەر بخاتە خزمەتی ململانێی چینایەتییەوە. ئەم شانۆ سیاسییەیش بۆ پیسکاتۆر لە ڕووی دیدی فەلسەفی و شێوازی هونەرییەوە چەندین مانای گەیاندووە، بۆ نموونە ئەو وشەی (هونەر) و (سیاسەت) بەتەواوی لە یەکتر جیادەکاتەوە؛ تێکەڵاوکردنی ئەم دوو زاراوەیە بەرەو چەمکێکی گشتگر و ناڕۆشنمان دەبات. پیسکاتۆر نایەوێت ڕۆڵی هونەرمەند ببینێت، بەڵکو ڕۆڵێکی سیاسی، بەتایبەتیش پەیوەست بێت بە مەسەلە و ململانێی چینایەتییەکانەوە: دیارە بۆرژوازییەت بە درێژایی مێژوو پێی وابووە، کە شانۆ لە نێوەندێک بۆ سەیرکردن و چێژوەرگرتن زیاتر هیچیتر نییە، بەڵام پیسکاتۆر ئەم ئاڕاستەیەی گۆڕی و شانۆی هێنایە سەر ڕێچکەیەکی تر، کاتێک لە پاڵ چێژوەرگرتندا، کردی بە ناوەندێک بۆ هۆشیارکردنەوەی بینەر و هەستکردن بەڕاستی شتەکان، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی زۆربەی بینەرەکانی ئەو لە چینی کرێکار بوون. پیسکاتۆ لە یادەوەرییەکانیدا باسی ئەو بەرپەرچە ناوەکییە بەهێزەی بۆ جەنگ و گرینگیدانی بە سیاسەت و بەستنەوەی بە هونەر بە شێوەیەکی گشتی و شانۆ بەتایبەتی دەکات. پیسکاتۆر بۆ ئەم مەبەستە لەنێوان سالانی ١٩١٩-١٩٢٠دا (شانۆی پرۆلیتار) وەکو شانۆیەکی گەڕۆک، لە بەرلین دادەمەزرێنێت، ئەم شانۆیەیش یەکێک دەبێت لە شانۆ ئەماتۆرە چالاکەکانی ئەو دەمە. پیسکاتۆر ئەکتەرەکانی دەباتە کارگە و شوێنی کار و ناو خەڵکی ئاسایی سەر شەقام و کۆڵانەکان، نمایشی ساکاری ڕیالیزمی سەبارەت بە پرسە هەنووکەیی و ڕووداوە سیاسییەکان و کارەساتەکانی جەنگ و گوزەرانی کرێکاران پێشکەش دەکەن و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەراندا دروست دەکەن.

شانۆی پرۆلیتار شانۆیەکی ئایدیۆلۆژی دەبێت، کە وشەی هونەر و ڕیژی و ستایلی هونەری تێک دەشکێنێت و دەبێتە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی تەوژمە ئێکسپرۆشیونیستەکانی ئەو دەمە. پیسکاتۆر لەم بارەیەوە لە یەکێک لە مانیڤێستەکانیدا دەڵێت: (ئەو ستایلەی، کە ئەکتەر و نووسەر و ڕیژیسۆر بەتەواوی دەسەڵاتیان بەسەردا دەشکێت، دەبێت بە شێوەیەکی گشتگر کۆنکریتی بێت. ئەوەی دەوترێت، دەبێت دووربێت لە هەموو جۆرە ئەزموونکارییەکەوە و نابێت سەر بە ڕێبازی ئێکسپرۆشیونیستەکان بێت، ساکار و دیاریکراو و پەیامێکی شۆڕشگێڕانەیشی هەبێت. بەم شێوەیەیش هەموو ڕۆمانتیکێکی نوێ، ئێکسپرۆشیونیست و ستایلی لەو چەشنە، کە لە پێویستییەکانی هونەرمەندە خودگەرا بۆرژوازییەکانەوە سەریان هەڵداوە، وەلاوە بنرێت) ئەمەیش لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕووسیایەکی شۆڕشگێر دەبێتە یەکەم هەوڵە ساکارەکانی شانۆیەکی سیاسی، کە لە هەوڵی دروستکرن و بوونیادی شانۆیەکی پرۆلیتار و شۆڕشگێڕدا بوون. هەرچەندە پیسکاتۆر خۆی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو ئاگای لە شانۆی ڕووسی نەبووە، بەڵام شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شانۆی شۆڕشگێری ڕووسیا کاریگەرییان بەسەر فۆرم و شێوازەکانی پیسکاتۆرەوە هەبووە، ئەم کارتێکردنە لەگەڵ گەشە و بەرەوپێشەوەچوونی باری ڕامیاریی ئەڵمانیا گۆڕاوە، بەتایبەتیش کە ڕەوش و بارودۆخی سیاسیی ئەڵمانیا بارودۆخێکی جیاوازتری لە بارودۆخی سیاسیی ڕووسیا لەخۆ گرتووە.

پیسکاتۆ لە یەکێک لە مانیڤێستە بەرایییەکانیدا دەڵێت: (ڕابردوو، ڕابردووە و بەسەرچووە، ئێمە لە ئێستادا دەژیین، لە قۆناغێکدا گۆڕانکارییە سیاسییەکان خێرا و بەردەوامن، هەر لەبەر ئەوەیش (سیاسەت) بە پلەی یەکەم لە گرینگییدانەدا دێت و هەموویشمان

لەژێـر چەترەکەیـدا کۆدەکـاتەوە، کەواتە بـۆچی دەبێت ئـێمە داوای شـتێکی تـر لە شـانۆ بکەین، جگە لە پڕوپاگەندەی سیاسـی؟ شـانۆی گرێکی هەمان شتی دەکرد. ئێمە پێویستە هەر باسی (واقیع) نەکەین، بەڵکو پێوێستە لەسـەرمان (بیگۆڕین) کـاری شـانۆی شوڕشـگێریش ئەوەیە، کە واقیـع وەک خـاڵی دەسـتپێک وەربگرێـت تـا لەوێـوە جیـاوازییە کۆمەڵایەتییەکـان ڕوون بکـاتەوە، لەوێـوە بنەماکـانی ڕەخنەیەکـی کـۆمەڵایەتی دابڕێژێت و بانگەشـەی شـۆڕش بکـات و سـتراکتوری سیـستێمێکی نـوێ دەسـتەبەر بکـات. بەڵام ئەمە بـۆ پیسکاتۆر بەو مانـایە نەبـووە، کە پـشت بکـاتە کولتـووری شـانۆی جیهـانی و شـانۆی کلاسـیکی پەراوێـز بخـات و تەنهـا پـشت بە پڕوپاگەندەی سیاسی ببەستێت، پیسکاتۆر دید و دیمایەکی قووڵی بۆ کولتـوور و مێـژووی شـانۆ هەبـووە و هەمیـشە تێڕوانینیکـی دیالێکتـانەی بـۆ ئەم هـونەرە هەبـووە، لەم ڕووەوە سـەبارەت بە شـانۆنامەی هـاملێتی شەکـسپر گوتـوویەتی: (تراجیـدیای هاملێـت پەیوەندییەکی پتەوەی بە ئێمەوە هەیە، تراجیدیایەک نییە، کە تەنها پابەندی کات و شوێنێکی دیاریکراو بێت. ئەم تراجیدیایە پەیوەندیی بە ئـێمەوە هەیە لەبەر ئەوەی بەردەوام گوزارشـت لە زۆر لە شـتە هاوچەرخەکانمـان دەکـات، هەر لەبەر ئەوەیـش دەبێـت بگەڕێـین بەدوای ئەو ڕێگـەیـانەدا، کە وا دەکـات هاملێـت گوزارشـت لە ئـێمە بکـات: لەبەر ئەوە لەسـەر ڕیژیـسۆرەکان پێویـستە، کە دراماکە لە کەش و ژیـنگە مێـژوویەکەیەوە بگـوێزنەوە بـۆ نێـو کەش و ژینگەیەکـی هـاوچەرخ، بە مانـایەکی تـر وای لـێ بـکەن، کە نـوێ و هاوچەرخە) پیسکاتۆ لەم ڕێگەیەوە  ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە لەم سـەردەمەی ئـێمەدا پەیوەنـدییەکانی مـرۆڤ و کۆمەڵگـە، جێگـەی

پەیوەنــدییەکانی مــرۆڤ و چارەنووســی ســەردەمە دێرینەکــانی گرتووەتەوە.

پیسکاتۆر لە نمایشەکانی سەرەتای ڕەوتەکەیدا، جۆرە بەزم و گەمە و مۆسیقا و گۆرانی تێکەڵاوی دیمەنی پڕ لە بێشەرمی و ساتیر و پڕوپاگەندەی سیاسی دەکرد و لە شوێنە گشتییەکاندا پێشکەشیان دەکرد، بەڵام ئەم هونەرمەندە، هەر لە سەرەتاوە لە هەوڵی ئەوەدابوو زمانێکی هونەری و تەکنیکێکی تایبەت بەخۆی و فۆرمێکی جیاواز بۆ شانۆ سیاسییەکەی بدۆزێتەوە، لەم بارەیەیشەوە گوتوویەتی: (ئەو شانۆ سیاسییەی، کە لە هەموو پڕۆژەکانمدا جەختم لەسەر کردوونەتەوە، نە شتگەلێکە من دامهێنابێت و نە پەرچەکردارێکی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ساڵی ١٩١٨ن، بەڵکو ڕەگوڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەکانی ڕابردوو) ئەم سەرەتا ساکارە، وەک فۆرمێکی شانۆیی لە بڵاوکردنەوەی پەیامێکی سیاسی و شوێنێکی بەهێزی گفتوگۆ و کۆبوونەوەی بینەران، بۆ پیسکاتۆریش لە ١٩٢٠ەکاندا بووە ئامڕاز و دیدێکی ئێستاتیکی. تەنانەت کە پیسکاتۆر بووە ڕیژیسۆرێکی دیار و بەرپرسیاری شانۆ گەورەکانی دەوڵەت لە بەرلین، بۆ نموونە (شانۆی گەل) و دواتریش شانۆی (پیسکاتۆر) ئەو دراماتۆرگییە چڕ و پەیامە سیاسی و بەشدارپێکردنەی بینەران، شانە گرینگەکانی کار و پڕۆژەکانی پێکهێناوە.

پیسکاتۆر بە جۆرێکی تر لە هونەری نواندن دەڕوانێت و دەیەوێت بە شێوەیەکی وا کار لەگەڵ ئەکتەرەکانی بکات، کە لەگەڵ دید و چەمکە سیاسییەکەی بگونجێت. شانۆ پێویستی بە جۆرێکی تری ئەکتەرە، ئەکتەرێک نە سەر بە شانۆی سروشتگەرایی و نە سەر بە شانۆی ڕیالیزم بێت؛ ئەکتەرێک هەست و هۆشی تێکەڵاوی

ڕۆڵەکەی نەکات، بەڵکو کۆمێنتی لەسـەر ئەوەی پێشکەشی دەکات هەبێت و هەمیشە هۆشیاربێت بەرامبەر بە ڕۆڵەکەی و بەرامبەر بە ئامادەبوونی بینەران. لەسـەر ئەم ئەکتەرە نوێیە پێویستە، کە تەنها بەرئەنجـــامێکی دیـــاریکراو نەخـــاتە ڕوو، بەڵکـــو ئەو هـــزرەی بەرئەنجـامەکەی خوڵقانـدووە. پیـسکاتۆر دوژمنێکـی سەرسـەختی شـانۆی سروشـتگەرایی دەبێـت. شـانۆی سروشـتگەرایی لە هـزری شـانۆ سیاسـییەکەی ئەوەوە، ناتوانێـت گوزارشـت لە پێداویـستییە سەرەکییەکانی بینەران بکات، لەبەر ئەوە ئەو شانۆ نوێیەکەی لەسەر بنەما پێشکەوتووەکانی تەکنیک و زانست، کە هـاتبوونە نێو شـانۆوە دادەڕشـت، بـۆ نمـوونە: ڕوونـاکیی کارەبـایی، دیمەنـی بـزۆز، توانـا کارەباییەکان بۆ بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی ئاستەکانی تەختەی شانۆ، شـانۆیەکی هەمیشە بزۆز و بازنەیی، بەکارهێنانی سینەما و دۆزینەوەی فـۆرمێکی تـری شـانۆ، کە زیـاتر لە (ڕۆژنـامەگەرییەوە) نزیـک بـووە، بەڵام ڕۆژنـامەگەرییەکی پـڕ لە جـووڵە و زینـدوو و بەرجەستەکراو.

برێـشت چەنـدین جـار لە کتێبـی (شـانۆی داسـتان)دا باسـی پیسکاتۆری کردووە، بۆ نموونە دەڵێت: (ئێمە کاتێک باس لە شانۆی سیاسـی دەکەیـن، بەتـایبەتی لەو لایەنەوەی پەیوەسـتە بە خەبـات و ژیانی چەوساوەکانەوە، پیسکاتۆرمان دێتەوە یاد، چۆن شـانۆی لە هـۆڵە داخراوەکان هێنـایە دەرەوە و نمایـشەکانی گواستەوە بـۆ نـاو جەمـاوەر لە کـارگە و کێڵگەکـان، بـێجگە لەمەیـش، پەنـای بـردە بەر نـوێترین تەکنیکـی دۆکیۆمێنتـاریی سـەردەم) برێـشت ددان بەوەدا دەنێـت، کە لە زۆر ڕووەوە سـوودی لە پیـسکاتۆر وەرگرتـووە و ئاماژە بۆ ئەوەیش دەکات، کە پیسکاتۆر یەکێکە لەو شانۆکارانەی لە هەمـوو سـەردەمێکدا پـێگە و گرینگیـی خـۆی دەبێـت. لە یەکێـک لە

سـیمینارەکانی سـاڵی ١٩٣٣یـشیدا دەڵێـت (شـێوازەکانی پیـسکاتۆر کـاری نووسـەری شـانۆنامە و ئەکـتەر و سـینۆگرافی، لە ڕوانـگەی تێکشکاندنی هەمـوو دابونەریتەکـانەوە گۆڕیـووە)، هەروەهـا برێـشت پێـی وابـووە، کە پیـسکاتۆر بە هـیچ شـێوەیەک دەرگـای گفتوگـۆی لەبـارەی شـێوەوە (تەکنیکـی شـانۆیی) نەکـردووەتەوە، هێنـدەی ئەو باسـانەی دەورووژان، کە پەیوەنـدیی بە مەسـەلەی نـاوەڕۆکەوە هەبـووە. پیـسکاتۆر شـانۆنامەنووس نەبـووە، هەروەهـا خـاوەنی تیۆرێکی شانۆییش نەبووە و بەو ئاڕاستانەدا کاری نەکردووە، بەڵکو ئەو بە پـلەی یەکەم ڕیژیـسۆر بـووە، بەڵام وەک ڕیژیـسۆر دیـدێکی ئێـستاتیکیی هەبـووە و توانیـوویەتی دیـدە شـانۆییەکەی لە فـۆرم و شـێوازە جوداکانـدا بەرجەسـتە بکـات و زمـانێکی تـری جەسـتەیی بە ئەکتەرەکانی ببەخشێت.

پیـسکاتۆر بە درامـاتۆرگێکی تەکنیکـیش ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت، چـونکە تـوانیی هەمـوو ئەو تەکنیکـانەی لە بونیـادی شـانۆ و خـانووبەرەی شـانۆ نـوێیە ئەوروپییەکانـدا هەبـوون، بە شـێوەیەکی کردەیی و پڕ لە فەنتازیـا بـۆ مەبەسـتەکانی خـۆی بەکاربهێنێت. ئەم ڕیژیـسۆرە ڕەوتـی گەشـەی ڕووداوە دراميیەکـانی بە شـێوەیەک دابەش کـردووە، کە هاوکـات لەسـەر چەنـد شـوێنێکی جیـاوازی باڵەخانەی شانۆکەدا پێشکەش بکرێن؛ زۆرجار دیمەنەکانی وا دابەش کـردووە، کە ڕووبەڕووی یەکتـربینەوە یـان ببنە تەواوکەری یەکتـر. پیـسکاتۆر توانیـویەتی ڕیتمێکـی بـزۆز و پـڕ لە جـووڵە لە ژوورە دراماتیکییەکـانی، لە شـوێنە جیاوازەکـانی نواندنـدا بخولقێنێـت و پێکەوەشـیان ببەسـتێتەوە، لەم بارەیەیـشەوە دەڵێـت: (هەمـوو ئەو ڕێگەیانەی، کە لە تەکنیکدا بەکارم هێنـاون، تەنهـا لە پێنـاوی داهێنـانی نوێدا نەبـووە، بەڵکـو گرینگیـدانم بە تەکنیـک دەگەڕێتەوە بـۆ خـودی

گەشـەی مێـژووی تەخـتەی شـانۆ) پیسکاتۆر ئەم گەشـەی تەخـتەی شـانۆیە دەبەسـتێتەوە بە بەرەوپێـشچوونێکی دیالێکتییـانە لە ئەدەبـی شانۆ و بەرهەمهێنانی پرۆژەی شانۆگەریدا.

پیسکاتۆر لە ماوەی چەند ساڵێکی دیاریکراودا، توانیی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە هونەری شانۆدا بکات و چەندین ئامڕاز و تەکنیکی نوێ بەکاربهێنێت و بەم شـێوەیەیش بیانخـاتە شـانۆوە و شـانۆ بەرەو ڕەوتێکی مۆدێرن بەرێت: پیسکاتۆر یەکەم کەسـە، کە شاشە و فیلمی سینەمایی و وێنەی فۆتۆگرافیی خستە ناو شـانۆوە، سـینۆگرافیای کـردە بەشـێکی جیـانەکراوە لە ڕووداوەکـان، ئەو ڕێگەیەی بۆ شانۆیش کردەوە، کە بتوانێت قووڵاویی تەختەی شـانۆ بۆ بەکارهێنـان و نمایشکردنی بەڵگەنـامە و دۆکیۆمێنـت و زانیـارییە ستاتیکییەکان و ڕووداوە هەنووکەییەکان بەکاربهێنێت، بۆ نموونە لە یەکێک لە نمایشەکانیدا، بەهـۆی نەوتـی ئەلبـانی و کاریگەرییەکـانی بەسەر بازاڕی دراوەوە، لەسەر تەختەی شانۆ ئاژاوە دەکەوێتە نـاو کارمەندانی بۆرسەوە. لەم کاتەدا لە قووڵاوی سەر شانۆ و لەسـەر شاشـەیەک کەشتی جەنگ پێشان دەدات، کە بە دەریـادا دەڕوات بـۆ ناچارکردنی وەستانی کرێکارانی نەوت لە بیرە نەوتەکاندا. ئەمەیش گەشـەیەکی گەورە بـوو بـۆ ئەو ڕۆژگـارە و ئاسـتی شـانۆ و بەکارهێنانی تەکنیک و ئامرازە جیاوازەکان.

پیـسکاتۆر سـاڵی ١٩٢٤ نمایـشێک سـەبارەت بە مـانگرتنی کرێکارانی شیکاگۆ بەرامبەر بە خاوەن کارگەکان، کە مـافی ڕەوای هەشـت کـاتژمێری کاریـان خواردبـوون، پێـشکەش دەکـات. دەقـی نمایشەکە زیاتر دۆکیۆمێنتاری بووە و لە هەمـوو بنەمـا ئاسـایی و تەقلیـدییەکانی شـانۆ بەدەر بـووە، لەبەر ئەوە بـۆ بەرجەسـتەکردنی تەنگەژە ئابووری و پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان کرێکاران و خاوەن

کارەکە، بە پرۆژێکتۆر وێنەی فۆتۆگرافی دۆکیۆمێنتاری بەکارهێناوە، هەروەها پەنای بردووەتە بەر دەرخستنی چەندین وێنە و پێشاندانی فیلمی ئامادە و تۆمارکراو، کە لەگەڵ ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکەدا گونجـاون. لەم ڕووەیـشەوە توانیـویەتی ئەو وەهـمە بەهێـزەی نمایشەکەی بارگاوی کردبوو، بشکێنێت و نمایش و هۆڵی بینەران پـێکەوە ببەسـتێتەوە. لە ڕووی مێـژووی شـانۆوە، ئەم بەرهەمە بە یەکەمـین نمـایش دادەنرێـت، کە سـینەمای تیـا بەکـار هێنـراوە، بەتایبەتیش لەو ڕووەوە، کە جگە لە لایەنە فیکری و ئێستاتیکاکەی توانیـویەتی بەهـایەک بە ڕۆنـانی دراماکەی ببەخـشێت و بەهێـز و بەرگێکـی تـرەوە پێـشکەشی بکـات. بەم شـێوەیەیش بنەمـایەکی پێداگۆگی بە نمایشە شانۆییەکە بەخشیوە؛ ئامـانجی شـانۆ تەنهـا کـات بە سـەربردن و چێژوەرگـرتن نیـیە، بەڵکـو وریـاکردنەوە و فێرکـردن و پێدانی زانیـارییە. هەر لە سـاڵی ١٩٢٤دا بە شـانۆنامەی (نمایـشە سـوورە پـڕ لە هاتوهـاوارەکە) کە لە هـۆڵی کۆبـوونەوەی کرێکارانی پارتی شیوعی نمایش دەکرێت، چەمکەکانی دید و هزرە سیاسـییەکەی زیـاتر قـووڵ دەکـاتەوە. لەم نمایـشەدا وێـنەی سەربازەکانی بەرەی شەڕی وەکو سواڵکەر و بێلانەکان خستووەتە ڕوو، بەڵام سەرکردەکان دەوڵەمەند و بە شێوازێکی کاریکاتۆری و بە جلـوبەرگە فەرمییەکانیـانەوە بـراوەی هەمیـشەیی شـەڕەکەن. لەم نمایشەدا گۆرانی و سەما و فیلمی سینەمایی بەکارهێناوە، هەر لەم نمایـشەدا لەبـری پرۆگرامـی شـانۆنامەکە، بەیاننـامەی پڕوپاگەنـدەی سـەبارەت بە نـاوەڕۆکی شـانۆنامەکەوە، لە شـێوەی نـامیلکەی بچووکدا بەسەر بینەراندا دابەش کـردووە. پیسکاتۆر هەر بە بۆنەی پێـشکەشکردنی (نمایـشە سـوورە پـڕ لە هاتوهـاوارەکە)وە، ئەوە دووپـات دەکـاتەوە، کە شـانۆی سیاسـیی شـانۆی پروپاگەنـدەی

سیاسـیـیە، شـانۆی فێرکـردن و ئیـستفزازی سیاسـییە، دەبێـت شانۆیەکیش بێت بۆ چینی کرێکاران کار بکات.

پیـسکاتۆر سـاڵی ١٩٢٩ پـوختەی ئەزمـوونە شـانۆییەکەی لە کتێبێکدا بە ناوی (شانۆی سیاسی)یەوە لە بەرلین بڵاو دەکاتەوە و دید و بۆچوونە شانۆییەکانی، فۆرم و هزرە سیاسییەکەی بۆ ئەو شانۆیەی، کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەک هەوڵی بۆ دابوو، دەخاتە ڕوو. کتێبەکە لە پێشەکییەک و بیستودوو بەش پێکهاتووە و بەش بە بەش چەمک و شێوازە فیکری و هونەرییەکانی ئەو شانۆ سیاسییەی ئەو ڕابەرایەتیی دەکرد باس دەکات، بۆ نموونە: لە هونەرەوە بۆ سیاسـەت، مێـژووی شـانۆی سیاسـی، شـانۆی پرۆلیتـار، شـانۆی ناوەنـدگەرایی، ڕەوشـی شـانۆی گەل، ئالاکـان، درامـایەکی دۆکیۆمێنتـاری، تێڕوانینێـک لەسـەر شۆڕشـی ڕووسـی، ئەو دەسـەڵاتەی کە نابێـت وابێـت، دامەزرانـدنی شـانۆی پیـسکاتۆر، ڕووبەڕووبـوونەوەی کـات، داسـتانێکی سـاتیری "سەرکێـشییەکانی شـڤایکی سـەرباز"... هتـد. کتێبی (شـانۆی سیاسـی) سـەرچاوەیەکی گرینگیـشە، کە سـەرەتا بەراییەکـانی (شـانۆی داسـتانئامێز) دەخـاتە ڕوو. ئەم کتێـبەی پیـسکاتۆر سـاڵی ١٩٣٣ لە لایەن ناشـونالیزمە سۆشیالیزمەکان و لەگەڵ هەزارەها کتێبی تر دەسوتێنرێت، هەر لە هەمـان سـاڵدا لە لایەن دەسـەڵاتی نـازیی ئەڵمانیـاوە هەمـوو جـۆرە کـارکردنێکی لە بـواری شـانۆدا لـێ قەدەغە کـراوە. دوای ئەوە لە مۆسکۆ درێژە بە کار و چالاکییەکانی دەدات و لە ساڵی ١٩٣٠دا بۆ مـاوەیەک دەبێـتە بەڕێـوبەری شـانۆی نێـونەتەوەیی لە مۆسـکۆ، هەروەهـا لە پـاریس و نیـۆرک ژیـاوە و کـاری کـردووە، لە سـاڵی ١٩٥١یشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئـاوا و لە بەرلین دەبێتە بەڕێوبەری شانۆی گەل. پیسکاتۆر لە ساڵی ١٩٦٠دا پاشکۆیەک بۆ

کتێبی (شانۆی سیاسی) بە ناوی (پاشکۆیەک بۆ کتێبی شانۆی سیاسی) بڵاو دەکاتەوە، لەم پاشکۆیەدا باسی ئەزموونی خۆی لەنێوان سالآنی ١٩٣٠ بۆ ١٩٦٠ دەکات. بێگومان ئەم دوو کتێبە بە درێژی باسی سەفەری شانۆکارێکی گەورە و پەیامە سیاسی و شانۆییەکەی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکات، کە چەندین قۆناغی سیاسیی توندوتیژی پڕ لە هەڵکشان و داکشان دەگرێتەخۆ.

پیسکاتۆر بەو مەبەستەی سەرنجی تەواوی بینەران بە ئاڕاستەی نمایشە شانۆییەکە و گشت وردەکارییەکانیدا ڕابکێشێت و هەستێکی گشتگریان لە لا بورووژێنێت، دەیویست بە یارمەتیی ئەندازیاری بەناوبانگی ئەڵمانیی بیناسازی (ڤاڵتەر گرۆپیۆس) شانۆیەکی گشتگر بوونیاد بنێت و لە ڕوانگەی تەختەی شانۆی بزۆزەوە، کە لە ژوورێکی گەورەی شانۆییدا بڵاو بکرێنەوە، نمایشەکان پێشکەش بکرێن و بەهۆی دیمەنی بەهێز و وێنەییەوە، هاوکات لەگەڵ ڕەوتی گەشەی ڕووداوەکاندا کار لەسەر ئامادەبوونی بینەران بکرێت. ئەمە بەشێک بوو لە دیدە ئێستاتیکییەکەی پیسکاتۆر و هەمووی نەچووە بواری کردەیی و جێبەجێکردنەوە، ئەگەر تیۆرێکی درامیش لەوکاتەدا هەبوایە، دەکرا ئەو شانۆ و دیدەی پیسکاتۆر بە شانۆی داستانی سیاسی هەژمار بکردایە. پیسکاتۆر هەمیشە باسی شانۆی داستانئامێزی کردووە، بەڵام بەو شێوە و ڕێچکەیە نا، کە دواتر برێشت شێوازەکەی خۆی پێ ناوزەد کرد. زاراوەی شانۆی داستانیش لە ڕیژیسۆرێکەوە بۆ ڕیژیسۆرێکی تر و بەپێی بەکارهێنان و دیدی ڕیژی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، کە پیسکاتۆریش ئەم چەمکەی بەکارهێناوە، لە پێش هەموو شتێکدا یەکەی کات و شوێنی، بەپێی چەمکی ئەریستۆ گۆڕیوە. بەم شێوەیەیش شانۆی داستانئامێز ئاماژەیەک بووە بۆ جۆرە نمایشێک،

که له دابونەریتە واقیعییەکان ڕزگاری بووە، بەتایبەتیش لە ڕووی بنەما و پێودانگە درامییەکانەوە. شانۆی داستان دەبێت بۆ مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێناسەیەکی هزری بێت، نەک چوونە ناو ڕۆڵەوە، هەروەها چەمک و زاراوەی (شانۆی داستان) بۆ پیسکاتۆر مانــای بە شـــانۆکردنی دۆکیۆمێنتارەکـــانی گەیانــدووە، کە دەقە شـانۆییەکە وابەسـتەی کردارێکـی ئایـدیۆلۆژی بکرێـت. پیـسکاتۆر بـــڕوای وابـــوو، کە شـــانۆ دەبێـــت بەرجەســـتەی لـــۆژیکی پرســـە هەنـــووکەییە سیاســـی و ئیکۆنـــۆمی و تەنگەشـــە و جیـــاوازییە کۆمەڵایەتییەکـــان بکـــات و لەو دەروازەیەوە کـــار لەســـەر مەســـەلە هونەرییەکـان بکـات، لەم ڕەوشەیـشدا تەکنـیکە باڵاکـانی فـۆرمی گێڕانەوە دەبێتە ئامڕازێکی گرینگ و بە بەهـای ئەم شـانۆیە. برێشت دەڵێـت: (ئەزموونەکـانی پـسکاتۆر لە سـەرەتادا هەرا و پـشێوییەکی تەواوی لە شانۆدا دروست کردووە، ئەگەر ئەم ئەزموونانە شانۆی کـردبێتە هـۆڵێکی میکـانیکی، ئەوا هـۆڵی نمایـشەکانی کـردە شـوێنی کۆبـوونەوە. شـانۆ بـۆ پـسکاتۆر وەکـو هـۆڵی پەرلەمـان وابـووە و بینەرانیش ئەندامانی ئەو پەرلەمانەن و پسکاتۆریش گرفت و قەیرانە کۆمەڵایەتییە گەورەکانی، بەبێ هیچ ئاڵۆزییەک خستووەتە بەردەمی ئەم پەرلەمـــانەوە، ئەم قەیرانـــانەیش چـــاوەڕوانی چارەســـەرێکی هەنـووکەیی و ڕاسـتەوخۆبوون) بێگومـان ئەم شـانۆیە ئامـانجێکی هەبووە، کە بتوانێت ئەم پەرلەمانە و بینەرەکانی بگەیەنێتە ئاستێک تـــــا پـــــێکەوە و بە یـــــارمەتیی دۆکیۆمێنـــــت و کـــــارەکتەرە دیاریکراوەکانییەوە بڕیاری سیاسیی خۆیان بدەن.

لە بنەماکـــانی ئەم ئێـــستاتیکا و فـــۆرمە جیـــاوازەی شـــانۆوە، بەکارهێنـانی فـیلم بـۆ پیـسکاتۆر بـووە مـۆتیڤێکی بەهێـزی تەکنیکـی گێـڕانەوە، کە لە هەمـان کاتـدا دەبـووە تەواوکەری دیمەنەکـان و بە

بەراورد لەگەڵ چارەسەر و ئامادەیی ئەکتەران و بەرجەستەکردنی دیمەنەکانی تردا، ژینگەیەکی تری پڕ لە سەرنجی دەخوڵقاند. پیسکاتۆر باسی تەکنیکی فیلمی بەو شێوەیە دەکرد؛ وەک بوارێکی فێرگەیی، چ لە ڕووی دراما و چ لە ڕووی کۆمێنتەوە بۆ سەر ڕەوتی ڕووداوەکان. فیلمە درامابییەکان تێکهەڵکێشی ڕەوتی ڕووداوەکان و گەمەی نمایشەکان دەبوون و دۆکیۆمێنتار و گرتە وێنەگیراوەکانیان هەم تێکەڵاو دەکرد و هەم بەجیا، وەک دوو هێڵی تەریب لەگەڵ ڕووداوەکاندا ڕۆیشتوون. سینەما دەتوانێت بەردەوامییەکی تەکنەلۆژیی نوێ بۆ جیهان بخاتە سەر ئەو شتەی لەسەر شانۆ بەرجەستە دەکرێت. لە هەمان کاتدا دەتوانین شریتی فیلمەکە لە ڕووی کاتەوە، بەو شێوەیە ئامادە و دیاری بکرێت، کە دووپاتکردنەوەیەک بێت بۆ ڕووداوەکانی نمایشەکە، بەرفراوانی بکات، قووڵی بکاتەوە و کۆمێنتیشی بۆی هەبێت. ڕۆڵی گرتە و دیمەنە سینەماییەکان لەم نمایشانەدا، هەروەک ڕۆڵی کۆرسی تراجیدیای گریکی وابووە، بۆ نموونە ڕەوتی ڕووداوەکان و ناوەرۆکی کێشەکانیان قووڵ کردووەتەوە، جووڵەی ئەکتەر و پانتایی شانۆکەیان پێکەوە گرێداوە و کۆمێنتیان لەسەر ڕووداوە گشتییەکان و ڕۆنانی درامیی نمایشەکە هەبووە. هەندێک لە شرۆڤەکارانی شانۆی سیاسی و پیسکاتۆر ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە بەکارهێنانی سینەما هێندەی کۆرسی تراجیدیای گریکی چڕ و بەهێز و هەمەلایەن بووە. پیسکاتۆر خۆی گوتوویەتی: (بەکارهێنانی فیلم گەمەیەکی تەکنیکی نەبوو، بەڵکو کاتی گەشە و پێگەیشتنی فۆرمێکی تر بۆ شانۆ هاتبوو، کە دیدێکی ماتریالی-مێژوویی هاوبەشی بۆ ئێمە هەبوو).

سینەما لەم نمایشانەدا سێ ڕۆڵی بینیوە: فێرکردن، ڕاڤەکردن و خستنەڕووی کەش و ژینگە درامییەکە. کاری یەکەمیان، واتە فێرکردن لە ڕێگەی فراوانبوونی بازنەی ڕووداوەکانەوە، کە لەسەر شانۆکە ڕوودەدەن، دێتە دی، بە شێوەیەک، کە ئەنجامەکە بەشێوەیەکی سروشتی، هەر وەکو ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووی دابێت. ڕۆڵی دووەم لە ڕێگەی وورووژاندنی بینەرانەوە دێتە دی تا بتوانن ڕەخنەبگرن و پەنجەی تاوان بۆ هەندێک لە کەسایەتییەکان ڕابکێشن. سێیەمیشیان لەو ڕوانگەیەوەی، کە ئەوەی فیلمەکە پێشانی دەدات ئەڵتەرناتیڤی ئەو شتگەلەیە، کە ئەکتەرەکان ناتوانن لەسەر شانۆ پێشکەشی بکەن.

بەکارهێنانی فیلم ئەو دەرفەتە بۆ پیسکاتۆ دەڕەخسێنێت، ئەو بەشانە لە ڕووداوەکان جیابکاتەوە، کە هیچ ململانێیەک لەنێوان بەشداربووەکاندا لەخۆ ناگرێت، بەم شێوەیەش پەیڤە بیستراوەکان کەمتر دەبنە ڕێگر و هەست و سۆزەکانیش بە شێوەیەکی ڕەها وەردەگرێت. فیلم ئەو دەروازەیەی بۆ بینەرانیش کردەوە، کە بە شێوەیەکی بێلایەنانە بڕوانێتە هەندێک ڕووداوی دیاریکراو، کە ئەمەیش ئەو بوارە بۆ کەسایەتییەکان دەڕەخسێنێت تا بڕیاری خۆیان بدەن، هەروەها ئەو بارودۆخە بۆ بینەران دەکاتەوە تا ڕووداوەکان لە دیدێکی ترەوە، نەک لە دیدی پاڵەوانەکانەوە، کە ڕووداوەکان دەیانخولقێنێت، ببینێت. لەبەر ئەوەی کارەکتەرەکان چیتر پابەند نابن بە بابەتیبوونی ئەوەی بۆ بینەران لە زانیاری و دەنگوباسەکان پێشکەش دەکرێت، واتە کارەکتەرەکان دەتوانن بەوپەڕی سەربەستییەوە بیروڕای خۆیان دەربڕن: بیروباوەڕەکانیشیان بەهایەکی گەورەی دەبێت، جگە لەمەیش دەکرێت جیاوازییەکانی نێوان واقیعە وێنەگیراوەکە بە شێوەیەکی ڕووکەش و

وشە شەفافە تۆمارکراوەکە لەسەر فیلم بەهۆی فیلمی سینەماییەوە، لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی گوزارشتئامێزی پەیڤەوە تا ئاستێکی دیاریکراو بەرز بکرێتەوە. بەم شێوەیەیش فیلم ڕێگە بۆ دراماکە دەکاتەوە، هەروەها فیلم لەسەر شانۆ بەهایەکی سمبۆلیی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر وێنەی ئەکتەر لەسەر شاشەکان لەگەڵ ئەکتەر لەسەر شانۆ بەراورد بکەین، بەتایبەتی لە ڕووی بارستە و قەدوقامەتی ئەکتەرەوە، ئەوە ئەکتەرەکانی سەر شاشەکە ئێجگار گەورەتر دەبینرێن، لەبەر ئەوە وێنەی سەر شاشەکان پێگەیەکی سمبۆلی لە خۆ دەگرن. ئەمە جگە لەوەی، کە بەکارهێنانی سینەما پانتاییەکانی نێوان شانۆ و سینەما تەسک و چڕ دەکاتەوە.

پیسکاتۆر لە کتێبی (شانۆی سیاسی)یەکەیدا، هەوڵی داوە پێناسەیەکی دیما و دیدی هونەری خۆی بۆ بەکارهێنانی سینەما، بەم شێوەیە بکات: (ئەوەی دەمەوێت، بە خولقاندنی جۆرە پەیوەندییەک لەنێوان کردارەکانی سەر شانۆ و هێزە گەورە مێژووییەکاندا بەدەستی دەهێنم، بۆ ئەم مەبەستەیش چەند ئامرازێک بەکار دەهێنم، کە مۆتیڤەکانی مرۆڤ و هێزە گەورە دەرەکییەکانی سەرەوەی مرۆڤ یان مرۆڤی تاک و کۆمەڵگە چینایەتییەکان پێشان دەدات. لەنێو ئەو ئامرازانەیشدا فیلم یەکەیەکی هونەرییە، بەڵام جگە لە ئامرازێک هیچ شتێکی تر نییە، کە ڕەنگە هەر بۆ ڕۆژی دوایی شتێکی لەو باشتر بەکار بهێنین)

شانۆ داستانییەکەی برێشت کاری لەسەر دروستکردنی دابڕان و مەودایەک لەگەڵ بینەران دەکرد، بۆ ئەوەی ئەو بوارە بۆ بینەران بەجێ بهێڵێت تا بیربکەنەوە و هەڵوێست وەربگرن، بەڵام شانۆ داستانییە-سیاسییەکەی پیسکاتۆر دەیویست لە ڕوانگەی پرۆسە مێژووییەکانەوە وێنە خەونئامێز و دۆخە سرووش بۆ

هاتووەکانەوە بینەرەکانی وریا بکاتەوە و شتێکی نوێیان فێر بکات. هەر لەم ڕێگەیەوە و لە بنەماکانی ئەو فۆرمە داستانییەی خۆیەوە لە چەمکەکانی شانۆی گەل نزیک دەبووە و خەونی بە شانۆیەکی گشتگری تەواوەوە دەبینی. پیسکاتۆر ئامادەبوو، هەموو شتێک، کە زانستە نوێیەکان بەرهەمیان هێنابوو، لە پێناوی ئامانجەکانی خۆیدا بەکاریان بهێنێت. ئەکتەرەکانی، وەک ئەکتەری شانۆی گریکی و ئەلیزابێسی، کە پانتایی شانۆکانیان لە ڕووی شوێنەوە دیاری نەکرابوو، سەربەستییەکی زۆری لە ڕووی شوێن و کاتەوە پێ دەبەخشین، ئەکتەری شانۆی داستانیش بە هەمان شێوە ئەو ئامادەییەی تیابووە، کە پانتاییە جوداکان: شانۆی بازنەیی، پەیژەی بزۆز، پردی دروستکراو، هەروەها ئەو پانتاییانەی، کە بەپێی پێویست توانراوە بەرزبکرێنەوە، یان نزم بکرێنەوە. پیسکاتۆر دەیویست تەختەی شانۆ بکات بە (ئامێرێکی بزۆزی پڕ لە جووڵە) یان لە ڕووی هزرەوە، شوێنێک بۆ ململانێ و کێشە دژوار و دژ بە یەکەکان. لە کتێبی شانۆی سیاسیدا و سەبارەت بە یەکێک لە نمایشە شۆڕشگێرە گەورەکانی، بە ناوی (لەگەڵ هەموو شتێکدا) دەڵێت: (ئەوانەی هۆڵی شانۆکەیان پڕکردبووەوە، خۆیان بە شێوەیەکی ئەکتیڤ بەشداریی ڕووداوەکانی ئەم سەردەمەیان کردبوو، /.../ شانۆ بۆ ئەوانە بووبووە واقیع و ڕاستی و چیتر بۆ ئەوان نەبوو بە شتێک لە بەردەمی هۆڵی بینەراندا قووت بووبێتەوە، بەڵکو بووە هۆڵێکی کۆبوونەوەی فراوان، گۆڕەپانێکی بەرینی جەنگ، یەک خۆپیشاندانی گەورە) پیسکاتۆر لەسەر ئاستی ناوەڕۆکی نمایشەکانیش، لەو بڕوایەدا بووە، کە شانۆی سیاسی نابێت تەنها ڕووداوە خودگەرایی و پاڵەوانە مێژووییەکان بخاتە ڕوو، بەڵکو دەبێت شیکاری بۆ ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتی و داراییەکانیشیان بکات.

پیسکاتۆر بەر لە برێشت کاری بۆ ئەوە دەکرد، کە بینەرەکانی بە شێوەیەکی ئەکتیڤ تێکەڵاوی ڕووداوەکان بکات و جیاوازییەکانی نێوان هۆڵی بینەران و تەختەی شانۆ نەهێڵێت. بەریەککەوتنی تاکەکانی ناو هۆڵی بینەران بکاتە لێشاوی خەڵکی و پێکەوە هەست بە ڕاستی بکەن و بەو شێوەیەیش خودی بینەران، وەکو تاکێک ڕۆڵیان نەمێنێت و هەموو ببنە یەک دەنگ و ڕووبەڕووی یەک ڕاستی و یەک واقیع ببنەوە. شانۆی پیسکاتۆر کەیفی بە چەپڵەڕێزانی بینەران نەهاتووە، بەڵکو ویستوویەتی ڕۆڵێکی فێرگەیی بگێڕێت و گفتوگۆی چڕی هەمەلایەن بخولقێنێت. پیسکاتۆر نەیویستووە بینەرەکانی باوەڕیان بە شتێکی دیاریکراو هەبێت، بەڵکو لە چاوەڕوانی ئەوەدابووە، کە بڕیارێکی بەهێزی کردەیی بدەن و لەو پێناوەدا، بە شێوەیەکی چالاک و بەهێزتر بێنە ژیانەوە. یەکێک لە شێواز و تەکنیکەکانیشی کاری هەرەوەزی بووە. کار و بەرپرسیارێتیی هەریەک لە نووسەر، ڕیژیسۆر، مۆسیقاژەن و ئەکتەرەکان، بە شێوەیەکی تەواو تێکەڵاوی یەکتر دەبوون. لەگەڵ نووسینی دەقەکەدا، بونیادی دیمەنەکان و مۆسیقایش دروست دەبوون، هەروەها لە کاتی مەشق و کاری کردەیی و ڕیژیدا، سەرلەنوێ کار لە ئامادەکردنی دەقەکەدا کراوەتەوە.

یەکێک لە گرینگترین پرۆژەکانی پیسکاتۆر، لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە، پێشکەشکردنی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی نووسەری چیکی (یارۆسلاڤ هاشەک)ە ١٨٨٣-١٩٢٣ بە ناوی (سەرکێشییەکانی شڤایکی سەرباز)، کە ساڵی ١٩٢٨ لەسەر شانۆی پیسکاتۆر نمایش دەکرێت. پیسکاتۆر لەم نمایشەدا، کە لە بیستوپێنج دیمەن پێک هاتووە، شاشە و فیلم، وەک ئامرازێک بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ڕووداوە جیهانییانەی لە ژیانی کارەکتەرە سەرەکییەکەیدا

ڕوودەدەن، بەبێ ئەوەی کاریگەرییان بەسەریەوە هەبێت، بەکار دەهێنێت. ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکەیش لە شڤایکی سەرباز دەدوێت، کە لە تیپەکەی بزر بووە و نازانێت ڕووبکاتە کوێ: شڤایک پیاوێکی بچووکی ڕووخۆشە و سووربوونی خۆی سەبارەت بە خزمەتکردنی ئیمپراتۆریەتی نەمسا لە جەنگدا پیشان دەدات، بە ڕادەیەک هیچ کەسێک ناتوانێت بڕیار بدات ئاخۆ ئەو کەسێکی گێل و بێمێشکە یاخود دەیەوێت بە زۆرزانییەوە جەنگ ڕیسوا بکات. دواتر بەهۆی دەربڕینی هەندێک سەرنجی سیاسیی زۆر هەستیار، لە لایەن پۆلیسی نهێنییەوە دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە بەندیخانەوە، بەڵام خۆی وا پیشان دەدات، کە مێشکی تەواو نییە، بۆیە ئازاد دەکرێت. پاشان بانگ دەکرێتەوە بۆ خزمەتی سەربازی، بەڵام بە فرتوفێڵ هەوڵی خۆڕزگارکردن دەدات و چەندین سەرکێشی دەکات، کە گوزارشت لە دەبەنگی سوپا دەکەن. ڕەفتار و سەرکێشییەکانی شڤایک دەبێتە بابەتێکی سیاسیی بەهێز بۆ پیسکاتۆر تا جەنگی پێ ڕیسوا بکات.

پیسکاتۆر بۆ یەکەمجار لەم نمایشەیدا، جگە لە بەکارهێنانی فیلم، دەمامک، بووکەڵە و بووکەڵەی ئێجگار گەورە و لێبوکی گرۆتیسکی بەکار هێناوە و لەگەڵ نواندنی ئەکتەرەکانیدا، یەکەیەکی هونەریی بەهێزی دروست کردووە و توانیویەتی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و هەمەلایەن لەگەڵ بینەرەکانیشیدا بخوڵقێنێت، هەروەها وێنای پۆلیسی سیخوری بە دەمامکی یەک چاو و گوێچکەی گەورەوە کردووە. پیسکاتۆر بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆڵی شڤایک و کارەکتەرەکانی تر، دوو شانۆی خڕی گەورەی بەکارهێناوە، کە بە پێچەوانەی یەکترییەوە خولاونەتەوە؛ یەکێک لەم شانۆ بازنەییە تایبەت بووە بە شڤایک و ئەویتریشیان کارەکتەرەکانی تری لەسەر جووڵاوەتەوە.

هەمـوو پـڕۆژەکە بـۆ پیـسکاتۆر دووپـاتکردنەوەیەکی پراکتیکـی و کردەیـــی بـــووە بـــۆ دەســـتەبەرکردن و کـــاریگەری و ماناکـــانی بەکارهێنـانی تەکنیکێکـی دراماتۆرگی. پیـسکاتۆر لە کتێبـی شـانۆی سیاسـیدا و لەو بەشـەی، کە تـایبەتە بەم ئەزمـوونە، دەڵێـت (مـن بە یارمەتیی فیلم و بووکەڵە کارم دەکرد. ئەم بووکەڵانە لە لایەن منەوە هیچ جۆرە دیدێکی هونەریی تایبەتمەند نەبوون، بەڵکو وێنای ئەو فیگــورە گــرژ و ڕەقبــووانەی نــاو دونیــای سیاســەت و ژیــانی کۆمەڵایەتیی وڵاتی ئوتریشی کۆنی دەکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانین جیاوازی لەنێوان ئاستەکانی بەکارهێنانی بووکەڵەکان بکەین: نیمچە بووکەڵە، فیگوری بەبووکەڵەکراو، نیمچە مرۆڤ، شڤایکیش بەرامبەر ئەم جیهـانە پـڕ لە فەنتازیـایە، وەکـو تـاکە بوونەوەرێـک وەسـتاوە. مـاوەیەک بیـرم لەوە دەکـردەوە ئەم دید و بیرۆکـانە تـا ئەو ئاسـتە بەرم، کە ڕێگـە بە شـڤایک بـدەم، وەکـو تـاکە ئەکتەر و بەتەنها هەر خـۆی لەســەر شــانۆ ڕۆڵەکە ببینێـت، لە کاتێکـدا وێـنە گـشتگر و وردەکارییەکانی تر و چواردەوری شـڤایک و کارەکتەرەکانی تر لە ڕێگەی فیلم، بووکەڵە و بڵندگۆوە میکانیزمی کارەکە بخولقێنێت)

یەکێکـی تـر لە خـاڵە گرینگەکـانی ئەم نمایـشە ئەوە بـووە، کە پیـسکاتۆر نەهـاتووە ڕۆمـانەکەی (یارۆسـلاڤ هاشـەک) بـۆ شـانۆ ئامـادە بکـات و هەوڵـی ئەوەی نەداوە ڕووداوەکـان و کـارەکتەر و بونیـادی ڕۆمـانەکە بگـوێزێتەوە بـۆ فـۆرمی درامـا و دەقـی شـانۆیی، بەڵکـو لەبـری ئەوە هەوڵـی داوە چەمـکە گێڕانەوەییەکـان و فـۆرمی داستانئامێز، لە ڕێگەی ڕیزکردنی هەندێک لە بەشـەکانی ڕۆمـانەکەوە بەکاربهێنێـت. ئەم ڕۆمـانە لەگەڵ پرۆگـرامە سیاسـییەکەی شـانۆی پیـــسکاتۆر دەگونجـــا و مەســـەلە هەنوکەییەکـــانی شـــەڕ و کاریگەرییەکانی بەسەر کۆمەڵ و کاردانەوەکانیدا جێگەی سەرنجی

ئەو بوون. پیسکاتۆر لە بەشێکی تری کتێبی (شانۆی سیاسی)دا، بەتایبەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دەبێت مەسەلەکانی جەنگ لە دەروازە و فۆرمەکانی ساتیرەوە بەرجەستە بکرێن و وزەی شۆڕشگێری، وەکو گەمەیەکی هونەری بخاتە ڕوو، ئەمەیش لە ڕێگەی فیلمەوە بەرجەستە دەبێت. (بۆ خستنە ڕووی ژینگەی کارەکتەرەکان لە دۆزینەوە و بەرجەستەکردنی ستایلی شڤایکدا، بەکارهێنانی فیلم ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا، بەڵام ئەم جارە نەمتوانی، بەتایبەتی لە ڕووی شێوازی بابەتەکەوە، تەنها بە بەکارهێنانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری-ناتورالیزمی قایل بم. فیلمیش دەبێت لە هەموو نمایشەکەدا، خۆی لەگەڵ کاریکاتۆر و مۆتیڤە ساتیرییەکان بگونجێنێت. هەر بە پێشنیازی منیش فیلمێکی ئەنیمەیشن سەبارەت بە ساتیرە سیاسییەکان، وەک پاشینەیەک بۆ ڕووداوەکان دروست کرا، لەو فلیمەدا سوپا، کەنیسە و پۆلیسە بووکەڵەکان، هەروەها جووڵانەوە توندوتیژە کۆمیدییەکانیان بەرجەستە دەکرد).

پیسکاتۆر بە بەکارهێنانی فیلم توانیویەتی شڤایک و کەش و ژینگە و دەوروبەرەکەی لە چوارچێوە مێژووییەکەی دەربهێنێت، بەم شێوەیەیش بیبەستێتەوە بە ڕووداوە هەنووکەییەکانەوە؛ پزیشکی سەربازی، ئەفسەر، داواکاری گشتی... هتد ئەو فیگورانە بوون، کە لە ئەڵمانیادا بوونیان هەبووە. پیسکاتۆر توانیویەتی بەم دەقە و نمایشەکەی پەیامی خەبات و شۆڕشگێری بۆ ئاستی پلانە سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارە، بگوێزێتەوە. جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، کە برێشت ئەم ڕۆمانەی بە یەکێک لە ڕۆمانە سەرکەوتووەکانی سەدەی بیستەم دانـاوە و سـاڵی ١٩٤٣، لەژێر کاریگەرییەکانی پسکاتۆردا و هەر لەم ڕۆمانەوە، شانۆنامەیەک بە ناوی (شڤایک لە شەڕی دووەمی جیهانیدا) دەنووسێت.

پیسکاتۆر لە بنەما فیکرییەکانی مارکسەوە کاری دەکرد و هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەو فەلسەفە مارکسییەوە شرۆڤەی بۆ ڕووداوەکان و دیدی نمایشەکانی دەکرد، هەر لەو ڕوانگەیەیشەوە کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەهێزی ئاشکرای لە بینەرەکانی دەویست.

پیسکاتۆر لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٣٠دا، بەهۆی دەسەڵاتی نازییەکانەوە ئەڵمانیا بەجێ دەهێڵێت. سەرەتا ڕوودەکاتە ڕووسیا، دوابەدوای ئەوە دەکەوێتە گەڕان بە سەرانسەری وڵاتانی ئەورووپادا، هۆڵاند، بەلچیکا، فەرەنسا، ئیسپانیا، سوێد و لەم وڵاتانەدا باس و لێدوانی هونەریی پێشکەش کردووە و هەوڵی داوە چەمکی شانۆ سیاسییەکەی بڵاو بکاتەوە تا لە کۆتاییدا بەتەواوی لە پاریس جێگیر دەبێت. پیسکاتۆر بەر لە هەڵگیرسانی دووەم جەنگی جیهانی ئەوروپایش بەجێ دەهێڵێت و ڕوودەکاتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لە ئەمەریکا قوتابخانەیەکی درامی دادەمەزرێنێت و چەندین شانۆکار و هونەرمەند و نووسەری گەنج لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا پێیان دەگەیەنێت. هەر بۆ ئەم قوتابخانەیە شانۆیەکی ئەزموونگەری بە ناوی شانۆی (ستۆدیۆ)ەوە بۆ قوتابییەکانی دەکاتەوە و کۆمەڵێک شانۆنامە، لەوانە مەرگەساتی شالیری شەکسپیر، هەندێک لە شانۆنامەکانی مۆلییێر، پرسە شایەنی ئێلێکترایەی ئۆژین ئۆنێل... هتد پێشکەش دەکات. هەر لەم شانۆیەیشدا، ڕۆمانەکەی تۆڵستۆی (شەڕ و ئاشتی) کە دەمێکبوو خۆی بۆ ئامادە کردبوو، پێشکەش دەکات. دواتر هەندێک لە قوتابییەکانی پیسکاتۆر دەبنە ناوی دیاری ڕەوتە هونەرییەکەی ئەوکاتەی ئەمەریکا و ڕۆڵێکی گرینگیان دەبێت، بۆ نموونە لەنێوانیاندا: شانۆنامەنووسی ئەمەریکی تێنسی ولیامز، ئەکتەری بەناوبانگ مارلۆن براندۆ و ڕێژیسۆر و شانۆکار یودیت مەلینە، کە

یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی (شانۆی زیندووی) ئەمەریکی، لەم قوتابخانەیەدا خوێندوویانە، شانۆی زیندوویش یەکێکە لەو گرووپە شانۆییانەی، کە لە شەستەکاندا کاریگەرییەکی بێوێنەی بەسەر تێکرای بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەریی جیهانییەوە هەبووە و پەیامێکی بەهێزی سیاسیشیان هەبووە.


پیسکاتۆر، کە دوای شەڕ دەگەڕێتەوە لە بەرلینی ڕۆژئاوا جێگیر دەبێت و دەبێت بە بەڕێوبەری هەندێک لە شانۆ گەورەکانی ئەو دەمەی بەرلین. لە ساڵی ١٩٥٥یشدا سەرلەنوێ ڕۆمانەکەی تۆلستۆی (شەڕ و ئاشتی) بە ئامادەکردنێکی ترەوە نمایش دەکاتەوە، لەم نمایشەدا حیکایەتخوان بەکاردەهێنێت، کە بەشداری ڕووداوەکانیش دەکات، بۆ نموونە دەبێتە لێپێچەرەوە، جگە لەوەیش ڕۆڵی تەکنیککارێکی هونەری دیووە و ئەو سەربازانەی لە بووکەڵەی گەورە دروست کرابوون، جووڵاندوە. بەم شێوەیەیش بەردەوام بەنێو ڕووداوەکاندا تێپەریوە و ئامادەبوونێکی بەردەوامی هەبووە.

**سەرچاوە**


1- Erwin Piscator, Das Politische Theater, Rowohlt Verlag GmbH,Reinbek bei Hamburg, 1963

2- Ingvar Holm, Den politiska teatern: En sammanfattning och forkortat variation, 1970

O – ج. ل. ستيان، الدراما الحديثه بين النطريه و التطبيق، ترجمه، محمد جمول. منشورات وزاره الثقافه فی الجمهوريه العربيه السوريه. دمشق ١٩٩٥



# بەشی پێنجەم

# برێشت و تیۆری شانۆی داستان

## (١)

له سه‌ده‌ی ڕابردوودا، هیچ که‌سێک له‌دوای ستانیسلاڤسکییه‌وه، هێنده‌ی بێرتۆڵد برێشت ١٨٩٨-١٩٥٦ هه‌ژموونی به‌سه‌ر شانۆی ئه‌وروپییه‌وه نه‌بووه. هه‌ندێک پێیان وایه، کاریگه‌رییه‌کانی برێشت له ستانیسلاڤسکیش زیاتر و گه‌وره‌تره، چونکه ئه‌و تیۆریست، ڕیژیسۆر، شانۆنامه‌نووس و سه‌رکرده‌یه‌کی سه‌رکه‌وتووی شانۆیش بووه. له‌م ڕووه‌وه برێشت به یه‌کێک له قۆناغه هه‌ره گرینگه‌کانی به‌ره‌وپێشه‌وه‌چوونی پرۆسه‌ی شانۆی جیهانی داده‌نرێت و هه‌ر له سه‌ره‌تاوه، وه‌ک هه‌ر دیارده‌یه‌کی شارستانی و ڕۆشنبیری و هونه‌ری، جێگه‌ی سه‌رنج و گفتوگۆ و شرۆڤه‌ی جوودا بووه. پێگه و به‌های برێشت ته‌نها له شانۆنامه‌کانیدا نییه، به‌ڵکو له دیده جیاوازه‌که‌یدایه بۆ شانۆ، که به نووسینه تیۆری و تێزه سیاسییه‌کانی و ته‌کنیکه نۆییه‌که‌ی، چه‌مک و فۆرمێکی تری بۆ شانۆ ده‌سته‌به‌رکرد.

برێشت ته‌نها شانۆکارێکه، که له کۆتاییه‌کانی سه‌ده‌ی ڕابردوودا، له ڕوانگه‌ی خوێندنه‌وه‌یه‌کی قووڵی (هونه‌ری شیعر)ه‌که‌ی ئه‌ریستۆتالیس ٣٢٢-٣٨٤ه‌وه، ده‌گاته ئه‌نجامێکی تر، که به (دژه ئه‌ریستۆ) ئاماژه‌ی بۆ ده‌کرێت و نه‌ریتێکی دوو هه‌زار ساڵه‌ی تیۆری شانۆ ده‌خاته ژێر ڕه‌خنه و پرسیاره‌وه. ئه‌گه‌ر درامایه‌کی

ئەریـــستۆیی بەرجەســـتەی جیهانێــک، تراجیــدیایەک بەبــێ هـــیچ گۆڕانکارییەک بکات، ئەوا شانۆیەکی داستانئامێز تەواو پێچەوانەیە و بەرجەســـتەی جیهانێــک دەکــات، کە پێویـــستە لە گۆڕانکـــارییەکی بەردەوامــدا بێــت. بە لای ئەریـــستۆوە، کاتارســـیس یـــان ئەوەتـــا پاکبوونەوەیە بەهۆی ترس و بەزەییەوە، یان پاکبوونەوەیە لە ترس و بەزەیـی، ئەم پـاکبوونەوەیەیش بە چێژوەرگـرتن دانانرێـت، بەڵام پێویستی بە ئامرازەکانی چێژوەرگرتن هەیە. هەروەها نواندن، بەپێی چەمکەکـانی ئەریـستۆ لاسـاییکردنەوەیە، بەڵام برێـشت ئەم چەمـکە دەگۆڕێـت بە نوانـدنێکی بـزۆز و داسـتانئامێز. نوانـدنی داسـتان ئەو نوانـــدنەیە، کە بە شـــێوەیەکی تەواو ئاســـایی بێــت، واتە ئامـــاژە بە "ڕاســتی" بـدات و ئەکـتەر ماناکـانی لە مانــا بابەتییەکـانی دەقەکەدا دەدۆزێـــتەوە. ئەریـــستۆ ئامـــاژە بـــۆ ئەوە دەکـــات، کە هەمـــوو تراجیـدیایەک ســـەرەتایەک، ناوەڕاســـت و کۆتـاییەکی هەیە. شـــانۆ داستانییەکەی برێشت هیچ پرنسیپ و جۆرە یاسایەکی وەها پەیڕەو ناکات.

برێـشت سـاڵی ١٨٩٨ لە ئاوگـسبورگ لەدایـک بـووە و لە سـاڵی ١٩٢٤یشەوە دێتە بەرلین. لە دوا ساڵەکانی یەکەم جەنگی جیهانیدا، کە بۆ خزمەتی سـەربازی بانـگ دەکرێت، قوتـابیی کۆلێژی پزیـشکی دەبێت، دوای جەنگ ناگەڕێتەوە بۆ زانکۆ و واز لە کۆلێژی پزیـشکی دەهێنێت و لەبری ئەوە دەکەوێتە نووسـینی شـیعری میللی. سـاڵی ١٩٢٢ ئەم شیعرانە کۆدەکاتەوە و لە کتێبێکدا چاپیان دەکات، دوای ماوەیەکیش وەک ئەکتەر و هونەرمەندی (کابەرێ) کـاری کـردووە و دەستیش دەکات بە دەرهێنانی ئەو دەقانەی، کە خۆی نووسـیبوونی. لە هەمـان سـاڵدا، یەکەم شـانۆنامەی (تەپڵەکـانی شـەو) لە میـونیخ نمایش دەکرێت، ئەم شانۆنامەیە گوزارشت لە تراجیدیای سەربازێک

دەکات، کە لە شەڕ گەراوەتەوە دەبینێت دەزگیرانەکەی شووی بە یەکێکی تر کردووە و ئەویش ناتوانێت جارێکی تر خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەدا بگونجێنێتەوە. برێشت لەم یەکەم دەقە شانۆییەیدا، چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی شێوازەوە، کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئێکسپرۆشیونیستەکانەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا شانۆنامەی (تەپڵەکانی شەو) بە سەرەتایەکی پتەوی واقیعی سیاسی دادەنرێت، هەروەها بە تەنها کارێکی برێشت هەژمار دەکرێت، کە ڕاستەوخۆ گوزارشت لە ڕەوشی کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئەڵمانی دەکات. ئەم شانۆنامەیە پاداشتێکی گرینگی وەکو پاداشتی (کلایست) وەردەگرێت و بەمەیش دەرگایەکی فراوان لە برێشت دەکرێتەوە، بۆ نموونە هەر دوای ئەم پاداشتە، وەک دراماتۆرگ لە (شانۆی ئەڵمانی) دەست بە کار دەبێت و بۆ ماوەیەکیش دەبێتە دراماتۆرگی ڕێژیسۆرێکی بەناوبانگی وەک (ماکس ڕاینهارت). بۆ برێشت ئەم قۆناغەی کار لە (شانۆی ئەڵمانی) دەبێتە قوتابخانەیەکی گرینگ و بە شێوەیەکی بەرفراوان بەشێکی گەورەی کولتووری شانۆی جیهانی دەخوێنێتەوە و کاریان لەسەر دەکات، بۆ شانۆیان ئامادە دەکات و لە هەندێک ڕووەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر سەرچاوەی دەقەکان. برێشت هەر لەم ماوەیەدا و لەژێر هەژموونی ئێکسپرۆشیونیستەکاندا چوار شانۆنامەی یەک پەردەیی و چەند شانۆنامەیەکی درێژ، بۆ نموونە (باڵ) و (دار و دەوەنەکانی شار) و (سەرکەوتن و نشوستیی شاری ماهاگۆنی) دەنووسێت، بەڵام برێشت زوو لە تەوژمی ئێکسپرۆشیونیستەکان دوور دەکەوێتەوە و لەو باوەڕەدا دەبێت، کە ئەو تەوژمە ناتوانێت لەو قۆناغە مێژووییەدا هیچ شتێک بخاتە سەر ئەزموونی شەڕ و پڕ لە کێشەی مرۆڤایەتی (هەرچەندە ڕێبازی ئێکسپرۆشیونیزم، کە شێوازە گوزارشتئامێزە شانۆییەکانیان زۆر دەوڵەمەند کردووە و بە

کۆمەڵێک ئەنجامی ئێستاتیکی، کە تا ئێستا نەتوانراوە بەکاربهێنرێت، گەیشتووە، بەڵام ئەم ڕێبازە، وەکو بابەتێک بۆ چالاکییەکانی مرۆڤایەتی، پەردەی لە بێتوانایی تەواوی خۆی لە گۆڕینی جیهان هەڵماڵی، هەر لەبەر ئەوە بەهاکانی هەستپێکردنی لە شانۆی هاوچەرخدا سفر بوو).

برێشت لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی مارکسیزمدا، لە دەوروبەری ساڵانی ١٩٣٠ەوە کار لەسەر داڕشتن و بەسیستێمکردنی دیما و دیدە شانۆییەکەی دەکات و زاراوەکانی شانۆی داستان و شانۆی دیالێکتیکی دێنێتە ئاراوە. بۆ ئەم مەبەستە پشت بە فەلسەفەی مارکسی سەبارەت بە مێژوو و کۆمەڵ و شارستانییەت دەبەستێت و سروشتی دراماکەی و بوونی و چارەنووسی دەبەستێتەوە بە سروشتی مرۆڤ و چارەنووس و بوونییەوە. هەر لە ساڵی ١٩٣٠دا پیسکاتۆر دەناسێت و بۆ ماوەیەک کاری لەگەڵ دەکات و لە شانۆ سیاسییەکەی پیسکاتۆرەوە دید و هزرە سیاسییەکەی بۆ شانۆ و ئامرازە شانۆییەکانی گەشە دەکات، بەڵام ئەو بۆ ئەم مەبەستە، هەر لە ساڵی ١٩٢٨ەوە فۆرمێکی تر بۆ نووسینی دەقی شانۆنامەکانی دەدۆزێتەوە، لەم فۆرمەدا بەدوای بونیادێکی داستانی و فێرگەییدا دەگەڕێت، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، لە بنەماکانی هزری سیاسی و فەلسەفەی مارکسییەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. برێشت بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٢٨دا شانۆنامەی (ئۆپێرای سێ قرووشی) دەنووسێت، کە سەرنجی جیهان بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت، ئەم دەقە شێوازە داستانییە قووڵە بەرایییەکانی لە خۆ گرتووە. برێشت بەم دەقەی هەنگاوێکی گەورە دەنێت و شانۆنامە بەرایییەکانی ئەو دەمەیشی، ئەو گەشە خێرایەی، وەکو نووسەرێکی شانۆی داستان دەخەنە ڕوو. برێشت بە دەستەواژەی (شانۆی داستان) دەرگایەکی

پڕ له نهێنی و سەرسوڕمان و بەدحاڵیبوون له نێوەنده کولتووری و شانۆییەکەدا دەکاتەوە. بێگومان شانۆ و چەمکی داستان له چەندین ڕووەوە توخمی هاوبەش و لێکچوو کۆیان دەکاتەوە، بەڵام هەر یەکێکیشیان سیما و بنەما و توخمی تایبەتمەندی خۆی هەیە، که لەوی تریان جیا دەکاتەوە، لەم ڕووەیشەوە کۆکردنەوە و پێکەوەبەستنیان لەیەک یەکەی هونەریدا (شانۆ و داستان) دەبێتە کارێکی گران. بریێشت دەتوانێت ئەم جیاوازی و توخمه دژ بەیەکانه له چەمک و زاراوەی (شانۆی داستان)دا کۆبکاتەوە و بەمەیش شانۆیەکی نوێ و جوودا دروست دەکات.

بریێشت هەر له سەرەتاوە هەنگاوی خێرا دەنێت و دەگەڕێت بەدوای شێوازێکی تری هزری و هونەری (ئەدەبی شانۆیی و ئەدەبی درامی) بۆ (شانۆی فێرگەیی) و له کۆمەڵێک لەو شانۆنامه فێرگەییانەی دەینووسێت، بنەما هزرییه نوێیەکەی له ڕۆنانی درامیی دەقەکانیدا دەخاته ڕوو. ستراکتور و داڕشتنەکانی ئەم دەقانه، شێوازێکی دژ بەیەک لەخۆ دەگرن، که گۆڕانیی میللی پێکیانەوە دەبەستێتەوە. کۆکردنەوەی بنەما دژ بەیەکەکانیش بۆ بریێشت تا دوا بەرهەمەکانی، دەبێته یەکێک له توخمه گرینگەکانی ستراکتور و بونیادی دەقەکانی و به شێوازێکی داستانی ئەو بنەما دژ بەیەکانه کۆدەکاتەوە و بەکاریان دەهێنێت. شانۆنامەی (بنەما و دەرەکی) ١٩٣٠ و (دادگایکردنی لۆکۆلۆس) ١٩٣٩ نموونەیەکی بەرز و سەرکەوتووی قۆناغی شانۆ فێرگەییەکەی بریێشته.

بریێشت له هەوڵی ئەوەدا بووە (شانۆنامەی فێرگەیی) پێشکەش بکات و هاوکات چەنده نمایشەکه پرۆژەیەکی سەرکەوتووبێت، هێندەیش هەڵگری چێژێکی تایبەتمەند بێت و له ڕێگەی چێژەوە بینەرەکانی فێربکات. لەم ڕووەوە بریێشت پشت به هزر و دیمایەکی

(شیلەر) ١٧٥٩-١٨٠٥ دەبەستێت، کە دەڵێت: (هیچ هۆکارێک نییە، کە گرینگیـدان بە ئاکـار چێـژ لە خـۆ نەگرێـت) ئەمەیـش ئەو مانـایە دەگەیەنێت، کە شـانۆی برێشت شـانۆیەکی فێرگەییە بۆ سـەدەیەکی زانستی، لەم ڕوانگەیەشەوە برێشت دراما بە وێناکردنێکی ڕەخنەی ژیان دەزانێت، ئەم ڕەخنەیەیش بە شێوەیەکی سەرەکی لە ستراکتور و بونیادی شـانۆنامەکاندا بەرجەستە دەبێت. شـانۆی داستانیش بۆ برێـــشت بە هـــیچ شـــێوەیەک لە نیـــوەی ســـەدەی ڕابـــردوودا نابەســـترێتەوە بە چەمکـــی فەلـــسەفەی ئێـــستاتیکیی ئەڵمـــانییەوە، بەتـایبەتی لە لای هەریەک لە (کانـت و هیگـڵ) لەم ڕووەوە دەڵێـت (لەگەڵ ئەوەیـشدا، ئەم ئێـستاتیکایەیش "ئێـستاتیکای کانـت و هیگـڵ" هەروەک مـارکس خۆیـشی ئامـاژەی بـۆ کـردووە، بە شـێوەیەکی ئاسـایی لە هەڵکشاندایە، زۆر زیاتر لە هـزر و دیما ئێستاتیکییەکەی مارکـسییەکان، ئەوانەی، کە هـیچ لە ئێـستاتیکای کانـت و هیگـڵ تێناگەن، ئەمە جگە لەوەی لە بنەما زانستییەکانی مارکسیش ناگەن) لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانین بڵێین هیگڵ ١٧٧٠-١٨٣١ یەکەم کەس بوو، کە هـونەری درامـای بە فەلـسەفەکەیەوە بەسـتەوە، دراما سـیمایەکی بـوونگەرای پـڕ لە گۆڕانکـارییە. بـوون جێگـۆڕکێ دەکـات و بە بەردەوامـی دەگۆڕدرێـت، درامـایش بە هەمـان شـێوە لەگەڵیـدا لە جێگـۆڕکێ و گۆڕانکاریـدایە. مارکـسییەتیش بنەماکـانی شـێواز و گۆڕانکاریی واقیع لە هیگڵەوە وەردەگرێت، بەڵام لای مارکس ١٨١٨-١٨٨٣ مەبەستمان دیالێکتیکە و لە بری ڕاڤەیەکی ڕۆحی، ڕاڤەیەکی مـادیی بـۆ دەکـات و دەیەوێـت کۆمەڵگـەیەکـی دوور لە چینـایەتی بەدەسـت بهێنێت، نەک بەرەو ڕۆحێکی ڕەها هەنگاو بنێت. لەسـەر شانۆنامەنووســـی هـــاوچەرخ پێویـــستە، کە ڕووبەڕووی هەســـت نەبێتەوە، بەڵکو مـامەڵە لەگەڵ هـزر بکـات. کـاری شـانۆنامەنووس

ئەوەیە ئەم هـزرە فێر بکـات و پـاڵی پێوەبنێت بەرەو جـووڵانەوە و گۆڕانکاری بڕوات لەبری وروژاندنی هەست، وەک چۆن مـارکس ئامـاژەی بـۆ ئەوە کـردووە، کە لەسـەر فەلـسەفە پێویـستە جیهـان بگۆڕێت، نەک شرۆڤەی بۆ بکات، بە هەمـان شێوە لەسـەر هـونەر و شـانۆیش، وەک سـەرەتایەک بـۆ گـۆڕینی جیهـان، پێویـستە مـرۆڤ بگۆڕێت.

کە نازییەکـان دەسـەڵات دەگرنە دەست، برێشت و هێلینە ڤایگل ١٩٠٠-١٩٧٢ لە سـاڵی ١٩٣٣دا، ڕۆژێـک دوای سـووتانی ڕایخـستاگ (پەرلەمانی ئەڵمانیا) وڵات بەجێ دەهێڵن و تا پانزە سـاڵ نـاگەڕێنەوە. سەرەتا دەچنە پـراگ، لەوێشەوە بەرەو ڤیەننـا، سویـسرا، دانیمـارک، سـوێد، فینلەنـدا، ڕووسـیا دەڕۆن، لە کۆتاییـدا لە سـاڵی ١٩٤٧ەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکـا دەگیرسـێنەوە، دوای ئەمەریکـا دەگەڕێنەوە بۆ ئەوروپا و سـەرلەنوێ لە سویـسرا و نەمسا جێگیـر دەبـن. برێـشت وەک خـۆی لە شـیعرێکدا بە نـاوی (برێـشتی بەستەزمان) گوزارشتی لێ کردووە، باسـی لەوە کـردووە، کە زیـاتر لەوەی مـرۆڤ پێڵاوەکـانی دەگۆڕێـت، ئەو وڵاتـان دەگۆڕێـت و لەم وڵاتەوە دەچێت بۆ ئەو وڵات.

برێـشت لە ئەمەریکـا قۆنـاغی پێگەیـشتن و گەشـەی هـونەری و سیاسـی دەست پێدەکات و شـانۆنامە داسـتانییە درێژەکانی، وەکـو بـازنەی تەباشـیری قەوقـاز، مـرۆڤە باشـەکەی سـێچوان، دایکە ئـازا، ژیـانی گـالیلای و هەنـدێک لەو شانۆنامانەیـشی، کە لە ڕۆمـانە گەورەکانی ئەدەبی جیهانییەوە ئامادەی دەکردن، لەوانەیش (دایک)ی مەکسیم گۆرگی و شڤایکی یارۆسلاڤ هاشەک، لەژێر ناوی (شڤایک لە شەڕی دووەمی جیهانیدا) دەنووسێت، هەروەها گەڕانەوە بۆ سەر هەنـدێک لە شـانۆنامە کلاسـیکییە گەورەکـان و ئامـادەکردن و

سەرلەنوێ چارەسەرکردنیان، کە لەگەڵ دید و دیما سیاسی و هونەرییەکەی ئەودەمەی ئەودا بگونجێن، لەوانەیش: ئەنتیگۆنەی سۆفۆکلێس، ئەدواردی دووەمی مارلۆ و تراجیدیای کۆریۆلانسی شەکسپیر. برێشت هەوڵی داوە لەم نووسین و ئامادەکردنانەدا، تیۆرەکانی هونەر و کاریگەری لە کۆمەڵگە و چەمکەکانی شانۆی داستان و فێرگەیی بەرجەستە بکات و یاسایەکی نوێ بۆ شانۆی داستانی سیاسی بخاتە ڕوو، کە بەتەواوی دژ بە یاسا کۆنەکانی شانۆی درامی و بنەما ئەریستۆییەکان دەبێت. نووسینی ئەم دەقانە بۆ برێشت زیاتر وەک چەند هەوڵێک، یان ئەزموونێک وا بوون، کە بەبێ وەستان کاری لەسەر کردوون و هەرگیز شێوازی کۆتایی خۆیان لە تاراوگە وەرناگرن؛ بەڵکو هەمیشە سەرلەنوێ دەیاننووسێتەوە. برێشت هەستی بەوە کردووە، کە ئەم دەقانە بە ئەزموونێکی کردەیی و پرۆسەی شانۆییدا نەڕۆیشتوون، لەبەر ئەوە تا ئەو ڕۆژەی بە پراکتیک و لەسەر شانۆ و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا تاقی نەکردوونەتەوە و کاری تیا نەکردوون، تەواو نەبوون.

شانۆ یەکێکە لەو هونەرانەی، کە لە پێش مێژووەوە گوزارشتی لە مرۆڤ و مەسەلەکانی مرۆڤ کردووە؛ ئەگەر شانۆی گریکیش گوزارشتی لە مەرگەساتی مرۆڤ بەرامبەر بە چارەنووس کردبێت، ئەوا مەسەلەکانی چەمکی چارەنووس لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ و شارستانییەت و باری ئابووریی مرۆڤ گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. چارەنووسێکی میتافیزیکیش لە لای برێشت گۆڕانکارییەکی سەراپاگیری بەسەردا هاتووە و لەو چارەنووسە میتافیزیکییەوە بۆتە چارەنووسێکی ئابووری و سیاسی. برێشت لەم ڕووەوە ئاوڕێکی بە هەند لە بزووتنەوەی شانۆی جیهانی دەداتەوە و هەوڵ دەدات، بەرلین لە نەخشەی شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، بخاتە

خـالێکی گرینـگ و ناوەنـدێکی پـڕ بە بەهـای تەوژمە نوێیەکـانەوە و شـــانۆی داســـتان بکـــاتە لایەنێکـــی ئەو ناوەنـــدە، کە خـــۆی بە دامەزرێنەری دەزانێت. (هەرچەندە شـانۆکانی: ڕووسـی و ئەمەریکی و ئەڵمـــانی، لە زۆر ڕووەوە جیـــاوازییەکی گەورەیـــان هەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا چەندین سیمای هـاوبەش کۆیـان دەکاتەوە، کە هەموویـان شـانۆی هـاوچەرخن، بە وشـەیەک، چەنـدین نوێکارییـان خـستووەتە سـەر تەکنیکەکـانی ڕیـژی و شـێوازەکانی نوانـدنەوە. لە هەنـدێک ڕوویشەوە چەندین لێکچوون لە شێوازەکانی ئەم شـانۆیانەدا هەن، لەوانەیە، لەبەر ئەوە بێـت، کە تەکنیـک مـۆرکێکی جیهـانیی هەیە/.../ لەبەر ئەوەی ئەم شـــانۆیانە لە شـــارە گەورە و پێـــشکەوتووەکاندا دامەزراون و دەکەونە ناوجەرگەی وڵاتە پیشەسازییە گەورەکانەوە. لەوە دەچێـت شـانۆی بەرلـین لەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا پێگەیەکـی گەورەی لەنێـــو شـــانۆی وڵاتە ســـەرمایەدارییەکاندا بـــۆ خـــۆی کـردبێتەوە، ئەمەیـش لەبەر ئەوەی سـیما تایبەتمەنـدەکانی شـانۆی هاوچەرخ بە شێوەیەکی ئاشکرا و گەشەیەکی زیاترەوە، لە قۆناغێکی دیاریکراوی بەرەوپێشەوە چوونی شانۆی بەرلیندا ڕەنگی داوەتەوە. وەک لەوەوبەر گوتمـان، قۆنـاغی کۆتـایی شـانۆی بەرلـین، کە بە شێوەیەکی ئاشکرا بەرجەستە بووە و لە چەندین ڕووەوە هاوشـانی شانۆی هاوچەرخ بووەتەوە، شانۆیەکی داستانئامێز بووە. هەرچەندە لەژێـر نـاوی وەک (شـانۆی هـاوچەرخ) یـان (شـانۆی پیـسکاتۆر) و (شانۆی فێرگەیی)دا کۆیان بکەینەوە، بەڵام ئەمانە هەموویان سەر بە شـانۆی داسـتانین) شـانۆی داسـتانیش، بەپێی دیـد و دیمـای برێشت پێویـستی بە بزاڤێکـی مەزن لە بـواری ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا هەیە، ئامـــانجی ئەم بـــزاڤەیش وروژانـــدنی گرینگیـــدانە بە گفتوگـــۆیەکی سەربەست سەبارەت بە گرفتەکانی ژیان، ئەمەیش لە پێناوی ئەوەدا،

کە ئەم گرفتانە لە داهاتوودا چارەسەر بکرێن. دەبێت بزاڤێکی گەورەی وا دروست بکرێت، کە بتوانێت بەرگری لەم پرسە گرینگانە بکات و دژی هەموو ئاراستە نەخواستەکان بووەستێتەوە.

برێشت هەمیشە لە بواری تیۆر و پراکتیکدا کاری کردووە: ئەوەی نووسیویەتی، تاقیی کردووەتەوە، ئەوەی تاقیی کردووەتەوە، نووسیوویەتی و شانۆنامەکانیشی، کە ئامرازێکی ئەو تیۆر و پراکتیکە بوون، لەگەڵ کات و ستایلی ئەدەبی و زمان و پێگە و ڕۆڵی شانۆدا، لە کێشەیەکی دژواردا بوون. ئەم کێشە دژوارەیش لەسەر بنەما سیاسیی و ئێستاتیکییەکان بە مەبەستێکی دیاریکراوەوە ڕۆنراوە. برێشت ڕێژیسۆر و نووسەرێکی شانۆنامە بووە، کە هەمیشە چاودێریی ئەزموونەکانی خۆی و ئەزموونی کەسانی تری کردووە، لە ئەزموونی کەسانی تری وەرگرتووە، ئەوەی لەگەڵ هزری ئەو نەگونجاون وەلاوەی ناون و تیۆرەکانی بەکاری کردەیی و ئەزموونە پراکتیکییەکانی دارشتووەتەوە و لە کاتی گەشە و تاقیکردنەوەی هەر نمایشێکی نوێدا، گۆڕانکاریی لە دیما و هزرەکانیدا کردووە. برێشت بەوە درامای سەردەمەکەی خۆی لە سەردەمی پێشوو جیا دەکاتەوە، کە پێویستە لەناو سیاسەتدا بە قووڵی ڕۆبچێتە خوارەوە، هەر لەم ڕووەوە دەڵێت: (بیرکردنەوە لە نووسینی شانۆنامەیەک، یان دەرهێنانی، مانای ئەوەیە سەرلەنوێ کۆمەڵگە ڕۆبنێیتەوە، وڵات ڕێک بخەیتەوە و سەرپەرشتیی ئایدیۆلۆژیایەک بکەیت) ئەم سیاسەتەیش بۆ برێشت لە دوو ڕەهەند و مەداری پێکەوە بەستراودا کۆدەبنەوە: (لە سیاسەتی شانۆدا و لە سیاسەتی کۆمەڵدا) کە بە شێوەیەکی گشتگر و تەواو یەکتری تەواو دەکەن. لەم ڕووەوە شانۆی داستان بە

شێوەیەکی چڕ و بەهێز و ڕاستەوخۆ بە سیاسەتەوە بەستراوەتەوە، بە شێوەیەک باسکردنی یەکێکیان بەبێ ئەویتریان مەحاڵە.

هەرچەنـدە هەمـوو لێکۆڵینەوەکـان ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکەن، کە شانۆی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ پیسکاتۆر، ئەگەر بەو بۆچوونانەیش قایل بین، کە برێشت هەموو شتەکانی لە پیسکاتۆرەوە وەرگرتووە، ئەوا ڕوون و ئاشکرایە، برێشت لە سنوورەکانی پیسکاتۆردا قەتیس نامێنێـت و ناوەسـتێت، بەڵکـو گۆڕانکـارییەکی مەزن ئەنجامـدەدات. پیسکاتۆر تەنها هەستی سیاسی لە لای بینەران دەورووژاند، بەڵام برێشت دەیویست لە ڕوانگەی ئامڕازە شانۆییەکانەوە فێریان بکات و هۆشـــیاریان بکـــاتەوە و بە یـــارمەتی واقیـــع و لە دەروازە و سـتراکتوورەکانی مێـژووەوە پەردە لەسـەر ڕاسـتییە زانـستییەکان هەڵماڵێـت، ئەمەیـش لە پێنـاوی ئەوەدا نـا کە بینەرەکـانی تەنهـا لەم ڕاسـتییانەوە، بە کۆمەڵێـک زانیـارییەوە بچـنە دەرەوە، بەڵکـو هـانی دەدان تا شۆڕش بەسەر ئەو واقیعە سەپێنراوەدا بکەن و لە پێناوی گۆڕانکاریـدا ڕووبەڕوویـان ببـنەوە. ئەگەر شـانۆی سیاسـی لە لای پیسکاتۆر و برێشت، کـاردانەوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و خۆرسـکی دوو شـانۆکار بێـت سـەبارەت بە ڕووداوەکـانی نێـوان هەردوو جەنگـی جیهـــانی، بەتـــایبەتیش ئەو ڕووداوانەی ڕاســـتەوخۆ بـــوونە هـــۆی هەڵگیرسانی دووەم جەنگی جیهانی، ئەوا دیمـا و دیدە شـانۆییەکەی برێـشت ئەم هـزرە تێدەپەڕێنێت و شـانۆکەی دەخـاتە خزمەتـی ئەو جیاوازییانەیـــشەوە، کە دەکەونە نێـــوان ســـەرمایە و مـــرۆڤەوە، بە شێوەیەک چەمک و هزرەکانی مەسەلەی ئیمپریالیزم لە کۆن و نوێدا بخـاتە نێـو پرۆسـە سیاسـییەکەی شـانۆی داسـتانییەوە. هەمـوو کێشەیەک بۆ برێشت بنەمـایەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی هەبووە، دونیـایش لە گـۆڕانێکی بەردەوامـدایە و ڕەوشـەکان پەرچەکـرداری

مــرۆڤ دیــاری دەکەن، نەک ڕەوشــت و مەســەلە ئاکارییەکــان، نمایـشەکانیش بە چێـژەوە بەرەو زانـستمان دەبەن. (چێـژ) لە کـارە هونەرییەکانــدا بەشــێکە لە پرۆســە تیــۆری، سیاســی، فێرگەیــی و بونیـادە گـرینگەکەی شـانۆی برێـشت. لە سـاڵی ١٩٣٦یـشدا باسـێکی گرینگ بە ناوی (شـانۆی چێژ، یـان شـانۆی فێرگەیی) دەنووسێت و لەم باسـەدا، باسـی شـانۆ دژ بە ئەریستۆکەی خـۆی دەکـات و هەر لەم نووسـینەدا باسـی چەمکـی نـامۆبوون دەکـات، کە وا لە ئەکـتەر دەکــات لە بــری چــوونە نــاو ڕۆڵەوە، ڕۆڵەکەی نمــایش بکــات و بینەران تووشی سەرسووڕمان بکات و ناچاری ڕەخنە و هەڵوێست وەرگرتنیـان بکـات. مێـژوو یەکێکـی تـرە لە چەمکەکـانی برێـشت، کە پەیوەنـــدییەکی میکـــانیزمی و بەهێـــزی بە (دوورەوپەرێـــزی) و دروســـتکردنی مەوداوە هەیە- لەو ڕووەوەی، کە ڕووداوەکــان وا دەخــرێنە ڕوو، وەکــو ئەوەی لە (ڕابــردوودا) ڕوویــان دابێــت و (ئێستایش) بە شێوەیەکی نامۆ دەربکەوێت.

**(٢)**

هەموو بابەتە تیۆری و فەلسەفە شانۆیی و دیدە ئێستاتیکییەکەی بریـــشت، لە کتێبێکـــدا بە نـــاوی (تیـــۆری شـــانۆی داســـتان) بـــڵاو کـــراونەتەوە و بـــووە بە بەشـــێکی گەلێـــک گرینـــگ لە کولتـــوور و ســـەرچاوەکانی شـانۆی هـاوچەرخی جیهـانی، کتێبەکەیش لە هەشـت بەش پێکهاتووە: ڕەتکردنەوەی ڕۆتینەکانی شانۆ، بەرەو شـانۆیەکی هـاوچەرخ، ســەبارەت بە دراما لە دەرەوەی پرنـسیپە شـانۆییەکانی ئەریـــــستۆ، بنەمـــــای تـــــازە بـــــۆ هـــــونەری نوانـــــدن، ڕەوتە پێـشکەوتووخوازەکەی سیـستێمی ستانیسلاڤـسکی، نەخـشەسازیی دیکـۆر و نووســەری مۆســیقا لە شــانۆی داســتانیدا، ئۆرگــانۆنی بچـووکی لێکـۆڵینەوە بـۆ شـانۆ، دوابەشیـشی تەرخـانکردووە بـۆ دیالێکتیـک لەســـەر شـــانۆ. لەم ڕووەوە ئەم بەشـــانەی کتێـــبەکەیش وێنەیەکـی ڕوونـی دیـد و دیمـا شـانۆیی، ئێـستاتیکی، فەلـسەفی و تیۆرییەکەی بریشتمان بۆ دەخاتە ڕوو، هەروەها ئەو دەرگایەیش بۆ سیـستێمێکی ئەڵتەرنـاتیڤی سیـستێمەکەی ستانیسلاڤـسکی و تیـۆرە ئێـستاتیکییەکەی ئەریـستۆ دەکـاتەوە. زۆر کەس لەو بـڕوایەدان و پێداگری دەکەن لەوەی، کە بریـشت سیـستێمێکی تەواو و گشتگری بۆ شانۆی داستان داناوە، بەڵام بریشت هەرگیز تیۆرە شانۆییەکەی، وەک سیـستێمێک تەواو ناکـات، بەڵکـو بە درێژایـی ژیـانی ئەو بنەمـا

سـەرەکییانەی کـاری لەسـەر دەکـردن، گۆڕانکـاریی تیـا دەکـرد، سـەرلەنوێ و بە شـێوازی تـر دایدەڕشـتنەوە و دەیخـستنەوە ژێـر پرسیار و قووڵبوونەوە و دەوڵەمەندکردنەوە.

برێشت، بە پشتبەستن بەو بۆچوونەی، کە شانۆ دامەزراوێکی کـۆمەڵایەتییە، پێـی وابـووە، دەبێـت بە شـێوەیەکی گـشتی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە پێکهاتەکانی بکرێت، نەک هەر لەسەر ئاستی دەق، یـان ئەکـتەر، بەڵکـو لەسـەر ئاسـتی بنەماکـانی ڕیژیـشەوە بە شـێوەیەک، کە بینەرانـیش بهێنـرێنە نـاو پرۆسـە شـانۆییەکەوە، بـۆ ئەوەی دواجار، کار بکاتە سەر هەست و هەڵوێستیان و بیانگۆڕێت. بۆیە بینەر، توخمێکی گرینگی دید و تیۆرە شانۆیی و سیاسییەکەی برێشتە. (مەسـەلەکەیش تەنها لەوەدا کۆنابێتەوە، کە بینەر بۆ ئەوە ئامـادە بکەیـت فـۆرمێکی تـازە و قوتابخـانەیەکی شـیعریی تـازە وەربگرێـت، بەڵکـو بـۆ ئەوەیە بیـنەران بتـوانن خۆیـان بگـۆڕن، بە دەستکەوتەکانیاندا بچنەوە، هۆشیار بن و سەرلەنوێ خودی خۆیان بونیـاد بنێـنەوە، دیـارە ئەمەیـش پەیوەنـدیی بە چێـژ و ئێـستاتیکای شانۆوە هەیە).

برێـشت بـۆ دەسـتەبەرکردنی چەمـکە سیاسـی و دۆزیـنەوەی تەکنیـک و فـۆرمە نوێیەکـان؛ فـۆرمی داسـتان، شـانۆی فێرکـاری و درامـایەکی دیـالێکتیکی پەرە پێـدەدات، پەنـابردنە بەر گێـڕانەوەیش دەبێتە توخمێکی سەرەکیی. سەبارەت بە دیالێکتیکی درامایش، ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە هونەری درامای دیالێکتیکی لە بواری شێوەدا هەنگـاوی نـاوە، نەک لە ناوەڕۆکـدا، بـۆیە نمـایش و خـستنەڕووی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان، وەک شـتێکی ئاسـایی ناکرێت، بەڵکو وەکو شتێکی سەرسووڕهێنەر، ئەکتەر ڕەوشـەکە دەخـاتە ڕوو، نەک لاسایی بکاتەوە: پێویستە بینەر سەرنجی پەیوەندیی نێوان ڕەفتار و

هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان بدات و بەو پرۆسێسەوە بیانبەستێتەوە، کە لەنێو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ڕوو دەدات، ئەمەیش پێویستی بە مامەڵەیەکی زانستییانە هەیە.

شانۆی داستانئامێز لە چوارچێوەی ئەم مامەڵە زانستییەوە پەنا دەباتە بەر فۆرمەکانی شاشە و سینەما و دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامە. لەبەر ئەوە نابێت ئەکتەریش بە شێوەیەکی تەواو بچنە ناو ڕۆڵەکانیانەوە و پێویستە لەسەریان، کە هەمیشە بوارێکی دیاریکراو لەنێوان خۆیان و ئەو ڕۆڵانەی دەیانبینن بپارێزن و بهێڵنەوە، هەروەها لەسەریشیان پێویستە هەڵوێستێکی ڕەخنەئامێز سەبارەت بە کارەکتەرەکە، لەلای بینەران بوروژێنن، هەر بۆیە ناشبێت بینەران لە ڕێگەی پێکداچوونێکی سایکۆلۆژییەوە بۆ کارەکتەری شانۆنامە، بەتەواوی خۆیان بەدەستەوە بدەن. لەم پرۆسەیەیشدا دەبێت پەیوەندییەکانی ئەکتەر بە بینەرانەوە پەیوەندییەکی ئازاد و تەواو ڕاستەوخۆ بێت. بۆ ئەم مەبەستە و تێگەیشتنێکی ڕەخنەئامێزی ڕووداوەکانی نمایشیش، دەبێت پابەندی تەکنیکی نامۆبوون بین: لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەیشەوە بارودۆخ و ڕووداوە (ئاساییەکان) دەبنە شتێکی نامۆ و جێگەی سەرنج و تووشی تێرامان و سەرسوڕمانمان دەکەن. ئەو نواندنەی نامۆبوون دەستەبەری دەکات، ئەو نواندنەیە، کە ئەو بوارەمان بۆ دەرەخسێنێت بە بابەتەکە ئاشنا بین، لە هەمان کاتدا وای لێ دەکات، کە بە ئێمە ناتەبا و نامۆ بێت. هەر لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە چیتر بینەران ئەم مرۆڤانە لەسەر شانۆ نابینن، کە ناچنە ژێر هیچ کاریگەری و گۆڕانکارییەکەوە و لە بەرامبەر چارەنووسدا دەستەپاچە و بێتوانا بوەستن. گەیشتن بە نامۆبوونی ڕووداو، یان کارەکتەر، لە پێش هەموو شتێکدا مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو ڕووداوە، یان کارەکتەرە هەموو سیفاتە تەبا و

ڕۆشن و دیارەکانی خۆی لە دەست بدات، هەروەها بەم کارەیش ڕەوشێکی پڕ لە سەرسووڕمان و بەدواداچوون و پرسیار لە خودی ڕووداو و کارەکتەرەکاندا دروست بکات. کاتێک بینەر ئەم مرۆڤە بەم شێوەیە لەم وێنەیەدا دەبینێت، لەوە دەگات، کە بارودۆخەکە بەم شێوەیەی خوڵقاندووە، هەر لەبەر ئەوە، کە بارودۆخەکەیش بەو شێوەیەیە، مرۆڤیش بەم شێوەیە وێناکراوە. دەشکرێت ئەو مرۆڤە بەو شێوەیە نا، کە لەو واقیعەدایە پێشان بدرێت، بەڵکو لە واقیعێکی تر و شێوەیەکی تردا، بەو واتایەی کە پێویستە ببێت، پێشان بدرێت. لە بەرئەنجامی ئەمەیشدا دەکرێت بینەر هەڵوێستێکی نوێ لە شانۆدا بدۆزێتەوە.

برێشت دەڵێت: (بینەر لە ڕەهەندی ئازارەکانی پاڵەوانی شانۆیەکی دراماتیکی ڕادەمێنێت و دەڵێت "بەڵێ، منیش هەمان ئازار و ژانم چەشتووە، منیش هەر وەک پاڵەوانەکە وام، ئەمەیش شتێکی سروشتییە و هەمیشە هەر وایش دەبێت. کارەساتی ئەم مرۆڤە دەمهەژێنێت، لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگەچارەیەک شک نابات. ئەمە هونەرێکی گەورەیە، لەوە دەچێت هەموو شتێک لێرەدا ئاسایی بێت. من لەگەڵ ئەوانەی دەگرین، دەگریم و لەگەڵ ئەوانەیشی پێدەکەنن، پێدەکەنم." بەڵام بینەری شانۆی داستان دەڵێت: "من ئەمەم بەخەیاڵدا نەهاتووە. ئەمە هەڵسوکەوتێکی هەڵەیە و تا ئاستێکی بەرز جێگەی سەرسوڕمانە. ئەمە، کارێکی ناڕەوا و ناپەسندە و دەبێت سنوورێکی بۆ دابنرێت. کارەساتی ئەم پاڵەوانە دەموروژێنێت، بۆیە هەر چۆنێک بێت، پێویستە ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمە هونەرێکی گەورەیە، هیچ شتێکی ئاسایی لەخۆناگرێت. من بەو کەسانە پێدەکەنم، کە دەگرین بۆ ئەوانەیش دەگریم، کە پێدەکەنن")

شاعیر یان نووسەری داستان و شانۆنامەنووسە دراماییەکان

پەیـــڕەوی کۆمەڵێـــک ڕێـــسا و بنەمـــای تـــایبەتی هـــونەری دەکەن، گرینگترینیـــان یاســـای یەکەی بـــابەت و گەشـــەکردنە. دەکرێـــت ئەم یاســـایانەیش چارەســـەری هەمـــان بـــابەت بـــکەن و هەمـــان هۆکـــار بیانجووڵێنێت، بەڵام جیاوازیی گەورەی نێوانیان ئەوەیە، کە (داستان) ئەو شـــتانە دەگێـــڕێتەوە کە لە ڕابـــردوودا ڕوویـــان داوە، درامـــایش ڕووداوەکانمـــــان بـــــۆ (دەستنیـــــشان) دەکـــــات، وەک ئەوەی، کە لەم چرکەساتەدا ڕوو بدەن. چیرۆکێکی داستانئامێز وێنای مرۆڤمان لە دونیـــایەکی دەرەکیـــدا بـــۆ دەکێـــشێت، لە دونیایەکـــدا بە کردارێکـــی گەورەوە سەرقاڵە، کە دوورە لە خودی خۆیەوە، بۆ نموونە (شەڕ، گەشـــت) یـــان هەر شـــتێکی تـــر، کە پێویـــستی بە پانتـــاییەکی بەرینـــی هەستپێکردنە، بەڵام تراجیدیا وێنای ئەو مرۆڤانەمان بۆ دەکێشێت، کە زیاتر بە دەروونی خۆیاندا ڕۆدەچنە خوارەوە و گوزارشت لەو ڕووداوانە دەکەن، کە لە نـــاوەوەی خۆیانـــدا دەگوزەرێـــت، ئەمەیـــش مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە داستان هیچ توخم و بنەمایەکی درامی لە خـــۆ ناگرێـــت، یـــان درامـــا هـــیچ تـــوخم و بنەمـــایەکی داســـتان لەخـــۆ ناگرێت، زۆرجار ڕێک دەکەوێت دراما چەندین توخمی داستان لەخۆ دەگرێت، هەروەها داستانیش توخمی درامی، بەڵام ئەوەی سەخت و دژوارە، ئەوەیە درامـــا لە ســـتراکتور و چوارچێـــوەیەکی داســـتان و داستانیش لە فۆرمێکی درامیدا نمایش بکەیت.

برێشت باسی درامایەکی داستانئامێز ناکات، بەڵکو باسی شانۆی داستان دەکات، شانۆ لە دیدی ئەوەوە دەبێت داستانی بێت، ئەمەیش بۆ برێشت کارێکی ئاسان نەبووە، بەتایبەتی ئەو فۆرمە شانۆییەی ئەو دەیویست بیکاتە شانۆی داستان مێژوویەکی دێرینی هەبووە و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ شانۆی گریکی کۆن. هەر لەبەر ئەوە برێشت کەوتە دارشتنی تیۆرێکی نوێ و تایبەتیش بەم شانۆ نوێیەی

خۆی، تیۆرێک پێناسەیەکی تری هونەر بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی بکات و بنەماکانی ئەو شانۆیە بە شێوەیەک دیاری بکات، کە هیچ کەسێک لەوەوبەر نەیکردبێت.

گرینگترین جیاوازییەکانی شانۆی درامی و شانۆی داستانئامێزیش لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆدەبێتەوە:

| | شێوازەکانی دراما بۆ شانۆ | شێوازەکانی داستان بۆ شانۆ |
|---|---|---|
| ١ | ڕووداوەکان ڕوودەدەن | ڕووداوەکان دەگێڕدرێنەوە |
| ٢ | بینەران دەخرێنە چوارچێوەی ڕووداوەکانەوە | بینەران دەکاتە چاودێر |
| ٣ | بینەران لە چالاکی و بەشداری دەخات | بینەران دەکاتە تووخمێکی بەشدار |
| ٤ | هەست و سۆزی دەورووژێنێت | ناچاری دەکات هەڵوێست وەربگرێت |
| ٥ | ئەزموونێکی زیندووە | وێنەیەکی جیهانە |
| ٦ | بینەران هاوسۆزی ئازار و ژانی کارەکتەرەکان دەکەن | بینەران ڕووبەڕووی دەبنەوە و شیکاریی بۆ دەکەن |
| ٧ | مرۆڤ گۆڕانکاری قبوڵ ناکات | مرۆڤ گۆڕانکاریی قبوڵ دەکات و دەیگۆڕێت |
| ٨ | دیمەنەکەکان پەیوەستن بە یەکەوە | هەموو دیمەنێک یەکەیەکی تایبەتمەندی هەیە |
| ٩ | هزر بوون دیاری دەکات | بوونی کۆمەڵایەتی هزر دیاری دەکات |
| ١٠ | هەست باڵادەستە | هۆش باڵادەستە |

برێشت بۆ تەکنیک و چەمکەکانی نامۆبوون کاریگەریی شانۆی سەردەمە دێرینەکانی بەسەرەوەبووە، بەتایبەتیش شانۆی ژاپۆنی، شانۆی ئیسپانی کلاسیکی، شانۆی ئێلیزابێسی و فۆرمەکانی شانۆی میللی. برێشت ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە (شانۆی ژاپۆنی لە بەکارهێنانی جووڵەکانی دەستدا، گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز.

ئەکــتەری ژاپــۆنیش "کاریگەرییەکــانی نــامۆبوون" بەهــۆی توانــا بێسنوورەکانییەوە لە چـاودێری، بە شـێوەیەکی ئاشـکرا لە بەردەم چـاوی بینەرانـدا بـۆ خـودی جووڵانەوەکـانی بەدەسـت دەهێنێـت) ئەکـتەری ژاپـۆنی و چینـی هەسـتەکان دەگـوێزنەوە بەبـێ ئەوەی خۆیـان هەسـتئامێزبن. برێـشت لە سـاڵی ١٩٣٧دا باسـێک بە نـاوی (چەمکەکانی نامۆبوون لە هونەری نواندنی ژاپۆنیدا) دەنووسێت و هەوڵ دەدات هێڵە هاوبەشەکان و شێوەی بەرجەستەبوونی چەمکی نامۆبوون لە هونەری نواندنی ژاپۆنیدا بدۆزێتەوە و ئاوێتەی چەمکە هونەرییەکەی خۆی بکات. ئەمە جگە لەوەی ئاورێکی بە هەندی لە ڕێبـاز و تەکنـیکە شـانۆییەکەی مایرهۆڵـدیش داوەتەوە و سـوودێکی زۆری لــێ وەرگرتــووە. برێــشت هەر لەژێــر ئەم کاریگەرییــانەدا چەنـدین تەکنیکـی نـوێ و تـایبەتی بـۆ نوانـدنی ئەکـتەر و هـونەری نوانــدن، بــۆ بەرجەســتەکردن و دەســتەبەرکردنی چەمکەکــانی (نامۆبوون) دەخاتەڕوو، لەوانە: ڕزگارکردنی تەختەی شانۆ و هۆڵی نمایش لە هەمـوو شـتێکی (ئەفسوونی) و شـکاندنی هەمـوو وەهـم و بــوارە موگناتیــسییەکان بە مەرجێکــی گرینــگ دادەنرێــت بــۆ بەرجەستەکردنی (کاریگەرییەتی نامۆبوون). برێشت دەڵێت، پێویستە ڕووناکییەکی بەهێز سەر شانۆ و هۆڵی بینەرانیش ڕووناک بکاتەوە، چونکە تاریککردنی سـەر تەختەی شـانۆ و هـۆڵی بینەران وا دەکات بینەران یەکتر نەبینن و دۆخێکی ترسئامێزیش دێنێتە ئاراوە. یەکێک لە ئــامرازە تەکنیکییەکــانی تــریش ئەوەیە، کە هەنــدێک لە نــاوی دیمەنەکان، وێنەی کارەکتەرەکان، دەقی گۆرانییەکان لەسـەر شاشـە و پلاکاتی گەورە بۆ بینەران پێشان بدرێت.

کاتێک ئەکتەر نواندن بۆ کارەکتەرێک دەکات، پێویستە بەتەواوی نەچێتە نـاو ڕۆڵەکەیەوە و هەر لە دەسـتپێکەوە هەوڵ نەدات تێکەڵـی

(کارەکتەرەکە) بێت؛ ئەکتەر دەبێت ڕۆڵەکەی ببینێت، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت لەم ڕۆڵە دووربکەوێتەوە و نەچێتە ناویەوە، بەڵکو تەنها نمایشی بکات و شییبکاتەوە، بە مانای ڕۆڵەکەی وا ببینێت، کە نایبینێت. ئەگەر ڕۆڵی هاملێت ببینێت، دەبێت پێمان بڵێت، من هاملێت نیم و ناشمەوێت هاملێت بم و داوای ئەوەیش لە ئێوە ناکەم وەک هاملێت وابن، بەڵکو کارەکتەرەکەتان بۆ نمایش دەکەم و ئەوەتان پێ دەڵێم هاملێت بەم شێوەیە بووە، من تەنها بۆتان ڕوون دەکەمەوە، نەک ڕۆڵی ئەو ببینم. ئەکتەر بەرلەوەی بیر لە (ڕۆڵ)ەکەی خۆی بکاتەوە، دەبێت بیر لەوە بکاتەوە، کە چ شتێک تووشی سەرسوڕمانی دەکات و چ شتێکیش دەبێتە هۆکاری بەرپەرچدانەوە، ئەمانە ئەو ڕاستییانەن، کە دەبێت لە کاتی نواندندا دەربکەون و لە کارەکەدا ڕەنگ بدەنەوە. دەبێت ڕاڤەکردنی ڕۆڵ لە هەمان کاتدا ڕاڤەکردنی بابەتەکەیش بگرێتەوە، بە گوزارشتێکی ڕاستتر، لە خودی ڕاڤە و شرۆڤەکردنی بابەتەکەوە دەست پێبکات، نەک ڕۆڵەکە: (چی بەسەر پاڵەوانەکەدا دێت؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوە هەنووکەییەکان دەکات؟ چۆن هەڵسوکەوت دەکات؟ ڕووبەڕووی چ جۆرە بیروباوەڕێک دەبێتەوە؟... هتد) دەبێت ئەکتەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و سەربەست ڕووی لە بینەران بێت و شتێکیان بۆ بگێڕێتەوە، ئەو گێڕانەوەیەیش بکرێتە بنەمای هەموو کردارەکانی. لە کاتێکدا ئەکتەر بەم شێوە سەربەست و ڕاستەوخۆیە ڕووبەڕووی بینەران دەبێتەوە، ڕێگە بۆ کارەکتەرەکەیشی دەکاتەوە، کە بدوێت و بجووڵێتەوە. بێگومان بەمەیش دەبێتە گێڕەرەوەی ئەو ڕووداو و کارەکتەرانە، هەروەها کارەکتەرەکەیش لەژێر چاودێریی بینەراندا دەمێنێتەوە و ملکەچی جۆرە تاقیکردنەوەیەکیش دەبێت. هەموو شتەکانی ئەم تەکنیکەیش لەم دوو وشەیەدا چڕ دەبێتەوە (بەم

شێوەیە نا... بەڵکو بەو شێوەیە). لەبەر ئەوە ڕێگە بە ئەکتەر نادرێت، کە بەتەواوی لەگەڵ کارەکتەرەکەیدا تێکەڵاو ببێت و بچێتە ناو ڕۆڵەکەیەوە. ئەو (لیر) نییە، هەروەها (شڤایک)یش نییە، بەڵکو ئەو کەسانە نمایش دەکات، ئەو بیروباوەڕەکانی ئەوان تا ئەو ئاستەی بکرێت، بە شێوەیەکی سروشتی دەگوێزێتەوە. بە هیچ شێوەیەک ناکرێت و نابێت ئەوە پێشانی خۆی یان کەسانی تر بدات، کە بە شێوەیەکی تەواو چووەتە ڕۆڵەکەیەوە.

لەسەر ئەکتەر پێویستە هەموو ڕووداوێک لە بوارە مێژووییەکەی خۆیدا پێشان بدات و لەنێو ڕەهەندی ئەم ڕووداوانەوە، پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەنێو یەکتریدا کۆبکاتەوە. ئەم پەیوەندییانەی نێوان مرۆڤیش تەنها مۆرکێکی گشتی لەخۆ ناگرێت، بەڵکو بەوەیش جیا دەکرێتەوە، کە خاوەنی سیما و سیفاتی تایبەتمەندی خۆیەتی و دەکەوێتە ژێر ڕەخنەی سەردەمێکی تریشەوە. پێشکەوتنە بەردەوامەکانیش وامان لێ دەکەن، بە چاوێکی نامۆبوونەوە بڕوانینە هەڵسوکەوتی سەردەمەکانی پێش خۆمان. شتێکی ئاسایشە، کە برێشت ڕێبازە نوێیەکەی لە هەموو پێکهاتە و بوارەکانی نمایشی شانۆییدا بەرجەستە بکات: دەق، هونەری نواندن، سینۆگرافیا، ڕووناکی و هونەری ڕێژی تا بتوانێت گەورەترین کاریگەریی بەسەر بینەرەکانییەوە هەبێت. هزری برێشت بۆ تەختەی شانۆ لەوەدا کۆ دەبێتەوە، کە توانایەکی گەورەی لە نووسینی (زمانێکی جووڵەئامێز)دا هەبووە و وشە و دێڕەکان توانای ئەوەیان هەیە، کە ڕەوشە سەرەکییەکانی قسەکەر (ئەکتەر) بگوێزنەوە و بەرجەستەیان بکەن.

لەسەر هونەری دراما و شانۆی هاوچەرخ پێویستە، ئەو واقیعەی ململانێی چینایەتیی تێدایە، بخاتە بەردەمی بینەرەکانی، بێئەوەی

تۆسقاڵێک لە توندوتیژیی ئەم ململانێیە کەم بکاتەوە. بریێشت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە سەردەمی ئێستادا، تێگەیشتنی بینەر بۆ کارە هونەرییەکان و کاردانەوە و هاوسۆزی لەگەڵ پاڵەوان، بە هەمان شێوەی ئەو زەمەنە نییە، کە ئەریستۆی تیا ژیاوە، چونکە بینەری ئەمڕۆ پێویستە لە دونیای سەرمایەداری و ململانێی چینایەتی بگات و لەم ڕوانگەیەوە کاردانەوەی بۆ هونەر و شانۆ هەبێت.

بریێشت لەم کتێبەدا، ڕەوتە ئەزموونگەرییەکانی شانۆی ئەورووپی لە دوو ئاڕاستەدا کۆدەکاتەوە (یەکێکیان کاریان لەسەر مەسەلەکانی چێژ کردووە و ئەویتریان لەسەر مەسەلەکانی فێرکردن) ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە ئەزموونەکان جیاوازن و نەشیانتوانیوە بگەنە هیچ ئەنجامێکی یەکگرتوو و دیاریکراو، هەر لەبەر ئەوە ناتوانین ئەم سەردەمە بە کۆتایی ئەزموونەکان هەژمار بکەین. ئاڕاستەکانیش هەندێک جار تێکەڵاو دەبن، بەڵام دەکرێت بە شێوەیەکی تایبەتی و جیاواز لە هەردووکیان بڕوانین. (دەکرێت لەژێر ڕەوش و هەلومەرجی دوو جۆر کاردا، لە هەریەک لە بەرەوپێشەوەچوونی ئەم دوو ئاڕاستەیە، بڕوانین: واتە لە ئاڕاستەی چێژ و ئاڕاستەی فێربوون بڕوانین، ئەمەیش مانای وایە شانۆ چەندین هەوڵی پشکنینی داوە، کە لایەنی چێژ تیای بەهێز بووە، هەروەها ئەزموون و پشکنینی تر، کە ئاستی چەمکەکانی تێگەیشتنی بەرز کردووەتەوە)

بریێشت بەشێکی تری ئەم کتێبەی بۆ گفتوگۆ و شەنوکەوکردنی سیستێمەکەی ستانیسلاڤسکی تەرخان کردووە و ڕووبەڕووی شانۆ داستانییەکەی خۆی دەکاتەوە و بەراوردکارییەکی ورد و هونەری و هزرییان بۆ دەکات، بۆ نموونە بریێشت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە شانۆکەی ستانیسلاڤسکی سروشتێکی سۆفیگەرانە و چەمکێکی پیرۆز فەرهەنگ و بنەمای سیستێمەکەی لەخۆ گرتووە؛ دەروونی

مرۆڤ لەم شانۆیەدا تا ئاستێکی بەرز لە مەسەلە دینییەکان نزیک دەبێتەوە و هونەر دەبێتە سرووشێکی دینی و شێوەیەکی خواوەندی و سیحرکردن لە بینەران. ئەمە جگە لەوەی، کە (وشە) واتە دەقە شانۆییەکان، بەجۆرە سۆفیزمێک بارگاوی کراوە و بەرگێکی پیرۆزی وای لەخۆ گرتووە، کە بە هیچ شێوەیەک شایەنی گۆڕین و دەستتێوەردان نییە، ئەکتەریش بووەتە (دەستوپێوەندی هونەر)، هەروەها ڕۆڵی هونەر تەمومژاوییە و بە هیچ شێوەیەک کردەیی نییە، هەموو شتێک لەم پرۆسە شانۆییەدا، لە جوولەیەکەوە بۆ ئاشکراکردنی شتێک تا جووڵانەوە گەورەکان، پێویستیان بە هۆکارێک هەیە، بینەرانیش جۆرە پەیوەندییەکیان بەدەست هێناوە، وەک ئەوەی قوتابیی مەسیح بن. شانۆکەی ستانیسلاڤسکی بە بۆچوونی برێشت نوێنەری ترۆپکی شانۆیەکی بۆرژوازییە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ستانیسلاڤسکی زۆر شتی فێرکردووین، بۆ نموونە گەوهەری شیعری لە شانۆنامەکاندا؛ ستانیسلاڤسکی لە ڕێگەی کارە هونەرییەکانییەوە توانیویەتی چەمک و دیدە شیعرییەکانی لە نمایشەکاندا بپارێزێت و لە شتی ڕووکەش دووربکەوێتەوە. ستانیسلاڤسکی ئەوەی فێری ئەکتەرەکانی کردووە، کە نواندنی شانۆیی بەهایەکی کۆمەڵایەتیی هەیە. شانۆی (هونەریی مۆسکۆ) شانۆیەک بووە، کە بە هزر و بیروباوەڕ دەوڵەمەند بووە و گرینگیی داوە بە چارەسەرکردنی هەموو وردەکارییەکان. ستانیسلاڤسکی لە چڕی و ئاڵۆزیی ژیانی کۆمەڵایەتی گەیشتووە و هەر لەبەر ئەوەیشە، کە توانیویەتی سەرلەنوێ وێنەی ئەو ژیانە، بەبێ ئەوەی تیا بزر بێت، بکێشێتەوە. (هەموو کارەکانیشی لە بواری ڕیژیدا پەردە لەسەر شتە گەوهەرییەکان هەڵدەماڵن).

جیاوازییەکـانی برێـشت و ستانیسلاڤـسکی زیـاتر لە قۆنـاغە بەرزەکـانی پرۆسـەکەدا دەردەکەون، بـۆ نمـوونە لە قۆنـاغی بەرجەسـتەکردنێکی واقیعـی کـارەکتەر لە لایەن ئەکـتەرەوە، ئەم مەسـەلەیەیش پەیوەنـدیی بە هۆشـیاریی ئەکـتەرەوە لەسـەر شـانۆ هەیە، چۆن؟ ستانیسلاڤسکی زنجیرەیەک ئامڕاز دەخاتە بەر دەست ئەکتەرەکـانی، کە یارمەتییـان دەدات هۆشـیاریی خۆیـان لەدەسـت بـدەن، یـان بیگۆڕن بە هۆشـیاریی ئەو مـرۆڤەی دەیانەوێت لەسـەر شانۆ بەرجەستەی بکەن. برێشت یەکێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانی خۆی و ستانیسلاڤسکی بەم شێوەیە باس دەکات: (گرینگترین شت لە لای ستانیسلاڤـسکی لە کـاتی خـۆ ئامـادەکردنی نمایـشەکانیدا، ئەکـتەرە، بەڵام سـەبارەت بە مـن، ئەوەی لە کـاتی ئامـادەکردنی نمایشدا گرینگە، نووسەری شانۆنامەکەیە) برێشت مەبەستی ئەوەیە، کە مەشـق و ئامادەکارییەکـانی ستانیسلاڤـسکی لە ئەکـتەرەوە بـۆ ئەکـتەرە، بەڵام برێـشت لە هـزرەوە، لە شـانۆنامەکە و پێداویـستییەکانییەوە دەسـت پـێ دەکـات. چیرۆکـی شـانۆنامەکە، بە مانـای ئەوەی لەنێوان خەڵکیدا ڕوودەدات و بڕوای بەو بـابەتە هەیە بۆ بینەران، بۆ ئەوەی (گفتوگۆ بکات، ڕەخنە بگرێت و گۆڕانکـاری بکـات) لە کاتێکـدا شـانۆکەی ستانیسلاڤـسکی بە دیـواری چـوارەم بەربەستێکی بەهێز لەنێوان شانۆ و هۆڵی بینەراندا دروست دەکات، برێشت هەموو شتێک: هونەری ڕووناکی و سینۆگرافیا و مۆسیقا بۆ ڕووخـانی ئەو دیـوارە بەکـار دەهێنێـت و هەمـوو شـتێک دەخـاتە خزمەتـی دیـدە داسـتانییەکەی شـانۆ و پێداویـستییەکانی بەرجەستەکردنی چەمکەکانی (نامۆبوون) و پەیوەندییەکانی تەختەی شـانۆ و هـونەری نوانـدن و ئەکـتەر و بینـەران و هـۆڵی شـانۆکەوە. برێـشت دەڵێـت (دەبێـت ئەم شـانۆیە سروشـتێکی بـزۆزی هەبێـت،

قوولایی شانۆ بە شاشەیەک ئامادەبکرێت و ئۆرکێسترای مۆسیقایش لەمـــلا و ئەولای شـــانۆکەوە جێگـــەیـــان بـــۆ بکـــرێتەوە) لە ڕووی کـردەییەوە مۆسـیقا گـرینگە، چـونکە یـارمەتیی ئەکـتەر دەدات مانـا شـاراوە کـۆمەڵایەتی و سـەرەکییەکان، لە ڕووی هەمـوو پەیوەنـدیی ڕووداوەکانی شانۆنامەکەوە بخاتە ڕوو. پانتایی شـانۆکەی برێشت، تەنـــانەت ساپیتەکەیـــشی بە پـــێچەوانەی شـــانۆی واقیعـــی و سیـستێمەکەی ستانیسلاڤـسکییەوە، دەکـرێتە سـتراکتۆرێکی پـڕ لە جووڵە و بزۆز بۆ ئامادەکردنی هەموو گۆڕانکارییەکان، بیر لەوەیش بکرێتەوە تەختەی شـانۆکەیش بگـوێزرێتەوە بـۆ ناوەڕاسـتی هـۆڵی بینەران، ئەمەیش لە لای ستانیسلاڤسکی شتێکی نەویستراو بووە.

شـــانۆ بەپێـــی هـــزر و بیروبۆچوونەکـــانی برێـــشت، وێنەیەکـــی جیهانمـان پێشکەش دەکات، جیهـانیش بەپێی ئەو یاسـایانەی، کە تـا ئێـستا بە شـێوەیەکی تەواو شـاراوە و نادیـارن، لە گۆڕانکاریـدایە، لەبەر ئەوە دەبێت ئامادەکردنی شانۆ و سینۆگرافیا و پێکهێنەرەکانی تـری نمـایش لە گۆڕانکـارییەکی بەردەوامـدا بـن. گۆڕانکارییەکـانی جیهـانیش تەنهـا هەر ئەکـتەر، ڕێژیـسۆر و ئامادەکـاریی سـینۆگرافیا نـاگرنەوە، بەڵکـو ئەو بیـنەرەیش کە چـاودێریی ئەم گۆڕانکارییـانە دەکات و بەشداری و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستەکان دەبێتەوە، دەگرێتەوە. لەم سینۆگرافیایەدا تەنها بەرجەستەکردنی دیدی جیهان گرینگ نییە، ئەوەی گرینگە ئەوەیە تا چەند دەتوانێت یارمەتیی بینەر بـدات لە جیهـان بگـات. لەبەر ئەوە هونەرمەنـدی سـینۆگراف، کە پەیوەنـدییەکی بنەڕەتـی و سـەرەکیی بە دیـدی ڕێـژی و هـونەری نوانـــدنەوە هەیە، دەبێـــت لە بۆچـــوونێکی ڕەخنەئـــامێزی پـــڕ لە گۆڕانکارییەوە کاربکات و ئەم دیدە بزۆز و پڕ لە گۆڕانکارییەیش لە خزمەتی بینەراندا بێت. (لەسەر سینۆگراف پێویستە، کە هیچ شتێک

تا کۆتا لەسەر شوێنێک دانەنێت، هەروەها لەسەریشی پێویستە، کە بەبێ هۆ جێگۆڕکێی پێ نەکات، یان شوێنی شتێک بگۆڕێت، لەبەر ئەوەی ئەو وێنەی جیهانمان پێشکەش دەکات، جیهانیش بەپێی ئەو یاسایانەی، کە تا ئێستا بە شێوەیەکی تەواو و کۆتایی ئاشکرا نەبوون، لە گۆڕانکاریدایە. لەگەڵ ئەوەیشدا گەشەی جیهان تەنها نەخشەکێش و سینۆگراف نایانبینێت، بەڵکو ئەوانەیشی لە ناو هۆڵی نمایشدا چاودێریی دەکەن، ئەوەی ئەو سینۆگرافە دروستی دەکات، دەبینن، تەنها ئەوەیش گرینگ نییە، کە سینۆگرافەکە جیهان دەبینێت، بەڵکو ئەوەیش گرینگە تا چەند دەتوانێت ئەم بینینە یارمەتیی بینەران لە تێگەیشتنی جیهاندا بدات) ئامێرەکانی مۆسیقا و جەستەی ئەکتەریش، گرینگترین ئامراز و توخمەکانی سینۆگرافیان، باشترین ڕێگە بۆ بەرجەستەکردن و دروستکردنی سینۆگرافیا ئەوەیە هاوشانی پرۆسەی خولقاندن و پرۆڤەی ڕۆژانەی ئەکتەرەکان و لە کۆتایی ڕۆژانی پرۆڤەدا، تەواو ببێت، ئەمەیش مانای وایە، کە ئەو سینۆگرافە بە بەردەوامی سینۆگرافیاکەی لە ئەنجامی ئەو مەشق و پرۆڤانەی ئەکتەرەکان دەیکەن، تاقی دەکاتەوە و بۆچوونی ئەکتەرەکانیش، کە بەشێکی سەرەکیی گەمەکەن، لە خودی پرۆسە شانۆییەکەدا، بە شێوەیەکی کردەیی دەبنە زەمینەیەکی لەباری کردنەوەی نهێنی و چارەسەرکردنی لایەنەکانی سینۆگرافیاکە.

نابێت سینۆگرافیا ئەو وەهمە لە لای ئەکتەر دروست بکات، کە ئەو لە دونیایەکی واقیعیدا دەسوڕێتەوە، بەڵکو ئەوەی بۆ دووپات بکاتەوە، کە ئەم شانۆیەی ئەو کاری تیا دەکات ڕاستییە. لەبەر ئەوە سینۆگرافیا دوو لایەنی هەیە و ئەم دوو لایەنە، وەک دوو توخم و دوو کەرەسە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، لە هەمان کاتدا کاریگەریشیان بەسەر یەکترییەوە هەیە؛ سینۆگرافیا وەکو لایەنە

بینـــراوەکە لە بیـــنەرانەوە، لە هەمـــان کاتـــدا دەبێـــت لە لایەن ئەکتەرەکانیـــشەوە ببینرێـــت. یەکێـــک لە بنەمـــا گرینگەکـــانی ئەم ســینۆگرافیایەیش ئەوەیە، کە لە ئـامراز و تـوخمی بـزۆز دروسـت بکرێـت، ئەمەیـش تەنهـا بـۆ ئەکـتەر کارئاسـانی ناکـات، بەڵکـو ئەم گۆرانکـــاری و جـــووڵانە بەردەوامە، کە دەچێـــتە بنەماکـــانی سینۆگرافیاوە، ڕێگەخۆشکەریش دەبێت بۆ چارەسەرە ڕاستەوخۆ تەکنیکییەکان و بینەرانیش دەخاتە بارودۆخێکی پڕ لە چاوەڕوانی و چاودێریی وردی بەردەوامەوە. پێویستە شانۆ زمانی تایبەتی خۆی هەبێت، زمـانێکی شـانۆیی، زینـدوو و جۆراوجـۆر، بەڵام ئەم زمـانە پێویستە ئەو هەلومەرجەی تیادا بێت، کە توانای گۆڕانکاریی هەبێت.

کە برێـــشت و هێلیـــنە ڤایگـــل لەدوای جەنـــگەوە لە بەرلینـــی ڕۆژهەڵات جێگیر دەبن، دەستبەجێ دەکەونە تەقەلای بەدەستهێنانی شـانۆیەکی تـایبەت بە خۆیـان، ئەنجـامی هەوڵەکانیـشیان لە سـاڵی ١٩٤٩دا بە دامەزراندن و کردنەوەی (بەرلین ئەنسێمبل) کۆتـایی پێ دێت. ئەم شانۆیە ئەو دەرفەتەی بۆ برێشت ڕەخساند، کە تیۆرەکانی بخـاتە بـواری پـراکتیکەوە، بـۆ ئەم مەبەسـتەیش کۆمەڵێـک ئەکـتەری تایبەت بەخۆی، کە جەنگ پەرەوازەی کردبوون، کۆبکاتەوە. یەکەم پرۆژەیشیان، کە دوای گەڕانەوەیـان پێشکەشی دەکەن، شـانۆنامەی (دایکە ئـازا) دەبێت، ئەم نمایشەیش سـەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت. دروسـتکردنی ئەم گـرووپە و لە مـاوەیەکی کەمـدا، بەر لە کۆچی دوایی برێشت لە سـاڵی ١٩٥٦دا تـوانیی وێنەیەکی بێهاوتـای (شـــانۆی داســـتان) و دیـــد و دیمـــا هونەرییەکـــانی، لە ڕوانـــگەی نمایـشەکانەوە بخـاتە سـەر شـانۆ. برێـشت بـۆ ئەم مەبەسـتەیش کەوتووەتە نمایشکردنی دەقەکانی خۆی و ئامادەکردنی هەندێک لە شانۆی کلاسیکی، هاوکات دەقی نووسەرانی هاوسەردەمی خۆیشی.

بریشت لەم بارودۆخە نوێیەدا، دیمەنەکانی یەک لەدوای یەک لەگەڵ ئەکتەرەکـــانی و لە پرۆژەیەکـــی بەردەوامـــدا تـــاقی دەکـــاتەوە و ســـەرلەنوێ لەبەر ڕۆشـنایی مەشـق و پرۆڤەکانیانـدا شـانۆنامەکان دادەڕێژێتەوە و گۆڕانکاریی بەردەوام و هەندێک جار بنەڕەتیشیان تیادا دەکات.

بریـشت لەم کتێـبەدا، بەشـێک بە نـاوی (ئۆرگـانۆنی بچـووکی لێکـۆڵینەوە بـۆ شـانۆ) تەرخـان دەکـات،کە دەکرێت بەم شـێوەیەیش بنووسـرێت (ڕێبـازی بچـووکی لێکـۆڵینەوە لە شـانۆ)، وشـەکەیش (ئۆرگانۆن) لە بنەڕەتدا گرێکی کۆنە و بۆ نووسینە لۆژیکی و بنەما مەعریفەییەکان بەکارهاتووە، هەروەها مانای (ئامڕاز)یش دەگەیەنێت و زیاتر قوتابییەکانی ئەریستۆ بۆ مانـای لۆژیک، وەک تێگەیشتنێکی زانیـاری بەکاریـان هێنـاوە، هاوکـات وشـەی ئۆرگـانۆن بـۆ کـۆمەڵە لێکـۆڵینەوەی لـۆژیکی ئەریـستۆیش بەکارهـاتووە، بەڵام بریـشت بە مەبەستی ڕێبازی لێکۆڵینەوە بەکاری هێناوە و بە یەکێک لە نووسینە هـزرییە پێگەیـشتووە ئێـستاتیکییە تیـۆرییە گرینگەکـانی سـەبارەت بە شـــانۆ دادەنرێــت، ئەم لێکــۆڵینەوەیە لە ســـاڵی ١٩٤٨دا لە سویــسرا نووسـراوە، بەڵام لە سـاڵی ١٩٤٩دا بـڵاو کـراوەتەوە. بریـشت لەم (ئۆرگـانە بچـووکەدا) ڕاڤەیەکـی تەواوی دەق و هـونەری ڕیـژی و نواندن لە شـانۆ داستانییەکەیدا دەکات و هەموو بنەمـا تیۆرییەکانی لە ڕووی سیاســی و هــونەرییەوە ڕوون دەکـــاتەوە، هاوکــات بەم شـێوەیە ئامــاژەی بــۆ ئەم نووســینە کــردووە: (ئەم لێکــۆڵینەوەیە شـــرۆڤەیەک ســـەبارەت بە شـــانۆ، لە ســـەردەمی زانــستدا، لەخــۆ دەگرێـت) بریـشت، کە لێکـۆڵینەوە بنەمـاییە گـرینگە تیـۆرییەکەی بە (ئۆرگانۆنی بچووک) نـاوزەد دەکات، بەردەوامییەکە بۆ هەوڵە یەک لەدوای یەکەکـــانی ئەو بـــۆ ئەو شـــانۆ نـــوێیەی، کە بە شـــانۆیەکی

نائەریستۆیی، یان دژە ئەریستۆ، ئاماژەی بۆ کردووە. ناوەکە لێرەدا جۆرە لۆژیک و تیۆرییەکە، کە دژ بە هونەری دراما و ئەدەبی درامی و شانۆی تەقلیدی بەکاردەهێنرێت، هەروەها برێشت لەم ئۆرگانە بچووکەدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (زۆر گرانە وێنای تیۆری نامۆبوونی شانۆ، لە دەرەوەی سنوورەکانی زانستێکی ئێستاتیکای دیاریکراوەوە بکەین) ئەمە جگە لەوەی، چەندین جار ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ئێمە پێویستمان بە شانۆیەکە تەنها ئەو توانایەی نەبێت، هەست و هۆش و هزرمان لە پەیوەندییەکانی نێو مرۆڤ و لە بارودۆخە مێژووییەکاندا بورووژێنێت، بەڵکو بتوانێت ئەو هزر و بیروباوەڕەمان بە شێوەیەکی وا پێ بناسێنێت، کە شتێکی پێویستە بۆ گۆڕینی ڕەوش و بارودۆخە مێژووییەکان، بۆ نموونە دەڵێت: (ناکرێت مرۆڤ بەو شێوەیەی هەیە بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێت بەو شێوەیە ببینرێت، کە دەبێت وا بێت، نابێت تەنها لەو ڕاستییەوە بەرەوپێشەوە بڕۆین، کە دەڵێت بەوشێوەیە، بەڵکو لەو خاڵەوە، کە دەڵێت پێویستە وا بێت. ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت، بە ساکاری خۆم بخەمە جێگەی ئەوەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبێت خۆم بخەمە هەمان ئاستەوە و ڕووبەڕووی ببمەوە. لەم ڕەوشەدا بە ناوی هەموومانەوە هەڵسوکەوت بکەم، لەبەر ئەوە لەسەر شانۆکەمان پێویستە، هەموو ئەو شتانەی نمایشیان دەکات، نامۆ بکات).

برێشت لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا، کەمتر لە چەمکەکانی شانۆی داستان دەدوا، لەبری ئەوە باسی شانۆی دیالێکتیکی دەکرد، ئەمەیش وەنەبێت چەمک و زاراوەیەکی تازە بووبێت بۆ ئەو، بەڵکو هەر لە سەرەتای سییەکانەوە، لە پاڵ شانۆی داستاندا باسی لە شانۆی دیالێکتیکیش کردووە، بەڵام لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا، زیاتر ئەم چەمکە دووپات دەکاتەوە و ئاماژەیش بۆ ئەوە دەکات، کە شانۆی


دیالێکتیکی مانای پرۆسێسێکی بەردەوام و تەواو نەبوو دەگەیەنێت، تەواو نەبوو لەو ڕووەوەی، کە پڕۆژەکە لە پرۆسەیەکی بەردەوامی قووڵبـــوونەوە و گەشـــەکردن و بونیادنـــان دایە. هەر لەبەر ئەوە برێشت لە دوا بەشـەکانی ئەم کتێبەدا، باسـی پەڕینەوە لە شـانۆی داسـتانییەوە بۆ شـانۆی دیـالێکتیکی دەکـات: (ئێستا هەوڵەکـان بەو ئاڕاستەیەدا دەڕوات، کە لە شـانۆی داسـتانەوە بچینە سـەر شـانۆی دیالێکتیکی. شانۆی داستان، وەکو چەمکێکی ئێستاتیکی، لە ڕوانگەی ئـــێمە و بەپێـــی تێگەیـــشتنی ئـــێمە، بە هـــیچ شـــێوەیەک نـــامۆ و دوورەوپەڕێز نەبـووە لە دیـالێکتیکەوە، شـانۆی دیـالێکتیکی بە هـیچ شـێوەیەک ناتوانێـت دەسـتبەرداری تـوخمی داسـتان بێـت. لەگەڵ هەمـــوو ئەمانەیـــشدا ئـــێمە مەبەســـتمان ئەوەیە، کە پێویـــستە بە شـێوەیەکی درکپێکـراو شـتەکان ڕێـک بخـرێنەوە). برێـشت ئەم پەڕینەوەیە بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی شتەکان، لەسەر ئاستەکانی دەرککـردن بە قـووڵی و فـرە مەودا و فـرە ڕەهەنـد و فـرە مانـا و گشتگری ناوزەد دەکات.

**سەرچاوە**


١- برتولـد بریخـت، نظریـة ألمـسرح ألملحمـی، تـرجمە د. جمیـل نصیف، عالم ألمعرفة، بیروت-لبنان

2- Tjader, Per Arne, Fruktan, medkensla och kritisk distans, 2000

3- Tjader, Per Arne, Uppfostran, Underhallning, Uppror, En vesterlendsk teaterhistoria, 2008



# بەشی شەشەم
# ئارتۆ و شانۆ و هاوتاکەی

هەرچەندە شانۆی توندوتیژی (ئەنتۆنین ئارتۆ) ١٨٩٦-١٩٤٨ و شانۆی داستانی برێشت دوو ڕێبازی جیاواز و دژ بە یەکن، بەڵام هیچ تیۆر و ڕێبازێکی تری شانۆیی هێندەی ئارتۆ و برێشت هەژموونیان بەسەر ڕەوتی شانۆ و تیۆری شانۆی جیهانییەوە نەبووە. ئیدیال و دیما و دیدی ئەم دوو شانۆکارە، لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە، تەواو جیاوازن؛ لەگەڵ ئەوەیشدا هەردووکیان بە هەمان شێوە دژ بە وەهمی شانۆی بۆرژوازی و شانۆی ترادیشونی ڕیالیزمی ئەوروپی و چێژوەرگرتن و کاتبەسەربردن، کاریان کردووە. ئەگەر شانۆ لە لای برێشت لە ڕێگەی چێژەوە، دیدێکی ڕەخنەئامێزی فێرکاری هەبێت، ئەوە لە لای ئارتۆ کاری شانۆ ئەوەیە، کە لە ڕێگەی هێرش و خورپە و زمانی جەستەوە هەژموونی بەسەر بینەرەکانییەوە بەجێ بهێڵێت.

دەستەواژەی (توندوتیژ) دوو چەمک لەخۆ دەگرێت، کە هەردوو چەمکی "شانۆ" و "توندوتیژی"یە و ئارتۆ بە تێگەیشتنێکی جوودا لەوانەی پێش خۆیەوە سەیری دەکردن و هەوڵی بەکارهێنانی دەدا. چەمکی "شانۆ" بۆ ئارتۆ هەر ئەوە نییە لەسەر تەختەی شانۆ، لەبەردەم بینەرێکی سست و ناچالاک و کەمتەرخەم و بیرنەکەرەوە، بەڕێوە دەچێت، بەڵکو ئەو نمایشەیە، کە بینەر بەئاگا دەهێنێتەوە و کاریگەرێتییەکی ڕۆحیی لە دڵ و دەروونیدا بەجێ دەهێڵێت، کە هەرگیز بیر ناچێتەوە. بە هەمان شێوە، چەمکی "توندوتیژی" ئاماژە نییە بۆ توندوتیژیی جەستەیی، یان دەروونی، بەڵکو بریتییە لە وروژاندنێکی سەختی گیان و ناوکرۆکی بینەر و خرۆشاندنێکی بێبەزەییانەی دەروونی ئەو بینەرەی بەر ئەم جۆرە شانۆیە دەکەوێت، ئەو دەروونەی، کە سست و خاو و ملکەچ و قایل بووە. ناوەرۆکی بۆچوونەکەی ئارتۆ کارکردنێکی بێبەزەییانەیە لەسەر هزر

و لێکدانەوەی بینەر، نەک نمایشکردنێکی توندوتیژی سەر شانۆ، مەبەستی ئارتۆ لە چەمکی "توندوتیژی" نە سادیزمە و نە ئازاردانە، بەڵکو سووربوونێکی (بێبەزەییانەی) جەستەییە بۆ تێکشکانی واقیعێکی ساختە و پیشاندانی دیوە ڕاستەقینەکەی.

ئارتۆ پێی وابوو، دەق مانای شانۆنامەی قۆرخ کردووە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو شێواندوویەتی، بۆیە پێویستە زمانێکی تایبەتی بۆ دروست بکرێت؛ زمانێکی شانۆیی، کە نیوەی لە چوارچێوەی بیرکردنەوەدا بێت و نیوەکەی تریشی بریتی بێت لە جووڵەی ئەندامەکانی جەستە و سیستێمێکی ئاماژەیی. ڕاستی، مرۆڤ پێویستە تێگەیشتنێکی تەواوی بۆ دەستەواژەی "توندوتیژی" یان بێبەزەیی هەبێت، کە ئارتۆ زۆر بە چڕی بەکاری هێناوە. نووسەری ئینگلیزی (لی جەیمسن) پێی وایە، بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لە لای ئارتۆ بەکارهێنانێکی میتافۆرییە و دەشێت ئارتۆ لە ڕوانگەی فەلسەفەی نیهیلزمییەوە بەکاری هێنابێت، بەو پێیەی پێویستە شانۆ ڕوانینێکی ڕووخێنەری تێدا بەرجەستە بێت و بینینێکی تازە بنیاد بنێت. ئارتۆ مەبەستی تێوەگلاندنی بینەرە لە چەقی ڕووداوە شانۆییەکانەوە، واتە بینەر ناچار دەکات لەسەر ئاستی سەلیقەوە بە نمایشە شانۆییەکەوە سەرقاڵ بێت. ئەم کارە، بە دید و دیمای ئارتۆ، کردەوەیەکی دڵڕەقانە و بێبەزەییە بەرامبەر بە بینەر؛ چونکە شانۆ دەکاتە شوێنێک بینەر تیایدا، لەبری ئەوەی پارێزگاریی لێ بکرێت، دەخرێتە ژێر مەترسییەوە، بەو پێیەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ترس و ترشوتاڵییەکانی ژیانەوە دەکات، بەڵام ئارتۆ ئەم کارە بۆ شانۆ بە پێویست دەزانێت. بەپێی ئەم دیما و بۆچوونەی ئارتۆ، ڕێژیسۆر، ڕۆڵی خولقێنەر دەبینێت نەک وەرگێڕی دەقە شانۆییەکە بۆ کردارێکی شانۆیی. بێگومان ئەمەیش ئەرکی ڕێژیسۆر قورستر

دەکــات. دواتــر لەم بەشــەدا، بە وردی دەگەڕێـنەوە بـۆ ســەر ئەم مەسەلانە.

ئـارتۆ لە شـاری (مارسـیلیا) لە باشـووری فەرەنسا، لە خێزانێکـی کاتۆلیکی توندڕەو لەدایک بووە، بەڵام لەم ژینگە داخراوە توندڕەوە ڕادەکــات و هەر زوو دێــتە پــاریس. ســاڵی ١٩١٠ لە قوتابخــانە گۆڤارێکی ئەدەبی دەردەکات و یەکەم شـیعرەکانی خـۆی تیـا بـڵاو دەکــاتەوە، هەر لەم ســاڵەدا بە (چــارڵس بــۆدلێر) ١٨٢١-١٨٦٧ و (ئەدگـار ئـالان پـۆ) ١٨٠٩-١٨٤٩ ئاشـنا دەبێت و بەرهەمەکانیـان بە وردی دەخوێنـدێتەوە و دەکەوێـتە ژێـر کاریگەرییـانەوە. لە ســاڵی ١٩١٥دا تووشــی دڵەڕاوکێیەکــی بەهێــز و ڕەشــبینییەکی کوشــندە دەبێت، هەمـوو ئەو دەقـانەی نووسـیبوونی دەدڕێنێت و کتێبەکـانی فڕێ دەدات و بۆ ماوەیەکیش لەژێر چاودێریی پزیشکدا، لە یەکێک لە نەخۆشــخانە تایبەتییەکــانی شــاری (مارســیلیا)دا دەمێنێــتەوە. هەر بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە زمـانی دەگیرێت، ئاڵوودەی ئەو دەرمانانە دەبێت، کە بێهۆشـی دەکەن و لە هەمـان کاتـدا خەریکی وێنەکێشان دەبێت. دواتـر دەردەکەوێت، کە ئـارتۆ تووشـی جۆرە نەخۆشـییەکی دەمــارگرژی و هەوکردنـی دەمارەکـانی مێـشک بـووە و تـا مـردن پێوەی دەتلێتەوە، کە تەمەنیش هەڵدەکشێت زیـاتر ئـاڵوودەی مـاددە هۆشــبەرەکان دەبێـت و لە هەمـوو ژیانـدا دەبێـتە مـودمین. بـاری تەندروسـتی و دەروونیـی دەشـێوێت و هەمیـشە لەژێـر چـاودێری و چارەســەرکردنی پزیـشکیدا دەمێنێـتەوە، لەگەڵ ئەوەیـشدا ڕەوشــی دەروونی هەر باش نابێت و زیـاتر بەرەو خراپـی و خراپتـر دەڕوات. لە ساڵی ١٩٠٥یشدا خوشکێکی شەش مـانگی کۆچی دوایی دەکات، ئەم ڕووداوە زۆر کـاری تـێ دەکـات و هێنـدەی تـر بـاری دەروونـی ناهەموار و ناجێگیر و ئاڵۆز دەبێت. ساڵی ١٩١٦ بۆ یەکەمجـار دوو

پـارچە شـيعر: (يەكەم بەفربـارين) و (درەختەكـانى دەريـا ئـازارى جـوانيى خۆيـان دەدەن) بـڵاو دەكـاتەوە، لە سـاڵى ١٩٢٣يـشدا يەكەم كۆمەڵە شيعرى ئارتۆ بە ناونيشانى (گەمەى تريكت تراكتـى ئاسـمان) بـڵاو دەكـرێتەوە. لە سـاڵى ١٩٢٥دا دووەم كـۆمەڵە شـيعرى بـڵاو دەكاتەوە، هەر لەم ديوانەدا كورتە شـانۆنامەيەك بە نـاوى (تەوژمـى خوێن) يان (فيچقەى خـوێن) بـڵاو دەكاتەوە، كە گوزارشـتێكى بەهێـز لە ديمـا و ديـدە شـانۆكەى و چەمكەكـانى ئەو شـانۆيە دەكـات، كە دواتـر بەوپەڕى توانـاوە بانگەشـەى بـۆ دەكـات. بە شـێوەيەك لە شـێوەكان ڕەوشـە خـراپەكەى ئـارتۆ و بـارە ئـاڵۆزە دەروونييـەكەى، دەبێتە فاكتەرێكى گرينگ بۆ پێناسە هونەرييەكەى، كە بە شـێوەيەكى تەواو لەسەر بنەما ڕاديكاڵە سەختە دژوارەكان دادەڕێژرێت.

ئارتۆ هەرچەندە بەشێكى زۆرى ژيانى (لە مـانگى هەشتى سـاڵى ١٩٣٧ەوە تـــا مـــانگى پێنجـــى ســـاڵى ١٩٤٦) لە نەخۆشـــخانە دەروونييەكان و شێتخانەكاندا دەباتە سـەر، بەڵام بە بەردەواميـيەوە پێداگريى لەوە دەكـرد، كە ئەو نەخـۆش نيـيە، هەر لەبەر ئەوەى، كە نەخۆشـــە؛ نەخۆشـــى بـــۆ ئەو بووبـــوو بە پێناســـێكى خـــودگەرا و كولتوورى، نەخۆشـى تـاراوگەيەك بـووە بـۆ ئەو تـا لەوێوە بە دواى پێناس و خودى خۆيدا بگەڕێت. ئەو كێشە دەروونييەى ئـارتۆى تيـا ژيـاوە پێويـستى بە تێگەيـشتنى دونيـا بـووە، بەڵام ئەو تێگەيـشتنەى ئەو ويستوويەتى، پێويستى بە ڕێگـە و شـێوازە ئاكـارى و مـوڕاڵى و ڕاميـارييە باوەكـان نەبـووە، بەڵكـو پێويـستى بەو ڕێگـەيە بـووە، كە (وەك سـورياليزمەكان ئاماژەيەيـان بـۆ كـردووە) پـێش ڕەوڕەوەى مێژوو كەوتووە. ئارتۆ لە چەندين نامەدا، كە بۆ هاوڕێكانى ناردووە، باسـى ئەوەى كـردووە، كە ئەو دەمـێكە مـردووە و خـوا سـەرلەنوێ ڕۆحـى كـردووەتەوە بە جەسـتەكەيدا و بە شـێوەيەكى پـڕ لە ڕاز و

نهێنی پەیوەندیی بە لایەنە پیرۆز و ڕۆحییەکانی مرۆڤەوە هەیە. لەم ڕەوشەیشدا ئارتۆ ناچار بووە بگەڕێتەوە بۆ دونیا پڕ لە نهێنییەکەی پێش لە دایکبوون و دوای مردن، کەواتە ئەو شێتییەی ئارتۆ تووشی هاتبوو، هۆی بێدەسەڵاتی و بێتوانایی بووە بەرامبەر بەو جیهانە فراوانە پڕ لە هێما و کارەساتە خەفەکراوانەی ناوەوەی خۆی. هەر لەم ڕوانگەیەیشەوە، ژیانی دەبێت بە شانۆیەکی توندوتیژ و بێبەزەیی، خاپووربوونێکی بەهێز، کە دەروازە بۆ زەمەنێکی نوێ و لەدایکبوونێکی نەشتەرگەرییانە دەکاتەوە.

گرۆتۆڤسکی لە کتێبەکەیدا (بەرەو شانۆیەکی هەژار) زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئارتۆ و باسی دەکات، تیشکی سەرنجی دەخاتە سەر و پێناسەیەکی وردی ئارتۆ و ئارتۆیەکی نەخۆشمان بۆ دەکات و دەڵێت (ئارتۆ وانەیەکی گەورەمان فێر دەکات، کە هیچ کەسێک ناتوانێت ئەو وانەیەمان فێر بکات. ئەو وانەیەیش نەخۆشییەکەی ئارتۆیە. ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، نەخۆشییەکەی ئەو جیاوازە لە نەخۆشیی سەردەمەکەیەوە. نەخۆشییەکەی ئەو شێتی دەستی چەوسانەوە بوو. شارستانییەتی ئەمرۆیش بەدەست نەخۆشیی لەتبوونی کەسایەتییەوە دەتلێتەوە، ئەم لەتبوونەیش لەنێوان هۆش و هەست، جەستە و گیاندایە. لەم ڕووەیشەوە کۆمەڵ بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە ئارتۆ نادات تووشی نەخۆشییەک بێت، جیاواز لە نەخۆشییەکانی خۆی. هەر لەبەر ئەوە خستیانە ژێر ئەشکەنجەی چارەسەرکردنی تەوژمی کارەباییەوە، تا ناچاری بکەن دان بەوەدا بنێت، کە دووچاری نەخۆشییەکانی کۆمەڵ بووە)، هەروەها گرۆتۆڤسکی سەبارەت بە ئارتۆی شانۆکاریش دەڵێت (ئارتۆ شێوازێکی دیاریکراوی لەدوای خۆیەوە بۆ بەجێ نەهێشتووین، هەروەها وێنەی ڕێبازێکیشی نەکێشاوە، ئەوەی ئەو لەدوای خۆیەوە

بەجێهێشتووە، ئەندێشە و وێنەیە، بێگومان ئەمەیش گوزارشتێکە لە کەسایەتیی ئارتۆ خۆی، هاوکات تا ئاستێکیش ئەنجامی بێکاتی و هۆکارگەلێکی پێویستیترن، کە ئەو ڕێگەیەیان لە ئارتۆ گرت تا ئەوەی بیری لێ دەکردەوە بخاتە بواری جێبەجێکردن و پراکتیکییەوە)

ئارتۆ بە شانۆ دەژیا، شانۆ زمانی ژیان و بوونگەرایی و مانیڤێستی سەرزەمین بووە بۆ ئەو و زمانی کتێبێکی نوێشە، کە مینیاترییەکان (پارچە بچووکەکان) لە پارچە گەورەکاندا کۆدەکاتەوە. شانۆ ململانێیە، ئارتۆیش مرۆڤێکی شانۆییە، کە لەگەڵ ناوەوەی خۆیدا لە ململانییەکی بێکۆتاییدا بووە. هەر لەبەر ئەوە تا دوا ساتەکانی ژیانی، شانۆی بەو شوێنە ئەفسوونییە دەزانی، کە مرۆڤی تازەی بۆ جیهان تیا لە دایک دەبێت. هەر لەم ڕووەوە گوتوویەتی: (کاتێک دەژیم هەست بە خۆم ناکەم، کە زیندووم، بەڵام کاتێک گەمەی شانۆ دەکەم هەست بە بوونی خۆم دەکەم)

ئارتۆ هەر وەک فەیلەسووفی ئەڵمانی (فرێدریش نیتشە) ١٨٤٤-١٩٠٠ لە تێڕوانینێکی قوتاربوون و سەرفرازییەوە تەماشای بوونی کردووە، لەم ڕووەیشەوە مەبەستی سەرلەنوێ دۆزینەوەی مرۆڤ بووە، کە بە هەزاران ساڵ لەژێر دابونەریتی ئاینی مەسیحییەتدا تلاوەتەوە، ئەو دابونەریتەی ستراکتوری کولتووری ئەورووپی پێک هێناوە. لەم ڕووەوە ئەگەر نیتشە بانگەوازی گەڕانەوەی بۆ ئاهەنگە دیونیزمییە کۆنەکانی گرێک کردبێت، بەتایبەتیش بەر لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی فەلسەفەی (سوکرات)ەوە، ئەوا ئارتۆ هەوڵی گەڕانەوەی کۆمەڵگە بەراییەکانی بەر لە مێژووی داوە تا لەو ڕێگەیەوە بگاتە نهێنییە قووڵ و شاراوەکانی مرۆڤ.

ئارتۆ لە ساڵی ١٩٣٨دا چاپی یەکەمی کتێبی (شانۆ و هاوتاکەی) بڵاو دەکاتەوە. کتێبەکەیش کە نووسەر لە چەند کاتێکی جیاوازدا نوسیوویەتی، تەقەلایەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی شانۆی باو و لە هەمان کاتدا ڕۆنانی شانۆیەکی تری جودا. بەشەکانی کتێبەکە بریتین لە: شانۆ و تاعوون، شانۆ و ڕۆشنبیری، ڕیژی و میتافیزیک، شانۆی ڕۆژهەڵات و شانۆی ڕۆژئاوا، شانۆ و کیمیا، دەربارەی شانۆ لە بالی، شانۆ و توندوتیژی، مانیڤێستەکانی شانۆی توندوتیژ و نامەکانی زمان... هتد. ئارتۆ بە ناونیشانی کتێبەکەیشی (شانۆ و هاوتاکەی) مەبەستی ئەوە بووە، کە دەبێت شانۆ وەکو هاوتاکەی ببینین، بەڵام وەک واقیعێکی ڕاستەوخۆی ڕۆژانە نا، کە هێدی هێدی بووە بە وێنەیەکی بێجووڵە و وەستاوی واقیع، بەڵکو هاوتایەک بۆ واقیعێکی تر؛ دژوار، پڕ لە مەترسی، بێبەزەیی، نموونەیی و پرنسیپەکانیشی وەک ئەو نەهەنگە وان هەر ئەوەندەی سەری لە دەریا گەورەکانەوە دەرهێنا، پەلەیەتی بگەڕێتەوە بۆ ناو تاریکیی قووڵایی دەریاکە. کتێبەکە، لە ناونیشانەکەیەوە پەیوەندیی نێوان شانۆ و واقیعی ژیان دەچەسپێنێت. بە بۆچوونی ئارتۆیش، شانۆ و واقیع بریتین لە دوو کیان، کە لە دوو مەودای جوودادان، بە واتایەکی تر، یەکتر دووبارە دەکەنەوە یان هاوتای یەکترین، هەر لێرەوە ناونیشانی کتێبەکەیش دەردەکەوێت. (هاوتا) وێنە یان سێبەر نییە، هەروەها تەنها جۆرە پەیوەندییەکی زمانەوانی یان پەیڤئاسا نییە لەنێوان شانۆ و هاوتاکەیدا، بەڵکو پەیوەندییەکی سەرانسەری و پێکەوە بەستراو کۆیان دەکاتەوە. ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکی پراکتیکیش بۆ ناونیشان و وشەی (هاوتا) بەپێی تێگەیشتنی ئارتۆ بۆ ئەم هاوتاییە بکەین، دەتوانین بڵێین: ئەگەر بمانەوێت یەکێک لە شانۆنامەکانی ئێسخیلۆس، کە باس لە بابەتێکی مێژوویی زۆر پێش

سەردەمەکەی خۆی دەکات، بەپێی مێتودەکەی ئارتۆ نمایش بکرێت، پێویستە بە هیچ شێوەیەک ڕەهەندە مێژووییەکانی دەقەکە لەسەر تەختەی شانۆ بۆ قوولکردنەوەی ڕاستییە مێژووییەکان بەکار نەهێنرێت، بەڵکو پێویستە ڕیژیسۆر لە ڕێگەی دامەزراندنی پەیوەندییەکی ڕۆحی لەنێوان بینەر و پرۆسێسی نواندن (نەک دەقە شانۆییەکە) دیوە شاراوەکانی واقیعی ڕۆژانە بە سوودوەرگرتن لە ڕەهەندە مێژووییەکانی دەقە نمایشکراوەکە بگەیەنێتە بینەر، بۆیە ئەگەر هەمان دەقی ئێسخیلۆس دوای چل ساڵی تر نمایش بکرێت، پێویستە لەگەڵ ئەو واقیعە هاوتا بێت، کە ئەو دەمە ڕیژیسۆرەکە دیوە نادیارەکانی پێشانی بینەران دەدات، بەمەیش شانۆ بەردەوام لە پرۆسێسی ڕووخان و دامەزراندنەوەدایە. بێگومان ئەمەیش کرۆکی شانۆ توندوتیژە بێبەزەییەکەی ئارتۆیە.

هەرچەندە ئەم کتێبە لە کاتی بڵاوکردنەوەیدا دەبێتە جێگەی سەرنج، بەڵام لە شەستەکاندا وەک کیشوەرێکی تازە، سەرلەنوێ دەدۆزرێتەوە و تا ئێستایش کاریگەرییەکانی بەسەر ڕەوت و تەوژمەکانی شانۆی ئەزموونگەری و ئەڤانگارتیی جیهانییەوە دیارە. ئەکتەر و شانۆکاری فەرەنسی (ژان لوی بارۆ) ١٩١٠-١٩٩٤، کە لەگەڵ ئارتۆ کاری کردووە و خۆی بە قوتابیی ئەو زانیوە، سەبارەت بە کتێبەکەی ئارتۆ گوتوویەتی (بەبێ هیچ دوودڵییەک "شانۆ و هاوتاکەی" گرینگترین کتێبە، کە لە سەدەی بیستەمدا دەربارەی شانۆ نووسرابێت).

کە ئارتۆ دەربارەی شانۆ دەنووسێت، بە چڕی پێ لەسەر ڕووداوە شانۆییەکە دادەگرێت، ڕووداوەکانیش تەنها ئەوە نین، کە لەسەر شانۆ ڕوودەدەن، بەڵکو ئەو شتەیە لە هۆشی بینەراندا ڕوودەدات، ئەو هۆشمەندییەیە، کە دەچێتە سەر شانۆ و لەگەڵ

هۆشمەندیی ئەکتەردا بەریەک دەکەوێت و تێکەڵاو دەبێت. ئەکتەری ئـــارتۆ لە پەیوەنـــدییەکانی خۆیـــدا بە ڕاز و نادیـــارەوە دەتوانێـــت ڕووبەڕووی تـرس ببێتەوە و پردێکـی پەیوەنـدی لەنێوان دژەکـان و ئاسـتە جیاوازەکانـدا دروسـت بکـات. بەم شـێوەیەیش وشـە و دەق ڕۆڵێکـی پەراوێزئاسـایان پـێ دەبەخـشرێت، یـان بە واتـایەکی تـر، پێویـستە وشـە، کە گوزارشـت لە مەسـەلە سـیکۆلۆژی و شـانۆی ڕووداو و کێشەکان دەکات، لە دەقەکان ڕزگار بکرێت. وشە دەبێت مانایەکی تر لەخۆ بگرێت، کە مەودایەکی ڕۆحیی قووڵ و چەمکێکی چڕی وێنەیی بکاتە بنەمایەکی تر بۆ گوزارشتکردن. ئاتۆ ڕێژیسۆر دەکـــاتە کەســـی یەکەمـــی نمایـــشە شـــانۆییەکە و نووســـەری شانۆنامەکانیش دەخاتە پەراوێزەوە. هونەری ڕێژیش بەهۆی جووڵە و دەربڕینـی دەموچـاو، بەهـۆی بـاری جەسـتەیی جووڵەئـامێزەوە، بەهۆی بەکارهێنانێکی کۆنکرێتیی مۆسیقاوە، هەموو ئەو شتانە لەخۆ دەگرێـت، کە پەیـڤ و گـوتن دەیـانگرێتەخۆ. سـەرباری ئەمـانەیش بەکارهێنـان و ڕێکخـستنی پەیڤەکـانیش لەخـۆ دەگرێـت. ئـارتۆ لەم ڕووەوە ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات، کە دەبێـت لەم دیـدەوە لە ڕیـژی بڕوانین، دیدی بەکارهێنانی ئەفسوونی، نەک لە ڕووی ڕەنگدانەوەی ئەو شـتانەوە، کە لە دەقە نووسـراوەکانەوە سـەرچاوە وەردەگـرن، بەڵکو وەک ڕەنگدانەوەیەکی هەموو ئەو شتانەی دەکرێت لە ئەنجامە بابەتییەکـان لە جـووڵە، وشـە، دەنـگ، مۆسـیقا، کە پێکەوەبەسـتنیان بەدەسـت هێنـاوە. ئەم پێکەوەبەسـتنەیش تەنهـا هەر لەسـەر شـانۆ بەرجەستە دەبێت، هەروەهـا هەمـوو ئەنجامەکانیشی هەر لە بەردەم شـانۆ و لەسـەر شـانۆ دەبێت، ئەو نووسەرەیشی وشـەی نووسـراو بەکـار دەهێنێـت، لە دیـدی ئـارتۆوە لەم شـانۆیەدا جێگـەی نـابێتەوە؛ لەسەریشیان پێویستە شوێنی خۆیان بۆ ئەو کەسانەی پسپۆری ئەم

ئەفسوونە بابەتییە زیندووەن، چۆڵ بکەن. (بە هەرحاڵ دەڵێم شانۆیەک، کە ڕیژی، واتا هەمووی ئەو بنەمایانەی بە شێوەیەکی تایبەتی تێیدا شانۆیین، ملکەچی دەق بکات، ئەوە شانۆی کەسی دەبەنگ و شێت و لەڕێلادەر و دژە شیعر و بەرژەوەندخوازە، واتا کەسێکی ڕۆژئاواییە).

ئارتۆ لەم کتێبەیدا بە زمانێکی ساکار، هەندێک جاریش ئاڵۆز و گران و دووبارەبووەوە گوزارشت لە کۆمەڵێک تێز و دیدی هەمەچەشنەی ناتەبا، بۆ شانۆ دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە سەرەکی و بەراییەکانی هونەری شانۆ؛ لەوانەیش تراجیدیا کۆنەکان، شانۆ پڕ لە ڕاز و نیازەکانی چاخەکانی ناوەڕاست و هەموو جۆرەکانی سەما و شانۆی ڕۆژهەڵاتی. هەروەها دووپاتی ئەوەیش دەکاتەوە، کە دەبێت شانۆ بگەڕێتەوە بۆ سەر سەرچاوە و بنەما سەرەتاییەکانی، گرینگی بە مەسەلەکانی هونەری ڕیژی بدات بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی بەهێزی بەسەر بینەرەکانییەوە هەبێت،نەک لە ڕێگەی دیالۆگ و مەسەلە فیکرییەکانەوە، بەڵکو بە جووڵە و دەنگ و ڕووناکی و هەموو ئەو تەکنیکانەی، کە شانۆی نوێ دەیانخاتە بەردەستی شانۆکارانەوە. ئاماژەی بۆ ئەوەیش کردووەتەوە، کە شانۆنامەی نووسراو نمایش ناکەن، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدەن سەبارەت بابەتگەلێک، بۆ نموونە ڕاستەوخۆ کاری ڕیژی لەسەر بەڵگەنامە و شاکاری ناسراو بکەن و نمایشەکانیان بونیاد بنێن. (ئەگەر ئێمە شانۆیەک دابمەزرێنین بۆ ئەوە نییە دەقە شانۆییەکان بخەینە سەر شانۆ، بەڵکو بۆ ئەوەیە بگەینە ڕەوشیک، کە لەوێدا هەموو شتە تاریکەکان، شاراوەکان و ئەوانەی پەردەیان لەسەر هەست و نەستمان هەڵنەدراوەتەوە، لە جۆرێک لە مادده و بەرجەستەیەکی واقیعیدا دەربکەون. ئێمە بەدوای ئەو شتەدا

ناگەڕێین، کە بە شێوەیەکی بەردەوام دەردەکەوێت، وەک هەمیشە لە شـانۆدا وابـووە، وەهـم ببەخـشین بەو شـتەی، کە بەو جۆرە نییە، بەڵکـو بە پـێچەوانەی ئەوەوە، مەبەسـتمان ئەوە بـووە، کە چەنـدین تـابلۆ بە هەسـتمان ببینـین، ئەو وێنـانەی شـایەنی شـکان و شـێواندن نین و ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەستماندا دەدوێن).

سـەرچاوەکانی شـانۆیەکی میتافیزیـک بـۆ ئەو لە ڕیتـواڵە سـەرەتاییەکانەوە، لە بنەمـا پـڕ لە ڕاز و نهێنییەکـانەوە هـاتوون، کە سـتراکتورێکی دینـی و کولتـووری هەیە و ڕەگوڕیـشەکانی دەگەڕێتەوە بـۆ چاخەکـانی بەر لە مێـژوو، بـۆ سـەدەی ناوەڕاسـتی ئەوروپا و بۆ کولتـوورە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات و ئاسیا و ئاسـیای ناوەڕاسـت. ئـارتۆ دەیویـست چەمکـی پـاکژبوونەوە (کاتارسـیس)ی ئەریـستۆ سـەرلەنوێ بـدۆزێتەوە، دەیویـست سـەرلەنوێ شـانۆ بەو مەترسـییانەی ژیـانەوە، کە لە چاوتروکانێکـدا ڕووبەڕووی مـرۆڤ دەبێـتەوە و ڕوودەدەن، ببەسـتێتەوە. ئەوەی زیـاتر ئـارتۆی بە گەوهەری سـەرەتای بـوون و دونیـا و مرۆڤـی کۆنەوە دەبەسـتەوە، ئەوەیە، کە مـرۆڤ لە کۆمەڵگـە دێرینەکـان خـۆی بە تەواوی لەگەڵ سروشـت و دیاردەکـانی ئەو کۆمەڵگەیـانە گونجانـدووە، لەبەر ئەوە پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان نەڕەخـساون و نـاکۆکییە چینایەتییەکـانیش لەو کـات و سـەردەمانەدا هێـشتا دروسـت نەبووبـوون. ئەوەی زیـاتر سـەرنجی ئارتۆیـشی ڕاکێـشاوە، ئەو یەکێتییە نەپچڕاوەی نێوان مـرۆڤ و سروشـت، مـرۆڤ و گەردوون، مرۆڤ و کۆمەڵ بـووە لە کۆمەڵگە دێـرینە بەراییەکانی مرۆڤایەتیدا، هەروەهـا ئـارتۆ کەوتبـووە ژێـر هەژمـوونێکی بەهێـزی شـانۆی ڕۆژهەڵاتیـیەوە و بە چـاوی ئەفـسوونەوە لە فۆرمەکـانی شـانۆی ڕۆژهەڵاتـی دەڕوانـی، بەتـایبەتیش سـەمای دوورگەی (بـالی) لە

ئەندۆنیسیا، کە لە ساڵی ١٩٣١دا، بە گەشتێکی هونەری دێنە پاریس و یەکێــک لە نمایــشە ســـەمائامێزەکانیان پێــشکەش دەکەن. لەم نمایشەدا، ئەوەی ئەو باسـی دەکرد و ئەوەی ئەو بەدوایدا دەگەڕا، بەتایبەتی فۆرمێکی ڕەهای وا، کە بەتەواوی لە دەسەڵاتی نووسەر و دەق و وشە پاککرابێتەوە، دەبینێت. لە شانۆی بالیدا هەموو شتێک لەسەر شانۆ دەخولقێت و ڕێگەی خۆی لە ڕوانگەی وەرگێڕان و ڕەفتارێکی تـایبەتییەوە دەکـاتەوە و ڕیتـواڵێکی نمـوونەیی پـێش وشەکان بۆ وشەکان دەگونجێنێت. لەم شانۆیەدا هێزەکانی خێر و شەڕ لە جەنگێکی ئەبەدیدان، بینەرانیش تەنها هەر بینەرێکی ئاسایی نین، بەڵکو دەکەونە ژێر کاریگەریی هێزە بێبەزەیی و بێزارکەرەکەی شانۆوە و توانای گۆڕینیان هەیە.

شـانۆی بـالی شـانۆی سـەرفرازی و قوتـاربوونە، بە شـێوەیەک هەمـــوو شـــتەکان خێـــرا، بەر لەوەی بگەڕێـــتەوە بـــۆ شـــێوازە تەجریدییەکان، گۆڕانکارییەکی نامۆیـان بەسـەردا دێت. نمایشەکانی شانۆی بالی لە سەما، گۆرانی، پانتۆمیم و مۆسیقا پێک دێت و سەر بەو شانۆ دەروونییە نییە، کە شانۆکارەکانی ئەورووپا تێگەیشتوون، هەروەهـا شــانۆ دەگەڕێنێــتەوە بــۆ ئاســتە بەرایــی و خولقانــدنە تەواوەکەی خۆی، بەتـایبەتی لە ڕووی ئەندێشە و تـرس و وڕێنەوە. ئـارتۆ بەم شـێوەیە باسـی شـانۆی بـالی دەکـات و دەڵێت: (دەکرێت داوای وانەیەکی بەرزی گیانی -سەبارەت بەو شتانەی ناپێورێن- لە شانۆی (بالی) بکرێت، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانا وێنائامێز و سرووشبەخـشەی لە هــزردا هەیە. ئەم شــانۆ میللیــیە، بیــرۆکە و تێڕامــانێکی نائاســاییمان دەربــارەی ئاســتی ڕۆشــنبیریی ئەو گەلە دەداتــێ، کە جەژنە نیــشتمانییەکان لە ئەتمۆســفێر و ســتراکتوری کێشەیەکی ڕیتواڵییەوە نمـایش دەکـات)، ئـارتۆ دوای بینینی نمایشە

سـەمائامێزەکەی دوورگەی بـالی باسـی ئەوەی دەکـرد، کە شـانۆ پێویـستە لە هەمـوو جۆرەکـانی وەهـم دووربکەوێـتەوە و هـونەری شانۆیش دەبێت لە دەسەڵاتی دەق و دیالۆگ ڕزگار بکرێت و لەبری ئەوە پێویستە واقیعیەتێکی تایبەت بەخۆی دەستەبەر بکات، کە تەنها گوزارشـت لە خـودی خـۆی و بونیـادی خـۆی بکـات، کە زمـانێکی میتافیزیکیی تـایبەت بە خـۆی هەبێت. لە شـانۆی ڕۆژهەڵاتیدا زمـانی پەیـڤ و ئاخـاوتن بـوونی نیـیە، بەڵام زمـانی جەسـتە، ڕەوش و ئاماژەکـان هێنـدەی بەهـای دەربڕینـی زمـانەکەی دیـکە بـوونێکی بەهێزیان هەیە. لە شانۆی ڕۆژهەڵاتدا زمانی ئاماژەکان بەهایان لە زمانە ئاساییەکە زیاترە و دەسەڵاتێکی ئەفسووناویی ڕاستەوخۆیان پێ دەبەخشرێت.

ئارتۆ بەم کتێبەی هەموو بنەما تەقلیدییەکانی شانۆی ڕۆژئاوای هەڵگێـڕاوەتەوە و کـاریگەریی بەسـەر چەنـدین نەوەی شـانۆکار و نووسـەرانی شـانۆ و ڕەخنەگـرانەوە هەبـووە، هەر بـۆ نمـوونە ئەو نەوەیەی، کە لە دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە،لەگەڵ تەوژمەکانی شـانۆی پـووچگەرایی دەرکەوتـن: سـامویل بێکێت، یـۆژین یونـسکۆ، ئـارتور ئەدامـۆڤ، فێرنـاردۆ ئارەبـاڵ و ژان ژینیـیە، بەتـایبەتیش لە ڕووی بەکارهێنانی چەمکەکانی پەیڤ و مامەڵەکردن لەگەڵ دیالۆگ و تێکـست و پانتـایی و ئەتمۆسـفێر و سـتراکتوری دەقەکانیانـدا، کەوتوونەتە ژێر ڕکێف و کاریگەرییە بێسنوورەکانی ئارتۆوە. ئەمە جـگە لەوەی، کە هەمـوو تەوژمە هـاوچەرخ و مۆدێرنەکـانی تـری شـانۆ، بە شـێوەیەک لە شـێوەکان، لەژێـر کاریگەرییەکـانی ئـارتۆدا لەدایک بـوون. ئـارتۆ کـار بە بنەمـا تقلیـدییەکانی پرۆسـەی شـانۆ و ڕاڤەی دەق ناکات، ڕۆنانی درامی لەسـەر بنەمـا ئاکارییە نەگۆڕەکـان و بنەمـا سـایکۆلۆژییەکانی کـارەکتەر بەتەواوی پشتگوێ دەخـات. لە

لای ئارتۆ پێویستە ڕۆنانە درامییەکان لەسەر شێوازێکی میتافیزیکی ڕۆبنرێت و هیما و ئاماژە و زمانی جەستە و مەجاز، سیما سەرەکییەکانی پێک بهێنێت. لەسەر نووسەرە شانۆییەکانیش پێویستە مامەڵە لەگەڵ ڕەگوڕیشە دەروونییە قووڵ و داستانییەکانی مرۆڤدا بکەن تا لەو ڕێگەیەوە بتوانن ڕووخسار و سیماکانی کارەکتەرەکان دیاری بکەن. (ئەو نمایشانەی شەو لەدوای شەو خۆیان دووبارە دەکەنەوە و بەردەوام ڕەچاوی هەمان ڕۆتین دەکەنەوە، هەمیشە هەمان شتن و وەک خۆیان وان، چیتر جێگەی گرینگیپێدانی ئێمە نییە. ئێمە پێویستمان بە نمایشێکە، کە دانسقە بێت، کە کاریگەریتییەکی چاوەڕواننەکراومان پێ ببەخشێت، هاوکات دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانە نەبێت) نمایش و جووڵانەوەی ئەکتەریش لەم شانۆیەدا، تەنها وەک کۆمەڵێک ئاماژەی بینراو بۆ زمانێکی نەبینراو و نهێنیئامێز وان.

ئارتۆ وا لە شانۆ گەیشتووە، کە کردارێکی واقیعی ئەفسوونییە و تەنها مامەڵە لەگەڵ شتە بینراو و مادییەکانی سەر تەختەی شانۆ ناکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ کار لەسەر هەست و ڕۆحیشمان دەکات (ئەوەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێن جۆرە هەستێکی سایکۆلۆژییە، کە زیاتر لەگەڵ هێزە شاراوەکانی دڵماندا لە کێشەدایە). ئارتۆ دەڵێت (ئەو شانۆیەی ئێستا هەیە، ژیانمان بۆ بەرجەستە دەکات و بەدوای دیکۆرێکی ڕیالیزمی و ڕووناکیدا دەگەڕێت تا دووبارە واقیعی ژیانی ڕۆژانەمان بۆ بەرجەستە بکات، یان جۆرە وەهمێکمان بۆ بەرهەم بهێنێت، کە ئەمەیش لە هەموو شتێک خراپترە) شانۆ بۆ ئارتۆ ئەو ئامرازەیە، کە هەموو زمانەکان: جووڵانەوە، دەنگ، وشە، ئاگر، هەوار بەکاردەهێنێت و سەرلەنوێ خۆی لەو خاڵەدا دەبینێتەوە، کە هزر پێویستی بە زمانێکی ترە بۆ دەرکپێکردن و گوزارشتکردن لە

دیاردەکان. ئارتۆ هەر لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دەبێت بڕوامان بەوە هەبێت، کە شانۆ ژیان نویێ دەکاتەوە؛ ژیانێک مرۆڤ دەکاتە ئاغایەکی وا، کە تا ئێستا نەبووە. مرۆڤ لەم شانۆیەدا سەرلەنوێ لەدایک دەبێتەوە، بە مەرجێک قایل نەبین بەوەی، کە تەنها هەر ئامرازێکی تۆمارکردن بین و شتەکان دووبارە بکەینەوە. (لەو شانۆیەدا، کە من چارەنووسی کەسێتیی خۆم خستووەتە پێناوییەوە، ئەو شانۆیەی سەرەتا هەناسە دەبێتە خاڵی دەسپێک و دواتر پشت بە دەنگ یان هاوار دەبەستێت، بۆ ئەوەی زنجیرەی پەیوەندییەکان بونیاد بنرێتەوە، زنجیرەی ئەو کاتەی بینەران لە میانەی نمایشەکەوە بەدوای واقیعی تایبەتی خۆیاندا دەگەڕێن؛ پێویستە ڕێگە بۆ بینەر خۆشبکرێت، کە خۆی لەگەڵ نمایشەکەدا هاوشوناس بکات. هەناسە دوای هەناسە و سات دوای سات).

ئارتۆ سەرەتا، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، بە دیوانێکی شیعری بچووک دەست پێدەکات، دوای ئەوە پەیوەندی دەکات بە ئەندریە بریتۆن ١٨٩٦-١٩٦٦ و سوریالیزمەکانەوە و لەگەڵ شارل دۆلان کار دەکات و هەندێک ڕۆڵی بچووک، بەڵام گرینگ لەسەر شانۆ و لە سینەمادا دەبینێت. لە پاریس یەکەم هەنگاوە شانۆییە جیدییەکانی لەسەر (شانۆی ئەتێلێ)ەوە Theatre de l` Atelier دەست پێدەکات، کە هونەرمەند (شارلس دولێن) ڕیژیسۆری یەکەم و بەرپرسیاری ئەم شانۆیە دەبێت. شانۆی ئەتێلێ بە شێوەیەکی جوودا و نزیک لە پرنسیپەکانی شانۆیەکی ئەڤانگارد و تاقیگەئاساوە کاریان کردووە و کاریگەریی شانۆی ڕۆژهەڵات و فۆرمەکانی شانۆی چاخەکانی ناوەڕاستیان بەسەرەوە بووە. لەم شانۆیەدا، ئەکتەرەکان فێری ئەوە دەبوون چۆن دەستیان، قاچەکانیان و هەموو جەستەیان بە شێوەیەکی جوودا بەکاربهێنن،

ئەمەیش سەرەتایەکی بەهێز دەبێت بۆ ئارتۆ، کە هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی جیاواز بیری کردووەتەوە.

ئارتۆ سوریالیزم نەبوو، بەڵکو ژیانی خۆی سوریالی بوو؛ چونکە هەموو جۆرە نەخۆشییە دەروونی و پریشکەکانی شێتێتی و بێهۆشبوون، ژیانی پڕ کردبوو لە وێنەیەکی سوریالیزم؛ هەروەها ئەکتەریش نەبوو، چونکە ئەو ڕاستگۆییەی لەگەڵ خودی خۆیدا، لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی لە ژیاندا هەیبوو، ناچاری دەکرد هەر خۆی هونەری نواندن بێت. ئارتۆ بە زمانێکی پڕ لە ڕاز و نیاز دەینووسی، نەک هەر ئەوە، بەڵکو زمانێکی تایبەتمەندی خوڵقاندبوو، کە لەوەوبەر هیچ کەسێک بەو زمانەی نەنووسی بوو؛ لەبەر ئەوەی ئەو بە زمانێکی مەحاڵ مەحاڵی دەنووسی. ئارتۆ لە خەونەکانیدا دەژیا و وێنای خەونەکانی بەرجەستەی ژیانی و هزری ئەویان دەکرد و لە خەونەکانییەوە شرۆڤەی ژیانی دەکات و هەر لە خەونەکانیشییەوە وێنە شانۆییەکان دروست دەکات. (بۆ ئەوەی بە وشە وێنەی ئەو هاوارە بکێشم، کە خەونم پێوە دیووە، بە کۆمەڵێک وشەی زیندوو ئەو وێنەیە دەکێشم، بە وشەگەلێکی لەبار و گونجاو، لە دەمەوە بۆ دەم، لە هەناسەوە بۆ هەناسە، نەک بۆ گوێیەکان، بەڵکو دەبێت بۆ نێو سینگی بینەران بیگوێزمەوە)، سەبارەت بە بەهای خەونیش دەڵێت (خەون هۆشمەندییەکی قووڵ لە بێئاگاییماندا دەستەبەر دەکات و لەوکاتەی چارەنووسێکی ڕووت بەبێ ویستی خۆمان دەمانبات بە ڕێوە، فێری ڕووداوەکانی بەئاگاییمان دەکات) هەر لەم ڕوانگەیەوە ئارتۆ باسی ئەوە دەکات، کە چۆن خەونەکانمان کارمان تێدەکەن، بە هەمان شێوەیش واقیعیش کاریگەریی بەسەر خەونەکانمانەوە هەیە، بینەریش بڕوای بە خەونی شانۆ هەیە، بە مەرجێک وەک خەون بەکاربهێنرێت، نەک گوێزانەوە و گێڕانەوەی

واقیع. ئەگەر مرۆڤ بڕوای بە خەونی واقیع هەبێت، هیچ شتێکیش ڕێگەی لێ ناگرێت بڕوای بە خەونی شانۆ نەبێت. ئارتۆ هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: (ڕووداوەکانی نێو خەون، کە بەهۆی ئاگایی قووڵمەوە بەڕێوە دەچن، مانای ڕووداوەکانی ژیانی ئاگاییم فێر دەکەن، کە چارەنووسێکی ڕووت منی تێدا بەڕێوە دەبات، کەواتە شانۆ وەکو ئاگاییەکی مەزنە، بەڵام ئەوە منم لەوێدا چارەنووس دەبەم بە ڕێوە).

ئارتۆ لە ساڵی ١٩٢٦دا لەگەڵ ڕۆگەر فیتراک و ڕۆبێرت ئارۆن (شانۆی ئەلفرێد گاری) دادەمەزرێنێت و چەند نمایشێکیش بۆ ئەم شانۆیەی خۆی، بۆ نموونە (خەونەنمایش)ی ستریندبێرگ پێشکەش دەکات، هاوکات دیدی خۆی بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی هونەری شانۆ دەخاتە ڕوو. شتێکی بەڵگەنەویستە، کە ئارتۆ شانۆکەی خۆی بە شانۆی (ئەلفرێد گاری) ناوزەد بکات. ئەلفرێد گاری ١٨٧٣-١٩٠٧ وەک ئارتۆ گەرەکی بووە شانۆ لە سینۆگرافیا، هونەری ڕیژی و تەنانەت لە ئەکتەریش پاک بکاتەوە. ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتیانەی گاری لە خودی نووسەرەوە دەست پێدەکات، لەم ڕووەیشەوە، ئەوەی دووپات کردووەتەوە، کە (ئەو کەسەی بۆ شانۆ دەنووسێت، دەبێت هۆشیارییەکی تەواو و گشتگری سەبارەت بە زاراوە و چەمکەکانی هونەری شانۆ هەبێت و دەرک بەوە بکات، کە بۆ شانۆ دەنووسێت).

زۆربەی ڕەخنەگر و تیۆریستەکانی بواری شانۆ و ئەدەبی جیهانی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە گاری دامەزرێنەری شانۆی پێشڕەوە. ئەو شانۆیەی لە پەنجاکانی هەزارەی ڕابردوودا، بە ناوی شانۆی پووچگەراییەوە، لەسەر دەستی بێکێت و یونسکۆدا سەری هەڵداوە، بەردەوامییەکی ڕاستەوخۆی شانۆنامەکانی (ئوبوی

پادشا)ی گارییە، هەروەها قۆناغی دووەمیش، کە لە چلەکاندا زیاتر لە فــۆرمێکی فەلــسەفیدا لە لای ســـارتەر و کـــامۆ دەرکەوت، بە بەردەوامییەکـی تـری بیـر و ئێستاتیکای گـاری دادەنرێت. گـاری لە تەکنیکەکانی قەرەقۆز، شـانۆی بـووکەڵە، بنەمـا دێرینەکـانی شـانۆی ئێلیزابێسی و تەکنیکەکانی شانۆی میللییەوە کاردەکات و دەقەکانی ئوبـوی پادشـایش لە بنەماکـانی ئەو فـۆرم و تەکنیکـانەوە پێشکەش دەکات. ئارتۆ بە شێوەیەکی تەواو فەلسەفەی گاری دەخـوێنێتەوە، لە چەمکە کردەییەکانی دەگات، لۆژیکە بەهێزەکەی ئوبو شیدەکاتەوە و دەیکاتە کۆمەڵێک زاراوەی کردەیی بۆ شانۆ توندوتیژەکەی خـۆی و شانۆکەیـشی بە (شــانۆی ئەلفرێـد گــاری) نــاوزەد دەکــات. ئــارتۆ سـەبارەت بە نمایـشکردنی (خەونەنمـایش)ی ئاوگوسـت ستریندبێرگ ١٨٤٩-١٩١٢ دەڵێت (شانۆی ئەلفرێد گاری قەرزاری ئەوەیە، کە ئەم جۆرە دەقانە بخاتە سەر شانۆ، بنەما و پرنسیپەکانی ئەم شانۆیەیش ئاشــکرایە. شــانۆی ئەلفرێـد گــاری دەیەوێـت ماناکــان بـۆ شــانۆ بگەڕێنێــتەوە، نەک ژیــان، هەروەهــا جۆرێــک لە ڕاســتییەکان، کە کەوتووەتە قووڵترین بەشەکانی هەستەوە. لەنێوان ژیـانە واقیعییەکە و ژیانی خەونەکانماندا جۆرە گەمەیەکی پڕ لە ڕۆح دەردەکەوێت، کە دەکرێــت وابەســتەی کردارەکــان بکرێــت و بە شــێوەیەکی زۆر بە دیـقەت ئەو واقـیعە شـانۆییەی شـانۆی گـاری دەیەوێت سـەرلەنوێ بیدۆزێتەوە، بخوڵقێنێت). شانۆی ئەلفرێد گاری وەکو پەرچەکردارێک دژی شــانۆکانی ئەو دەمە دامەزراوە، بــۆ ئەوەی ئەو سەربەســتییە ڕەهایەی لە مۆسیقا، شیعر و وێنەکێشاندا هەیە ببەخشێت بە شـانۆ، کە تا ئێستا شانۆی بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە لێ بێبەش کراوە.

ئەو نمایـشانەی ئـارتۆ لەم شـانۆیەدا پێشکەشیان دەکـات بریتـی بوون لە: (دایکە شێتوویتەکە) لە نووسینی ئارتۆ خۆی، ئەم دەقە بزر

بـووه و نەدۆزراوەتەوە (ڕاز و نیـازی خۆشەویـستی) لە نووسـینی ڕۆگەر فیتراک (دایکێک بە کۆشـێک منداڵەوە) لە نووسـینی ڕۆبێرت ئاڕۆن (سکی سووتاو) لە نووسینی ڕۆجیە فیتراک (خەونەنمایش) لە نووسـینی سـتریندبێرگ، ئەم نمایـشە بە سپۆنـسۆری باڵیۆزخـانەی سوید لە پاریس پێشکەش دەکرێت، بەڵام هەرایەکی گەورە دەنێتەوە و سوریالیزمەکانیش مانیڤێستێک دژی نمایشەکە دەردەکەن و هەوڵ دەدەن ئـاژاوە بنێـنەوە و یەکەم ڕۆژی نمایـشەکە تێک بـدەن. دواتـر شانۆنامەی (منداڵەکان دەسەڵات دەگرنە دەست) لە نووسینی ڕۆجیە فیتراک نمایش دەکات. ئارتۆ بۆ ئەم نمایشانە لە ڕوانگەی شیعرە پڕ لە هێمـا و سـوریالیزمەکانییەوە سـیناریۆی بـۆ دانـاون، یـان بە شـێوەیەکی سـەرەکی ئەو شـانۆییانەی نمـایش کـردووە، کە ڕۆجـیە فیتراک ئەینووسین، لەبەر ئەوەی فیتـراک وەک هـاوڕێ و قوتـابییەک لە هەمـوو کەس زیـاتر دەیتـوانی دید و دیمـا پراکتیکی و تیۆرەکـانی ئـارتۆ دەسـتەبەر بکـات، چـونکە ئـارتۆ ڕای وابـووە، کە (هەمـوو نووسـەرە شـانۆییە گەورەکـان لە دەرەوەی شـانۆدا بیرییـان کـردووەتەوە)، تێکـڕای ئەم کـارانەی ئـارتۆ لەسـەر شـانۆی ئەلفرێـد گاری پێشوازییەکی باشیان لە لایەن ڕەخنەگرەکانەوە لێ دەکرێت و ئەو گوتارە ڕەخنەییانەی لەسەر ئەم نمایشانە نووسراون، پۆزەتیڤن.

ئارتۆ ئاماژەیش بۆ ئەوە دەکاتەوە، کە سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی شـانۆ، بـۆ ئەو، دارشـتنەوەی ژیـانە؛ شـانۆ دەبێـت وەک ئـاهەنگێکی ئەفسوونی وابێت و داوای لێ بکرێت، کە لەسەر بنەماکانی پەیوەندی و چارەسـەرکردن بە تونـدوتیژی و نـوێکردنەوەی ژیـانەوە بونیـاد بنرێتەوە. (شـانۆ پەیوەسـتە بە هەسـتێکی دابڕێنراوەوە، بە بزاوتێکی ڕاستەقینەی هزرەوە، کە کۆپیکراوی بزاوتی ژیان خۆیەتی، بە واتای ژیان بە شێوە میتافیزیکییەکەی، لەبەر ئەوەی ئامێز بۆ چڕبوونەوە،

کـێش، قوورسـایی و مـاده دەکـاتەوە، کەواتە بەهـۆی دەرئەنجـامی ڕاستەوخۆوە، ڕێگـە بـۆ کـرداری خـراپ و بـۆ هەمـوو ئەو شـتانەی هـاوپێچ و پەیوەسـتن بە بەدی و بە پانتـایی، بە بەربـڵاوی و بە ماددەوە خۆش دەکات؛ هەمـوو ئەمانە لە کۆتاییدا لەو ئاگاییەدا، کە لەنێـو ژان و ئـازارێکی گەورەدا دەبینـرێتەوە، دەردەکەون. ژیـان ناتوانێت ئەو توندوتیژییە نەبینراوەی، کە هەموو ئەو ئەگەرانە لەگەڵ خۆیان دێنن، لە بەردەوامی خۆی بکەوێت، بەڵام ئەو توندوتیژییەی، ئەو ژیـانەی سـنوور دەبەزێنێـت و لەنێـو ئەشـکەنجە و ژێرپێنـانی هەمـوو شـتەکاندا پیـادە دەکرێـت، ئەو هەسـتە حەتمیـیەیە، هەمـوو ئەمانەن، کە پێیان دەگوترێت توندوتیژی).

ئـارتۆ لە نمایشەکانیدا بـۆ بەرجەستەکردنی ئەو جیهانە شـانۆییە ئەفسوونییە توندوتیژەی لە نووسینە تیۆرییەکانیدا باسی دەکـردن، ناگـاتە هـیچ بەرئەنجـامێکی ئەوتـۆ، بـۆیە ئەمجـارە بە یـارمەتیی نووسینەکانی شیللیی شاعیر و ستندالی ڕۆماننووس شانۆنامەیەک بە ناونیشانی (بنەمـاڵەی تشنـشی)ەوە ئامـادە دەکـات و لە هـۆڵێکی هەژاری دوور لە هەمـوو مەرجەکـانی هـۆڵ و شـانۆوە نمایـشی دەکات. ئەم نمایشە بەسەرهاتی (کۆنت تشنشی خستۆتە ڕوو، کە لە سـەدەی شـانزەهەمدا لە ئیتاڵیـا ژیـاوە) ئـارتۆ لەم نمایـشەدا زەبروزەنگی تشنشی و ئەو خۆشەویستییە سێکسییەی بۆ بیاتریسی کچـی هەیبـووە، بەرجەسـتە کـردووە. ئـارتۆ بەم نمایـشە هەمـوو دەمامک و بەربەستە دەروونی و ساختەکانی کۆمەڵگەی ئەورووپیی هەڵمـاڵیوە و هێرشـێکی توندی کـردووەتە سـەر بنەمـا مۆراڵییەکـانی شارسـتانییەتی ئەورووپـا، کە ئـابڕوویەکی پـڕ لە درۆودەلەسـە و دروستکراوی لە پشتەوە حەشارداوە. تشنشی بۆ ئارتۆ درامایەکی پـڕ لە مەترسـی و تونـدوتیژی و بێبەزەیـی و ڕازونیـاز بـووە، کە

مرۆڤەکان (کارەکتەرەکان) هەر وەک تراجیدیای گریکی بەرجەستەی هێزێکــی وێرانکــار دەکەن، کە لەوەوبەر چارەنووســەکەی دیــاری کراوە.

(بنەماڵەی تشنشی) بۆ یەکەمجار لە شەشی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٣٥دا پێشکەش کـراوە، بەڵام ئەم هەوڵە شـانۆییەی وەک هەمـوو هەوڵە شــانۆییە کردەییەکــانی تــری، هەر لە ســەرەتاوە تووشــی شکست دەبێت و سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنێت. ئەمە جگە لەوەی دەکەوێتە ژێـر ڕەخنەیەکـی تونـدوتیژی ڕەخنەگـر و ناوەنـدە شــانۆییەکەی ئەو دەمەی پاریسیــشەوە، ئەم نووشوســتیانەیش هێنـدەی تـر ئـارتۆ گۆشـەگیر و شـێتگیر دەکـات و بـاری دەروونـی بەرەو هەڵدێر دەچێت، لەبەر ئەوە پاریس بەجێ دەهێڵێت و لە ساڵی ١٩٣٦ەوە دەچێت بۆ مەکسیک و ماوەیەک لەناو هیندەسوورەکان و هۆزە بەراییەکانی ئەم وڵاتەدا، لە دەرەوەی پرنسیپە شارستانییەکان و ژیانێکی مەدەنیئاسایدا، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە ڕیتواڵەکانیـان و گەڕان بەدوای کولتوورێکی ئەفسوونیدا، دەژی، هەروەها لە زانکۆی مەکسیکۆ سیتی چەند سیمینارێک سەبارەت، بۆ نمـوونە بە (شـانۆ و خواوەنــدەکان) و (شــانۆکانی دوای جەنــگ لە پــاریس) پێـشکەش دەکــات. ئــارتۆ باســی ئەوەی کــردووە، کە مەکــسیکییەکان بە پێچەوانەی ڕۆژئاواییەکانەوە هێـزە نادیارەکـان لە هەمـوو شـتەکاندا دەبیـنن، ئەو شـتانەی ناکرێـت بە ڕامـانی خـودی شـتەکان بهێنـرێتە بەرهەم، بەڵکو لە ئەنجامی بەراوردکارییەکی ئەفسوونیدا ڕوودەدات، هەروەهــا لە گوتارێکیــشیدا بە ناونیــشانی (داگیرکردنــی مەکـسیک) دەڵێـت (ئەم وێنـانە، ئەم جـووڵانە، ئەم سـەمایە، ئەم ڕیتـواڵانە، ئەم مۆسیقایە، ئەم ئامڕازە پچڕاوانە و ئەم دیالۆگەی لە پڕ دەوەستێت... هەموو ئەمانە بەوپەڕی چاودێرییەوە تۆمار دەکرێن، بەپێی توانـایش

به وشــه پێناســه دەکـرێن. بەتـایبەتی لەو بەشـانەی نمایـشەکەدا، کە دیـالۆگی تیـا نیـیە، لەبەر ئەوەی پرنـسیپەکانی ئـێمەیش لەوەدا چـڕ دەبێتەوە، کە بگەیـنە تۆمـارکردنی ئەو شـتانەی بە وشـەکان پێناسـە ناکرێن و ژمارەئامێزکردنی، هەروەک پارچە مۆسیقایەک)، دواتـریش بەرەو ئێرلەندە دەکەوێتە ڕێ، بەڵام بەرلەوەی پاریس بەجێ بهێڵێت، لە ساڵی ١٩٢٨دا سیمینارێکی گرینگ لە زانکۆی سۆربۆن سـەبارەت بە (هونەر و مەرگ) پێشکەش دەکات.

ئـارتۆ، کە دەشـگەڕێتەوە لە ئەنجامی نەخۆشییە دەروونییەکانیدا بەرەو شـــێتبوون دەچێـــت و بەم هۆیەیـــشەوە بـــۆ مـــاوەیەکی دوورودرێـژ لە نەخۆشـخانە دەروونـی و عەقڵییەکانـدا، بێبەزەییـانە، توندی دەکەن و دەیخەنە ژێر ئەشکەنجەدانێکی سیستەماتیکییەوە.

ئەوەی لێـرەدا گـرینگە ئامـاژەی بـۆ بکەیـن، ئەوەیە کە ئـارتۆ هەمیـشە لە شـانۆدا و بـۆ شـانۆ ژیـاوە: لە کاتێکـدا، کە شـیعری دەنووسی، شانۆ سەرچاوەکانی دەبێت، کە دەشچێت بۆ مەکسیک بۆ گەڕان بەدوای ئەو ڕۆشـــنبیرییەی تـــا ئەوکـــاتە شارســـتانییەت نەیشێواندبوو، هەر وەک کەسێکی شـانۆکار ڕەفتـار دەکات. هەمـوو نووسینەکانیـشی، شـیعر، نـامە، مانیڤێـست و گوتـارە شـانۆییەکانی، دەبـنە چـاوگە گرینگەکـانی شـانۆ و (وشــە)یـش دەبێـتە دیـالۆگێکی ناوەکی و تایبەت بە ئارتۆ.

شـانۆ لە لای ئـارتۆ ڕاکـردن لە واقیـع، یـان پەنـایەک نییە، بەڵکـو ئـامڕازێکە دەکرێـت بەکاربهێنرێـت بـۆ ئەوەی کـاریگەریی بەســەر مـرۆڤ و دونیـاوە هەبێـت، ئەم کـاریگەرییەیش تەنهـا نووسـەر و ئەکتەر ناگرێتەوە، بەڵکو بە پلەی یەکەم ئەو بینەرانەی دێنە هـۆڵی شانۆکانەوە دەگرێتەوە، چونکە شانۆ دەتوانێت چارەنووسـی مـرۆڤ دیاری بکات و گۆڕانکاری لە ژیانیاندا بکات. ئارتۆ دەڵێت مۆسـیقا بە

هزره ڕۆحییەکانی کار ناکاته سەر مار، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە مار ئاژەڵێکی خشۆکی و درێژە، لەبەر ئەوەی بە درێژی لەسەر زەوی لوول دەبێت، لەبەر ئەوەی هەموو جەستەی بەر زەوی دەکەوێت، شەپۆلەکانی مۆسیقایش، کە دەگاتە سەر زەوی، وەک شێلانێکی ورد و نەرم و زۆر درێژ دەگاتە جەستەی مارەکەیش. (من پێشنیازی ئەوە دەکەم بینەران بەو مارە بەراورد بکەین، کە ئەفسوونی لێ دەکەین و لە ڕێگەی جەستەوە بیانگەڕێنینەوە بۆ هزرە چڕ و بەدیقەتەکان. سەرەتا بە ئامرازە زبرەکان و لەگەڵ ڕۆژگاردا زیاتر و زیاتر نەرم و بەدیقەت دەبن، ئەم ئامرازە زبرانەیش لە سەرەتاوە ڕامان و تێبینیکردنێکی ڕاستەوخۆی بینەرانی دەوێت. لەبەر ئەوە، بینەران لە شانۆی توندوتیژیدا لە ناوەڕستدا دادەنیشن، لە کاتێکدا نمایشەکە چواردەوری دەدات. گرینگیدانیش لەم نمایشەدا گرینگیپێدانێکی بەردەوامە؛ سەرەتا بەدوای دەنگەکاندا لە پێناوی شەپۆلەکانیدا دەگەڕێن و دواتریش لە پێناوی وێناکردنیدا).

ئارتۆ دەیەوێت لە ڕێگەی دەنگ و مۆسیقاوە کاریگەرییەکی قووڵ و ڕاستەوخۆ لە هەست و نەستی بینەرەکانیدا دروست بکات، ئەم کاریگەرییەیش بە ئامێرە نوێیەکان دروست نابێت، لەبەر ئەوە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ئامێرە دێرینە لەبیرکراوەکان یان خوڵقاندنی ئامێری تازە و تایبەت. ئەمە جگە لەوەی ئارتۆ ئامێرە مۆسیقییەکانیش وەک بەشێک لە سینۆگرافیا بۆ نمایشەکانی بەکار دەهێنێت. لەم ڕووەوە گوتوویەتی، (پێویستە ئامێرە مۆسیقییەکان هێندەی بارستە و جەستەی مرۆڤەکان گەورەبن) شانۆ لە لای ئارتۆ شانۆیەکی میتافیزیکییە و دوو ڕۆڵی گرینگی هەیە: چارەسەرکردن و سەرلەنوێ بونیادنانەوە، ئەم دوو چەمکەیش پەیوەندییەکی پتەو و میکانیزمییان بەیەکەوە هەیە. ئەو دیدەی، کە دەڵێت شانۆ بریتییە لە

ئاماژە و هێما میتافیزیکییەکان، هێندەی دیدی توندوتیژی بۆ ئارتۆ گرینگە، لە چەمکەکانی میتافیزیکەوە تێڕوانینە توندوتیژەکەی ئارتۆ گوزارشتی خۆی وەردەگرێت. لە یەکێک لە نامەکانیدا دەڵێت: (ئەگەر شانۆ هاوشانی ژیان بێت، ئەوا ژیان هاوشانێکی شانۆ ڕاستەقینەکەیە)، ئەو ژیانەی، کە میتافیزیک، تاعوون و توندوتیژی لەخۆدەگرێت. مرۆڤ ناتوانێت لەو تاعوونە ڕزگاری بێت، بەڵام دەکرێت بەو تاعوونە بسووتێت و بەرەو پاکژبوونەوە و چارەسەرکردن بچێت.

ئەگەر شانۆ لە ڕووی گەوهەرەوە لە تاعوون بچێت، لەبەر ئەوە نییە بڵاو دەبێتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی وەک تاعوون پەردە لەسەر نهێنییەکان هەڵدەماڵێت و ئەو گەوهەرە توندوتیژەی لە ناوەوەماندایە، کە هەموو هزرە گەندەڵەکانی کەسی تاک و میللەتێکی گرتووەتەوە، دەهاوێژێتە دەرەوە. شانۆ وەک تاعوون وایە، قەیرانێک دروست دەکات، بە چاکبوونەوە یان بە مردن کۆتایی دێت، تاعوون تەنگەژەیەکی وا دروست دەکات، نەخۆشییەکی وا بڵاو دەکاتەوە، کە لەدوای خۆیەوە لە مردن زیاتر هیچ شتێکی تر نامێنێتەوە؛ یان پاکژبوونەوەیەکی تەواو یاخود مردن. شانۆ وێنەیەک نییە لە واقیع، بەڵکو لە واقیع واقیعیترە و ئەوەمان پیشان دەدات، کە چۆن ژیان شانۆیەکی بێبەزەیی و توندوتیژە. شانۆی توندوتیژ بەم دیدە بارگاوی دەکەین: بینەران بە هەستیان بیربکەنەوە، ناکرێت سەرەتا لەگەڵ هزریدا بدوێن، وەک لە شانۆی ڕیالیزمی دەروونیی ئاساییدا هەیە. لەبەر ئەوە ئەم شانۆیە کار لەسەر ئەوە دەکات، کە ڕووبکاتە بینەرێکی گەورە و بەربڵاو و گەڕان بە دوای جووڵانی بینەراندا لە ڕێگەی ئەو شیعرەوە، کە لە هەندێک جەژن و بۆنە گەورەکاندا هەن، کە خەڵکی دەڕژێنێتە سەر شەقامەکان.

ئــارتۆ وا لە هەمــوو پەیوەنــدییەکانی مــرۆڤ تێگەیــشتووە، کە دیالۆگ و ململانێیەکی بەردەوامن. ئەگەر سەرنجی بابەتەکانی کتێبی (شـانۆ و هاوتـاکەی)یش بدەین، جۆرە پێکداچوون و تێکەڵاوکردنـی شتە جوودا و دژبەیەکەکانە: شـانۆ و ڕۆشـنبیری، شـانۆ و تـاعوون، شـانۆ و تونـدوتیژی، شـانۆ و کیمیـا، شـانۆی ڕۆژهەڵات و شـانۆی ڕۆژئـــــاوا، ڕیــــژی و میتافیزیــــک ... هتــــد ئەم پێگەیــــشتن و بەریەککەوتــنەیش چەنــدین فــۆرم و شــێواز لەخــۆ دەگرێــت، یــان چەمکەکــانی شــێواز و بنەمــا دیاریکراوەکــان، لەم بەریەککەوتــنەدا، فۆرمی تـر لەخـۆ دەگـرن و دەبـنە جـۆرە ململانـێ و کێشەی شـتە دژبەیەک و جیاوازەکــان، بــۆ نمــوونە لەنێــوان شــانۆ و کیمیــادا یەکەیەکی گەوهەری پڕ لە نهێنی هەیە؛ ئەگەر بە قووڵی لە شـانۆی ڕوانین، دەبینین هەروەک کیمیا بە چەند بنەمایەکی هاوبەشی نێوان هونەرەکــــانەوە پەیوەســــتە، بنەمــــایەک، کە لە بوارەکــــانی ڕۆح و ئەندێـشەدا لە پێکـداچوونێکی پـڕ لە بـزۆز و زینـدوودایە، هەر وەک چــۆن ئــاڵتوون لە بــوارە سروشــتییەکەدا دروســت دەکرێــت. ئــارتۆ هەمیشە، بۆ دۆزینەوەی چەمکە جیاوازەکـانیش گفتوگۆ و دیـالۆگ لەنێـوان ئەم توخمـانەدا دەکـات و لە هەمـوو بـار و ڕەوشەکانیـشدا دروســتبوونی ئەم جــۆرە دیالۆگــانە دیــدە شــانۆییەکان بەرەوپــێش دەبەن، لەبەر ئەوەی لایەنە دژبەیەکاکـــــــان لەم دۆخەدا دەبـــــــنە تەواوکەری یەکتری و شانۆیش دەبێتە پرۆسە و توخمێکی هاوبەش.

یەکێــک لە خــاڵە گرینگەکــانی ئەم کتێــبە و تێــزە ئێــستاتیکی و تێــڕوانینە فەلــسەفییەکانی ئــارتۆ، ڕووخــانی شــانۆ و ســەرلەنوێ بوونیادنانەوەی شانۆیە: ڕووخانی شانۆ سایکۆلۆژییە تەقلیدییەکەی ڕۆژئاوا و بوونیادنانەوەی لە ڕوانگەیەکی سەرەتایی و لە بنەماکـانی ڕیتواڵێکی ئەفسوونییەوە.

ئارتۆ دژی شانۆی ئەوروپییە، دژی لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی و ڕووداوە، دژی ڕێپۆرتــوارە، دژی شــانۆی ڕیــالیزمە، دژی وشــەیە. هەر لەم ڕوانـگەیەوە وشــە بە یەکێـک لە کارەسـاتە ڕاسـتەقینەکەی ســەر شــانۆ دەزانێــت و دەبێــتە کێــشەیەکی بەردەوام لەنێــوان هونەرمەنــد و ئامڕازەکانیــدا، هەر لەبەر ئەوەیــشە، کە پێویــستە شــێوازەکانی ئەم کێــشەیە بــدۆزینەوە و ســەیری قۆناغەکــانی بەرەوپێــشەوەچوونی بکەیــن. ئــارتۆ ئەوە دووپــات دەکــاتەوە، کە مەسەلەکە لابردنی وشـەی گوتراو نییە، بەڵکو گرینگیدانە بە وشـە، بەو شــێوەیەی لە خەونەکانمانــدایە، بە بەکارهێنــانێکی تــری وزەی وشــەیە لە پانتاییــدا و بەرجەســتەکردنیەتی لە شــیعری شــانۆدا. (دیالۆگ شتێکی نووسراو و گوتراوە، بە شێوەیەکی تایبەتی سەر بە شــانۆ نیــیە، پەیوەســتە بە کتێــبەوە، بەڵگەیــشمان ئەوەیە، کە لە دەستنووسـەکانی مێژووی ئەدەبدا ئەو جێگـەیەی بۆ شـانۆ تەرخـان دەکرێت، وەکو لقێکی لاوەکی لە مێژووی زمـانی ئاخاوتن تەماشـا دەکرێـت) ئـارتۆ هەمیـشە ئەوەی دووپـات کـردووەتەوە، کە دەبێـت بگەڕێن بەدوای ئامڕازی نوێدا بۆ نووسینی ئەم زمانە، هەروەهـا ئەم ئـامڕازانە لەگەڵ پانتـایی شـانۆ و مۆسـیقادا خـۆی بگونجێنێت، یـان جۆرێـک لە زمــانێکی ژمــارە بــۆ دانــان بەکاربهێنرێـت: ژمــارە بــۆ دانـانیش، وەک مۆسـیقا، لە ڕێگـەی ژمـارەوە سیستێمێک بـۆ پیت و دەستەواژەکان دادەنرێت. ئاتۆ زۆر جار لە نامەکانیدا بەچڕی باسـی پەیوەنـدییەکانی زمــان و ڕۆڵــی وشــە لەســەر شــانۆی ڕۆژئــاوا و شــانۆی ڕۆژهەڵاتــدا دەکــات و دیــدی خۆیــشی بــۆ بەکارهێنــان و داهێنانێکی تر و جیاوازی شیعرییەتی وشە لە شانۆیەکی میتافیزیکدا دەخــاتە ڕوو (بەهــۆی ئەو جــووڵە و هەڵوێــستانەی بەهــایەکی هێمائــامێز لەخــۆ دەگــرن، وەک ئەوەی لە هەنــدێک لە پــانتۆمیمە

نەشــێوێنراوەکاندا دەبینرێــت، کە دەڵــێم پــانتۆمیمی نەشــێوێنراو، مەبەسـت پـانتۆمیمی ڕاسـتەوخۆیە، کە جووڵەکـان لەجیـاتی ئەوەی ڕسـتەکان نمـایش بکەن، وەک چـۆن پـانتۆمیمی ئەورووپـی ئـێمە، کە تەمەنی تەنیا پەنجا ساڵێک دەبێت و تەنیـا شـێواندنی هەندێک لایەنی بێدەنگی کۆمێـدیای ئیتـاڵییە، ئەو کـارە دەکـات، دەبێـت بیرۆکەکـان، هەڵوێستەکانی هزر، ڕوخسارەکانی سروشـت بە شـێوەیەکی ڕاسـتی و کۆنکرێتی نمایش بکەن، واتا بەردەوام ئاماژە بـۆ شـتەکان بکەن و بـۆ وردەکـارییە سروشـتییەکان، وەک ئەو زمـانە ڕۆژهەڵاتیـیەی، کە بەهۆی درەختێکەوە، کە باڵندەیەکی لەسـەر هەڵنیشتووە و چـاوێکی داخستووە و خەریکە چـاوەکەی دیکەیـشی دادەخـات، نمایشی شـەو بکەن، هەروەهـا دەتوانرێت لە ڕێـی چەنـدین سـمبۆلی جۆراوجـۆری (تەورات)ەوە بیرۆکەیەکــی ئەبــستراکت یــان هەڵوێــستێکی هــزری نمـایش بکرێـت، بـۆ نمـوونە: (حوشـتر بە کـونی دەرزیـدا ناچێـت) ســـەرلەنوێ ڕۆنـــانەوەی شـــانۆیش بـــۆ ئەو، ڕۆنـــانەوەی ژیـــانە، بەدەسـتهێنانی زمـانێکی تایبەتمەنـدی شـانۆیەکی تـرە، کە جەسـتە، دەنگ و مۆسیقا باڵادەستن، شانۆکەی ئـارتۆ ئاهەنگێکی سیحرییە و نوێکردنەوەی بوونە لە ڕێگەی شانۆوە.

ئـارتۆ لە مانیڤستی شـانۆی تونـدوتیژدا دەڵێت: (جـگە لە زمـانی دەنگ، زمانی بینین، زمانی جووڵە و وەسـتان دێتە نـاوەوە، بەڵام بە مەرجێـک ماناکـانی و فـۆرمەکەی درێــژ ببــنەوە و بە شــێوەیەک کۆبکرێنەوە، کە ببنە ئاماژە. بە مانای ئەم ئاماژانە بکەینە جۆرێک لە پیتی ئەلف و بێ. هەر لەبەر ئەوەی شـانۆ پەی بەم زمـان و پانتـاییە بردووە، زمانی دەنگەکـان، هـاوار، ڕوونـاکی و ئەو وشـانەی لاسـایی دەنـگ دەکەنەوە، لەبەر ئەوە دەبێـت ڕێـک بخـرێنەوە، بە شـێوەیەک

کارەکتەر و شتەکان بکاتە سمبۆلی ڕاستەقینە و لەسەر هەموو ئاستەکان بەکاربهێنرێت).

ئارتۆ بەبۆنەی دامەزراندنی (شانۆی ئەلفرێد گارییەوە) دەڵێت: "ئێمە شانۆی ئەلفرێد گاریمان دامەزراندووە تا شانۆ سەربەستییە تەواو و سەراپاگیرییەکەی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، ئەو سەربەستییەی لە مۆسیقا، شیعر و هونەری وێنەکێشاندا هەیە، ئەو سەربەستییەی، کە تاکوو ئێستا و بە شێوەیەکی سەیر و بێمانا شانۆی لێی بێبەش کراوە"، ئەم هونەرمەندە تێڕوانینێکی دینامیکیی بۆ شانۆ هەبووە؛ گەڕانەوەی چەمکی شانۆ و گەڕانەوەی ئەو هێز و وزەیەی، کە لەدەستی داوە، ئەویش لە دیدی ئەوەوە، تەنها بە ڕووخانی شانۆ و ڕۆنانی شانۆیەکی تر بەدی دێت، بۆ نموونە ئارتۆ هەر لە سەرەتاوە بیرۆکەی تەختەی شانۆ و هۆڵی بینەران بە تەواوی وەلاوە دەنێت و لەبری ئەوە دەیەوێت پانتاییەکانی شانۆ و جێگەی دانیشتنی بینەران، بەبێ هیچ جۆرە بەربەستێک، بکات بەیەک شوێن، بەم شێوەیەیش دەبێتە شانۆی ڕووداوەکان و پەیوەندییە ڕاستەوخۆکەی نێوان بینەر و نمایش، ئەکتەر و بینەران دەگەڕێنێتەوە. لە ڕووی بەرزایشەوە، هۆڵەکە بە ڕاڕەو چواردەور دەدرێت، هەر وەک تابلۆی هونەرمەندە بەراییەکان، بە شێوەیەک ئەم ڕاڕەوانە لە کاتێکدا ڕووداوەکان بخوازێت ئەکتەر بتوانێت لە خاڵێکەوە بە ئاسانی بچێت بۆ خاڵێکی تر. وەک لەوەوبەریش گوتمان، هەموو جووڵەی ئەکتەرەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی ژمارەئامێز دەکرێت، واتا بە ژمارە دیاری دەکرێن، هەر وەک زمان، بەم شێوەیەیش هیچ جووڵانەوەیەک بزر نابێت و هەموو هەڵسوکەوت و جووڵە و وێنە شانۆییەکانیش پابەندی ڕیتمی خۆی دەبێت.

ئارتۆ لەم کتێبەدا، بە چەندین شێوە ڕاڤەی ڕەهەندەکانی چەمکی (توندوتیژی) دەکات و لەسەر چەندین ئاست دەیبەستێتەوە بە هێزی شـانۆکەیەوە، لەگەڵ ئەوەیـشدا خوێنـدنەوەی هەڵەی بـۆ کـراوە و هەمیـــشە بەســـتراوەتەوە بە بەرجەســـتەکردنی ســـادییەت و تونـدوتیژییەکی ڕاسـتەقینە لەسـەر شـانۆ. (دەکرێـت پێناسـەی توندوتیژییەکی تەواو، بەبێ پارچە پارچەبوونی گۆشت بکرێت، دوای ئەوە تونـدوتیژی، بە مانـا فەلـسەفییەکەی ئەم وشـەیە چییـە؟ لە تێڕوانینی هزرەوە، توندوتیژی مانای هێز دەگەیەنێت، پراکتیزەکردن و بڕیـارێکی بـێ پاشـگەزبوونەوە، پێـداگرییەکی ڕەهـا بە هەمـان ئاڕاستە. هەموو فەلسەفەیەکیش وێنەیەکە لە وێنەکانی توندوتیژی، ئەمەیش لە دیدگای بوونمانەوە). توندوتیژی مانا ڕووتەکەی، تەنها لە سادیزم و خوێن و ئەشکەنجەداندا نابینێتەوە، بەڵکو بۆ ئارتۆ تونـدوتیژی مانـای خـودگەراییەکی قـووڵ دەگەیەنێـت، مانـای تێگەیشتنێکی ترە لە ژیان و لە ئەزموونی مرۆڤایەتی و پەیوەندیی بە ڕووخـانێکی بێبەزەییـانەی واقیعـی ژیـانەوە هەیە. چەمکەکـانی توندوتیژی گوزارشت لەو کێشە کەونییە هەتاهەتاییەی نێوان مرۆڤ و جیهـان و سروشـتە، کە بەرجەسـتەیەکی ئەو کێـشە بەرایـیە بەردەوامەیە، مـرۆڤ و جیهـان تێـک دەشـکێنێت. هۆشـیاری، ڕەنـگە خوێناوییەکان دەبەخشێت بە هەمـوو کردە زیندووەکان، بەتـایبەتی، کە بەوە قایل بووین ژیان هەمیشە مانای مردنی کەسێک دەگەیەنێت، ئەمەیـش نە ئەرکـی لاسـاییکردنەوەی واقـیعە و نە شـیکردنەوەی دەروونـی و کـۆمەڵایەتییە، بەڵکـو پاشـماوەی ڕووداوە بەهێـز و ئەفسوونییەکانی خەونێکـی ترسـناکە، ئەو خەونەی ئـارتۆ بەردەوام باسی دەکات و دەیبەستێتەوە بە تیۆرەکانییەوە. ئارتۆ لە یەکێک لە نامەکانیـدا دەڵێـت: "دەکرێـت وێنـای تونـدوتیژییەکی چـڕ بکەیـن، کە

بەدەربێت لە هەموو جۆرە توندوتیژییەکی پڕ لە خوێن و لەتوپەتکردنی جەستە". لە نامەیەکی تریدا دەڵێت: "من وشەی توندوتیژی بە مانای خۆشەویستیی ژیان بەکار دەهێنم... بە مانای... گێژاوی ژیان، کە وشەکان هەڵ دەلووشێت، بە مانای ئەو ئازارەی، کە بەبێ ئەو ژیان ڕەوتی خۆی وەرناگرێت". توندوتیژی بۆ ئارتۆ تەقەلایەکی بەهێزە دژی چارەنووسی مرۆڤایەتی و شانۆیش وەکو ژوورێکی نەشتەرگەری وایە، کە لەژێر چارەسەری ئەو نەشتەرگەرییەدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئاستە تاریکەکانی ناوەوەی خۆت دەبێتەوە. (ددانی پێدا بنێن یان نا، بە هۆشیارییەوە بێت یان لە نەزانینەوە، بینەر هەمیشە لە واقیعدا لە ڕێگەی خۆشەویستی، تاوان، مادده هۆشبەرەکان، جەنگ و شۆڕشەکانەوە بەدوای ڕەوشە شاعیرییەکاندا، ئەو ڕەوشانەی پڕن لە ژیان، دەگەڕێت).

ئارتۆ لە تێروانینێکی فیکری و فەلسەفییەوە چەمکەکانی توندوتیژی دەبەستێتەوە بەو شانۆیەوە، کە خەونی پێوە دەبینی و زیاتر مەبەستی جۆرە دیقەت و سەرنجێکی ورد و بڕوایەکی پتەوی ڕەهایە بەو ئامڕازانەی، کە دونیا و مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگۆڕێت. هەروەها لەو بەشەیدا، کە تایبەتە بە (ڕیژی و میتافیزک) دەڵێت: "سەر شانۆ شوێنێکی فیزیکی و کۆنکرێتە، داوایشمان لێ دەکات پڕی بکەینەوە، بەشێوەیەک ، کە بە زمانە کۆنکرێتیەکەی خۆی بدوێت. ئەو زمانە کۆنکرێتییەی، کە ئاڕاستەی هەست و سۆزمان دەکات، کە سەربەخۆیە لە بەرامبەر ئاخاوتندا و دەبێت لە پێش هەموو شتێکەوە خواستی هەستەکانمان بهێنێتە دی. چۆن شیعرێک بۆ زمانی ئاخاوتن هەیە، شیعرێکیش بۆ هەستەکانمان". شانۆی توندوتیژی هەموو شتێک بەوپەڕی دیقەتەوە ئامادە دەکات و هەموو

شتێک لەسەر بنەماکانی پلانێکی وردەوە دادەڕێژرێت و بە هیچ شێوەیەک مێتودەکانی ڕاگوزاری بەکارناهێنێت.

لە سەرەتای ساڵانی سییەکاندا، باسی ئارتۆ وەک هونەرمەندێکی گەنج و جوان و بەتوانا دەکرا، مرۆڤێک هەڵگری دید و زمانێکی بەرز و کارەکتەرێکی بەهێز. لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیشیدا، هەموو ددانەکانی دەکەون، بەهۆی خراپی و کەمیی خواردنەوە بەتەواوی لەڕ و لاواز دەبێت و پێشوەخت پیر دەبێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک پشکۆی ئاگرەکەی ناوەوەی ناکوژێتەوە، بەتایبەتی زمانە بەرز و پڕ لە شیعرەکەی، کە لە کتێبی ڤان گۆگدا دەردەکەوێت. ئارتۆ لە ساڵی ١٩٤٧دا، ساڵێک بەر لە مردنی، سەردانی پێشانگەیەکی (ڤان گۆگ) ١٨٥٣–١٨٩٠ دەکات، پێشانگەکە سەرنجی زۆر ڕادەکێشێت، بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا گوتارێکی ڕەخنەیی خراپ لەسەر ئەم پێشانگەیە دەخوێندێتەوە، ئەمەیش وای لێ دەکات لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڤان گۆگ بنووسێت و لە پایزی هەمان ساڵدا لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (ڤان گۆگ خۆکوژ بە دەستی کۆمەڵ) بڵاوی بکاتەوە. ئەم کتێبە دەبێتە جێگەی سەرنج و پاداشتی Saint-Beuve وەردەگرێت. ئارتۆ خۆی لە ڤان گۆگدا دەبینێتەوە و ئازار و ژانەکانی ڤان گۆگ دەبێتە ئازار و ژانەکانی خۆی؛ تابلۆ و شانۆ پێناسەیەکی هونەریی دوو بلیمەت دەخاتە ڕوو، کە کۆمەڵ و دامودەزگا کۆمەڵایەتی، هونەری و سیاسییەکانی شارستانییەتی ئەوروپا تێکی شکاندوون و بەتەواوی پەراوێزی خستوون.

ئارتۆ لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٤٧دا، واتە بە ساڵێک بەر لە مردنی، دوا نمایشی خۆی بۆ بینەران پێشکەش دەکات، لەم نمایشەدا ئارتۆیەکی ماندوو، پیر، تێکشکاو، نەخۆش، بەڵام بە ئەزموون و جەستەیەکی شانۆیی و پڕ لە جووڵە قسە بۆ بینەرەکانی دەکات:

(ئـێمه هێـشتا لەدایـک نەبـووین. ئـێمه هێـشتا نەهـاتووینەتە دونیـاوە. هێشتا هیچ دونیایەک نییە. هێشتا هیچ شتێک نەخوڵقاوە. هۆکارەکانی بوون و دروستبوون هێشتا نەدۆزراونەتەوە). نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی (ئەندریێ جید) ١٨٦٩-١٩٥١ ئامادەی ئەم نمایشە دەبێت و کارێکی زۆری تێ دەکات و بە هەستێکی پڕ لە ژان و هەڵچوونەوە لە هـۆڵەکە چـووەتە دەرەوە. ئەم نمایـشە لە لایەن ئێـزگەی ڕادیـۆی فەڕەنسییەوە تۆمـار دەکرێت، بەڵام تـا ئـارتۆ خـۆی لە ژیانـدا بـووە، پەخش نەکراوە.

ئارتۆ بەرەبەیانی ١٩٤٨/٣/٤ لە ژوورەکەی خۆیدا بە مردوویی لە بەردەم چرپـای نووسـتنەکەیدا، لەسـەر ئەرزەکە بە دانیـشتنەوە، کە تاکێک لە پێڵاوەکانی بە دەستەوەیە، دەدۆزرێتەوە. بەم شـێوەیەیش ئەفسانەی ئەنتۆنین ئارتۆ کۆتایی پێ دێت.

ئارتۆ کێ بـوو: بلیمەتێک، شـاعیر، ئەکتەرێکی شـێت، ئوسـتادێک، کە کەس لێـی تێنەگەیـشت... هتـد. ئەم پـارچە شـیعرەی ئـارتۆ خـۆی لەوانەیە وەڵامێکی ئەو پرسیارە بێت، (ئارتۆ کێ بوو؟)

من کێم؟
من لە کوێوە هاتووم؟
من ئەنتۆنین ئارتۆم
من ئەوە دەڵێم
کە دەزانم ئەوە بڵێم:
هەر ئێستا
ئێوە ئەم جەستەیەی ئێستام دەبینن
هەپروون بە هەپروون دەفرێت
لەژێر دە هەزار ڕوانگەی
زۆر ئاشنادا

خۆی ڕۆدەنێتەوە
جەستەیەکی نوێ
کە ئێوە هەرگیز
جارێکی تر
منتان لەبیر ناچێتەوە

لە سالانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، بنەما تیۆرییەکانی شانۆی توندوتیژ و دیما ڕادیکاڵەکانی ئارتۆ لە بەریتانیا و ئەمەریکا و پۆلۆنیا جێگەی خۆیان دەکەنەوە و لە تیۆرییەوە دەبنە پراکتیک و چەمکێکی بەرجەستەکراو، هەروەها پیتەر بروک لە زیندووکردنەوە و بەرجەستەکردنی شانۆی توندوتیژ و سەرلەنوێ ناساندنی ئارتۆ بە شانۆی هاوچەرخ و مودێرنی جیهانی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە، بەتایبەتی بە خوێندنەوە هۆشیار و دیدە شانۆییە کردەییەکەی بۆ کتێبی (شانۆ و هاوتاکەی) دەرگایەکی بەرین بە ڕووی شانۆی توندوتیژ و ئارتۆدا دەکاتەوە. بروک لە سەرەتای شەستەکاندا، هەوڵی دەستەبەرکردنی شانۆیەکی میتافیزیکیی دا و لە بەکارهێنانی تووخمەکانی جەستە و پانتایی شانۆ و شانۆیەکی فیزیکییەوە، لە دید و خەونەکانی ئارتۆ نزیک دەبێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەیش ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی گەنجدا ستۆدیۆیەک بە ناوی شانۆی توندوتیژەوە دەکاتەوە و دواتریش لە کتێبەکانیشیدا (پانتایی بۆش) و (خاڵی وەرچەرخان) باسی دەکات. کە بروک نمایشی مارا-سادیش لە ساڵی ١٩٦٤دا پێشکەش دەکات، دەبێتە ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای شانۆی توندوتیژ و لەژێر ئەو کاریگەرییەدا کار دەکات.

**سەرچاوەکان**

١- المسرح و قرينه، آنتونان آرتو، ترجمه، الدکتوره ساميه أسعد، ١٩٧٣ القاهره

٢- شانۆی توندوتیژ لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، دانا ڕەئووف، سلێمانی ١٩٨٨

3- Tjader, Per Arne, Fruktan, medkensla och kritisk distans, 2000

4- Tjader, Per Arne, Uppfostran, Underhallning, Uppror, En vesterlendsk teaterhistoria, 2008

5- Antonin Artaud, liv och verk, en kronologi av Per Verner-Carlsson.

6- Percival, Artaud, Beckett, Blake. Essaer och tolkningar. Carlssons, 1992

هەروەها لە هەندێک شوێندا و بۆ نموونەهێنانەوە لە بەشەکانی (شانۆ و هاوتاکەی) ئارتۆ، سوودم لە بەشێک لە دەستنووسی وەرگێڕانەکەی مستەفا قەسیم، بە دەسکارییەوە بۆ ئەم کتێبە وەرگرتووە.



# بەشی حەوتەم
# بەرەو شانۆیەکی هەژار

به درێژایــی مێــژوو ڕامــان له ئەکــتەر، ســتایلەکانی، هــونەری نوانـدن، تەکنیـک و ماناکـانی، به شـێوەیەک گۆڕانکارییـان بەسـەردا هاتووه، که گوزارشت له خودی گۆڕانکارییەکانی شانۆ و ڕۆڵی له کۆمەڵــدا دەکــات. هەر لەم ڕووەیــشەوه گرینگیــدان به مەســەله تیۆرەکــانی درامــا و بەهاکــانی ئەکــتەریش گۆڕانکــاریی گەورەی بەخۆیەوه دیوه.

جێـرزی گرۆتۆڤـسکی ۱۹۳۳-۱۹۹۹ لـه پـەنجـا و شـەستەکـانی سـەدەی ڕابـردوودا، گۆڕانکارییـەکـی سـەراپاگیری له سـتراکتوری شـانۆی جیهانیـدا دەکـات و به قـووڵی کـار له تەکنیـک و هـونەری نوانــدن و ئەکــتەردا دەکــات. هەمــوو تیــۆره شانۆییەکەیــشی له ئەکـتەرەوه دەسـت پێـدەکات: "به لابردنـی هەمـوو ئەو شـتانەی، که لەسـەر شـانۆ پێویـست نـین، هەسـتمان کـرد دەکرێـت شـانۆ بەبـێ ئارایشت، بەبێ جلوبەرگ و سینۆگرافیا و بەبێ ڕووناکی و ئامرازه دەنگییەکان... هتد بژی، بەڵام ناتوانێت بەبێ پەیوەندییەکی بەردەوام و ڕاســتەوخۆی نێــوان ئەکــتەر و بیــنەر بــژی"، کەواته کرۆکــی هەوڵەکانی ئەم هونەرمەنده له گەشەکردنی تواناکانی ئەکتەردا چڕ دەبنەوه و ئەم کـارەیش به پرۆسـەیەکی چڕ و گرانـدا تێدەپەڕێت و پەرده لەسـەر بنەمـا قووڵ و شـانه گرینگەکـانی مرۆڤ هەڵدەماڵێت. دەبێت ئەکتەر ڕۆڵەکەی وەک ئامرازێک بۆ لێکۆڵینەوەی شتگەلێک، که لەپـشت دەمامکەکـانی ژیـانی ڕۆژانەمـانەوه هەن، بەکاربهێنێـت. گرۆتۆڤـسکی ئامــاژه بـۆ ئەوه دەکــات، که ئەکـتەر دەبێـت بەدوای ڕاستییەکانی خۆیدا بگەڕێت و دەمامکەکانی سیمای خۆی بدڕێنێت. ئەرکی ئەکتەر لابـردن و سـڕینەوەی کلێشه سـواوەکان و تەکنـیکه حازربەدەسـتەکان و هەمـوو ئەو ڕەفتـارانەیه، که بەدرێژایـی ژیـانی ڕۆژانەیـدا بـوونەته نەریـت و ڕەفتــاری کەسـێنی و ڕەنـگه وەکـو

حاڵەتێکی ناهونەری و ناهەموار، لە پرۆسێسی نواندندا دەرکەون. دیارە هەموو ئەمانە، وەکو ئاڕاستەیەکی دژ، بەرەنگاری ئەکتەر و شێوەی بەکارهێنانی جەستەی دەبنەوە، بۆیە جەستە دەبێت لە هەموو بەرەنگاریکردنێک ڕزگاربکرێت، لە پێش هەموو شتێکیشەوە لە کردارە فیزیکییە هەستییەکانەوە. ئەکتەر ڕەوش و کلێشە و شتی ئامادە لە خۆیدا کۆناکاتەوە، بەڵکو پێویستە ڕێگری لە ئامادەبوونیان بکات.

گرۆتۆڤسکی ئەکتەر بە (سێکولارێکی پیرۆز) ناوزەد دەکات، کە دەبێت بە تەواوی خۆی بدات بە دەست هونەرەکەیەوە و قوربانی بە هەموو ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە کەسێتیانە بدات، کە لە ناخیدا بنجبەست بوون. ئەم قوربانیدانەیش لە لای گرۆتۆڤسکی جۆرە خۆڕادەستکردنێکە، کە دەگاتە ئاستەکانی توانەوەی خود، واتە بەتاڵکردنیی خود لە ڕەفتار و سایکۆلۆژیای کەسێتی بە مەبەستی دووبارە بنیادنانەوەیان. دیارە مرۆڤ چەندە بە ناوەوەی خۆیدا شۆڕبێتەوە، هێندە تواناکانی بەسەر گوزارشتە دەرەکییەکاندا زاڵ دەبێت.

شانۆ دەبێت سنوورەکانی خۆی بزانێت. با شانۆ لە باری ئابوورییەوە وەکو سینەما دەوڵەمەند نەبێت، وەکو تەلەفزیۆن بەمەسرەف و دەستبڵاو نەبێت، با لەوان هەژارتر بێت، با لە باری تەکنیکەوە نەبێتە جێگەی سەرنج و سەرسوڕمان، بەڵام ئەوەی، بەدەر لەمانە، بۆ شانۆ دەمێنێتەوە و گرینگە، ئەکتەرە، "ئەکتەرێکی پیرۆز" لە شانۆیەکی هەژاردا، بێگومان بە مانا دینییەکەی نا. شانۆ بە ئەکتەر دەوڵەمەند و باڵادەست و دەستبڵاو و پڕ بەخشش دەبێت، ئەم مەسەلەیەیش تەنها ئەکتەر ناگرێتەوە، بەڵکو تایبەتە بە بینەرانیش؛ بینەران لەوە دەگەن، کە ئەوان بۆ ئەوە لەو شوێنەن تا

وەک ئەکتەرەکان قوربانی بدەن و ئەو ئامادەییەشیان تێدا بێت لە دەروونەوە خۆیان ئاوەژوو بکەنەوە و بتوانن بە هەمان پرۆسەدا بڕۆن. ئەگەر برێشت لە پرۆسە شانۆییەکەیدا گرینگیی بە هاندانی بینەرەکانی دابێت، ئەوا گرۆتۆڤسکی گرینگیی بەوە داوە، کە لەسەر ئاستێکی قووڵ بینەران تووشی خورپە و حەپەسان بکات، هەر لەبەر ئەوەیشە گرۆتۆڤسکی پێویستی بە بینەرێکی تایبەتمەند و دەستەبژێرە؛ کە پێداویستییەکی ڕۆحیی قووڵی هەبێت، بەڕاستی ئەو ئامادەییەی تیادابێت، لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم نمایشەوە دەروونی خۆی شیبکاتەوە. ئەو ڕووبەڕووبوونەوە فیزیکییەی ئەکتەر و بینەر ڕۆڵێکی گرینگ لە ئاسانکاریی پرۆسەی شیکاری دەروونی بە کۆمەڵ و هەرەوەزی دەبێت. زۆرجار ئەمەیش ناڕەزایی بینەرانی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئێمەی مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی ئەوەداین، کە ڕاستیی کەسایەتی و دەروونی خۆمان نەک لە دونیای دەرەوە، بەڵکو لە خودی خۆشمانی بشارینەوە.

شانۆ لە لای گرۆتۆڤسکی بەبێ (دەق)یش دەژی، مێژووی شانۆیش ئەمە دووپات دەکاتەوە، دەق دوا توخمە هاتووەتە ناو پرۆسەی شانۆوە، بەڵام شانۆ بەبێ ئەکتەر ناژی. ئەو پێناسەی شانۆ بەم شێوەیە دەکات (ئەوەی لەنێوان بینەران و ئەکتەردا ڕوودەدات)، هەروەها بنەمای شانۆ و ستراکتورە گشتییەکەیشی هەر ئەکتەرە: ئەوەی دەیکات و ئەوەی بۆی جێبەجێ دەکرێت. هەر لەم ڕووەوە، هونەری نواندن لە لای گرۆتۆڤسکی زیاتر لە پەیکەرتاشییەوە نزیکە، نەک وێنەگرتنەوە. وێنەگرتن گوێزانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە، بەڵام پەیکەرتاشی گەڕانە بەدوای ئەو شتەی لەپشت فۆرمەکەوە خۆی شاردووەتەوە و شێواز و فۆرمەکە لەناو پارچە بەردەکەدایە و پەیکەرتاشەکە دەیدۆزێتەوە. لای پەیکەرتاش هەموو

بیـرۆکەکە لە پەیـکەرەکەدا بەرجەسـتە دەبێـت، لای ئەکـتەریش دەق ئەوەیە، کە لە جەسـتەی ئەکتەردا بەرجەسـتە دەبێت. نابێت ئەکتەر خۆی لەپشت ڕۆڵەکەیەوە حەشار بدات، هەروەها ڕۆڵەکەیش لەپشت ئەکـتەرەوە. ڕۆڵ تەنهـا ئـامڕازێکە ئەکـتەر جـووڵەی ئەنـدامەکانی جەسـتەی پـێ دروسـت دەکـات و بەهـۆی ڕۆڵەکەیەوە شـرۆڤەی کـارەکتەرەکەی دەکـات، بەم شـێوەیەیش پەیوەنـدییەکانی خـۆی بەوانیترەوە ڕۆدەنێتەوە. ئەگەر ئەکتەر تەنها بە ڕاڤەکردنی ڕۆڵ قایل ببێت، ئەوە دەزانێت لە کوێدا دەبێت دابنیشێت و لە کوێدا بگـری. گرۆتۆڤسکی بە ئاگـاییەوە پێداگری لەوە دەکـات، کە ئەکتەرەکـانی پرۆسـە ڕۆحـی و دەروونییە قووڵەکانی خۆیـان بـۆ بینەران نمـایش دەکەن، لە ڕێگـەی چەنـدین سـاڵەی مەشـق و تەکنیکێکـی ڕێکخـراوی جەستەوە، ئەکتەر دەگاتە ئاستی پێگەیشتنی هۆشیاری و یەکگرتنی ئـامڕازە گوزارشـتئامێزەکانی، بە شـێوەیەک، کە بەتەواوی لە کـاتی نمایـشەکاندا، بە هەمـوو تایبەتمەنـدییەکانییەوە و لە قـووڵاوییەوە بکرێتەوە. گرۆتۆڤسکی دەڵێت (من گرینگی بە ئەکتەر دەدەم، لەبەر ئەوەی مـرۆڤە: ئەمەیـش دوو خـاڵ لەخـۆ دەگرێـت، یەکەم بەیەکگەیشتنم لەگەڵ مرۆڤێکی تردا، دەبێتە هـۆی بەریەککەوتنێک لە ڕووی هەست و هۆش و تێگەیشتنی یەکترەوە، بێگومان بەرئەنجامی ئەم بەریەککەوتـنە لەگەڵ مرۆڤێکـی تـر و هەوڵـدان بـۆ تێگەیـشتنی یەکتـری: بە کـورتی شـکاندنی تەنهـایی و دابڕانمـانە. دووهەمیـشیان تەقەلای مـرۆڤە بـۆ تێگەیشتنی خـۆی، لە ڕوانـگەی کەسێکی تـرەوە، ئەمەیـش بە مانـای بەرجەسـتەکردنی خـودی خـۆمە لە دەروونـی کەسێکی تردا).

گرۆتۆڤسکی لـەو دیـد و ڕوانگـەیـەوە لێکۆڵینـەوە قووڵـەکـانی دەست پێدەکات و بۆ ئەو مەبەستەیش گرووپێکی ئـەزموونگـەری لـە

پۆڵۆنیـا دادەمــەزرێنێـت. ســەرەتـای چالاکییــە شــانۆییەکانیـشی دەگـەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٥٩، هـەر لـەم سـاڵەدا و بـە هاریکـاریی دراماــاتۆرگ (لودویــک فــلازون) شــانۆی تاقیگــە Theatre Laboratorium دادەمەزرێنن.

گرۆتۆڤسکی دوای سێ ساڵ لە نمایشکردنی شانۆی کلاسیکی و شــانۆیەکـی تـەقلیـدی، گۆڕانکارییـەکـی گـەورە لـە بیـروبۆچوونـە شانۆییەکانیدا ڕوودەدات و دەکەوێتە لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریانەی کاری ئەکتەر و هونەری نواندن. هەر دوای ئەم قۆناغە نمایشەکانیان زۆر کـەم دەبێتـەوە و لەبری ئەوە کـارەکانیـان شـێواز و فـۆرمێکی لابورئاســا لــەخــۆ دەگرێـت. شــانۆ تــاقیگەییەکەی گرۆتۆڤـسکی، شانۆیەکی ئاسایی نابێت، بەڵکو چەمکێکی مۆدێرنی شانۆ/ستۆدیۆیە، کە بنەمـا ئەزموونگەرییەکـانی شـانۆ و پرۆسـەی کـاری شـانۆ تیـادا، دەبێتە کار و مەشقێکی ڕۆژانە. ئەگەر شانۆ/ستۆدیۆکەی مایرهۆڵد و دواتریش ڤاختـانکۆف بە مەبەستی دامەزراندن و دروستکردن و دۆزینەوەی شانۆیەکی نوێ بووبێت، ئەوە لە لای گرۆتۆڤسکی شانۆ تاقیگەیەکەی جۆرێک بووە لە ژیان. ئەو چەند نمایشەی گرۆتۆڤسکی پێــشکەشی کــردوون، کە لە پەنجەکــانی یەک دەســت تێناپەڕێــت، بەرهەمێکـی تەواو و پرۆژەیەکـی تەواوکـراو نەبـوون، بەڵکـو زیـاتر پرۆســـەیەکی بەردەوامـــی ئەو نمایـــشانە بـــوون، کە بەردەوام لە گۆڕانکاریـــدا بـــوون. لەگەڵ ئەوەیـــشدا ئەو نمایـــشانە بـــوونەتە ئامــاژەیەکی گەورە لە مێـژووی شــانۆی ئەڤانگــارددا. مـرۆڤ لــەو تاقیکردنــەوە گـرانەدا، ســەرچـاوەیـەکـی فـرە مــەزنــە، هاوکێـشەی تێکەڵبوونی نێوان ئەکتەر و بینـەرە، بینـەران دەبنـە بەشـێکی گرینگی ئــەو ڕیتــواڵ و مــەشــقە. ئەکـتـەر لەم شــانۆیەدا بەهــۆی دەنــگ و جــووڵەوە گوزارشــت لەو هۆکــارانە دەکــات، کە لەنێــوان خەون و

ڕاستیدا دەجوولێنەوە، بەپێی ئەم پرنسیپە ئەکتەر دەبێت بتوانێت زمانێکی دەروونی/شیکاری تایبەتمەند بەخۆی بونیاد بنێت، ئەو زمانەیش زمانی دەنگ و جوولەیە، هەر وەک ئەوەی چۆن شاعیرە گەورەکان زمانێکی گەردوونی و تایبەتمەندی خۆیان بە وشە ڕۆدەنێن.

گرۆتۆڤسکی ڕۆڵی کارەکتەرە شانۆییەکان بە شێوەیەک ڕۆ دەنێت، کە دەبێتە سیستێمێک لە ئاماژە و لە ڕێگەی ئەم ئاماژانەیشەوە هەوڵی ئەوە دەدات پەردە لە ڕووی ئەو شتانە هەڵماڵێت، کە لە پشت دەمامکە ماددییەکانەوە حەشار دراون. لە ساتە پڕ لە ترسەکاندا، لەو کاتانەی مەترسییە گەورەکان ڕووبەڕووت دەبنەوە، لە کاتی خۆشییە بێسنوورەکاندا، مرۆڤ ڕێگە ئاسایی و سروشتییەکان ناگرێتەربەر، بەڵکو لە ڕەوشە ڕۆحییە بەرزەکاندا سیستێمێک لە ئاماژەکان بەپێی ڕیتمێکی تایبەتی بەکار دەهێنێت، دوای ئەوە دەکەوێتە سەما و گۆرانی، کە دەبێتە بنەما و ستراکتورە سەرەکییەکە، بۆ گوزارشتکردن، ئاماژەیش لێرەدا، مەبەست لە جوولانەوە ئاساییەکان نییە، بەڵکو ئاماژە بەپێی چەمک و دیمای گرۆتۆڤسکی بریتییە لە پەرچەکرداری مرۆڤ، پەرچەکردارێکی پاک و دوور لە هەموو جۆرە وردەکارییەکەوە، کە هیچ گرینگییەکیان نییە و لەم سیستێمەیشدا هەموو جوولەیەکی ئەکتەر بە ئاماژە هەژمار دەکرێت. ئەگەر پێناسەیەکی زیاتر ڕاستەوخۆیشی بۆ بکەین، ئەوا دەڵێین، کە هیچ ئاماژەیەک بەبێ دەرککردن نییە.

لە شانۆی هەژاردا، دەبێت ئەکتەر دەمامکێک بە جومگەکانی دەموچاوی بۆ سیمای خۆی و چەندین کارەکتەری جیاوازیش بە جەستەی دروست بکات، بەم شێوەیەیش بوونەوەرێکی چڕی چەند

ڕەگی دەخوڵقێنێت، کە بە چەندین دەنگی جیاواز دەورەکەی خۆی بەرجەستە دەکات. ئەکتەر بە شێوە جیاوازەکانی جەستە دەرگا بۆ دژە کرداری جوودایش دەکاتەوە، کە زۆر جار وا لە کارەکتەری شانۆنامەکەیش دەکات هەموو سیماکانی خۆی لەدەست بدات، لە بەرئەنجامی ئەم پرۆسەیەشدا ئەکتەرەکان دەبنە شێوازێکی پڕ لە بزاوت، کە گوزارشت لە ڕەگەزی هەموو مرۆڤایەتی دەکەن. هەروەها گرۆتۆڤسکی تەکنیکێکی تریش بۆ ڕووناککردنەوەی بنەماکانی ئەودیو ئاماژەکان، کە لەسەر بنەما دژ و جیاوازییەکاندا ڕۆنراوە، بۆ نموونە لەنێوان جووڵە و دەنگ، دەنگ و وشە، وشە و هزر، ئامراز و کردار... هتد بەکار دەهێنێت. گرۆتۆڤسکی باسی ڕەوشێکی گەلێک تایبەت لەنێوان خۆی و ئەکتەرەکانیدا دەکات و دەڵێت: (شتێکی تایبەتی و هاودەم لە کاری من و ئەکتەرەکانمدا هەیە، کە ناکرێت بە هیچ شتێک بەراورد بکرێت، ئەویش ئەوەیە، کە خۆیم ڕادەست دەکات. دەبێت ئەم ئەکتەرە زیندوو، بڕوا بەخۆ و سەربەست بێت، لەبەر ئەوەی کارەکەمان دۆزینەوەی تواناکانە تا ئاستی کۆتا، گەشەی ئەکتەریش لە بنەماکانی دیقەت و سەرسوڕمان و ئامادەیی بۆ دەستگیرۆیی و گەشە هاوبەشەکەمانە و بەمەیش (من)ە ناوەکییەکانمان زیندوو دەکاتەوە. ئەم مەشقانە بەتەواوی بە ڕووی ئەویتردا دەمانکاتەوە، ئەمەیش ئەو ڕەوشەمان بۆ دەخوڵقێنێت، کە (پێکەوە و بە هاوبەشی لەدایک بینەوە) ئەکتەر سەرلەنوێ لەدایک دەبێتەوە – وەک ئەکتەر نا، بەڵکو وەک مرۆڤ-منیش سەرلەنوێ لەگەڵیدا لەدایک دەبمەوە. ئەوەی لەم ڕەوشەدا بە ئەنجام دەگات، قایلبوون و وەرگرتنێکی تەواوی مرۆڤە لە لایەن مرۆڤێکی ترەوە).

گرۆتۆڤسکی ڕاڤە و چارەسەرێکی ئەدەبی بۆ نمایش و مەشقەکانی ناکات، ئەو دەڵێت (بواری کاری من ئەفراندنی شانۆیە. من خوڵقێنەری شانۆم، ئەوەی بەلای منەوە گرینگە وشەکان نین، بەڵکو چی بەم وشانە بەرهەم دەهێنین). هیچ ڕێسا و بنەمایەکی جێگیر و سیستێمێک بۆ هیچ شتێک نییە، هەموو شتێکیش هەر لەڕێگەی جەستەوە دەبێت، ئەمەیش شتێکی بنەما و سەرەکییە. دەبێت جەستە پەرچەکرداری بۆ هەموو ئەو شتانە هەبێت، کە کارمان تێدەکات. کاردانەوەی جەستەیش لە پێش کاردانەوەی دەنگەوە دەبێت. (ئەگەر دەتەوێت بیربکەیتەوە، بە جەستەت بیربکەرەوە). ڕۆژنامەنووسێک لە گرۆتۆڤسکی دەپرسێت، کە فەلسەفە هونەرییەکەی چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت (هەمیشە فەلسەفە لەدوای تەکنیکەوە دێت. پێم بڵێ، تۆ بە پێ دەڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە یان بە هزرت؟).

گرۆتۆڤسکی لە زۆربەی مەشقەکانیدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: سەرەتا جەستە، دوای ئەوە دەنگ دێت. شانۆی هەژار دژی ئەو شانۆیە دەوەستێتەوە، کە دەڵێت شانۆ بریتییە لە کۆمەڵێک بواری ئەفراندنی جیاواز: ئەدەب، وێنە، خانووبەرە، ڕووناکی و نواندنێک لەژێر چاودێریی ڕێژیسۆردا. گرۆتۆڤسکی ئەم شانۆیە بە شانۆی هاوچەرخ ناوزەد دەکات و دەڵێت (ئێمە بەبێ هیچ دوودڵییەک بە شانۆیەکی دەوڵەمەند ئاماژەی بۆ دەکەین، دەوڵەمەند بە کەموکوڕی و هەڵەکانی). کارەکانی گرۆتۆڤسکی دوو سیما لەخۆدەگرن: لە لایەکەوە سیمایەکی ئێستاتیکی هۆشیاریی مرۆڤی ئەفرێنەر و لە لایەکی تریشەوە گەڕان و پشکنینێکی زانستی سەبارەت بە تەکنیکی ئەکتەر. گرۆتۆڤسکی لە ڕێگەی ئەزموونە کردەیی و مەشقە گران و پرۆسە چڕە شانۆییەکانییەوە، بەدوای وەڵامی پرسیارگەلێکدا گەڕاوە

(بەدوای وەڵامــی ئەو پرســیارانەدا دەگەڕێــم، کە هەر لە ســەرەتای شەستەکانەوە ورووژاندوومن: شانۆ چییە؟ چ شتێک جیای دەکاتەوە لە هونەرەکانی ترەوە؟ ئەو شتە چییە، کە شانۆ دەتوانێت پێشکەشی بکـات، بەڵام ســینەما و تەلەفزیــۆن نــاتوانن؟ بــۆ وەڵامــدانەوەی ئەم پرسیارانەیش گەیشتمە دید و دیمای تـایبەتیم؛ کە بـریتییە لە شـانۆی هەژار، نواندن بە شێوەیەک، وەک کردارێک لە کردارەکانی دۆزینەوە و پەردەهەڵماڵین بێت، کە توانای جێگۆڕکێی هەبێت).

بینەریش لەم شانۆیەدا، بەپێی هیچ جۆرە پاشخانێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیری و ئـابووری دیـاری ناکرێـت؛ دەکرێـت کرێکارێـک بـۆ گرۆتۆڤــسکی، کە هــیچ بڕوانــامەیەکی نیــیە، ئامــادەییەکی تەواوی دەروونــی و ڕووبەڕووبــوونەوەیەکی ڕۆحیــی لەگەڵ ئەکتەرەکانیـدا هەبێت، بەڵام مامۆستایەکی زانکۆ، دکتـۆرێکی شـانۆ، پرۆفیسـۆرێکی زانستە شانۆیی و دەروونییەکان هیچ کاردانەوەیەکی نەبێت و وەک جەســتەیەکی مــردوو دابنیــشێت. (دەبێــت ئەوە هەر لە ســەرەتاوە ئاشـکرا بێت، کە هەمـوو بینەرێک بەلای ئێمەوە گرینگ نییە، بەڵکو بینەرێکی هەڵبژاردە و تایبەتیمان دەوێت)

گرۆتۆڤـسکی تەکنیکـی تەخـتەی شـانۆ و شـوێنی نمایـشەکان وەلاوە دەنێت: لەگەڵ هەمـوو پرۆژە و نمایشێکی نوێدا، گۆڕانکـاری لە جوگرافیــا و شــوێنی ئەکــتەر و بینەرانــدا کــردووە و هەردەم شوێنێکی نوێی بۆ ئەکتەر و بینەرەکانی، بە شـێوەیەکی وا ڕۆنـاوە، کە هاوجۆری و پەیوەندییەکی بێسنوور لەنێوانیاندا دروست بکـات؛ بەمەیـش پانتـاییەکی فـرە مەودا لە پەیوەنـدییەکانی نێـوان نمـایش و جێگــەی بیــنەران، ئەکـتەر و بینەرانـدا دەکـرێنەوە (ئـێمە لە هەمـوو بەرهەمێکمانــدا، پەیوەنــدییەکی تــازە لەنێــوان ئەکــتەر و بینەرانــدا دروست دەکەین، ئەم پەیوەندییەیش لە پرۆژەیەکەوە بۆ پرۆژەیەکی

تر دەگورێت). دەکرێت ئەکتەرەکان لە نێوەڕاستی بینەراندا نمایشەکە پێشکەش بکەن، هەروەها دەکرێت ئەکتەر لەنێو بینەرەکانیدا، ئامرازەکانی خۆی بەکار بهێنێت و بەشەکانی سینۆگرافیاکەی ڕێک بخات، بەم شێوەیەیش بینەران دەخەنە نێو خانووبەرەی ڕووداوەکانیانەوە. هەندێک جار ئەکتەرەکان بە دیوارێکی بەرز لە بینەران دادەبڕێت، بینەرانیش لە پشت دیوارەکەوە و بە بەرزاییەکەوە دادەنیشن و تەنها سەریان بە دەرەوەیە و لە سەرەوە دەڕواننە خوارەوە بۆ شوێنی نواندنەکە. بەم شێوەیەیش بینەران لەو بەرزاییەوە، وەک ئەوەی سەیری ئاژەڵەکانی نێو باخچەیەکی ئاژەڵان، یان وەک قوتابیانی پزیشکی وان، کە لە بەرزاییەکەوە دەڕواننە نەشتەرگەرییەک. هەندێک جار هەموو هۆڵەکەی بە کراوەیی و وەک شوێنێک بەکار هێناوە: ژووری نانخوارن لە دێرێکدا، کە فاوست دوا شێوی خۆی پێشکەش دەکات و بینەران بانگهێشت کراون و بە دەوری مێزێکی درێژی ئێجگار گەورەدا دادەنیشن. ئەوەی لەم پرۆسەیەدا گرینگە دۆزینەوەی شێوازێکی خوازراوی پەیوەندییەکانی نێوان بینەران و ئەکتەرە و دواتریش بەرجەستەکردنی ئەم شێوازانەیە بە ئامرازە فیزیکییەکانەوە.

گرۆتۆڤسکی بە پلەی یەکەم لە دۆزینەوە و بەکارهێنانی شوێنی جیاوازدا مەبەستی ئەوە بووە، کە هەمیشە ئەو ژوورەی نمایشی تیا کراوە، لە بینەرانەوە نزیک بێت. هەموو کارێکیش لە کارە ئەفسوونییەکانی ئەکتەر، کە بینەران ناتوانن لاسایی بکەنەوە، دەبێتە شتێکی مەزن. لەبەر ئەوە دەبێت بە لابردنی تەختە تەقلیدییەکەی شانۆ ئەو سنوورە دەستکردەی نێوان ئەکتەر و بینەران لاببرێت، با توندوتیژترین دیمەنەکان لەنێو بینەران و لە بەردەمیاندا بەرجەستە بکرێت، بە شێوەیەک بینەران هەست بە هەناسەکانی ئەکتەر بکەن و

بـــۆنی ئـــارەقەی جەســـتەی بچێــت بە لووتیانــدا. گرۆتۆڤــسکی لە بنەماکانی ئەم دید و ستراکتورەوە، هەموو ئامڕازە شێوەکاری و تەقلیـــدییەکانی شـــانۆ لادەبـــات و لەبـــری ئەوە ئەو ڕێگـــەیە بـــۆ ئەکتەرەکـانی دەکـاتەوە، کە خۆیـان تـوخمی پێویـست و گرینـگ و کاریگەریتییەکانیـان، لەو سـاتەدا بـۆ خۆیـان بـدۆزنەوە. ئەکـتەر بە بەکارهێنـانێکی ورد و بە دیقەتێکـی چـڕ، دەتوانێـت ئەو زەویـیەی لەسەری ڕاوەستاوە بکات بە دەریا، مێزێک بۆ کورسیی ددانپێدانان و پارچە ئاسنێک بۆ شتێکی هاوبەش و هاوکارێکی زیندوو... هتد. وەلاوەنــــانی ئەو مۆســــیقایەیش، کە لە ئەکتەرەکــــان خۆیــــانەوە دەرناچێــت، ئەو ئەتمۆســفێرەیش بــۆ نمایــشەکە دەخوڵقێنێــت، کە مۆســیقای دانـــراو و تایبەتمەنـــدیی خـــۆی ناتوانێــت بیخوڵقێنێــت. هــارمۆنییەتی دەنگەکــانی مــرۆڤ و دەنگــی بەرکەوتنــی شــتەکان مۆسیقای شانۆی هەژارە. دەق شانۆ نییە، بەبێ مامەڵەی ئەکتەریش نابێت بە شانۆ، بە واتایەکی تر؛ تەنها لە ڕێگەی پەیڤ و پێکهاتەی دەنگ و مۆسیقای زمانەوە، دەبێتە شانۆ.

ئــەرکی شــانۆ ئــەوەیــە، کــە ڕاســتییەکــان لــە کرۆکــی مرۆڤـدا بدۆزێتـــەوە، بیانهێنێتـــە دەرەوە و دەمامکـــە درۆزنـــەکـــانی ســـەر دەموچاومـان لابـەرێت. تـەنهـا یـەک ڕاسـتی هەیە، کە لەیەک کاتـدا خودگەرا و هاوبەش و کۆلێکتیڤە. هەر لەبەر ئەوەیشە گرۆتۆڤسکی زیاتر ڕوودەکاتە شاکارە کلاسیکییەکان، چونکە هەڵگری ئەفسانەکان یـان ڕەوشــە دێرینەکـانە، کە ئـێمە ئەمـرۆ لە ژیـانە بە خـودگەرا و سـێکولاریزمەکەماندا، خۆمــانی تیــا نــادۆزینەوە، بەڵام لە ڕێگــەی شـــانۆوە دەکرێــت ڕووبەڕووی ململانێیەکــی بە بەرهەم ببیـــنەوە. هەموو نمایشێکی شانۆی کلاسیکی وەک ئەوە وایە، کە مرۆڤ خۆی و هـزر و دابونەریتەکـان لە ئـاوێنەدا ببینێت، نەک تەنهـا پێناسـەیەکی

ساکاری چۆنیەتیی بیرکردنەوە و هەستپێکردنی گەلانی دێرینی بەر لە خۆمـان بێت. هـەر لـەم بنـەمایـەوە گرۆتۆڤسکی ئـەوە دووپـات دەکاتـەوە، کـە ئـەکتـەر خـۆی پێویستە بـەدوای ڕاسـتییەکانی خۆیدا بگەڕێت و بتوانێت سـەرلەنوێ، نەک هەر وەک ئەکتەر، بەڵکو وەک مـرۆڤیش، لەدایـک ببێـتەوە. یەکێـک لە پرسـیارە گەوهەرییەکـانیش ئەوەیە: بـۆچی گرینگـی بە شـانۆ دەدەیـن؟ بـۆ ئەوەی سـنوورەکانی خۆمـان ببەزێنـین و بەربەسـتەکان لابەریـن و بۆشـاییەکانمان پـڕ بکەینەوە و خودی خۆمان بەرزبکەینەوە بۆ ئاستێکی تـر. (ئەمەیش تەنهـا ڕەوش و بارودۆخێـک نیـیە وەریبگـرین، بەڵکـو پرۆسێـسێکی هێواشە و شوێنە تاریکەکانمان شەفاف دەکات) گرۆتۆڤسکی ئامـاژە بۆ قسەیـەکی (ژان پـۆڵ سـارتەر) ١٩٠٥- ١٩٨٠ دەکات، کـە دەڵێت: (هەموو تەکنیکێک مێتافیزیکی خۆی هەیە). گرۆتۆڤسکی وەڵامـی ئـەم ڕستەیەی سـارتەر بـە گـوتەیەکی خـۆی دەداتـەوە و دەڵێت: (زۆر بە ئاسانی هەموو تەکنیکێک لە قاڵب و کلێشەکاریدا بەند دەکرێت)، هەر لەبەر ئەوە پـرۆژە شـانۆییەکان بەرەو هۆشـمەندیمان دەبەن، نەک بەرئەنجامێکی هۆشمەندی بێت. گرۆتۆڤسکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ڕاگوزاری و شـتە خۆڕسـک و مەشـقەکان یەکتـری بێهێز نـاکەن، بەڵکـو بە پـێچەوانەوە یەکتـری تەواو دەکەن و پـشت بە یەکتـریش دەبەستن. شـتە سـەرەتاییەکە، شـتە ڕێکخراوەکـان بەهێزتـر دەکـات، هەروەها بە پێچەوانەیشەوە، ئەمەیش سـەرچاوەیەکی ڕاستەقینە بـۆ جۆرە نواندنێکی گەشاوە دەخوڵقێنێت. گرۆتۆڤسکی ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات، کە ستانیسلاڤـسکی لەم وانەیە نەگەیـشتبوو، بەتـایبەتی لەو ڕووەوەی، کە پـاڵنەرە سروشـتییەکانی کردبـووە هێزێکـی ڕەهـا، هەروەهـا برێشت-یش لەمە حاڵی نەبووبوو، کە زیـاتر پێداگریی لە بوونیادی ڕۆڵ کردووەتەوە.

بەڵام گرۆتۆڤسکی، هەرگیز ئەوەی لەیاد ناچێت ئاماژە بۆ ئەوە بکات، کە لەسەر دەستی ستانیسلاڤسکی و سیستێمەکەی پەروەردە بووە و ئەو نموونەی باڵای ئەوە. ستانیسلاڤسکی هەمیشە خۆی تاقی دەکردەوە، ئەو پێشنیازی هیچ ئەنجامێکی دیاریکراوی نەکردووە، بەڵکو چەند ڕێگەیەکی خستووەتە ڕوو تا ئەکتەر بە هۆیانەوە خۆی بدۆزێتەوە و ببن بە وەڵام بۆ ئەو پرسیارە هەمیشە دووبارەکراوەیەی، کە دەڵێت: "چۆن ئەم کارە بکەم؟" ئەمەیش بۆ گرۆتۆڤسکی شتێکی سروشتییە، چونکە ستانیسلاڤسکی هەموو ئەم شتانەی لە شانۆی وڵاتەکەیدا و لە زەمەنە واقیعییەکەی خۆیدا بەئەنجام گەیاندووە. (ستانیسلاڤسکی چەندین پرسیاری سەرەکی و گرینگی کردووە، بەڵام وەڵامەکانی ئێمە جیاوازن لە وەڵامەکانی ئەو)، زۆرجاریش دەگەینە ئەنجامی جیاواز لە ئەنجامەکانی ئەو) گرۆتۆڤسکی لە سەرەتای شەستەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەر مەشقەکانی ستانیسلاڤسکی، بەتایبەتی لە مەشقی کردارە جەستەییەکانیدا. دیارە ستانیسلاڤسکی هەردەم هەوڵی داوە لە ڕێگەی مەشقە جەستەییەکانەوە بگاتە (ڕاستییەکانی ناوەوەی ئەکتەر)، بەڵام ئەو ڕاستییە ناوەکیانەی گرۆتۆڤسکی بەدوایدا گەڕاوە، زۆر جیاوازتر بوون، ئەو بەدوای بنەما قووڵەکانی ئەو ڕاستییانەدا گەڕاوە، کە بنەمای هاوبەشن و هیچ مۆرکێکی خودگەرا یاخود کەسێنیان بەسەرەوە نییە. جەستە دەبێت لەو بەرگرییە ئازاد بکرێت، کە کردارە فیزیکییە ئامادەکراوەکان لە هەناوی مرۆڤی تاکدا چەکەرەی کردووە.

ئەو تەکنیکانەی شانۆی ڕووسی و لە سەروو هەمووشیانەوە ستانیسلاڤسکی بۆ ئەکتەر و هونەری نواندنیان دەستەبەر کردبوو، بۆ گرۆتۆڤسکی کۆمەڵێک بەربەست بوون، کە دەبێت بەتەواوی

لابرێن، هەروەها گرۆتۆڤسکی ئاماژە بۆ ئەوەیش دەکات، کە ئەو سوودی لە مەشقە بیومیکانیکییەکانی مایرهۆڵد، دیدی ڤاختانکۆف و فۆرم و شێوازەکانی شانۆی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی ئۆپێرای پەکین، کتاکالی هند و شانۆی "نوو"ی ژاپۆنی وەرگرتووە، بەڵام ئەم هونەرمەندە ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە ئەو هەمیشە هەر گەڕاوەتەوە بۆ سەر ستانیسلاڤسکی و سوودی لە وانەکانی ئەو وەرگرتووە، زۆرجاریش لە مەسەلەی مامەڵەکردن لەگەڵ دەق هەر دەگەڕێتەوە بۆ سەر ستانیسلاڤسکی. گرۆتۆڤسکی پێی وایە ئەوەی بۆ ئەکتەر دەبێت بە کێشە دەقە شانۆییەکە نییە، بەڵکو شێوازی مامەڵەکردنی هونەریانەیە لەگەڵ دەق؛ دەق ڕاستییەکی هونەرییە و لەنێو چەمک و بنەما بابەتییەکاندا بوونی هەیە. گرۆتۆڤسکی دەڵێت ستانیسلاڤسکی مەبەستی ئەوە بووە هەموو بۆچوونەکانی نووسەر بەرجەستە بکات و شانۆیەکی ئەدەبی بخولقێنێت. (کە باسی شێوازی چێخەف دەکەین، لە ڕاستیدا ئاماژە بۆ شێوازی ڕیژی ستانیسلاڤسکی بۆ شانۆنامەکانی چێخەف دەکەین. چێخەف خۆیشی ناڕەزایی دەربڕیووە، لە کاتێکدا دەڵێت "من کۆمیدیام نووسیوە، بەڵام ستانیسلاڤسکی وەک تراجیدیا پێشکەشیان دەکات." ستانیسلاڤسکی هونەرمەندێکی ڕەسەن بووە، ئەو توانیی چێخەفێکی تایبەت بە خۆی بخولقێنێت، نەک چێخەفێکی بابەتی).

گرۆتۆڤسکی ساڵی ١٩٦٨دا ئەزموونەکەی خۆی لەو قۆناغەدا لە کتێبی (بەرەو شانۆیەکی هەژار)دا بڵاو دەکاتەوە. کتێبەکە، لە دە بەش پێک هاتووە و دید و بۆچوونی گرۆتۆڤسکی و تیۆری شانۆی هەژار و مەشقەکانی ئەکتەر و سیمینار و مانیڤێستەکانی شانۆی هەژار دەخاتە ڕوو، هەروەها چەند چاوپێکەوتنێکی هەمەلایەنیش لەگەڵ گرۆتۆڤسکی دەگرێتەخۆ، کە کتێبەکە زیاتر دەوڵەمەند دەکات.

زۆربەی بەشـەکانی کتێبەکە هاوکارەکانی گرۆتۆڤسکی، بەتایبەتیش (یۆژین باربا) تۆماری کردوون. ئەم کتێبە بۆ یەکەمجار بە زمانی ئینگلیـزی دەردەچێت، بەڵام یـۆژین باربـا لە سـاڵی ١٩٦٥دا، بەر لە کتێبەکەی گرۆتۆڤسکی، کتێبێک لەسەر شانۆی هەژار، تەکنیکی کار، مامەڵە و ڕۆڵی ئەکتەر و مەشقەکانیان و ڕۆڵی گرۆتۆڤسکی بڵاو دەکاتەوە.

پیتەر بروک هەر لە سـەرەتاوە ئاماژە بۆ ئەو هەوڵە بێوێنە و مەزنەی گرۆتۆڤسکی دەکات و لە پێشەکییەکی کورتی کتێبی (بەرەو شـانۆیەکی هەژار)دا ئـەوە دووپـات دەکاتـەوە، کـە گرۆتۆڤـسکی دیـاردەیـەکـی زۆر دانـسقە و تایبـەتـە لـە شـانۆدا. بـروک دەڵێـت "ئەوەنـدەی مـن ئاگـاداربم، هـیچ کەسـێک لە جیهانـدا هێنـدەی ئەو، لە ستانیسلاڤسکییەوە لە گەوهەر و سروشتی نواندن، لە ماناکانی، لە زانستی پرۆسە فیکرییەکەی، لە ڕووی جەستە و لە ڕووی هەست و سـۆزەوە، بە شـێوەیەکی قـووڵ و تەواوی نەکۆڵیـوەتەوە"، هەروەهـا بروک کە لە کۆتایی شەستەکاندا لە لەندەن میوانداریی گرۆتۆڤسکی دەکات، تا مەشق بە ئەکتەرەکانی بکات، دەڵێت: (هێز و وزەی کاری گرۆتۆڤـسکی، هەروەهـا ڕاسـتگۆیی، وردبینـی، ناکرێـت لەیەک کاریگەریی زیاتر لەدوای خۆیەوە بەجێ بهێڵێت: بەرەنگاربوونەوە. ئەمەیـش نەک بـۆ چەنـد ڕۆژێـک، بـۆ یەکجـار لە ژیانـدا، بەڵکـو بـۆ هەموو ڕۆژێک). بروک بەرلەوەی ڕێگەی شانۆیەکی جیاواز بگرێتە بەر، بـۆ مـاوەیەکی درێـژ لەنێـو بنەمـا و دابـونەریتە شـانۆییەکەی ئەوروپـادا کـاری کـردووە و سـەرەتا چەمـک و بنەمـا ئەزموونگەرییەکانی تاقی نەکردووەتەوە. بەڵام دواتـر، هەوڵـی داوە هەموو فۆرم و شێوازە جوداکانی شانۆ تـاقی بکاتەوە و لە تەقەلای ئەوەدا بـووە، کە هەمیـشە ڕێگـەی نـوێ و مەودای جیـاواز و

شـــانۆیەکی وا دەســـتەبەر بکـــات، کە لە هەنـــووکەدا بـــژی و لە چاوتروکانێکـــدا پەیوەنـــدییەکانی شـــانۆ و بیـــنەران لە یەکەیەکـــی هونەریدا کۆبکاتەوە. بە پێچەوانەوە، گرۆتۆڤسکی هەر لە سـەرەتاوە لەســـەر ئەو ڕێگـــەیە بەردەوام بـــووە، کە بـــۆ کـــاری شـــانۆکەی هەڵیبژاردبوو.

بـروک، کە دواتـر کتێبەکەی خۆیـشی (خـاڵی وەرچەرخـان) بـڵاو دەکـاتەوە، پێناســەیەکی ورد بـۆ ئەم هونەرمەنـدە دەکـات و دەڵێت: (گرۆتۆڤـسکی کـار لەســەر دیـوی نـاوەوەی ئەکـتەر دەکـات تـا ئەو ئاستەی ئەکتەر لە ئەکتەربوونی خۆی دادەبڕێت. لەبەر ئەوە هەمـوو تووخمە دینامیکییەکانی دراماکە توخمی پێویستن بـۆ ئەوەی هەمـوو ئەنـدامەکانی جەسـتە بتـوانن پەردە لەســەر نهێنییەکـان هەڵمـاڵن. لە سەرەتادا ئامادەیی ڕێژیسۆر و بینەران پێویستە بۆ بەهێزکردنی ئەم پرۆسـەیە، بەڵام کە ئەکـتەر قـووڵتر و قـووڵتر بە نـاخی خۆیـدا شـۆڕ دەبێتەوە، هەموو شتە دەرەکییەکان بزر دەبن و دەتوێنەوە تا دەگاتە کۆتـایی، کە چیتـر نە ئەکـتەر و نە شـانۆ و نە بیـنەران بوونیـان بـۆ نامێنێت،جگە لە: مرۆڤێکی یەکگرتوو، کە بە تەنها کار لە ڕێژی درامـا ڕەهاکەیدا دەکـات)، بەڵام گرۆتۆڤـسکی خـۆی دەڵێـت (ئـێمە نـاتوانین بڵێن، کە شتێکی تازەمان داهێناوە. ئێمە ئەگەر لە ئاگاییەوە بێت یـان نائاگـــایی، کـــاریگەریی دابـــونەریتە زانـــستییەکان و هونەرمـــان بەســـەرەوەیە، تەنـــانەت شـــتە وەهمییەکـــانیش، کە لەم ســـەردەمەی خۆمانـدا بـڵاون، هەروەک هەڵمژینـی ئەو هەوایەی لەم کیـشوەرەدا ژیـــانی پـــێ بەخـــشیوین. هەمـــوو ئەم شـــتانە کـــاریگەریی بەســـەر کارەکانمانەوە هەیە، هەرچەندە ئێمە زۆرجار باسی ئەم کاریگەرییانە ناکەین، کە دەشگەینە ئەنجامە هزرییە تیۆرییەکانیشمان و بە هـزری

ئەوانەی پێش خۆمان بەراوردی دەکەین، ناچار دەبین بگەڕێنەوە بۆ پیاچوونەوەیەکی وردی ڕەهەندە هزری و تیۆرییەکانی ڕابردوو).

گرۆتۆڤسکی لە ژینگەیەکدا گەورە بووە و لە ئەتمۆسفێرێکی شانۆیی وادا پەروەردە بووە، کە سمبۆلیزم ستراکتورە بنەڕەتییەکەی پێک هێناوە. شانۆ و درامای پۆلۆنی ڕەگوڕیشەیەکی مۆدێرنی بەهێزی هەیە و هەر ئەم ڕەگوڕیشەیە هەژموونێکی گەورەی بەسەر بنەماکانی پرۆسەی شانۆی پۆلۆنییەوە هەبووە و لەم ڕووەیشەوە زۆر جیاواز بووە لە شانۆی ئەوروپی، بۆ نموونە شانۆنامەنووس (ستانیسلاڤ ویسپیەنسکی) ١٨٦٩-١٩٠٧ دەروازە بەهێز و چڕەکانی شانۆیەکی سمبۆلی دەکاتەوە و لە ڤاگنەر و نیتشەوە، وەکو نموونەیەکی باڵا بۆ پشتکردنە شانۆیەکی تەقلیدی و وێژەیی، کە لەسەر بنەما ئەدەبییەکان ڕۆنراوە، دەگەڕێتەوە بۆ تراجیدیای گریکی. یەکێک لە دەقە گرینگەکانی ویسپیەنسکی شانۆنامەی (زەماوەند)ە، کە لە ساڵی ١٩٠١دا پێشکەش کراوە. ئەم دەقە لەژێر کاریگەریی شانۆی کلاسیکی بووکەڵەی پۆلۆنیدا بووە و بە شێوەیەکی گرۆتیسکی خەونئامێز، لە کەشێکی توندوتیژ و تۆقێنەردا نووسراوە، هەروەها (ستانیسلاو ئیگناسی ویتکێویسز) ١٨٨٥-١٩٣٩، کە بە یەکەم شانۆنامەنووسی ئەبسێردی ئەوروپی دادەنرێت، (ڤیتۆڵد گۆمبرۆویز)یش ١٩٠٤-١٩٦٩، کە لە دەقە شانۆییەکانیدا سمبۆلیزم و ئەبسێردیزم کۆدەکاتەوە. ئەم سێ شانۆنامەنووسە بنەمایەکی پتەوی شانۆیەکی پۆلۆنی مۆدێرنیزمە، کە گرۆتۆڤسکی بە بەردەوامییەکی سروشتی کردەیی ئەو فەلسەفە مۆدێرنەی شانۆی پۆلۆنی دادەنرێت.

گرۆتۆڤسکی بە پێچەوانەی (ئەنتۆنین ئارتۆ)وە، ڕیژیسۆرێک بووە دید و تێڕوانینەکانی تەنیا تیۆریی نەبوون، بەڵکو بەردەوام

هەوڵ و تەقەلای ئەوەی داوە تێڕوانینەکانی لە بواری کردەیی و پراکتیکدا بەرجەستە بکات، ڕێکیان بخات و بیاننووسێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە مامۆستا و پێداگۆگ و ڕاهێنەرێکی گەورە و بەسەلیقەیش بووە. لەم ڕووەوە گرۆتۆڤسکی سەبارەت بە ئارتۆ گوتویەتی (ئارتۆ پیاوێکی پڕ لە ئەندێشە بوو، بەڵام نووسینەکانی هیچ بنەمایەکی زانستی لەخۆ ناگرن، لەبەر ئەوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی دوورودرێژ نەبوون. نووسینەکانی هەڵگری پەیامێکی سەرسوڕهێنەرن، بەڵام زانستی نین)، هەروەها دەڵێت (ئارتۆ لە ڕوانگەی ئازار و نەخۆشی و هەڵچوونە دەروونییەکەیەوە، گەیشتە ئەنجامە جیاوازەکانی، ئەم ئازار و ژانەیش جۆرە تیشکێکی بەهێز بوون لەنێو خودی خۆیدا)، لەگەڵ ئەوەیشدا، گرۆتۆڤسکی و ئارتۆ هەردووکیان ئەوەیان دووپات کردووەتەوە، کە شانۆ پێویستە بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی هونەرێکی ڕیتواڵی و پیرۆز. گرۆتۆڤسکی لە کتێبەکەیدا، زۆرجار باسی ئارتۆ وەک شاعیرێکی گەورەی شانۆ دەکات، ئەمەیش ئەو مانایە دەگەیەنێت، کە پێگەی شیعری ئارتۆ لە شانۆدا بووە، نەک ئەدەبی شانۆیی. (ئارتۆ باسی ئەفسوونی شانۆ و ئەو ڕێگەیانەی دەکرد، کە ئەو ئەفسوونە چ جۆرە وێنەیەک دروست دەکات، کە کاریگەرییەکی تایبەتی بەسەرمانەوە دەبێت. لەوانەیە بە شێوەیەکی تەواو لەم وێنانە نەگەین، بەڵام هەست بەوە دەکەین، کە ئەو شانۆیەکی دەویست دەمامکە لۆژیکی و کاریگەرییە دەروونییەکان وەلاوە بنێت. گەوهەری شانۆ لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا نییە، یان لە گفتوگۆکردنی ئەگەرەکان لەگەڵ بینەراندا، هەروەها بە خستنەڕووی ژیانیش، چ وەک ئەوەی لە دەرەوە یان ئەوەی لە ئەندێشەدا هەیە. شانۆ کارێکە، کە لەو ساتەدا لەناو جەستە و خودی ئەکتەردا

ڕوودەدات. لە کاتێکدا بەرامبەر بە خەڵک، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕاستیی شانۆ هونەری ساتەوەختییە، نەک وێنەیەکی واقیعی ژیان، بەڵکو شتێکە تەنها لە ڕێگەی بەراوردکارییەوە پەیوەندیی بە ژیانەوە هەیە. هەر کاتێک هەستمان بەمەیش کرد، دەتوانین ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین: "ئایا ئارتۆ باسی ئەم شتەی نەدەکرد؟).

ئەم کتێبە هەندێک لە مەشقەکانی نێوان سالانی ١٩٥٩- ١٩٦٢ دەگرێتەخۆ، کە ئۆژین باربا تۆماری کردوون. گرۆتۆڤسکی لەم کاتەدا سەرقاڵی ئەوە بووە "تەکنیکێکی ئیجابی"، بەو مانایەی بتوانێت تەکنیکێک بدۆزێتەوە، کە بە شێوەیەکی ئیجابی ئەو دەرگایە بۆ ئەکتەرەکانی بکاتەوە، کە بتوانن شوێنی خۆیان لەنێو وێنە هزری و پەیوەندییە پێکەوە بەستراوە هونەرییەکاندا بدۆزنەوە. چۆن ئەم کارە بکەن؟ هەر لێرەیشەوە مەشقەکان دەروازەیەکی بۆ خولقاندنی مەشقی خودی کردووەتەوە. هەموو مەشقێک سەبارەت بە شێوازەکانی گوزارشتکردن لە لای مرۆڤ، دەکەوێتە ناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی وردەوە. لەم ڕووەوە لەسەر ئەکتەر پێویستە خاڵەکانی بەرگری و ڕێگرییەکان، کە دەبێتە بەربەستێک لە بەردەم داهێنانەکەیدا، بدۆزێتەوە، بەم شێوەیەیش مەشقەکان دەبێتە ئامرازێک بۆ زاڵبوون بەسەر ڕێگرە خودییەکاندا.

لێرەدا نموونەی چەند مەشقێک لە مەشقە سەرەتاییەکانی گرۆتۆڤسکی دەخەمە ڕوو تا خوێنەر لە ڕووی پراکتیکیشەوە، زیاتر لە گرۆتۆڤسکی بگات.

### مەشقی جەستەیی

ئەم مەشــقانە لە نـزیکەی هەشــت مەشــق پێـک هــاتووە و هەر مەشـقێکیش لە چەندین بەشـی تـر پێک دێت، بەڵام ئێمە تەنها چەند نموونەیەک دەهێنینەوە:

ڕاکــردن لەســـەر پەنــجەی پــێ. دەبێــت جەســـتە هەســـت بە خـاوبوونەوەیەکی تەواو و فـڕین و لەدەسـتدانی کێشی خۆی بکـات. پاڵنەرەکانی ڕاکردنەکەیش لە شانەوە دێت.

بە ئەژنۆی نوشتاوەوە بڕۆ، هەردوو دەستت شۆڕبکەرەوە.

بە ئەژنـۆی نوشـتاوەوە بـڕۆ، هەردوو قاچیـشت بە دەسـتەکانت بگرە.

ئەژنــۆت هەنــدێک بنوشــتێنەرەوە و بــڕۆ، لە هەمــان کاتــدا بە پەنجەکانی دەستت، پەنجەکانی قاچت بگرە.

### مەشقی ئاژەڵ

گرۆتۆڤــسکی هەر لە ســـەرەتاوە ئامــاژە بــۆ ئەوە دەکــات، کە مەبەسـتی لاسـاییکردنەوەیەکی تەواو و واقیعـی ئـاژەڵێکی چـوارپێ ناگەیەنێت. مرۆڤ لە نواندنی ڕۆڵی ئاژەڵدا نییە، بەڵکو کار لەسەر پرۆسێـــسێکی هـــزری وێنـــاکردن دەکـــات، بەمەیـــش ئەو ئـــاژەڵە دەخوڵقێنێــت، کە گوزارشــت لە لایەنێــک لە لایەنە تایبەتمەنــدەکانی مرۆڤ دەکات. بەمانای، ئاژەڵ لە هزری مرۆڤدا پەیوەست دەبێت، بە بەزەییەوە، فیڵ و داناییەوە؟ ناشبێت پەیوەستە هـزرییەکە سـاکار و بێبایەخ بێت. شێر هێمای هێزە، ڕێوی هێمای فیڵ... هتد. زۆر گرینگە چەقی هێز لە لای ئاژەڵەکە دیاریبکرێت (لـووت و کەڵبە لای سـەگ، بڕبڕەی پشت لای پشیلە، سک لای گا... هتد).

به پێی پەتی برۆ، وا هەست بکە، کە بەسەر زەوییەکدا دەڕۆیت، چەندین ماددەی جیاواز لەخۆ دەگرێت و هەستی جوودایش دەبەخشێت: ڕەق، زبر، نەرم، چڵپاو، تەڕ، خلیسک، بۆگەن، وشک، بەفر، لمی سووتاو، کەناری دەریا... هتد. دەبێت هەموو جەستەمان کاردانەوەی بۆ هەموو جوولەیەک، تەنانەت ئەگەر بچووکیش بێت، هەبێت. هەموو بەشێکیش لە جەستە بە ڕێگەی تایبەتی خۆی کار دەکات. ئەگەر پارچە سەهۆڵێکمان لەسەر ئەرزەکە هەڵگرتەوە، دەبێت هەموو جەستەمان کاردانەوەی بۆ ئەم جوولەیە و ساردی بەفرەکە هەبێت، نەک تەنها هەر سەری پەنجەکانی دەست، یان دەست و باڵمان، بەڵکو هەموو جەستە دەبێت کاردانەوەی ساردیی ئەو پارچە بەفرە بچووکەی هەبێت.

چاودێرییەکی وردی منداڵێکی تازە لەدایکبوو بکە. بەراوردکاری لەنێوان پەرچە کردارەکانی ئەو و پەرچە کردارەکانی جەستەی خۆتدا بکە.

## تەکنیکی دەنگ

دەبێت گرینگییەکی بێهاوتا بە مەسەلەی گوێزانەوەی دەنگ بدرێت، بە شێوەیەک بینەران هەر تەنها ڕوون و ئاشکرا گوێیان لە دەنگی ئەکتەر نەبێت، بەڵکو دەبێت ئەو دەنگە وا بگاتە بینەران، کە دەنگێکی موجەسەمە. واتە دەبێت بینەران بە دەنگی ئەکتەر چوار دەوری بگیرێت، هەر وەک ئەوەی دەنگەکە لە هەموو شوێنێکەوە بێت، نەک تەنها لەو خاڵەوە، کە ئەکتەرەکەی لێ وەستاوە، تەنانەت دیوارەکانیش دەبێت بە دەنگی ئەکتەر بدوێت. گرۆتۆڤسکی بۆ ئەم مەبەستەیش ژمارەیەکی ئێجگار زۆر مەشقی بۆ بەهێزکردن و پەروەردەکردنی دەنگی ئەکتەر داناوە، لەوانە لاساییکردنەوەیەکی

گاڵتەئـامێزانەی دەنگـی ژن و منـداڵ و پیـاوی پیـر. لاسـاییکردنەوەی دەنگـی سروشـت و دەنگـی ئـامێرە جۆراوجۆرەکـان، بـۆ نمـوونە دڵـۆپەی ئـاو، دەنگـی بولبـول و باڵنـدە، دەنگـی ئـامێری جلـوبەرگ دروون... هتـد. سـەرەتا لاسـایی ئەم دەنگـانە بـکەرەوە، دوای ئەوە لەگەڵ ئەو دەقەی کـاری لەسـەر دەکەی، ڕێکـی بـخە، بە شـێوەیەک هاوتەریب بن لەگەڵ ئەو دەنگانەی لە نەست و هەستی شاراوەتدا هەن بۆ ئەوەی بتوانێت بەتەواوی گوزارشتیان لێ بکەیت.

هەروەها کتێبەکە مەشقەکانی ساڵی ١٩٦٦یش دەگرێتە خۆ. لەم مەشـقانەدا گۆڕانکـارییەکی گەورە لە ڕووی مەشـق و مـامەڵە لەگەڵ ئەکتەر و فەلسەفەی نمایشدا دەبینین. ئەمەیش بەرئەنجامێکی ئەو ئەزموون و گەڕان و لێکۆڵینەوە بەردەوامەی گرۆتۆفسکییە.

(ئامـاژە)یش، کە لە جـووڵەی ئەندامەکانی جەستەدا کۆدەبێتەوە، وەکـو لەوەبەر باسـمان کـردووە، بـریتییە لە پەرچەکردارێکـی مرۆڤـایەتی، وەک زمـانێکی جەسـتە بەهـایەکی گرینگـی هەیە. گرۆتۆڤـسکی لە هەمـوو قۆناغەکانـدا کـاری لەسـەر کـردووە و پـاڵنەرێکی پـاک و ئاشـکرایە و هەمـوو جـووڵەیەکی ئەکـتەریش ئاماژەیە، هیچ ئاماژەیەکیش بەبێ هەستکردن نییە. هەستکردن نەک تێگەیشتن، لەبەر ئەوەی تێگەیشتن پرۆسەیەکی چڕی بیرکردنەوەیە. هەندێک جار لە نمایشێکدا شتگەلێک دەبینین بەبێ ئەوەی تێیانبگەین، بەڵام هەستی پێ دەکەین، ئەمەیش هیچ پەیوەندییەکی بە فیکرەوە نییە.

مـامەڵەکردن لەگەڵ دەقە کلاسیکییەکانیش لەم تـاقیگە شـانۆییەدا، تەوەرێکی تری ئەم کتێبەیە و چ بۆ مەشقەکانیان و چ بۆ هەندێک لە نمایشەکانیان کاریـان لەسـەر شـانۆی کلاسیکی کردووە. (زۆرجـار ئێمە دەقە کلاسیکییەکان بەکار دەهێنین، لەگەڵ ئەوەیشدا شانۆکەمان

هاوچەرخە، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەنێوان ڕەگوڕیشە ڕاستەقینەییەکانماندا لە لایەک و ڕەوش و هەوڵسوکەوتی ئێستاماندا دروست دەکات. شانۆ بەم شێوەیە لە دیدی ڕابردوومانەوە ئەمڕۆمان و ڕابردوویشمان لە دیدی ئەمڕۆمانەوە پێشان دەدات، تەنانەت ئەگەر ئەم شانۆیە زمانێکی سەرەتایی پڕ لە ئاماژە و دەنگەکانی بەکارهێنابێت، دەبێتە زمانێکی ئاسایی بۆ ئەو کەسانەیشی، کە ئەو زمانە نازانن، کە شانۆنامەکەی پێ پێشکەش دەکرێت. دەبێت شانۆیەکی لەم چەشنە وەک شانۆی نەتەوایەتی هەژمار بکرێت، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی خود و ئەو (من)ە باڵا کۆمەڵایەتییەی، کە لە ناوەوەی خۆماندایە، ڕۆنراوە و بەم شێوەیەیش دەبێت بە بەشێکی جیانەکراوە لە ئێمە هەموومان)

گرۆتۆڤسکی هەر لەم قۆناغەی ژیانیدا سەردانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات دەکات و لە دیاردە و فەلسەفە و فۆرمی شانۆی ڕۆژهەڵات دەکۆڵێتەوە، هەروەها دابونەریت و کۆدە ژیاری و ئایینی و تەوتەمییەکانی گەلانی ڕۆژهەڵات سەرنجی ڕادەکێشێت، هەوڵی کردنەوە، تێگەییشتن، خوێندنەوە، ڕاڤەکردن و بەرجەستەکردنیان لە شانۆکەی و فۆرمی مەشق و لێکۆڵینەوەی هونەری نواندندا دەدات. هەموو شتێک لە ڕێگەی جەستەوە بە ئەنجامەکانی دەگات، پێویستە جەستەیش کاردانەوەی بەرامبەر بە هەموو ئەو شتانە هەبێت، کە کارمان لێ دەکات، بەڵام ناکرێت بە هیچ شێوەیەک لە کۆتاییدا، ئەنجامەکان پشتگوێ بخرێن، لەبەر ئەوەی ئەنجام لە دیدێکی بابەتییەوە، هۆکاری کۆتایی، یان گەیشتنە خاڵی کۆتایی هونەرە. گرۆتۆڤسکی لەم ڕووەوە دەڵێت: (بۆ ئەوەی ئەنجامێک بەدەست بهێنیت، نابێت خۆت بۆ ئەنجام ئامادەبکەیت، ئەمەیش جیاوازییە گەورەکەیە، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە خۆت بۆ ئەنجام ئامادەکرد،

ئەوە هەمـــوو دەرگاکـــان بە ڕووی خولْقانـــدنێکی سروشـــتیدا دادەخەیت)، لەبەر ئەوە ئەکتەر نابێت لە بەرامبەر ئەو شتەی کاری تێ دەکات، هەر لە سەرەتاوە خۆی بۆ کاردانەوەکە ئامادە بکات، چونکە دەرگا بە ڕووی کاردانەوە سروشتییەکاندا دادەخات.

گرۆتۆڤسکی لە ساڵی ١٩٧٠ەوە شێوازی کارەکانی دەگۆڕێت و نمایشەکانیشی کەمتر بۆ بینەران پێشکەش دەکات، لەبری ئەوە لەگەڵ قوتابییە گەنجە نێونەتەوەییەکان زیاتر سەرقاڵی لێکۆڵینەوە، ڕاڤە و مەشقە قووڵەکانیان دەبن و لە بنەما و ستراکتوری ڕیتواڵی و تێزە ئەنترۆپۆلۆژییەکانەوە کار دەکەن، بەم شێوەیەیش هەموو سنوورەکانی نێوان لێکۆڵینەوە، تاقیکردنەوە و خودی نمایشەکانی وەلاوەناوە. لە ساڵی ١٩٨٧یش بەدواوە لە کالیفۆرنیاوە دەگوێزێتەوە بۆ شارۆچکەی (پۆنتیادێرە) لە ئیتاڵیا.

گرۆتۆڤـــسکی لە پۆنتیـــادێرە، بە هەمـــان شـــێوە ســـەرگەرمی لێکـــۆڵینەوە و مەشـــقی بەردەوامـــی شـــانۆیی دەبێـــت و لە دیـــد و دیمـــایەکی جیـــاوازەوە بەردەوامـــی بە ئەزمـــوونەکەی دەبەخـــشێت. (تۆماس ڕیشارد)، کە سی ساڵ تەمەنی لە گرۆتۆڤسکی بچووکتر بووە و خەڵکی شاری نیویۆرکە، لە ساڵەکانی دواییدا، نزیکترین هاوکارەکانی بووە و پێکەوە لەو لابورە شانۆییەدا کاریان کردووە، کە بە Art as vehicle ناوزەدیان کردووە و پێکەوە و بەجیا لەگەڵ ئەو قوتـــابییە گەنجـــانەی، کە لە هەمـــوو دونیـــاوە هـــاتوون، کاریـــان کـــردووە، بـــۆ ئەم مەبەســـتەیش لەنێـــوان پێـــنج تـــا هەشـــت قوتابییان وەرگرتووە، کە تەمەنیان تەنها بیست تا بیستوسێ ساڵ بوون و شەش ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، بە شێوازێکی چڕ، بۆ ماوەی

یەک ساڵ کاریان کردووە. هەر قوتابییەکیش گەر لە ماوەی ساڵی یەکەمدا بەرەوپێشەوە چووبێت، ئەوا توانیویەتی دوو، سێ ساڵی تر، یاخود لە هەندێک هەلومەرجی تایبەتیدا تا چوار ساڵ لەو تاقیگەیەدا بمێنێتەوە. ئەزموون و وانە و مەشقەکانی ئەو قوتابیانە لە ڕوانگەی فۆرمێکی سەربەستەوە ئامادەکراوە: بۆ نموونە گۆرانی، کارکردن لەسەر دەق، وانەکانی ستانیسلاڤسکی و مەشقی جەستەیی/فیزیکی بەشی یەکەمی ئەو لابورە شانۆییە بوون. لایەنێکی تری کاری ئەو قوتابیانە کارکردن بووە لە دابونەریتی دێرینی گەلانی ئەفرۆ/کاریبی، کە بە ڕەچەڵەک هیندین و لە باکووری ئەمەریکا دەژین. ئەم بوارەی وانە و ڕاڤە شانۆییەکانیان فۆرمێکی ڕیتواڵ و بۆچوونێکی ئەنترۆپۆلۆژیی لەخۆ گرتووە. ئەمە جگە لە گەڕانەوە و بەکارهێنانی دەقی کۆن، کە لە تێکستە ئەنتیکییەکانی میسر، سوریا، ئیسرائیل و گریکەوە وەریانگرتووە.

هەوا، ئاو، خۆڵ و ئاگر توخم و پێداویستییە گرینگەکانی مرۆڤ و خوڵقاندنی گێتی و سەرچاوە فەلسەفییەکانی کتێبە کۆنەکانی مرۆڤایەتی و بونیادی دونیایە. ئەم چەمکانەیش بەشێک لە دیمای گرۆتۆڤسکی و دیدە شانۆییەکەی پێک دەهێنێت و دەشبێتە چەند بڕگەیەکی گرینگ لە پرۆگرامی لابورە شانۆییەکەی لەگەڵ قوتابییەکانیدا. شانۆ لە ستراکتورە دێرینەکانی گەردوون و خەلیقەدا دروست بووە و مرۆڤیش لە گەڕانێکی بەردەوامی ڕاستییەکاندایە، ئەمەیش هەر لە سەرەتاوە دیدی شانۆ هەژارەکەی گرۆتۆڤسکی بووە، ئەکتەر و بینەران لە تەقەلای دۆزینەوەی ڕاستییە قووڵەکانی ناوەوەی خۆیاندا بوون. بەو شێوەیە، وەکو لەوەبەر ئاماژەم بۆ

کردووە، سنوورەکانی نێوان لێکۆڵینەوە، ئەزموونکاری، پرۆڤە و نمایشیان لابردووە.

شانۆی هەژاری شەستەکان، کە دواتر لە هەشتاکاندا بە ئێمە گەیشت، لە پانزە ساڵی کۆتایی تەمەنی گرۆتۆڤسکیدا، گۆڕانکاری و وەرچەرخانیکی بنەڕەتی بەخۆوە دەبینێت. چەمکی ئەو شانۆ هەژارەی، کە ئەمڕۆ ئێمە لە دونیای شانۆی خۆماندا دەیناسین، چیتر پێناسەی ڕێباز و پرۆژە و دیدی گرۆتۆفسکی ناکات.


گرۆتۆڤسکی نەیویستووە ئەزموون و پرۆژەکانی هیچ جۆرە یاسایەکی تایبەت دەستەبەر بکات، میتۆد و کەرەستە بەکارهێنراوەکان و دیدی بەدەستهێنانی ستراکتورێکی سەقامگیر، ئامانجی ئەو نەبووە و گەڕان و تەقەلاکان بەردەوام فۆرم و شێوازی جیاوازی لەخۆ گرتووە. فەلسەفەی دارِشتە و مەشقە فیزیکییەکان زۆر لەوە چڕ و قووڵتر بوون، کە لە پانتاییەکی دیاریکراودا بەرجەستە بکرێت. شانۆیش جیهانێکی بێسنوورە و ناکرێت لە چوارچێوەی ڕێباز و قوتابخانەی دەستنیشانکراودا چەق ببەستێت. لەبەر ئەوە گرۆتۆڤسکی بواری ئەوەی نەداوە، ئەو کارەی ئەو دەیکات ببێتە دیاردەیەکی تایبەتی و سەقامگیر، تا کەسانی تر دوای مردنی ئەو، ئەو فۆرمە، بەرئەنجامە، دید و فەلسەفە شانۆییە بکەنە ڕێبازێکی دیاریکراو و پێڕەوی بکەن. پێڕەویکردنی هەتاهەتایی ڕێبازێکی هونەری مانای مەرگی ئەو ڕێبازەیە، هونەر هەمیشە لە بەرەوپێشەوەچوون و دونیادیدەییدایە بۆ ئەمڕۆ و ئایندە. هێز و وزەی هونەر لەو چرکەساتەدایە، کە لەدایک دەبێت، هونەری زیندوویش هەردەم لە تازەبوونەوەدایە.

گرۆتۆڤسکی سـاڵی ١٩٣٣ لـه ڕازێـسزۆڤ لـه پۆڵۆنیـا لـەدایـک بووه، سەرەتا له شاری کراکۆڤ و دواجاریش لـه مۆسکۆ هونـەری شانۆی خوێندووه. یەکەم جاریش له سـاڵی ١٩٥٩دا وەکو ڕیژیسۆر به شانۆنامەی (کورسییەکان)ی یۆژین یۆنسکۆ لـه شـاری کراکۆڤ دەردەکەوێت. کارکردن لەسەر ئەو شانۆنامەیە، وەکوو پرۆژەیـەکی ناتـەبـا و جیـاواز بـۆ ئـەو کاتـەی ڕەوتـی شـانۆی پۆڵـۆنی دەبێتـه بنەمایەکی پتەوی دەرکەوتنی ڕیژیسۆرێکی بەتوانا.

**سەرچاوە**


١- کروتوفسکی، جیرزی، نحو مسرح فقیر، ترجمه: د. کمال قاسم نادر، دار الحریه للطباعه-بغداد، ١٩٨٢

2- Tjader, Per Arne, Uppfostran, Underhallning, Uppror, En vesterlendsk teaterhistoria, 2008



# بەشی هەشتەم

# پیتەر بروک و پانتایی بۆش

کتێبی (پانتایی بۆش)ی شانۆکاری جیهانی پیتەر بروک، یەکێکە لە کتێبە هەرە گرینگەکانی ئەم پەنجا ساڵەی دوایی، کە لەسەر شانۆ نووسرابێت. ئەم کتێبە کە لە ساڵی ١٩٦٨دا بڵاو کرایەوە، نەک هەر بووە جێگەی سەرنج و گفتوگۆی تێکرای شانۆکارانی جیهان، بەڵکو چەمک و زاراوەی (شانۆی بۆش)یشی داهێنا، کە تا ئێستا وەک چەمکێکی ئێستاتیکی و هونەری کاری لەسەر دەکات و کاریگەریشی بەسەر تێکڕای ڕەوتی شانۆی جیهانییەوە هەیە. ئەم کتێبە لە دوو دەروازەوە، بە شێوەیەکی قووڵ و بەرفراون لە کێشەکانی شانۆ دەکۆڵێتەوە: لە سەرێکەوە بایەخی ڕۆڵی شانۆ لە کۆمەڵگەدا ڕوون دەکاتەوە، لە سەرێکی تریشەوە کاریگەریێتی ڕۆڵی ئەکتەر و ڕیژیسۆر لە نمایشی شانۆییدا شیدەکاتەوە. بروک لە سەروبەندی ڕاڤەکردنی فۆرم و پانتاییە شانۆییەکاندا، شانۆ بەسەر چوار جۆردا دابەش دەکات و نموونەیان بۆ دەهێنێتەوە، وشەی "شانۆ"یش لەژێر ڕۆشنایی ئەم چوار جۆرەوە پێناسە دەکات، بە واتایەکی تر چوار ناوی جیاوازی بە چەمکی شانۆ بەخشیووە: شانۆی مردوو، شانۆی پیرۆز، شانۆی ناپووختە و شانۆی ڕاستەوخۆ، ئاماژەیش بۆ ئەوە دەکات، کە لەوانەیە ئەم چوار جۆرەی شانۆ لەیەک کاتدا بەتەنیشت یەکەوە بن، یان بە هەزارەها میل لەیەکەوە دووربن، لەم ڕووەوە دەڵێت (هەندێک جار ئەم چوار شانۆیە، شان بەشانی یەکتر لە وێست ئێند لە لەندەن، یاخود ئۆف تایمز سکۆێر لە نیویۆرک بوونیان هەیە. زۆرجاریش سەدان کیلۆمەتر لە یەکترییەوە دوورن، شانۆی پیرۆز لە وارشۆ و شانۆی ناپووختەیش لە پراگ. هەندێک جاریش ئەم چوار جۆرە بە شێوەیەکی خواستراو یان میتافۆر بەکار دەهێنرێن و لە یەک کاتدا دووان لەمانە لەیەک نمایشدا و لەیەک

دیمەندا تێکەڵاو دەبن، هەندێک جاریش هەر چوار جۆرەکە لە یەک چاوتروکاندا لەنێو یەکتردا کۆدەبنەوە).

ئەم کتێبە تەنها بۆ ئەو کەسانە گرینگ نییە، کە شەیدای شانۆن، بەڵکو بە هەمان شێوە بۆ ئەوانەیش پێویستە، کە حەزیان لە شانۆ نییە، هەروەها بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە بواری شانۆدا کار دەکەن، گرینگ و پێویستە، بە هەمان شێوە بۆ ئەوانەیش پێویست و گرینگە، کە تەماشای دەکەن.

بروک، کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٥ە، لە تەمەنی بیستویەک ساڵیدا، بە شانۆنامەی (ڕۆمیۆ و ژولێت) لە ستراتفۆرد پێگەی خۆی وەک ڕیژیسۆرێکی بەتوانا لە شانۆی ئینگلیزیدا تۆمار دەکات، چەند ساڵێک لەوەوبەریش بڕیاری ئەوەی دابوو ببێت بە ڕیژیسۆر. دوای ئەوەی فیلمێکی ئەماتۆری لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دەردەهێنێت، دەچێت یەکێک لە بەرهەمهێنەرەکانی سینەما دەبینێت و دەڵێت، دەمەوێت ببم بە ڕیژیسۆری سینەما. بەرهەمهێنەرەکە، ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت، بروک وەک یاریدەدەری ڕیژیسۆر دابمەزرێنێت، پێشی ڕادەگەیەنێت دوای حەوت ساڵ لەم کارەت، لەوانەیە ئەو هەلەت بۆ هەڵبکەوێت، کە خۆت بتوانیت فلیمێک دەربهێنیت.

بروک بەم کارە قایل نابێت و ناتوانێت تا حەوت ساڵ چاوەڕوان بێت، لەبەر ئەوە ڕوودەکاتە بواری شانۆ؛ هەر دوای چەند کارێک، کە لە ژێرزەمین و شانۆ بچووکەکان و هۆڵە ساکارەکاندا پێشکەشی دەکات، بانگهێشت دەکرێت تا شانۆنامەیەک لە یەکێک لە شانۆکاندا پێشکەش بکات.

ئەم هونەرمەندە، هەر لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا تووشی شۆکێکی گەورە دەبێت، کە دواتر لە هەموو ژیانی هونەرییدا سوودی لێ وەردەگرێت. بروک چەند مانگێک

لەوەوبەر بە باشی خۆی ئامادە دەکات، لە ماڵەوە و بە یارمەتیی و بەکارهێنانی پارچە کاغەزی بچووک، کە فیگوری ئەکتەرەکانی پێ دروست دەکات و لەسەر مۆدێلی سینۆگرافیاکەی دەیان جوڵێنێت: لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە لاتەنیشتەوە بۆ پشتەوە، لە پێشەوە بۆ دواوە، هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە و جووڵەی پەیوەندیی ئەکتەرەکان بە یەکترەوە دیاری دەکات. کە یەکەم ڕۆژی پرۆڤەیش دێت بە فایلێکی ئەستووری نەخشەی جووڵەی ئەکتەرەکانییەوە دێتە ژوورەوە، بەڵام ئەوەی ئەو لە ماڵەوە ئامادەی کردبوو، سەرلەبەری لەسەر تەختەی شانۆ وەک کۆشکێکی بە کاغەز دروستکراو دەڕوخێت. جەستەی ئەکتەرەکان و ئەو شێوازەی ئەوان لەسەر تەختەی شانۆکە پێی دەجووڵێن، لەگەڵ نەخشە و دەفتەرەکەی ئەو ڕێک ناکەوێت. بروک ئا لەم ساتەدا لەوە دەگات، کە ئەکتەر و هونەری نواندن پرۆسەیەکە، بە هیچ شێوەیەک ناکرێت لە ماڵەوە وەک بووکەڵەی بێگیان مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت.

ساڵێک دواتر شانۆنامەی (ڕۆمێو ژولێت) نمایش دەکات و چەندین قسەوباسی لەسەر دەکرێت، هەندێک لە ناوەندە هونەرییەکە، بەتایبەتیش کۆنخوازەکان بە سکەنداڵ ئاماژەی بۆ دەکەن. بروک بە بوێرییەوە کار لەم شانۆنامەیەی شەکسپیردا دەکات و هەموو ئەو بنەما و دابونەریتانەی تا ئەو دەمە کاری پێ دەکرا، تێک دەشکێنێت و شەکسپیرێکی تر و جیاواز پێشکەش دەکات. ئەم ڕیژیسۆرە ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە توندوتیژی، عیشق، درۆ و شیعر، بەشێکی چەندە گرینگ بوون لە ژیانی ئێلیزابێسییەکان، بە هەمان گرنگییەوە لە شانۆکەیاندا و لەو شێوازەی، کە شەکسپیریان تیا پێشکەش کردووە ڕەنگیان داوەتەوە، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە سەردەمی  شەکسپیر خۆیدا دوو کوڕی گەنج و جوان ڕۆڵی ڕۆمێو

و ژولیێتیـــان بینیـــوە، ئەمەیـــش مەودایەکـــی تـــری سێکـــسی و خوێندنەوەیەکی تر دەبەخشێت بە شانۆنامەکە، کە بۆ ساڵی ١٩٤٧ نەگونجاو بووە، هەروەها بروک باسی ئەوەیش دەکات، کە ساموێل بێکێـت ١٩٠٦-١٩٨٩ و هارۆڵـد پینـتەر ١٩٣٠-٢٠٠٨ وایـان لە ئـێمە کردووە بە جۆرێکی تر لە واقیع بگەین و بە شێوەیەکی تر سەیری بکەین، ئەمەیش ئەو کاریگەرییەیان لە لای ئێمە بەجێ هێشتووە، کە بتوانین بە شێوەیەکی تر شەکسپیر بخوێنینەوە و نمایش بکەین.

بـروک هەمیشە لە تێڕوانین و دیمـا و کارەکانیدا لە گەڕانێکـی بەردەوامدایە بۆ دۆزینەوەی شتی نوێ، دژی دووبارەکردنەوەیە و دژی هەمـوو ئەو شـتانەیە، کە جێگیـر و بێجـووڵەن، لە هەمـوو ئەو شتانەیش دوور دەکەوێتەوە، کە جێگیرکراون و لەو بڕوایەدایە، کە هەمـوو شـتێک بە بەردەوامـی پێویـستە تـاقی بکـرێتەوە بـۆ ئەوەی سـەرلەنوێ بـدۆزرێتەوە. هەر لەبەر ئەوەیـشە، هەر لە سـەرەتای ژیـانی هـونەرییەوە، دژی پەیڕەویکـردن و سـەپاندنی هەمـوو جـۆرە ڕێبـاز و تیۆرەکـان بـووە و لە هەوڵـی ئەوەدا بـووە، کە بە هەمـوو شـێوەیەک پابەنـدی هـیچ جـۆرە تەوژمێکـی شـانۆیی نەبێـت. لە دەروازەکـانی ئەم لـۆژیکە کـراوەیەوە، کە لەسـەر بنەماکـانی گۆڕانکـاری بونیـاد دەنرێت، دەتـوانین لە بەرهەڵستی و قـایلنەبوونی ڕەهای بـروک سـەبارەت بە هەر پـلان و نەخشەدانانێکی پێشوەختی پرۆسەی ڕیژی و نواندن و توخمەکانی تری نمایشی شانۆیی بگەین. ئەو ڕیژیسۆرەیـشی بە نەخـشەیەکی جێگیـر و تەواوەوە دێـت بـۆ هۆڵی پرۆڤە، ڕیژیسۆرێکی مردووە و هـیچ ژیـانی تیـادا نییە. بـروک باسی ڕۆڵی ڕیژیسۆر لەسەر چەندین ئاست دەکات، بەتایبەتیش ئەو ڕیژیـسۆرەی، کە دەگەڕێـت بەدوای پەیوەنـدییەکی ڕاسـتەوخۆ و ئاشکرا لەنێوان ئەکتەر و بینەراندا؛ ئەو ڕیژیسۆرەی، کە کار لەسـەر

دۆزینەوە و سەرلەنوێ ئاشکراکردنی پانتایی شانۆدا دەکات، ئەو ڕیژیسۆرەی لە ساتەکانی مەشق و پرۆڤەدا لەگەڵ ئەکتەرەکانیدایە و پێکەوە دەگەنە ئاستە پڕ لە نهێنییەکان، هەروەها ئەو ڕیژیسۆرەی، کە ئەکتەرەکانی لە هەموو بەربەست و کلێشە و تیۆرە ئامادەکراوەکان ڕزگار دەکات.

شانۆی بروک شانۆیەکی دەستەبژێر نییە، بەڵکو ئەم شانۆیە لەسەر بنەمایەکی دیالێکتیکی نێوان ڕیژیسۆر و ئەکتەر و بینەران دروست دەبێت، تەواو بە پێچەوانەی گرۆتۆڤسکی و شانۆی هەژارەوە، کە لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا باسمان لێوە کردووە، کە شانۆیەکی دەستەبژێرە و زیاتر لەسەر بنەماکانی پەیوەندییەکی پتەو و ڕۆحیی نێوان ڕیژیسۆر و ئەکتەر ڕۆنراوە. شانۆ گەر بینەرەکانی لەدەست بدات، بوونی خۆیشی لەدەست دەدات؛ بینەران بە هەموو ماناکانی ئەم وشەیە توخمی ڕووبەڕووبوونەوەیە، بەبێ ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیش تەنها وێنەیەکی تەڵخ و درۆزن و بێمانایە. ئێستایش هەوڵ دەدەین پێناسەیەکی وردی هەر چوار جۆرەکەی شانۆ: مردوو، پیرۆز، ناپووختە و ڕاستەوخۆ، لە دیدی بروک و بەپێی ئەو پرنسیپانەی ئەو دایڕشتوون، بکەین.

## (١)

هەر لە سەرەتاوە ناوزەدکردنی شانۆ بە "مردوو" هەموو شتەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە؛ شانۆیەک بەبێ ژیان، لە دەرەوەی پرنسیپەکانی ژیانەوە کار دەکات و شانۆیەکە بەبێ ئایندە، شانۆیەک مامەڵە لەگەڵ بنەما گرینگەکانی کۆمەڵ ناکات، یان بەو شێوەیە نایکات، کە ژیان بەخش بێت.

بروکیش لە دەستپێک و بنەماکانی ئەم کتێبەوە دژی ئەم جۆرە دەستەواژە و چەمکە کولتوورییانە دەوەستێتەوە، بەتایبەتی لەم بەشەیدا، کە بە "شانۆی مردوو" ناوزەدی کردووە؛ شانۆی مردوو تەنها مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەم شانۆیە کاریگەریی خراپی هەیە، بەڵکو ئەم کاریگەرییە کوشندەیشە. هەموو ئەو شتانەی لە شانۆدا خراپە، بێزارکار و ساختەیە، بەڵام لەپێش هەموو شتێکەوە ئەم تایبەتمەندییانە لە "شانۆی مردوو"دا بەدامودەزگاکردن کراون و بوونەتە مۆرکی شانۆکانی دەوڵەت، هەروەها بوونەتە ترادیشۆن لە شانۆ بازرگانی و شانۆ نەتەوایەتییەکانی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپیدا. هەڕەشەیش بۆ سەر شانۆی ڕاستەوخۆ و زیندوویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابڕانە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی شانۆ دەکاتە ڕیتواڵێکی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە مامەڵە لەگەڵ شاکارە کلاسیکییەکاندا بە هەستێکی جوانی دوورەپەرێز و دەستی دووەوە، بەبێ ئەوەی ئەو

پرسیارە لە خۆیان بکەن، کە ئەمە بۆ ئەمڕۆ چی دەگەیەنێت و چۆن بەکـــار دەهێنرێـــت، مامەڵەیـــان لەگەڵ دەکرێـــت. بـــروک هەر لەم دەروازەیەوە ســـەیری ئەو شـــانۆ مردوویـــانەیش لە بەشـــێک لە شانۆنامە و نمایشەکانی بۆلیڤارد، کە سـەرکەوتن بەدەست دەهێنن، دەکات. زۆرجار کۆمیدیاکان دەبنە شانۆیەکی بەهێزی بێزارکار و کوشندە. بروک مەبەستی ئەوەیە بڵێت، کە ئەم جۆرە بێزارکارییە لە شانۆدا تەنها بێتوانایی نییە، بەڵکو جۆرە هەست و سۆزێکە بۆ بەکارهێنانی شانۆ خراپ و مردووەکە، بە شێوەیەک، کە ڕێگە بۆ سـەرکەوتنەکان دەکاتەوە، بەڵام تـوخمە مردووەکانیش لەوانەیە لە هەموو بەشێکی پرۆژەیەکی شانۆیدا هەبن: کە شانۆنامەنووس لە پرۆسەی شانۆییەکە دادەبڕێت، تەنها دەبێتە ماشینێکی بەرهەمهێنەر؛ کە ڕیژیسۆر هەر لە سـەرەتاوە وێنەیەکی ئامادەکراو و تەواوی سەبارەت بە نمایشەکەی هەیە، یان هەر بە تەنها گوێڕایەڵی دەقەکە بێـت، بەبـێ ئەوەی هـیچ گرینگـی بە ویـستی خـۆی بـدات؛ کە ئەکتەرەکـان لە کـۆمەڵە وێنەیەکـی کلێشەئاسا و جـۆرە تەکنیکێکـی ســـاوی چـــۆنیەتیی پەیڤکردنـــدا گیردەخـــۆن؛ کە هونەرمەنـــدی سینۆگراف، بەر لە دەستپێکردنی پرۆڤەکردندا، سینۆگرافیاکەی تەواو کـــردووە و دەیخـــاتە بەردەســـت؛ کە ڕەخنەگرەکـــان ئامـــادە نـــین بیروبۆچوونەکانی خۆیان بخەنە ژێر پرسیارەوە.

بروک لە "شانۆی مردوو"دا دەیەوێت ئەوە دووپات بکاتەوە، کە سیاسەتی کولتووری لە کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوروپادا، دەبێت موتیڤە کـۆمەڵایەتی و دارایـی و سیاسییەکانیـشی لە پرۆسـەی شـانۆ و سیستەمی بەرهەمهێنانی شانۆیدا هێندە ئاسان بکاتەوە، تا شانۆ بکاتە پێداویستی و پێویستی خەڵکی. هەر لەم دەروازەیەوە دەیەوێت بزانێـــت، کە چ شـــانۆیەک و لەبەر چ هۆکـــارێکیش دەبێـــتە

پێداویستییەکی ژیانی ڕۆژانەی بینەران. ئەو شانۆ تەقلیدییانەی بوونەتە بەشێک لە سیستەمی کولتووری وڵاتان و ئەو شانۆیانەی شانۆیان کردووەتە کاڵایەکی نەتەوایەتی و داموودەزگای فەرمیی شانۆییان پێ دامەزراندووە، هێندە خراپن ناکرێت ببنە بەشێک لەو پێداویستییە شانۆییەی ئەو باسی دەکات.

هەر ئەم شانۆ مردووە مامەڵەیەکی گەورە و پڕشکۆ لەگەڵ شاکارە کلاسیکییەکاندا دەکات، وەک کولتوورێکی بەرز، شانۆ و دەقێکی نووسراو و دەروازەیەکی گرینگ دەبێتە شانۆیەکی مردوو و بێزارکار و بێ دید و دیما. زۆر کەسیش لەو بڕوایەدان، کە شانۆی کلاسیکی بە پلەی یەکەم ئەدەب و کولتوور و ڕۆشنبیرییە، نەک نمایشێکی زیندوو. کە یەکێک لە ڕەخنەگرەکانیش لە بروک دەپرسێت، چۆن لە شانۆی ڕاسین دەڕوانێت، دەڵێت (من تەنها وەکو ڕۆشنبیرییەکی شانۆیی هەست بە نزیکیی خۆم بە ڕاسینـەوە دەکەم. ڕاسین بەهایەکی ڕۆشنبیری گەورەی هەیە، بەڵام نابێتە شانۆیەکی زیندوو، پەیوەندییەکی دینامیکی لەگەڵ بینەران دروست ناکات و نابێتە سەرچاوەیەکی بەهێزی پڕ لە وزە بۆ شانۆیەکی جوودا) بۆ بروک مێژووی شانۆ بە سێ قۆناغی گرینگدا یان سێ لوتکەی بەرزی شانۆیدا: گرێک، شەکسپیر و چێخەف تێدەپەڕێت، ئەوانەیش کە لە شانۆی نوێدا دژی جۆرە شانۆیەکی توندوتیژ دەوەستنەوە، بە بڕوای بروک بەدوای شانۆیەکی گرینگتر یان جیددیدا ناگەڕێن، بەڵکو ئەوانە باسی شانۆنامەی ئارام و بێکێشە و گرفت دەکەن، کە تەنها مانایەکی ئارامبەخش و خۆش دەگەیەنێت. باش بوون یان گونجاو تەنها مانایەکی دروست دەخاتە ڕوو.

بروک لەم بەشەی کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات، کە چۆن شەکسپیر دەخزێنرێتە ڕارەوەکانی شانۆیەکی مردووەوە و چۆن

شەکسپیر دەبێتە بنەمایەکی گرینگ بۆ شانۆیەکی مردوو (شانۆی مردوو لە هیچ شوێنێکدا خۆی ئەوەندە بە دڵنیایی و ئاسوودەیی و قیرسیچمەیی جێگیر نەکردووە، کە لە بەرهەمەکانی شەکسپیردا دەیبینین. شانۆی مردوو بە باشی لەگەڵ شەکسپیر هەڵدەکات. شانۆنامەکانی دەبینین، کە ئەکتەرە باشەکان بەو جۆرەی شایستەیە کاری تێدا دەکەن و زیندوو و هەمەڕەنگ دەنوێنێت. مۆسیقا و جلوبەرگێکی قەشەنگ، تەواو وەکو ئەوەی لە شانۆکاندا هەن. لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا لە ناخەوە ئەو کارانە بە جۆرێکی پڕ لە ئازار بە تاقەتپڕوکێن دەبینینەوە و لە ناخەوە سەرزەنیشتی شەکسپیر یاخود شانۆ، تەنانەت خۆیشمان دەکەین)

شانۆی مردوو هونەرێکی پاک نییە، کە دەکرێت وەک سۆزانییەک ئاماژەی بۆ بکەین، چونکە هەروەک سۆزانییەکان پارە بۆ چێژێکی کورت وەردەگرن، چێژێکی بێلەزەت، کە لەسەر بنەماکانی لۆژیکی بازرگانی (کڕین و فرۆشتن) ڕۆنراوە. ئەم پەیوەندییەیش هیچ هەستێکی قووڵی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕێکی مرۆڤایەتی لەخۆ ناگرێت. بروک بەردەوام ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ناکرێت فۆرمە شانۆییەکان، یان ئەو فۆرمە شانۆییەی دەیدۆزینەوە بەردەوام دووبارە بکرێنەوە، نمایشەکانی کۆمیدیای فرانسیز، ئۆپێرای پەکین، شانۆی هونەری مۆسکۆ، کە بە بەردەوامی لە وەرزە شانۆییەکاندا دووبارە دەبنەوە، جگە لە مەرگ و بێزاری هیچ شتێکی تر بەرهەم ناهێنن. (کە پرۆڤە و بەرهەمهێنانی شانۆنامەیەک تەواو دەبێت، پێویستە نمایشەکە لە بەردەمی بینەراندا دووبارە بکرێتەوە و دووبارە بکرێتەوە، دەبێت بە هەمان شێوە، چەند دەکرێت و چەند لە توانادایە بە شێوەیەکی جوان و بە دیقەتەوە دووبارە بکرێتەوە-بەڵام لەو ڕۆژەوەی پرۆڤە و کاری

نمایشەکە تەواو دەبێت، شتێکی نادیار لە ناویدا دەمرێت)، شانۆیش هونەرێکی کاتییە، لەو ساتەدا دەژی کە تیا نمایش دەکرێت، لەگەڵ ئەو بینەرەی لەو ساتەدا تەماشای دەکات. لەبەر ئەوە دەبێت هونەری شانۆیش لە تازەبوونەوەیەکی بەردەوامدا بێت، هەموو فۆرمێک، شێوازێک، پەیوەندییەک، ڕەوشێک دوای نمایشەکە دەمرێت و دەبێت سەرلەنوێ بدۆزرێتەوە، بونیاد بنرێتەوە و لە چاوتروکانێکی ئەو ساتەدا بژی. (لەنێو شانۆدا هەموو ئەو فۆرمە نوێیانەی لەدایک دەبن، مەرگی خۆشیان هەڵگرتووە؛ هەموو فۆرمێک دەبێت سەرلەنوێ بخولقێنرێتەوە، کە سەرلەنوێش دەخولقێتەوە بارگاوی دەکرێت بە هەموو ئەو کاریگەری و ئاماژانەی دەوروبەری خۆی هەڵدەگرێت).

بروک لەم ڕووەوە باسی ئەوە دەکات، کە هەر نمایشێک لەبەر هۆکاری دارایی، یان هەر هۆکارێکی تر خێرا و بە پەلەپرۆزێ بخرێتە سەر شانۆ، پەیوەندییەکی زیندوو بە بینەرەکانییەوە دروست ناکات، یان بە پێچەوانەوە چەندین ساڵ خەریکی مەشق و گفتوگۆ و شیکردنەوە و گەڕانەوە بۆ ئەرشیف و مێژوو بین، بەبێ ئەوەی هیچ لە ئەنجامەکانی کۆتایی کارەکە بگۆڕێت، مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو پرۆژەیە باشە و پەیوەندییەکی دینامیکی و زیندوو بە بینەرەکانییەوە دەکات. بۆ ئەم ڕەوشەیش نموونەیەک دەهێنێتەوە: (ئەکتەرێکم بینی، بۆ ماوەی حەوت ساڵ پرۆڤەی لە ڕۆڵی هاملێتدا کردبوو بەبێ ئەوەی بتوانێت نمایشی بکات، چونکە ڕێژیسۆرەکە بەر لەوەی کارەکە تەواو بکات، کۆچی دوایی کردبوو)، هەر لەم ڕووەوە بروک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (هەستی گشتی ئەوە دەردەخات، گەر سیستێمێک زۆر سەرسەختانە ڕێگە لە پرۆڤەی زیاتر لە سێ هەفتە بگرێت، ئەو کات زۆربەی شتەکان بەخەسار

دەچــن، هــیچ تــاقیکردنەوەیەک ناکرێــت و هــیچ ســەرچڵیکردنێکی هونەری ڕاستەقینە ڕوو نادات). لەبەر ئەوە دەبێت هونەری ڕیژی و ئەتمۆســفێری مەشــق و خۆئامــادەکردنی پێــشوەختەی ئەکــتەر و ڕیژیــسۆر، هەمیــشە لە گۆڕانکــاری و هەڵکــشان و داکــشانێکی بەردەوامدا بێت.

زۆرجار خودی نمایشەکە، وەک ئەنجامێکی کۆتایی ئامانجەکان ناپێکێــت، بەڵکــو گرینــگ ئەوەیە هەمــوو بینەرێــک، ڕەوشــێک و چاوتروکـانێکی خـۆی و خـورپەیەکی تـایبەت بـدۆزێتەوە. لەوانەیە جـۆری ڕیـژی و نمایـشکردنی شـانۆنامەیەک هەژمـوونی بەســەر بینەرێکی دیاریکراوەوە یان وڵاتێکەوە هەبێت، بەڵام هەمان نمایش هـیچ کاریگەرییەکی بەسـەر بینەرێکـی تـرەوە نەبێت، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو بڕوایەی لە نمایشەکەدا چەقی بەستووە، یان ئەو ڕاسـتگۆییە بنەڕەتیـیەی بـابەتەکەی بەسـتووەتەوە بە بیـنەرانەوە و بەریەک کەوتنێکـی بەهێـزی لەم شـارە یـان وڵاتە هەبـووە، بیـنەری شـارێکی تـر یـان وڵاتێکـی تـری بە هەمـان شـێوە نەبەسـتووەتەوە. بــروک لەو گەشــتە هــونەرییەی بە هەمــوو جیهانــدا شــانۆنامەی (شـالیر)ی شەکسپیری تێدا نمـایش کـرد، ئەوە دووپـات دەکـاتەوە، وەک نموونەیەکی زیندوویش، لەم کتێبەدا باسی دەکات، کە چۆن لە هەمـوو نمایشێکدا دەسـەڵاتی بینەران بەسـەر ئەکتەر و نمایشەکەدا گەشـەی کـردووە، ئەمەیش تەنهـا لەسـەر ئاسـتێکی ڕووکەشـدا نـا، بەڵکـو کـاری کـردووەتە سـەر نـاوەڕۆکی دەقەکە و گۆڕانکـاریی بەسـەردا هێنـاوە، ئەدای ئەکتەرەکانیـشی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییـانەدا گۆڕیـوە و ڕووبەڕووی ئەزمـوونێکی تـازەی کـردوونەتەوە. (ئەو سەرەمەی گرووپی پادشایەتیی شەکسپیر لە سەرتاسەری ئەورووپا شـانۆیی شـالیری نمـایش دەکرد، بەردەوام کـارەکە چاکسازیی تێدا

دەکرا و باشترین نمایشەکان لە ماوەی نێوان بودابێست و مۆسکۆدا بوون. بینینی ئەو ساتەی چۆن ئامادەبوونی ئەو بینەرانەی، کە زۆربەیان زانیارییەکی کەمیان دەربارەی زمانی ئینگلیزی هەبوو، هێندە کاریگەری قووڵ لەسەر ئەکتەرەکان بەجێدەهێڵێت، سەرنجڕاکێش بوو. ئەو بینەرانە هەڵگری سێ شت بوون: خۆشەویستییان بۆ خودی شانۆنامەکە، حەزێکی بێهەوساری دەردەبڕی بۆ پەیوەندیکردن بە کەسی بێگانەوە و لە سەروو هەموو ئەمانیشەوە ئەزموونی گوزەراندنی ژیان لە ئەوروپا لەو ساڵانەی دواییدا، کە هەوڵی ئەوەی بۆ دەرەخساندن ڕاستەوخۆ بگەنە قووڵایی ناوەڕۆکی پڕ ئازاری شانۆنامەکە. ئاستی ئەو سەرنجەی، کە ئەو بینەرە دەریدەخست بە بێدەنگی و دیقەتەوە دەریدەبڕی، ئەو هەستەی لە هۆڵەکەدا کاریگەریی لەسەر ئەکتەر بەجێدەهێشت، ئەوەبوو ڕووناکییەکی مەزن بپرژێتە سەر کارەکەیان. لە ئەنجامدا، تەمومژاویترینی دیالۆگەکان ئاشکرا دەبوون، هێندە کارەکەیش بە شێوەیەکی ئاڵۆز و بە زمانێکی ئینگلیزیی هێندە بەرز پێشکەش دەکرا، کە ژمارەیەکی کەمی بینەران دەیانتوانی وشە بە وشە لێی تێبگەن، بەڵام هەر هەمووشیان لە کارەکە حاڵی دەبوون. ئەکتەرەکان کەوتبوونە جووڵە و ورووژابوون و ڕێگەی ئەمەریکایان دەگرتەبەر و خۆیان بۆ ئەوە ساز دەکرد کارەکەیان بۆ بینەرێکی ئینگلیزیزمان پێشکەش بکەن. من ناچاربووم بگەڕێمەوە بەریتانیا و پاش هەفتەیەک لە فیلادێلفیا پەیوەندی بکەمەوە بە گرووپەکەوە. بەوپەڕی سەرسوڕمان و ترسەوە بینیم، کە ئاستی نواندنیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیووە. ویستم سەرزەنشتی ئەکتەرەکان بکەم، بەڵام ڕوون و ئاشکرا بوو، بە سەرجەم

تواناییانەوە کاریان دەکرد. ئەوەی گۆڕابوو پەیوەندیکردن بوو بە بینەرانەوە).

بروک باسی جیاوازییەکانی شانۆ مردووەکان، بەتایبەتی لە نمایشکردنی شانۆی کلاسیکیدا دەکات و چەندین نموونەیان لێ دەهێنێتەوە: هەندێکیان ئەوانەن، کە لە هەموو ڕوویەکەوە لاسایی جۆری هەڵسوکەوت، زلکردنی ئاستی دەنگ، جۆری وەستان و پۆزلێدان... هتد دەکەنەوە. هەندێکی تریان گەرچی تقلیدی نین، بەڵام ستراکتورێکی کۆنباویان هەیە و دەیانەوێت لاسایی کوێرانەی ئاماژە و هەڵسوکەوتی پادشا و بەها پادشایەتییەکان بکەن، کە بە هیچ شێوەیەک لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا باویان نەماوە. ئەم لاساییکردنەوە کوێرانەیەی دابونەریتی پادشایەتی و ئیمپراتۆرە بەسەرچووەکانیش، بۆ نموونە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەکتەری شانۆی (نوو)ی ژاپۆنی بەراورد ناکرێت، بەتایبەتی ئەکتەرەکانی شانۆی (نوو) بنەما و ڕێسا و دابونەریتەکانی شانۆی (نوو)یان لە باووباپیرانەوە بۆ ماوەتەوە. هەندێک لە هێما و بەهاکان پەیوەندییان بە ڕابردووەوە هەیە، لە کاتێکدا هەندێکی تریان هەموو جۆرە پەیوەندییەک بەو ڕابردووەوە پچڕاوە. لەم ڕووەوە ئەکتەری شانۆی (نوو) بە شێوەیەکی بەردەوام پەیوەندیی بە ڕابردووەوە هەیە، لەبەر ئەوەی لاساییەکی کوێرانەی بنەما شانۆییەکان ناکات، کە لە باووباپیرانەوە فێریان بوون، بەڵکو ئەکتەری شانۆی (نوو)ی ژاپۆنی لەم چرکەساتەدا دەژی و ئەو کولتوورە دێرینە لە جووڵانەوەکانیدا، لەو چاوتروکانەدا دەژی و سەرلەنوێ نوێ دەبێتەوە. لە هەمووی گرینگتر لەگەڵ بینەرەکانی لە پەیوەندییەکی بەردەوامیشدایە.

چەمکە مردووەکان تەنها لە نمایشە شانۆییەکاندا نین، بەڵکو وەکو توخمێک لە هەموو بنەما ڕۆشنبیری و کاری ئابووری و

ژیانی ڕۆژانەی ئەکتەر و پرۆسەی ڕیژی و دەق و ڕەخنەیشدا هەن، دەردەکەون و بــــزریش دەبـــنەوە. لەوانەیە لەنێـــو شــــانۆیەکی مردوویــشدا، چەنــد پریــشکێکی پــڕ لە ژیــانیش هەبــن. بــروک لە گفتوگــۆی شــــانۆی مــــردوودا، گرینگییەکـــی زۆر بە ڕەخنەگــــرە شانۆییەکان دەدات و لە زۆر ڕووەوە ئەوان بە بەرپرسیاری شانۆی مردوو دەزانێت. بروک دژی ئەو ڕەخنەگرانەیە، کە لە یەکەم ڕۆژی نمایشەکەدا دەردەکەون و گوتارێکی ڕەخنەیی لەسەر ئەو شتەی لەو ساتەدا دیوویانە دەنووسن، هەروەها بروک پێی وایە، دەبێت ڕەخنەگر شانۆ لەنێو شانۆ خۆیەوە ببینێت، بچێتە نێو هۆڵی پرۆڤەکردنەوە، ئەکتەرەکان ببینێت، قسە بکات، گفتوگۆیان لەگەڵ بکات، چاودێری پرۆسەی مەشق و ڕاهێنانەکە بکات و خۆی لە هەموو شتێک هەڵقورتێنێت. (ئەو ڕەخنەگرەی چیتر چێژ لە شانۆ نابینێت، بە ئاشکرا ڕەخنەگرێکی مردووە، ئەو ڕەخنەگرەیشی شانۆی خۆش دەوێت، بەڵام لە ڕووی ئاستی ڕەخنەوە مەبەستێکی ڕوونی نییە، ئەویش ڕەخنەگرێکی مردووە. ڕەخنەگری زیندوو ئەو ڕەخنەگرەیە، کە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا چۆنیەتیی ئەو شانۆیەی، کە دەبێت هەبێت لە لای خۆی ڕیزبەندی و بنەمابەندی کردووە و ئەوەندە لە خۆی ڕادەبینێت و ئەو بڕوایەی هەیە، کە هەموو جارێک دەچێت بۆ بینینی هەر شانۆیەک، بنەما تیۆرییەکانی پێشووتری خۆی ڕەت بکاتەوە).

## (٢)

ماناکانی شانۆیەکی پیرۆز چۆن دەدۆزرێتەوە، شانۆی پیرۆز بۆ بروک چ مانایەک دەبەخشێت و دەکرێت چۆن پێناسەی بکەین؟ ئەم شانۆیە بۆ ئەکتەر چی دەگەیەنێت، پەیوەندییەکانی بینەر و ئەکتەر، بینەر و نمایش لە چ ئاستێکدایە و چۆن دەگەینە جەوهەر و شانە گرینگەکانی پرۆسەی شانۆیی. بروک لە سەرەتای ئەم بەشەی کتێبەکەیدا دەڵێت: (من بە کورتی پێی دەڵێم شانۆی پیرۆز، بەڵام دەشکرێت بەو شانۆیەیش ئاماژەی بۆ بکەین، کە شتە نەبینراوەکان دەکاتە بینراو (شتێکی نادیاری دەرخراو): ئەو دیدەی، کە پێی وایە، سەر تەختەی شانۆ ئەو شوێنەیە، شتە نادیار و نەبینراوەکانی لەسەر نمایش دەکرێن، بە شێوەیەکی بەهێز کاریگەریی بەسەر هزر و بیرکردنەوەکانمانەوە هەیە)، کەواتە شانۆی پیرۆز ئەو نمایشە نەبینراو و نادیارەیە، کە بەهۆی ئەزموونێکی بەهێز و دۆزینەوەی نوێ و تاقیکردنەوە چڕ و بەردەوامەکانەوە دەبێتە شتێکی دەرخراو و دیار، ئەمەیش مانای ئەوە نییە، کە پەردە لەسەر پەیکەر یان تابلۆ و هەر تەنێکی تری ماددییەوە لابدەین و لە نەبینراو و شاراوەوە بیکەین بە بینراو و دیار و بەمەیش بگەینە ئەنجامەکانی شانۆیەکی پیرۆز. نمایشکردنی هەموو شتێکی پیرۆز تەنها بریتی نییە لە پەردە هەڵماڵین لەسەر شتێکی نادیار، بەڵکو پرۆسەیەکی چڕ و گرانی

دۆزیـــنەوە و ڕامـــان و تێگەیـــشتن و دارِمـــان و ســـەرلەنوێ بونیادنانەوەیە، دەستەبەرکردن و خوڵقاندنی ئەو ڕەوشەیە، کە ڕێگە بۆ بینەر دەکاتەوە لە شتە نادیارەکان بگەن و دەرک بە دۆزینەوەی نەبینراوەکان بکەن. "شانۆی پیرۆز" ئەو شانۆ ئەڤانگاردەیە، کە بە شانۆیەکی فیزیکی دەیەوێت پرسە میتافیزیکی و بوونگەراییەکان بەرجەستە بکات و (شتە نەبینراوەکان بکات بە شتگەلێکی بینراو و دەرخراو) ئەم شانۆیە دەچێتە خانەی شانۆیەکی مۆدێرنەوە، بەو پێیەی هەموو شانۆی ئەپسورد و بنەما فیکرییەکانیان، بەتایبەتیش خودگەرایی و فەلسەفەی ڕەوشی مرۆڤ دەبن بە بەشێکی گرینگ لەم شانۆ پیرۆزەدا.

بروک چەندین نموونە لەم بارەیەوە دەهێنێتەوە، وەکو شانۆی توندوتیژی ئارتۆ و شانۆی هەژاری گرۆتۆڤسکی و شانۆی کانینگام. هاوکات تیشکی سەرنجیشی دەخاتە سەر ئەزموونی ئەکتەرەکانی، کە چۆن لە بنەماکانی شانۆی توندوتیژەوە، لە دەرەوەی بنەما تەقلیدییەکانی شانۆی ڕیالیزمەوە، لە هەوڵی ئەوەدا بوون زمانێکی تری گوزارشت، زمانێکی جەستەیی بۆ بەرجەستەکردنی بوونی مرۆڤ و هەست و هۆشەکانی، تەنها بە جەستە و دەنگ بدۆزنەوە و بینەرانیش تووشی خورپە و ڕاچڵەکین بکەن. (شانۆ دوا بوارە، کە هێشتا ئایدیالیزم پرسیارێکی کراوەیە: ژمارەیەکی زۆری بینەران لە سەرتاسەری جیهان، دووپاتی ئەوە دەکەنەوە، کە لە ڕوانگەی ئەزموونێکی شانۆییەوە دەموچاو و سیمایەکی نادیار و نەبینراویان دیووە، کە پەرەی بە ئەزموونی ئەوان لەمەڕ ژیانی ڕۆژانەوە بەخشیوە).

هەرچەندە شانۆ لە بنەما ڕیتواڵییەکانەوە لەدایک بووە و توانیویەتی چەمکێکی بەرجەستەکراو ببەخشێت بەو شتەی بروک بە

(نەبینـراو و نادیـار) نـاوزەدی دەکـات، بەڵام ئەو شـانۆیە بە تەواوی بزر بووە و جگە لە چەند شـانۆیەکی ڕۆژهەڵات هـیچ شـانۆیەک ئەو وزەیەی تیا نەمـاوە. لەبەر ئەوە پەردەی پێشەوەی شـانۆ لە هەمـوو جیهانـدا بـووەتە سـمبۆلی دابـونەریتێکی بەهێـز (پەردە سـوورەکە، ڕووناکییەکـانی پێـشەوەی تەخـتەی شـانۆ، ئەو هەسـتەی، کە ئـێمە هەمووومـان سـەرلەنوێ منـداڵبووینەتەوە، نۆسـتالژی و ئەفـسوون، ئەمانە هەموو بەشەکانی هەمان شت بوون)، ئەمەیش بنەماکانی ئەو ئەندێشەیە لەنێوان بینەران و تەختەی شـانۆدا دروست دەکـات، کە هەموو شتەکان بە نەبینراوی و نادیاری دەمێنێتەوە، هەموو شتەکان لە سـنووره داخراوەکەیـدا دەبێـتە شـانۆیەکی مـردوو، کە هـیچ پەیوەنـدییەکی زینـدوو لەگەڵ بینەرەکـانی دروسـت ناکـات. بـروک باسـی گۆردن کرەیـگ دەکـات، کە هەمـوو ژیـانی بـۆ شـکاندنی ئەو ئەندێشەیە تەرخان کردبوو.

ئارتۆ نموونەیەکی بەرز و پەیامهێنەرێکی تەنهایە، کە بە بلیمەتیی خـۆی چەنـد مانیڤێـستێکی نووسـی و هەر بەم مانیڤێـستانە وێنـای شانۆیەکی تری کـرد، شـانۆیەک بـروک بە (شـانۆی پیرۆز) ئاماژەی بۆ دەکات. شـانۆیەک وەکو تـاعوون وایە، بەهـۆی ژەهراویکـردن و هەوکـردن و ئەفـسوونەوە هەژمـوونی خـۆی دەسـەپێنیت و لەبـری دەق، خـودی گەمە شـانۆییەکە دەچێتە ناوەنـدی هەمـوو شـتەکانەوە (لەو میانەیەدا نمایش، وەک ڕووداوێک جێگەی دەق دەگرێتەوە).

بـروک بـۆ ئەوەی پەردە لەسـەر چەمکەکـانی شـانۆیەکی پیـرۆز هەڵماڵێت و زمانە تـایبەتییەکەی شـانۆ بدۆزێتەوە، لەگەڵ گرووپێکـی نێـو شـانۆی پادشـایەتیی شەکـسپیر تـاقیکردنەوەیەکی چـڕ و دوورودرێژ بە ناوی (شانۆی توندوتیژ)ەوە دەست پێ دەکات. بروک بـۆ نمـوونە چەنـد مەشـقێک دەهێنێـتەوە، کە چ دەق و چ ڕەوشـە

شـانۆییەکان، مانـایەکی قوولٚتریـان پـێ دەبەخـشرێت (ئەکتەرێـک لەوسـەری ژوورەکە و بەرامـبەر دیوارێـک دادەنیـشێت، لەوسـەری ژوورەکە ئەکتەرێکی تر دادەنیشێت و تەماشـای پشتی ئەکتەرەکەی تر دەکات، بەڵام نابێت بجوولێتەوە. ئەکتەری دووەم دەبێت ئەکتەری یەکەم ناچار بکات پەیڕەوی ئەو بکات، کە ئەکتەری یەکەمیش ڕوو وەردەگێڕێت، ئەکـتەری دووەم دەتوانێت تەنهـا بە یـارمەتیی دەنـگ پەیوەندی دروست بکات، نابێت هیچ وشـەیەک بەکار بهێنێت. ئەو کارە سەخت دیارە، بەڵام دەکرێت ئەنجام بدرێت. وەک پەڕینەوە لە گێژاوێکـدا بەسـەر پەتێکـدا: پێویـستی لەناکـاو، گەلێـک هێـزی چـاوەڕواننەکراوی سـەمەرە دەخولٚقێنێـت)، هەروەهـا مەشـقەکانی مایرهۆڵد سەبارەت بە بیومیکانیک بۆ بەرجەستەکردنی هەندێک لەو دیـمەنە شـانۆییانەی بەکاریـان هێنـاوە، بـۆ نمـوونە هاملێـت بەکاردەهێنێت: هاملێت ئۆفیلیا فرێدەداتە بەردەمی بینەران، لە کاتێکدا خـۆی بە جـۆلانەیەکی بەرزەوە بەسـەر سـەری بینەرانـدا دێـت و دەچێت.

ئەوەی زیاتر لە شانۆیەکی پیرۆزمان نزیک دەکاتەوە، تەوژمێکی شـانۆییە بە نـاوی (هاپێنینـگ)، کە لە ئەمەریکـا بـڵاو بـووەوە. ئەم شـانۆیە داوا لە بیـنەران دەکـات، کە بەشـداریی نوانـدنەکە بـکەن و ئامـانجیش ئەوەیە ڕووداوێکـی وەهـا بخولٚقێنێـت، کە بە کـارێکی هونەری ڕاگوزاری کۆتـایی بێت. هاپێنینگ دەکرێت لە هەر کات و شوێنێکدا بێت، دەست پێبکات و کاتی نمایشەکەیش دیاریکراو نابێت، دەکرێـت زۆر بخایەنێت و هەروەهـا کورتیش بێـت و هـیچ بنەمـا و ڕێسایەک نییە بۆ دەستپێکردن و ڕوودان و تەنانەت کۆتاییەکەیشی. لەم شـانۆیەدا هەمـوو شـتێک ڕوودەدات، لە چاوتروکانێکـدا هەمـوو ڕێسا و بنەما دابونەریتگەراییەکان دەڕوخێن و شتێکی تر دەخولٚقێت

و هەموو دەرگاکان و ئەگەرەکان کراوەن بۆ بەشدارییەکی زیندووی نێوان ئەکتەر و بینەران. هاپێنینگ، کە دەکرێت بە (ڕووداو)ێک ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەو هێزە مەزنەی هەیە، کە هەموو شتەکان بڕوخێنێت و پشێوییەکی گەورەی هونەری بنێتەوە (هاپێنینگ داهێنانێکی بەهێزە، بە تەنها گورزێک گەلێک لە فۆرمە مردووەکان دەڕوخێنێت، وەکو ڕوخانی خانووبەرەی شانۆ بێزارکەرەکان، شێوە ناشیرینە باقوبریقەکان، ڕێنومایی بینەران، شوێنی خۆگۆڕین و جلوبەرگ هەڵواسین، پرۆگرام و بارەکان. هاپێنینگ دەکرێت لە هەر شوێنێکدا بێت ڕووبدات، لە هەر کاتێکدا بێت و هەرچەندە درێژەیش بکێشێت: هیچ شتێک پێویست نییە و هیچ شتێکیش قەدەغە نییە)، بە کورتی هاپێنینگ هاواری (بەئاگابوونەوەیە)، بەڵام ئەم هاپێنینگە بۆ بروک سەرەتا و کۆتایی نییە و هەموو ئەو شتانەی ئەو بە دوایاندا دەگەڕێت لەم جۆرە شانۆیەدا بەدی نایەت. هاپێنینگ بڕوای بە وشەی (لەخەو هەستان و بەئاگابوونەوە) هەیە و ئەم وشەیە بۆ ئەوان کۆتایی (ڕووداو)ەکەیە، ئەمەیش جۆرێک لە ژیان دەبەخشێت و دەگەڕێتەوە خاڵی سفر و سەرەتا، بەڵام بۆ ئەوەی بگەینە ڕاستیی شتەکان، دەبێت بەدوای شتە چڕتر و گرانترەکاندا بگەڕێن و ئامادەکارییەکی تری بۆ بکەین.

بروک سێ نموونەی تر بۆ شانۆیەکی پیرۆز و دەرخستنی نادیارەکان دەهێنێتەوە و لە زۆر ڕووەوە باسیان دەکات: مێرس کانینگام، سەمازان و نەخشەسازێکی ئەمەریکییە، کە توانیی گەشە بە گرووپێکی سەمای بالێیە بدات و لە ڕێگەی مەشقێکی چڕ و بەرزەوە، سەمازانە کلاسیکییەکان لە فۆرمە ئەبستراکتەکاندا شتێکی تر بخوڵقێنن. سەمازانەکانی مێرس کانینگام هەست بە تەوژمە تازەکانی جووڵە لەنێو تەکنیک و جووڵەکانی خۆیاندا، چ بە شێوەی

تاک و چ بە کۆمەڵ و گرووپ، دەکەن. جووڵەی جەستە و تەکنیکی کانینگام ڕاستەوخۆ شوێنپێی مۆسیقا دەکەوێت و هەست بە تۆن و میلۆدییەکانی مۆسیقاکە لە جەستەیاندا دەکرێت.

هەروەها بروک لە شانۆنامە ڕەشەکانی بێکێتدا بەدوای پریشکی ڕووناکیدا دەگەڕێت و دەقەکانی بێکێت بۆ بروک ئەو سمبۆلەن، کە مانای وردی وشەکان لە خودی سمبۆلەکاندا لە خۆ دەگرن. (ڕەنگە چڕترین و کەسێنیترین ئەدەبی ڕۆژگاری ئێمە لە لایەن ساموێل بێکێت-ەوە نووسرابێت).

لە نمایشەکانی گرۆتۆڤسکیدا ئامانجێکی پیرۆز بەدیدەکرێت، ئەو دیمەنە خەونەئامێزەی، کە لە ڕێگەی شانۆوە بەدوای ئامانجێکی پیرۆزدا دەگەڕێت. بێدەنگی لە سەمازانەکانی کانینگامدا پشێوی دەکاتە ڕێسا و دونیا نادیارەکان دەکاتە چەمکێکی پیرۆزی دەرخراو، هێما ڕاستگۆکانی بێکێت و چەمکی ئەکتەری پیرۆز لە لای گرۆتۆڤسکی، چەکەرەی بنەما پیرۆزەکەی شانۆیان لەنێو خۆیاندا هەڵگرتووە. کارەکانی ئەم سێ هونەرمەندەیش زیاتر بۆ بینەرێکی هەڵبژاردە و دیاریکراوە. گرۆتۆڤسکی دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی ئەکتەر دەبنەوە، هێندە گەورە و گران، ناکرێت ڕووبەڕووی بینەرێکی زۆر ببنەوە. (ئەم سێ شانۆیە، شانۆی کانینگام، گرۆتۆڤسکی و بێکێت لە زۆر ڕووەوە هاوبەشن؛ بەکارهێنانی شتی کەم، کارکردنێکی چڕ و سەخت، دیسپلینێکی توندوتۆڵ و دیقەتی تەواو).

بروک ئەم بەشە بە بەسەرکردنەوەیەکی خێرای (شانۆی زیندوو)ی جولیان بێک و جودێت مالینا کۆتایی پێدەهێنێت و گەڕانە قووڵ و بەردەوامەکەی بەدوای شانۆیەکی پیرۆزدا کۆتایی نایەت. ئەو نموونانەیشی لەم بەشەدا باسی لێوەکردن: هاپێنینگ، ئارتۆ،

کانینگام، بێکێت، گرۆتۆڤسکی و لە کۆتاییشدا شانۆی زیندوو، تەنها چەند قۆناغێکن و پرۆژەکانی بروک لەم بوارەیشدا تەنها سەرەتان. لەم ئەزموونانەوە، لە پرۆسە کردەییەکەی شانۆ بەتاڵەکەی خۆیەوە و لە کولتوورە دێرینە دەوڵەمەندەکەی شانۆوە بەدوای بنەماکانی شانۆیەکی تردا دەگەڕێت. (لە شانۆدا، چەندین سەدە ئەوە باوی هەبووە، کە ئەکتەر لە مەودایەکی دوور دابنێن، لەسەر سەکۆیەک، لە قاڵبدراو، ڕازاوە، ڕۆشنکراو، لەسەر پایە بەرزەکان. بۆ ئەوەی بەوهۆیەوە مرۆی بێئاگا قایل بکەین بەوەی ئەوە پیرۆزە، کە هونەرەکەی پیرۆزە. ئایا ئەوە دەرخەری ڕێز بوو، ئایا ئەوەی لەوە دەترسا گەر ڕووناکییەکە زیاتر بێت و ئەکتەر زیاتر لە بینەر نزیک بێتەوە، ئەفسوونێک بەتاڵ دەبێتەوە؟ لە ئەمڕۆدا، فێڵەکەمان ئاشکرا کردووە. بەڵام سەرلەنوێ ئەوە ئاشکرا دەکەین، کە شانۆی پیرۆز ئەو شتەیە ئێمە پێویستمانە. لە کوێ بە دوایدا بگەڕێن؟ لەنێو هەورەکاندا یان لەسەر زەوی؟)

## (٣)

بـــروک له شـــانۆی پیـــرۆزەوە، لەو شـــانۆیەوە، کە لە هەوڵـــی ئەوەدایە نەبینراوەکان بکاتە شتێکی بینراو و لەسـەر ئاستێکی بەرز، یـان نـزم پەیوەنـدی بە بینەرەکـانییەوە بکـات، دەچێتە سـەر شـانۆی نـاپووختە، کە لەوانەیە لە دەرەوەی زۆربەی پرنـسیپە شـانۆییەکاندا کـار بکـات و لە ئەنجـامی پەیوەنـدییەکی نزیکـی بینەرانەوە دێتە دی. ئەم شانۆییەیش ڕێوڕەسم و پرنسیپە کۆنباوەکانی تێدا نییە، بەڵکو میـزاج و یـاخیبوون و حەز و ئـارەزووی خەڵکـی، وەکـو خـۆی تێدا بەرجەستە دەبێت. لەوانەیە ئەم شانۆیە لەنێو چوارچێوەکانی بونیاد و ئەندازە تەقلیدییەکانی شانۆدا پێشکەش نەکرێت، بەڵکو لەنێو بازاڕ، سەر عەرەبانە، باخچە و گۆڕەپانە گشتییەکاندا نمایش بکرێن. پیسی و نـاڕێکی و هەندێک جـار جۆرە وەحشیەتێک سیمایەکی ئاسـایی و سروشـتی ئەم شـانۆیە بـن. بـروک دووپـاتی ئەوە دەکـاتەوە، کە لە هەمـوو تەنگەژە و قەیرانەکانـدا شـانۆی میللـی سـەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، ئەم شـانۆیەیش لە هەر کـات و سـەردەمێکدا بە شـێوەیەکی جیـــاواز دەرکەوتـــووە، بەڵام هەمیـــشە جـــۆرە نـــاپووختەیەک و بنەمایەکی سـەرەتایی لەخۆیدا هەڵگرتـووە. (بەردەوام شـانۆی گەل و عەوام سـەرکەوتنی بەدەست هێناوە. ئەو شانۆیە بە درێژایی قۆنـاغە جیاوازەکـان شـێوەی جیـاوازی هەڵگرتـووە و تەنهـا یەک هۆکـار لە

سـەرجەم وێنەکانیـدا هاوبەشـە-نـاپووختی. خـوێ، ئاڕەقڕشـتن، هاتوهاوار و بۆنوبەرامە: شانۆیەک، کە لە شانۆکاندا نییە، شـانۆیەک لەسـەر عەرەبانەکـان، لە واگۆنەکانـدا، لەسـەر داربەسـتەکان و لەنێـو بازاڕە میللییەکاندا، بینەران بە پێوە وەستاون، دەخۆنەوە، لە دەوری مێزەکـان دانیـشتوون، ئەو بیـنەرانەی خـۆی لە نمایـشەکە هەڵـدەقورتێنێت و وەڵامـی ئەکتەرەکـان دەداتەوە). بـروک لەم دەروازەیەوە ئەو خەونەی خـۆی ناشـارێتەوە، کە بە شـانۆیەکی میللیی ڕاستەقینەوە دەیبینێت، ئەو شـانۆیەی ڕووبەڕووی دەسـەڵات، دابونەریـت و بـاقوبریق دەبێـتەوە، بێگومـان سـێرک و گەمەی پاڵەوانبـازی بەشـێکی گرینگـی ئەم خەونەن. مـن لەو بـڕوایەدام، ئەم شـانۆیەیش لە هەمـوو جۆرەکـانی تـری شـانۆ لە بـروکەوە نـزیکە و بەشێک لە بیروبۆچوونە شانۆییەکانیشی پێک هێناوە، بەتایبەتی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر شانۆی کلاسیکی و دەقە کلاسیکییەکان دەخاتە سەر شانۆ، نمایشی (خەونی نیوەشـەوێکی هـاوین)یش، کە بـروک لە سەرەتای حەفتاکاندا بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نمایشی دەکات، لەم بوارەدا نموونەیەکی زیندووی کارەکانی بروکە.

بـروک هەنـدێک لە ڕەگوڕیـشەکانی ئەم شـانۆیە لە شـانۆنامەکانی (ئۆبۆی پادشـا)ی ئەلفرێد گـاری، ئەو شـانۆ دژەی لە ئەدەبی درامـی برێشت و شـانۆی داسـتاندا هەیە. بەتـایبەتی تەکنیکی نـامۆبوون، کە کلیلـی تێگەیـشتنی شـانۆی هـاوچەرخە، پەلـی هاویـشتووەتە نێـو سـتراکتور و بنەمـا هـزری و هونەرییەکـانی شـانۆوە. بـروک لەم بەشـەدا باسـی پەیوەنـدییەکانی برێشت، گـۆردن کرەیـگ، مایرهۆڵـد، ستانیسلاڤسکی... دەکات، کرەیگ تەنهـا وێنەی دارسـتانێکی لەسـەر پـارچە قوماشـێک دەکێـشا و هەمـوو شـتەکانی تـری لادەبـرد، لەو بڕوایەوە وردەکارییە زۆرەکان لێرە و لەوێ پێویست ناکەن و تەنها

سەرنجی بینەران، بەبێ هیچ سوودێک ڕادەکێشن. لە کاتێکدا برێشت تەنهـا لە ڕووی وێـنەی دیمەنەکـانەوە مـامەڵەی لەگەڵ ئەم دیـدە شانۆییە نەدەکرد، بەڵکو لە کاری نواندن و جووڵەی ئەکتەرەکانیشدا بەرجەستەی دەکـردن. بـروک پێـی وایە، هـیچ کەسـێک بە جیـدی لە بواری شانۆدا کار دەکات، ناتوانێت برێشت پشتگوێ بخـات، ئەمرۆ هەمـوو کـارێکی شـانۆیی لە برێـشتەوە دەسـت پێـدەکات، یـان دەگەڕێتەوە سـەر هـزر و تەکنیـک و بەرهەمەکـانی ئەو. ژان ژینیـیە توخمەکـانی نـامۆبوونی لە هەمـوو دەقەکانیـدا کـۆکردووەتەوە، بەتـایبەتی شـانۆنامەی (ڕەشپێستەکان)، پیـتەر ڤـایس لە مـارا/سـاددا ئـارتۆ و برێـشت کۆدەکـاتەوە. بـروک ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات، کە دەقێکـی وەک مـارا/سـاد هەرگیـز نەیـدەتوانی بەر لە برێـشت بنووسرێت و بوونی هەبێت.

بـروک دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەر شـانۆی میللـی و ئەوە دووپـات دەکاتەوە، کە لە دەسەڵاتی یەکەی ستایل ڕزگاری بووە و بینەریش بەو گەمەیە قایلە، بەتایبەتی کە لەنێوان پانتۆمیم و دیالۆگ، ڕیالیزم و فەنتازیادا دێت و دەچێت و سـتایلەکان تێک دەشـکێنێت و هەنـدێک جـار تێکەڵاویـشیان دەکـات. لە فـۆرمە تازەکـانی ئەم شـانۆیەدا، هەمیـشە دەمامکەکـان لەسـەر ڕووکـاری ئەو وەهـمە شـانۆییەی شـانۆکان بە درێژایـی سـەدەکان دروسـتیان کـردووە، لادەبرێـت و لەبـری ئەوە جـۆرە دابڕانێـک دروسـت دەکـات، کە بنەمـا یاخییەکـان لەخـۆ دەگرێـت و پەرچەکـرداری بەهێزیـان دەبێـت. (هەرچەشـنە هەوڵێـک لەمەڕ دووبـارە زینـدووکردنەوەی شـانۆ درابێـت، ئەوا گەڕاوینەتەوە بۆ سەر سەرچاوە جەماوەری و میللییەکان. مایرهۆڵد ئامانجێکی بەرزی هەبوو، ئەو دەیویست هەمـوو ژیان لەسـەر شـانۆ پێـشان بـدات، ستانیسلاڤسکی مامۆسـتای خـاوەن ڕێـزی ئەو بـوو،

چـێخەف هــاوڕێی بــوو، بەڵام لە کــردەوەدا ڕووی لە ســێرک و هۆڵەکانی مۆزیک دەکرد).

بـروک لە شەکسپیردا بەدوای برێشت و بێکێتـدا دەگەڕێت و لە دیدی ئەوەوە شەکسپیر، برێشت و بێکێت لەخۆ دەگرێت (شەکسپیر نموونەیەکی شانۆیە، کە برێشت و بێکێت لەخۆیدا هەڵدەگرێت، بەڵام ئەو لە هەردووکیـان زیـاتر هەنگـاوی نـاوە. ئەوەی ئـێمە لە شـانۆدا لەدوای برێــشتەوە پێویــستمانە، ئەوەیە ڕێگــەیەک بــۆ پێــشەوە بدۆزینەوە تـا بگەڕێنەوە بـۆ سـەر شەکسپیر). بـروک لە ڕوانـگەی کارەکــانییەوە لەســەر دەقەکــانی شەکــسپیر ڕووبەڕووی هەردوو جـۆرەکەی شـانۆ پیـرۆز و نـاپووختە بـووەتەوە و هەردووکیـانی لە ســتراکتوری نمایــشەکەیدا دۆزیــوەتەوە. بــروک لە پرۆســە شـانۆییەکاندا، بە ئەزمـوونە چـڕەکەی و لە گەڕانە بەردەوامەکەیـدا، دەگاتە ئەو دیدەی بڵێت (شـانۆی پیـرۆز تەنهـا هێزێکـی هەیە، بەڵام شـانۆی نـاپووختە چەنـدین هێـزی جیـاوازیی هەیە)، ئەگەر لە بنەمـا پیرۆزەکاندا نادیار و نەبینراوەکان بدۆزرێتەوە، ئەوە لە نـاپووختەدا لە هەوڵێکـی دینـامیکییەوە، لە دیـدێکی فـرە مەوداوە، لە تێڕوانینێکـی میتـافیزیکییەوە بـۆ شـانۆ، دەگـاتە وێنـاکردنە بەرز و نموونەییەکـان، هەروەهـا شـانۆی نـاپووختە، کە هـیچ جـۆرە سـتایل و دابونەریت و سنوورێک لەخۆ ناگرێت، لە کاتی بەرجەستە و پراکتیکدا، هەموو ئەو شتانە لەنێو جەستەی نمایشەکەدا دەخوڵقێنێت.

لەنێـوان پیــرۆز و ناپووختەیــشدا پەیوەنــدییەکی شــاراوە یــان دژایەتییەکـــی شـــاراوە هەیە، لەبەر ئەوەی مـــرۆڤ لە شـــانۆی نـــاپووختەدا کەســـێکی ســـاکار و میللیـــیە، بەڵام لە پیـــرۆزدا لە خۆشاردنەوەدایە، ناپووختە گرینگی بە کرداری مرۆڤ دەدات، لەبەر ئەوەی زیـــاتر نـــزیکە لە واقـــیعەوە، لە پیـــرۆزدا لە ڕابردوویەکـــی

نادیـاردا، لە هێمـایەکی فـرە مەودا و فـرە ڕەهەنـدا پەیوەنـدیەکی سنووردار دروست دەکات.

بـــروک دووپـــاتی ئەوە دەکـــاتەوە، کە دەبێـــت شـــانۆ دیـــدە ئێـستاتیکییەکانی ســـەرلەنوێ تـاقی بکـاتەوە و ڕووبەڕووی لایەنە نادیار و تاریکەکانی ناوەوەی مرۆڤ بێتەوە، لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ (بەرلـین ئێنـسمبل) دەکـات و دەڵێـت (ئەوە تەنهـا ئەگەری ئـێمەیە- سـەرنج لەو ئەنجامـانە بدەین، کە ئـارتۆ، مایرهۆڵد، ستانیسلاڤسکی، گرۆتۆڤسکی و برێشت بەدەستیان هێنـاوە و دوایی بەراوردیـان بەو ژیـانەوە، لەو شـوێنەی ئـێمە کـاری لەسـەر دەکەیـن، بکەیـن. ئێـستا ئامـــانجی ئـــێمە ســـەبارەت بەو خەڵـــکەی، کە هەمـــوو ڕۆژێـــک دەیـانبینینەوە چییە؟ ئایـا پێویـستمان بە ئـازادی هەیە؟ ئـازادبوون لە چی؟ بە چ شێوەیەک؟).

بروک لەم بەشەدا بە چڕی باسـی شـەکسپیر دەکات، ڕاڤەی ئەو دەقانە دەکات، کە نمایشی کردوون، لیری پادشا، هاملێت، بەرابەری، گەرداوەکە، تیتـۆس ئەنـدرۆنیکۆس... هتـد و هەمـوو سـەرچاوەکان دەگەڕێنێـتەوە بـۆ شەکـسپیر. شـانۆیەکی پیـرۆز و نـاپووختە لە پانتـاییەکی شەکـسپیریدا لێـک نزیـک دەبـنەوە، پێکـدادەچن و بەریەککەوتنێکی بەهێزیان هەیە.

## (٤)

شانۆ وەکو شوێن وەک هەموو شوێنەکانی تر نییە، لەبەر ئەوەی تا ئاستێکی بەرز لە (زەڕەبین) دەچێت، کە وێنەیەک گەورە دەکات، لە هەمان کاتدا لەو هاوێنەیەش (عەدەسە) دەچێت، کە بچووکی دەکاتەوە. جیهانێکی بچووک، کە بچووکتر و بچووکتریش دەبێتەوە. ئەم جیهانە جیاوازە لە ژیانی ڕۆژانە، لەبەر ئەوە هەمیشە لەژێر ئەو هەڕەشەیەدایە، کە لێی جیابێتەوە. بروک بەم شێوەیە دەروازە بۆ بەشی چوارەمی کتێبەکەی و شانۆ ڕاستەوخۆکەی دەکاتەوە. شانۆ ژیان بچووک دەکاتەوە و بە چەندین ڕێگە و فۆرم و شێوە دەیکاتە شتێکی دیار و بینراو، گەر لە ژیاندا گران بێت ئامانجێک دیاری بکەین، ئەوا لە شانۆدا ئامانجەکان دیار و ئاشکران. بروک لەم بەشەدا باسی ژیانی شانۆ و ژیان لە شانۆدا دەکات، شانۆ وەکو کۆمەڵگەیەکی بچووک و ژیانیش وەکو شانۆیەکی گەورە. کەواتە ئەگەر لەم دیدەوە بگەڕێنەوە بۆ پرسیارە هەمیشەییەکە، شانۆ چییە؟ ئەو پانتاییە بۆشە چییە، کە دەبێت پڕبکرێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەیش چەندە ئاسانە، هێندەیش گرانە و لەوانەیە مرۆڤێکی ئاسایی لەسەر شەقام، ناوماڵ، باڕەکان، لەگەڵ هاوڕێکاندا، لە کلێسا، لە سینەما و لە بەرامبەر تەلەفزیۆنیش نەیدۆزێتەوە. شانۆ بۆ بروک ئەو هونەرەیە، کە لە ئێستادا دەژی و بە بەردەوامی دووپاتی خۆی

له "ئێستا"دا دەکاتەوە. شانۆ ئەو پانتاییە، کە ڕووبەڕووی یەکتر دەبینەوە، کۆبوونەوەی کۆمەڵێک کەسیش لە شوێنێکدا هێزێکی گەورەیە و بۆ دروستبوونی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیش دەکەوینە ژێر ڕکێفی نووسەر، ڕێژیسۆر یان ئەکتەرەوە؟ هەروەها ساکارییەکی قووڵ ئێستاتیکایەکی پانتاییە بۆشەکەی بروکە و لەوانەیە چەمکەکانی ئەو شانۆیەی بروک بەدوایدا دەگەڕێت، لەوێدا بدۆزینەوە. بروک بیست ساڵ دوای نووسینی ئەم کتێبە و لە بەرهەمەکانی تریدا دەڵێت: (ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێن زۆر ساکارە، بەڵام سەختە تێی بگەین، بە واتایەکی تر، چۆن لە شانۆدا لە شێوازی ساکار دەگەین، کە لە ساکارییەکەیدا ڕوون و ئاشکرایە و لە هەمان کاتیشدا پڕ لە مانایە).

(لە کاتی نمایشدا پەیوەندییەکان ئەکتەر/بابەت/بینەران. لە کاتی پرۆڤەکردندا ئەوە ئەکتەر/بابەت/ڕێژیسۆرە. پەیوەندییە سەرەتاییەکانیش ڕێژیسۆر/بابەت/سینۆگرافە)، بەڵام پەیوەندییەکان بۆ ئامادەکردنی نمایش و ڕووبەڕووبوونەوەکە، دەبێت کراوە بێت: سینۆگراف خۆی گەشە بەکاری خۆی، لەگەڵ ڕێژیسۆرەکە دەدات و هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پێشەوە، بەبێ ئەوەی دیدە هونەرییەکەی خۆی بەسەر ڕێژیسۆردا بسەپێنێت و لەگەڵ پرۆسەکەدا فۆرمی کۆتایی خۆی وەربگرێت. دیکۆر و جلوبەرگ شتێک نین بخرێنە سەر کاری ڕێژی، بەڵکو بە شێوەیەکی تەریبی هاوشانی هونەری ڕێژی و دیدی ڕێژیسۆرەکە دەڕوات و دیدی ڕێژی و پرۆسە هونەرییەکە و ئەنجامە کۆتاییەکە، کە نمایشە، دەوڵەمەند دەکات. ئەو سینۆگرافەیشی بەڕاستی لەگەڵ شانۆدا دەژی، سینۆگرافیاکەی لە جووڵەیەکی بەردەوامدا دەبێت، بەشێکە لە ڕووداوەکە و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا لە پەیوەندییەکی وەهادایە، کە بەپێی پێویستی و

جــوولّەی ئەوان، لە دیمەنــێکەوە بــۆ دیمەنێکــی تــر لە گەشــە و گۆڕانکاریدایە، تەنانەت هەڵبژاردنی ئەکتەریش دەبێت پرۆسەیەکی کراوە بێت، بروک لەو بڕوایەدایە، کە نازانین ئەم ئەکتەرە بۆ ئەو ڕۆڵە یان ئەویتریان باشە، بەڵکو دەبێت لە کاتی پرۆڤەدا بۆمان دەربکەوێت. ئەکتەر بەرلەوەی کارەکتەرێکی شانۆنامەکە بێت، مرۆڤە و چەندین بەربەستی لەگەڵ ژیاندا هەیە و ئامرازەکانی خۆی لە جەستە و دەنگ و هەست و هۆش بەکاردەهێنێت. بروک پرۆسەی نواندن لە دوو خاڵدا کۆدەکاتەوە: یەکەمیان کاری پرۆڤە و ئەو شێواز و دابونەریتەی لەم پرۆڤانەدا بەکاردەهێنرێن، دووەمیشیان خودی نمایشەکەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بینەراندا. ئەوەی لە هونەری نواندیشدا گرینگە: چی لە کاتی نمایشەکاندا ڕوودەدات، چۆن ئەکتەر لە خودی خۆیەوە دەبێت بە کەسێکی تر و پەیوەندییەکانی ئەکتەر بە پانتایی شانۆ و سیحری بینەرانەوە دەخوڵقێت. بروک دواتر لە کتێبی (خاڵی وەرچەرخان)یشدا لەم مەسەلەیە دەکۆڵێتەوە و ئاماژە بۆ کتێبەکانی ستانیسلاڤسکی، بەتایبەتی (کاری ئەکتەر لەگەڵ خۆی) دەکات و ئەم کتێبە بە پێویستییەکی گەورە دەزانێت، بەتایبەتی لە ڕووی تێگەیشتنی ڕۆنانی کارەکتەرەوە، بەڵام ئەم کتێبانە لەبری ئەوەی باسی ئەو پەیوەندییە زیندوو و دینامیکییەی نێوان ئەکتەر و بینەران بکات، ئەکتەر و ڕیژیسۆرییان لەو بۆتەیەدا گیر کردووە، کە شانۆ و هونەری نواندن ببێتە پرۆسەیەکی کارکردن و خۆ لەبیرچوونەوە. بروک تا ئەو ئاستە ئامادەیە ئەوە دووپات بکاتەوە، کە هیچ زمانێکی وا نەخوڵقاوە باسی ئەوەمان بۆ بکات، کە چی بەسەر ئەکتەردا دێت، لە کاتێکدا ڕووبەڕووی بینەرەکانی دەبێتەوە.

(بەڵـێن دەدەم هەر کەس بیەوێـت، لە مـاوەی چەنـد کاتژمێرێکـدا ئەوەی دەربارەی بنەما و تەکنیکەکانی شـانۆ دەیزانم، فێری بکەم. بەڵام دواتر کاری پرۆڤە و پراکتیکە، کە بە تەنها جێبەجێ ناکرێت)، ڕیژیسۆریش لەم هاوکێشە چڕەدا دەبێت سنوورێک بۆ گومانەکانی خـۆی دابنێـت، لە هەمـان کاتـدا ئەو گومـانە نەشـارێتەوە و بـۆ ئەکتەرەکانی ئاشکرا بکات. ڕیژیسۆر (ئەو کەسەیە، کە بەردەوام لە هێرشکردندایە، پاشەکشە دەکات، هانی ئەکتەرەکانی دەدات، خۆی دەدات بەدەستەوە تا بابەتە دراميیەکە، بە سەربەستی ڕەوتی خۆی وەردەگرێت)، هەروەها بروک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات (ڕیژیسۆر درک بەوە دەکات، کە پێشکەوتنی هەر دەقێک هەنگاو بە هەنگاو لە کاتی پرۆڤەکردندا دەچێتە پێشەوە و گەشـە دەکات؛ ئەوە لەوە دەگات، کە هەمـوو کارێـک کـاتی خـۆی هەیە و هـونەری ئەویـش هـونەری ناسـینەوەی ئەو سـاتانەیە). بـروک شـانۆیەکی دەوێـت، لە دەرەوەی تـوێژاڵە کولتـووری و کـۆمەڵایەتییە جیاوازەکـانەوە مـامەڵە لەگەڵ مـرۆڤ بکـات، بەڵام ئەوەی لەم کتێبەدا، بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ خـۆی تیـا دەبینێـتەوە، (سـیکۆدراما)یە. هەر لەم بنەمایەیـشەوە بەم شێوەیە باسی شانۆیەکی پێویست دەکات: "ئەوەی من مەبەستمە لە شانۆیەکی پێویست؛ ئەو شـانۆیەیە، کە جیاوازییەکانی نێوان ئەکتەر و بینەران تەنهـا پرسـیارێکی پراکتیکـی و کـردەییە، نەک بنەمـایەکی پرنسیپیار".

بۆ ئەوەی لە شانۆیەکی مردوو دووربکەوینەوە، لە پێش هەموو شتێکدا دەبێت ئەکتەر لە کلێشە و خووەکانی خۆی پاک بکرێتەوە، بە مانـای ئەوەی دەبێـت بەتەواوی ئـازاد بکرێـت. ڕیژیـسۆر یـارمەتیی بــدات و ئەو بــارودۆخەی بــۆ بخوڵقێنێــت، کە لە دەق و ڕەوشـــی شـانۆنامەکە بگـات. بـروک، بـۆ ئەوەی ئەم گـرفتە هونەریـانە ڕوون

بکـــاتەوە و لە پرۆســــە شـــانۆییەکاندا بە شـــێوازێکی فەلـــسەفی، ئێستاتیکی و کردەیی بنەمایەکی تیۆریان بۆ دابڕێژێت، بە شێوەیەکی پراکتیکی خۆی بە گفتوگۆیەکی قووڵەوە پابەند دەکاتەوە. هەر لەم دەروازەیەیشەوە دەیەوێت لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری ورد بۆ هونەری نوانـدن و نوانـدنی ئەکـتەر، وەک تـوخمێکی شـانۆیی و لایەنێکـی گرینگی کۆمەڵ بکات.

بروک دەیەوێت شانۆ بکاتە شێوازێک لە ژیان، ئەگەر ئەکتەر لە لای کرەیـگ سـووپر ماریۆنێـت و لە لای گرۆتۆڤسکی پیـرۆز بێت، ئەوە لە لای بـروک مـرۆڤە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانێت، کە لە چەقـی کێـشە و ململانێیەکـدایە. شـانۆ شـوێنی ململانـێ و گفتوگـۆیە و ناوەندێکی گرینگی ئەزموونە کردەییەکانە، مەبەستیش لە ڕاگوزاری لە کاتی پرۆڤەکردنیشدا، هەروەها مەبەستیش لە مەشقەکانی تریش هەمیشە هەر شتێکە: دووربکەوێتەوە لە شانۆی مردوو.

بــروک، کە لە لەنــدەنەوە گــوێزایەوە بــۆ پــاریس و بەتەواوی بەریتانیـای لە دوای خۆیەوە بەجێهێشت، بۆ ئەوە نەبوو لە پاریس وەک ڕیژیـسۆر بەردەوام بێت و چەنـد نمایـشێکی گەورە پێشکەش بکـــات، بەڵکـــو تـــا لەگەڵ کۆمەڵێـــک ئەکـــتەر، کە لە هەر چـــوار کیشوەرەکەی دونیاوە هاتوون لە نهێنییەکانی ئەو هونەرە بکۆڵێتەوە، کە بڕوای پێیەتی. بەدوای ئەو شانۆیەدا بگەڕێت، کە بە بڕوای ئەو بزر بـووە و دەبێت سـەرلەنوێ بدۆزرێتەوە. هەر لە پاریسیشەوە گەشتە هونەرییە دووروودرێژەکانی بۆ ئەفەریقا و ئێران و هندستان دەست پێدەکات و شـانۆیەکی میتۆلـۆژی دەخولقێنێت. بـروک هەوڵ دەدات لەم شانۆ میتۆلـۆژییەدا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا لە پرۆسـەیەکی شـــانۆیدا پـــێکەوە ببەســـتێتەوە، گرینگتـــرین بەرئەنجامەکـــانی ئەم

گەشتانەیش لە ئۆرگاست، کۆنفرانسی باڵندەکان و مەهابەهاراتادا بەرجەستە دەبن.

بروک لەم کتێبەیدا، دووبارەی ئەو بۆچوونە ڕادیکاڵەی خۆیمان بۆ دەکاتەوە، کە شانۆ دەبێت هەمیشە لە لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوامی سنوورەکانی خۆیدا بێت، تا چەند و چۆن شانۆکار دەتوانێت دابونەریتە دیاریکراوەکان تێپەڕێنێت و شتێکی تر لە دەرەوەی هەموو بنەما باوەکانەوە دروست بکات. ئەگەر کاری شانۆیش ئەو ڕێچکەیە وەرنەگرێت، ئەوە هەموو کارەکانمان دەبنە ڕۆتینێکی بێڕەنگی دووبارەکراوە.

**سەرچاوەکان**

1-Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, oversettning: Anita Dahl och Leif Zern, 1969 Stockholm.

2-Brook, Peter, The Shifting Point, theater, film, opera 1946-1987

هەروەها بۆ نموونە هێنانەوەی هەندێک لە گوتەکانی بروک بە دەستکارییەوە سوودم لە وەرگێڕانە کوردییەکەی پێشڕەو حسێن (شوێنگەی بەتاڵ) وەرگرتووە.

## وشەی کۆتایی

ئەگەر سەد ساڵ لەمەوبەر ستراکتور و فۆرمی هونەری شانۆ لەسەر دەستی شانۆکارێکی وەک گوردن گرەیگ گۆڕانکاریی بنەڕەتی و ڕادیکاڵی بەسەردا هاتبێت و هونەری ڕیژی لەوەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی و کردەیی و ئێستاتیکی، لە دەرگایەکی گەلێک فراوانەوە پێی نابێتە نێو فۆرم و چەمکەکانی مۆدێرنەوە، ئەوا لە لای پیتەر بروک لە بنەماکانی پۆست مۆدێرنیزمەوە دەگەڕێتەوە بۆ پانتاییە بۆشەکان.

لەنێوان ئەم سەد ساڵەیشدا شتگەلێکی گرینگ ڕوویان داوە: کرەیگ، ستانیسلاڤسکی، مایرهۆڵد، پیسکاتۆر، برێشت، ئارتۆ، گرۆتۆڤسکی و بروک، گەشەیان بەو چەمکە مۆدێرنەی هونەری شانۆ، لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە، داوە. فۆرم، ئێستاتیکا و فەلسەفەی هونەری شانۆ لە هەڵکشان و داکشانێکی گەورە و بەردەوامدا بووە. بێگومان بازنەی گەشەی شانۆ بە بروک کۆتایی نایەت، بەڵام بروک لەم ڕەوتەدا گرینگییەکی گەورەی هەیە و هەژموونێکی بێسنووری بەسەر ڕەوتی شانۆی جیهانییەوە هەیە.

کرەیگ لە لەندەنەوە هەنگاوەکانی دەست پێدەکات و هەر زوو دیدە شانۆییەکەی بە هەموو ئەوروپادا بڵاو دەبێتەوە، بە هەمان

شــێوە بــروکیش لە لەنــدەنەوە دەســت پێــدەکات و کــاریگەرییە شـانۆییەکەی بە شـێوەیەکی بەهێـز، نەک لەسـەر ئاسـتی ئەوروپـا، بەڵکو لە تێکڕای جیهاندا دەردەکەوێت و ڕەنگ دەداتەوە.

کرەیگ بە کتێبی (هونەری شانۆ) و بروک بە (پانتایی بۆش) دیدە ئێـستاتیکییەکەیان بـۆ شـانۆیەکی جـوودا فـۆرمەلە دەکەن. کرەیـگ هەروەک بـروک دەگـوێزێتەوە بـۆ پـاریس و پـاریس دەبێـتە دوا وێستگەی ژیان و پرۆژە و بەرهەمەکانی.

ئەم کتێبەیش، کە لە کرەیگەوە دەست پێدەکات، دوای سـەد سـاڵ بە بروک کۆتایی دێت، بەڵام گەشەی هونەری شانۆ، پەیوەندییەکانی بیـنەر و نمـایش، فـۆرم و ئێـستاتیکا، هـونەری نوانـدن و ڕۆڵـی ڕێژیـسۆر و هــونەری ڕیــژی بە بــروک کۆتاییــان نــایەت و لە گەشــەیەکی بەردەوامــدان. شــانۆ هــونەرێکی زینــدووە و لەســەر بنەماکانی پەیوەندییەکی دینامیکی بینەران دروست بووە و هەمیشە لە ئێستادا دەژی، هیچ هونەرێکیش هێندەی هونەری شانۆ کۆن و لە هەمــان کاتــدا نــوێ نیــیە. شــانۆ ئەو هــونەرەیە، کە بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە.

## سەرچاوەکان:


1-Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, oversettning: Anita Dahl och Leif Zern, 1969 Stockholm.

2- K.S. Stanislavskij. Arbetet med rollen, oversettning fron ryskan: Martin Kurten, Sahlgrens Forlag Ab 1997

3- Arne Tjader Per, Fruktan, medkensla och kritisk distans. Den vesterlendskadramateorins historia. Stockholm 2000.

4- Per Arne Tjader Uppfostran, Underhallning, Uppror, En vesterlendsk teaterhistoria, 2008

5- Bergman Gosta M. Den moderna Teaterns Genombrott, 1890-1925, albert bonniersforlag. Stockholm 1966

6- Den politiska teatern: En sammanfattning och forkortat variation, Ingvar Holm, 1970

7- Artaud av Artaud, texter i urval, inledning och redigering av Percival. Tolkningar av Roger Fjellstrom, Leif Janzon, Percival och Lasse Soderberg. Almqvist & Wiksell Forlag AB, Stockholm, 1981

8- Percival, Artaud, Beckett, Blake. Essaer och tolkningar. Carlssons, 1992

9- Antonin Artaud, liv och verk, en kronologi av Per Verner-Carlsson.

10-Brook, Peter, The Shifting Point, theater, film, opera 1946-1987

11- Erwin Piscator, Das Politische Theater, Rowohlt Verlag GmbH,Reinbek bei Hamburg, 1963

**به زمانى عەرەبى**


١- فـي الفـن المـسرحى، أدوارد جـردون كـريج، تـرجمه درينـى خشبه، الدار المصريه اللبنانييه، ٢٠٠٠.

٢- فسيفولد مايرخولد، فى الفن المسرحى، الكتاب الاول (مجموعه مقالات، ترجمه شريف شاكر. دار الفارابى، بيروت ١٩٧٩.

٣-فسيفولد مايرخولد، فى الفن المسرحى، الكتاب الثانى (مجموعه مقالات) ترجمه شريف شاكر. دار الفارابى، بيروت ١٩٧٩.

٤- برتولـد بريخـت، نظريـة ألمـسرح ألملحمـى، تـرجمه د. جميـل نصيف، عالم ألمعرفة، بيروت-لبنان.

٥- المـسرح و قـرينه، آنتونـان آرتـو، تـرجمه، الـدكتوره سـاميه أسعد، ١٩٧٣ القاهره.

٦- كروتوفسكى، جيرزى، نحو مسرح فقير، ترجمه: د. كمال قاسم نادر، دار الحريه للطباعه-بغداد، ١٩٨٢.

٧- ج. ل. ستيان، الدراما الحديثه بين النطريه و التطبيق، تـرجمه، محمد جمول. منشورات وزاره الثقافه فى الجمهوريه العربيه السوريه. دمشق ١٩٩٥.

## له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر

١-شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، لێکۆڵینەوە ١٩٨٨.

٢-گوتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا، لێکۆڵینەوە ١٩٩٥.

٣-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان.

٤-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، ٢٠٠١، چاپی سوید.

٥-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان.

٦-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤، چاپی سوید.

٧-شانۆی سویدی، هەڵویستە و تیڕوانین لە ڕەوتی شانۆی سویدی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لێکۆڵینەوە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦.

٨-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سویدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠٠٧.

٩-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سویدییەوە، چاپی سوید، ٢٠٠٧.

١٠-هارۆڵد پینتەر، ژیان و شانۆ، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار، ٢٠٠٩.

١١-شانۆی سویدی، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، ٢٠١٠.

١٢-له كلاسيكەوە بۆ مۆدێرن، لێكۆڵینەوە، ڕەنج، ٢٠١٠.

١٣-چین، شانۆنامە، نووسینی ئێریک ئۆدێنباری، وەرگێڕانی له سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١٠.

١٤-تەرمیناڵ. سێ شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان له سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١١.

١٥-پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەکی جودا. دەزگای سەردەم، ٢٠١٣.

١٦-ئاوگوست ستریندبێرگ، ژیانی مرۆڤێکی بێدەرەتان و نووسەرێکی ڕچەشکێن، بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن. دەزگای سەردەم، ٢٠١٤.

١٧-پەڕینەوە بە مەرزەکاندا. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤.

١٨-ژان ژینییە ئەفسانە و واقیع، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥.

بە سوێدی

١-ڕەوش و داهێنان، لێکۆڵینەوەی شانۆ، دەزگای کاڵسۆن، ٢٠٠٨.

٢-ژیانێکی تر، شیعر، دەزگای پیونیار، ٢٠٠٦.

٣-دوو کلۆ بەفر، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان له کوردییەوە بۆ سوێدی. ٢٠٠١.